# النهاية الظالمين
# به كوردى
# كۆتايى سته مكاران



نووسيني : قاسم محسن عولا

2025--1446

## پێشەکی :

الحمد لله المبدئ المعيد ، العزيز الحميد ، ذى العفو الواسع ،والعقاب الشديد ،أحمده وهو الحمد والتحميد ، والشكر لديه من أسباب المزيد ، سبحانه وتعالى قسم الخلق قسمين وجعل لهم منزلتين ، فريق في الجنة ، وفريق فى الجحيم ، من هداه فهو السعيد السديد ، ومن أضله فهو الطريد البعيد ، وأشهد أن لا إله إلا الله ، وأشهد أن محمدا رسول الله .أما بعد :

قال تعالى: ﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعۡمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمۡ لِيَوۡمٖ تَشۡخَصُ فِيهِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴿٤٢﴾ مُهۡطِعِينَ مُقۡنِعِي رُءُوسِهِمۡ لَا يَرۡتَدُّ إِلَيۡهِمۡ طَرۡفُهُمۡۖ وَأَفۡـِٔدَتُهُمۡ هَوَآءٞ ﴿٤٣﴾﴾ [إبراهيم : ٤٢ - ٤٣]

قال تعالى: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦۖ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ﴿٦٠﴾﴾ [النِّساء : ٦٠]

قال تعالى: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنۡهُم مَّنۡ حَقَّتۡ عَلَيۡهِ ٱلضَّلَٰلَةُۚ فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٣٦﴾﴾ [النَّحل : ٣٦]

بەلیٚ لەم پەرتووكە دا پێم باش بوو چاوێك بە رابردووی ستەمكاران بەخشێنین ، بابزانین عاقیبەت و چارەنووس و كۆتایی یان بە چی گەیشتووە ، وە باس لە ستەم كردن جۆرەكانی ستەم كردن بكەین یان چۆن خۆمان لە ستەم كردن بپارێزین ، دیارە چیرۆكی ستەمكاران لە رابردوودا زۆرن بەلام ئێمە بەشێكی كەم باس دەكەین ، بەتایبەتی ئەو قەومانەی پێش خۆمان كە چەندە ستەمكار بووینە لەگەل نەفسی خۆیان و لە گەل پێغەمبەران و لە گەل پیاو چاكان و لەگەل خەلكی بەگشتی، ئێمە لەم پەرتووكە دا بەشێكی باس دەكەین ، چونكە خوێندەوەی ئەم پەرتووكە هەر هەمووی پەندو ئامۆژگاری عیبرەت وانە وەرگرتنە ، بۆیە دەبێت چاوێك بە ستەمی ستەمكاران دا بخشێنین ، بۆ ئەوەی پەندو عیبرەتیان لیٚ وەر بگرین ، ئەوەی ستەمكارە چارەنووسی لەوانەی كە باسی دەكەین هەر گیز باشتر نابێت ، بۆیە ستەم كردن لەگەل گیاندارێكیش تەنانەت مێرووله‌یەكیش دەبێت باجەكەی بدەی ، هەر ستەم كردنێك كە خاوەنكەی ئەنجامی دەدا ، ئەوا بیٚ گومان لەلای (خوای گەورە) تۆمار دەكرێت و وون نابێت ، هەروەك دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعۡمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمۡ لِيَوۡمٖ تَشۡخَصُ فِيهِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ۝٤٢﴾ [إبْرَاهِيم : ٤٢]واته : [ وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ ] وا حيساب نەكەن كە خوای گەورە بێئاگا بێت لەوەی كە زاڵمان و ستەمكاران ئەنجامی ئەدەن [ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ (٤٢) ] بە ڵكو خوای گەورە سزایان نادات وە دوای ئەخات بۆ ڕۆژێك كە چاوەكان بەرز ئەبێتەوە وە نانوقێنرێت و ئەبڵەق ئەبێت لە سەختی ئەو دیمەنانەی كە ئەیبینێ لە ڕۆژی قیامەتداو سەرسام ئەبن..؟!

# به شی یه کەم
# دەربارەی
# ستەم کردن

# بەشی یەکەم

# دەربارەی ستەم کردن

تیٚ گەیشتن لە ماناکانی ستەم یان (الظلم ) لە زمانە وانی دا :

پیٚناسەی (الظلم ) یان ستەم لە زۆربەی سەرچاوەکاندا یەك جۆرە بەلام لە هەموان جوانترو تیٚگەیشتن لە ستەم ئەم پیٚناسەیە ئەویش (الراغبی الاصفهانی ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – پیٚناسەی دەکات ئەوەیە دەلیٚت : ( ظلما ومظلمة : جار وجاوز الحد وضع الشيء في غير موضوعه).[1] واتە: دانانی هەر شتیٚك كە لە جیٚگای خویٚدا نەبیٚ ئەوە ستەمە ..؟!

وە هەندیٚك لە زانایان بە شیٚوەیە ووتویانە : ( الظلم تجاوز الحد عن العصيان ) واتە: ستەم زیٚدەرۆیی و تیٚپەراندنە لە تاوانكاری ..؟!

هەندیٚكی تریش لە زانایان بە شیٚوەیە ووتویانە : ( الظلمة : هم المانعون أهل الحقوق حقوقهم ) واتە: ستەم ئەوەیە ریٚگری بكریٚ لە خاوەن ماف بۆ وە دەست هیٚنانی مافی خۆی ..؟!

ووتراوە : ( ستەم واتە: نادادگەری و تیٚپەراندنی سنوورەکان یان لادان لە سەر ریٚگای راست و دروست ، ستەمکاران ئەوانەن کە ریٚگری لە وەر گرتنی مافەکانی خەلکی دەکەن ).[2]

ووتراوە : ( الظلمة واتە : تاریکی نەمانی رووناکی ، هەروەها مجازیە ، وەکو (قژی تاریك ) واتە: لە باریٚکی زۆر رەش دایە ، وە درەختیٚکی تاریك بە هۆی زۆر سەوز بوونەوە رەش بووە ).[3]

---

[1]-المعجم الوسيط ، الراغب الاصفبهاني .
[2]-لسان العرب ابن منظور (٣٧٣/١٢)، الصحاح الجوهري (١٩٧٧/٥).
[3]-تاج العروس الزبيدي (٣٢٥/٢٢).

بەلێ زانایانی تەفسیری قورئانی پیرۆز ووشەی (الظلم ) یان ستە م ، بە چەندین مانا دەریان بریوە ، لە وانەش لە بابەتی پەرستن یان عبادەت کردن لە شوێنێکی تر جگە لە شوێنی گونجاوی خۆی ، واتە : پەرستن بۆ شتێك یان کەسێك بێجگە لە (خوای گەورە ) یان ئاراستە کردنی پەرستن بۆ شتێك بێجگە لە (خوای گەورە) ، یان مامەلە کردن فەرمانکردن یان دانانی یاسایەك جگە لەوەی کە (خوای گەورە ) فەرمانی پێ کردووە یان فەرمانکردن و مەمالە کردن جگە لە قورئانی پیرۆز ، وەیان نەدانی مافی خەلك بە ناحەق ، بێ گومان ئەگەر ئەمەمان بۆ روون بوویەوە ئەوا دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بدۆزینەوە کە ئەوانەی سەرەوە لە خۆ بگرێت ، ئەویش ئەوەیە ستەم کردن واتە : لە سنوور دەچوون و لادان لە شتە راستەکان ، دانانی ناحەقی یان ناراستی لە شوێنیکی تردا جگە لەوەی حەق لە شوێنی شیاوی خۆی دابنێ ناحەق بخەیتە شوێنەکەی ، جا چ بەزیاد کردن بێت یان چ بە کەم کردن بێت ، یان لە سنوور دەرچوون لادان لە کات و شوێنی گونجاوی خۆی ، چ بە هۆی هەست بێت یان معنوی بێت ، یان چ بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست..؟!

تێبینی / لە قورئانی پیرۆزدا ووشەی (الظلم ) (٣١٥) جار هاتووە .

## ئەو ووشانەی کە پەیوەندیان بە ستەم هەیە

یەکەم : (البغي ) واتە: دەست درێژو ستەم کردن .[٤]

(البغی) واتە: دواکاری بۆ تێپەراندنی الاقتصاد لەو شتانەی لێکۆلینەوەی لەسەر دەکات ، ئینجا تێپەریوە یان تێ نەپەریوە .[٥]

(البغی ) واتە : دەرچوون لە دەولەت یان لە ولی ئەمر .

دووەم: (الطغیان) واتە : سنوور بەزاندن یان سنوور تێپەراندن .

ووتراوە : (الطغیان ) : واتە : تێپەراندن و سنوور بەزاندن لە خراپەکاری .[٦]

لە (القرطبي ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەلێت : ( الطغیان) واتە: تێپەراندن و لە سنوور دەرچوون لە ستەم کردن ، وە یان زیادە رەوەی کردن زۆر لە ستەم کردن ، هەروەها ستەم کردنی بچووکی هەیە و وە گەورەشی هەیە ، بەلام لە سنوور دەرچوون و تێپەراندن پێگەی بچووکە ئەویش (طغي) واتە : سنوور تێپەراندن ).[٧]

سێ یەم : (الجور ) واتە: لادان لە رێگای راست :

لە (السیوطي ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەلێت : (الجور ) واتە: دەر چوون لە مامناوەند یان بە زیادبوون یان بە کەم کردنەوە ..؟! .[٨]

ووتراوە : کەسی نادادگەر ئەو کەسەیە کە رێگری دەکات لە پابەندبوونی خەلك بە شەریعەت فەرمانە کانی ..؟! .[٩]

---

[٤]-لسان العرب ابن منظور (٧٧/١٤).
[٥]-المفردات ، الراغب الاصفهاني ص١٣٦.
[٦]-مقاییس اللغة ، ابن فارس (٤١٢/٣).
[٧]-جامع لأحکام القران ، القرطبي (٢٤٥/٦).
[٨]-مقالید العلوم في الحدود والرسوم ، للسیوطي ص٢٠٧.
[٩]-الموسوعة القرانیة ، ابرهیم الابیاري (١١٦/٨).

## ستەم کردن تاوانێکی گەورەیە

بەڵێ بێ گومان پەیامی (خوای گەورە ) پێغەمبەرەکەی ﷺ زۆر روونە دەربارەی ستەم کردن لە شەریعەتی ئیسلامدا چونکە هۆشداری داوە بەوەی کە بە توندترین شێوە سزایی بۆ داناوە ئەو کەسانە زولم و ستەم دەکەن ، هەر وەك ئەم دوو فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ :

(جابر کوری عبدالله ) – وا لێ رازی بێت – دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((اتَّقُوا الظُّلْمَ، فإنَّ الظُّلْمَ ظُلُماتٌ يَومَ القِيامَةِ، واتَّقُوا الشُّحَّ، فإنَّ الشُّحَّ أهْلَكَ مَن كانَ قَبْلَكُمْ، حَمَلَهُمْ علَى أنْ سَفَكُوا دِماءَهُمْ واسْتَحَلُّوا مَحارِمَهُمْ )) .[١٠] **واتە : خۆتان ل ستەم کردن بپارێزن ، بەراستی ستەم تاریکیە لە رۆژی قیامەتدا ، خۆتان لە رژدی و چرۆکی بپارێزن ، بەراستی رژدی و چرۆکی خەلکانی پێش ئێوەی لە ناو بردووە ، وای لێکردوون کە خوێنی یەکتری برێژن و ، وە حەرامی یەکتری حەلال بکەن ..؟!**

(أبو ذر الغفاري ) –رەحمەتی خوا لێ بێت – دەلێت:((عَنِ النَّبيِّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ فِيما رَوَى عَنِ اللهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، أنَّهُ قالَ: يا عِبَادِى، إنِّى حَرَّمْتُ الظُّلْمَ علَى نَفْسِى، وَجَعَلْتُهُ بيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فلا تَظَالَمُوا، يا عِبَادِى، كُلُّكُمْ ضَالٌّ إلاَّ مَن هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِى أَهْدِكُمْ، يا عِبَادِى، كُلُّكُمْ جَائِعٌ إلاَّ مَن أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِى أُطْعِمْكُمْ، يا عِبَادِى، كُلُّكُمْ عَارٍ إلاَّ مَن كَسَوْتُهُ، فَاسْتَكْسُونِى أَكْسُكُمْ، يا عِبَادِى، إنَّكُمْ تُخْطِئُونَ باللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا، فَاسْتَغْفِرُونِى أَغْفِرْ لَكُمْ، يا عِبَادِى، إنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّى فَتَضُرُّونِى، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِى فَتَنْفَعُونِى، يا عِبَادِى، لو أنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وإنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا علَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنكُمْ؛ ما زَادَ ذلكَ فى مُلْكِى شيئًا، يا عِبَادِى، لوْ أنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وإنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا علَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ؛ ما نَقَصَ ذلكَ مِن مُلْكِى شيئًا، يا عِبَادِى، لو أنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وإنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، قَامُوا فى صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِى، فأعْطَيْتُ كُلَّ إنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ؛ ما نَقَصَ ذلكَ مِمَّا عِنْدِى إلاَّ كما يَنْقُصُ المِخْيَطُ إذَا أُدْخِلَ البَحْرَ، يا عِبَادِى، إنَّما هى أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إيَّاهَا، فمَن وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ، وَمَن وَجَدَ غيرَ ذلكَ فلا يَلُومَنَّ إلاَّ نَفْسَهُ. وفى روايةٍ: إنِّى حَرَّمْتُ علَى نَفْسِى الظُّلْمَ وعلَى عِبَادِى، فلا تَظَالَمُوا

---

[١٠]-صحيح مسلم كتاب الاداب ، باب تحريم الظلم برقم (٢٥٧٨).

)) .[١١] واتە: لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی قودسیدا لە (خوای گەورە) کە فەرموویەتی : ئەی بەندە کانم ! من ستەمم لە سەر خۆم حەرام کردووە و ، لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە ، ستەم لە یەکتری مەکەن ، ئەی بەندەکانم ! هەمووتان گومران مەگەر ئەوانەتان نەبێت کەمن ڕێنموویم کردوون ، داوای ڕێنموویيم لىٚ بکەن ، ڕێنموویيتان دەکەم ، ئەی بەندەکانم ! هەمووتان برسین مەگەر ئەوانەتان نەبێت کە من خواردنم پێداون ، داوای خواردنم لىٚ بکەن ، خواردنتان دەدەمىٚ ، ئەی بەندەکانم ! هەمووتان ڕووتن مەگەر ئەوانە تان نەبێت کە من پۆشتەم کردوون ، داواۆ پۆشاکم لىٚ بکەن پۆشتەتان دەکەم ، ئەی بەندەکانم ! ئێوە شەو ڕۆژ هەلە دەکەن ، منیش لە هەموو تاوان و هەلە کانتان خۆش دەبم ، داوای لىٚ خۆشبوونم لىٚ بکەن ، ئەی بەندەکانم ! ئێوە بەراستی ناتوانن بگەن بەو ئاستەی زەرەر لە من بدەن ، هەروەها ناتوانن بگەن بەو ئاستەی سوودم پێببەخشن ، ئەی بەندەکانم ! ئەگەر سەرەتاو کۆتایتان بە مرۆڤ و جنۆکە کانەوە دڵ یان وەك دلی لە خوا ترس ترین کەستان بێت ، ئەوا هیچ لە مولکی من زیاد ناکات ، ئەی بەندەکانم ! ئەگەر سەرە تاو کۆتاییتان بە مرۆڤ جنۆکەکانەوە دڵ یان وەك دلی خراپترین کەستان بێت ، ئەوا هیچ لە مولکی من کەم ناکات ، ئەی بەندەکانم ! ئەگەر سەرتاو کۆتاییتان بە مرۆڤ وجنۆکەکاتانەوە تێگرا لە گۆرە پانێکدا بوەستن و داوام لىٚ بکەن ، هەموو مرۆڤێك ئەوەی کە داوای دەکات پێی ببەخشم ، ئەوا هیچ لەوەی لای من کەم ناکات ، مەگەر ئەوەندەی دەرزیەك لە ئاوی دەریا کەم دەکاتەوە، ئەی بەندەکانم ! ئەمە کردەوەکانی خۆتانە و من بۆ تانی دەژمێرم و تۆماری دەکەم پاشان پاداشتان دەدەمەوە ، هە ر کەسێك چاکەی دەست کەوت باسوپاسی خوا بکات ،هەر کەسێکیش شتێکی تریشی دەست کەوت،ئەوا با تەنها سەرزنشتی خۆی بکات !؟..

[١١]- صحيح مسلم برقم (٢٥٧٧).

## جۆرەکانی ستەم کردن

یە کە م : (الظلم بين الإنسان وبين الله تعالى ) واتە: ستەم لە نێوان مرۆڤ و (خوای گەورە):

بێ گومان ئەم ستەمە گەورەترینیان ( الكفر ، الشرك ، والنفاق ، والظلم التعدي على حدود الله ، واقتراف الكبائر ) واتە: بێ باوەری ، هاوبەشی بریاردان ، دوو ڕوویی ، تێپەڕاندنی سنوورەکانی (خوای گەورە ) ئەنجامدانی گوناهە گەورەکان ..؟!

١-(ظلم الشرك ) واتە: ستەم کردنی هاوبەشی بەریاردان:

بەڵێ توندترین و مەترسی دارترین ستەمە کە مرۆڤ لەگەل خۆی دەیکات ، چونکە سنووری (خوای گەورە ) تێدەپەڕێنی ، لە کاتێدا (خوای گەورە ) فەرمانی بە سەرجەمی مرۆڤ کردووە کە (توحید) و یەکتاپەرستنی ئەنجام بدەن ، بەلام ئەو کەسەی مشرکە لە هەموو شتێك هابەشی بریار دەدا بۆ (خوای گەورە ) ، هەر بۆیە ئەوەی هابەشی بریار بدات ئەگەر بمریت لە سەر ئەو هاوبەشی دانانەی ئەوا خاوەنەکەی جێگای دۆزەخ دەبێت بۆ هەمیشەیی ، هەر وەك ئەو وصیەتی (لقمان حکیم ) بۆ کورەکەی کردەی کە (الشرك ) یان هابەشی بریاردان بە تاوانێکی گەورە وەسف دەکات ، وە بە سەری هەموو فتنەو ئاشووبێك یان بە ستەمێکی گەورەیی داناوە ، هەر وەك

قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قَالَ لُقۡمَٰنُ لِٱبۡنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٌ ١٣﴾ [لُقْمَان : ١٣] واتە : {ئامۆژگاری لوقمانی حەکیم بۆ کوڕەکەی} [ وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ ] وە کاتێك لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی خۆی ئەکرد پێی فەرموو [ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ ] ئەی کوڕی خۆم شەریك و هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار مەدە لەبەر ئەوەی خوای گەورە تاك و تەنهاو بێ هاوەڵە [ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ] بەڕاستی شەریك دانان بۆ خوا گەورەترین زوڵم و ستەمە کە کرابێت..؟!

قال تعالى: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ٧٢﴾ [المَائـِدَة : ٧٢] واتە : [ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ ] ئەمە هەر قسەی عیسایە- صلى الله عليه وسلم - هەر کەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات و من بکاتە شەریك بۆ خوای گەورە یان

هەر كەسێكی تر بكاتە شەریك بۆ خوای گەورە [ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ ] ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەكات وە شوێنی ئەو ئاگری دۆزەخە [ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ] وە ئەو كەسە ستەمكارو موشریكانە هیچ كەسێك نیە كە پشتیوانیان بێ و لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان بكات..؟!

**٢-(ظلم الكفر ) واتە: ستەم كردنی بێ باوەری :**

**بەڵێ بێ باوەر بوون بە (خوای گەورە ) ، گەورەترین تاوان و گوناهە كە خاوەنەكەی لە ئیسلامدا دەر دەچێت ، وە بێ گومان ئەگەر لە سەر بێ باوەری بمرێت بە دلنیایەوە بۆ هەمیشەیی لە دۆزەخ دادەبێت ، ئەگەر توبەی لەسەر نەكات پێش مردنی ، هەر وەك (خوای گەورە )دەفەرموویێت:** قال تعالى: ﴿وَٱلۡكَـٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ۝٢٥٤﴾ [البَقَرَةِ : ٢٥٤] واتە : وە كافران ئەوانن كە بەڕاستی ستەمكارن..؟!

**٣-(ظلم النفاق ) واتە : ستەم كردنی دوو روویی :**

**بەڵێ نفاق یان دوو روویی تاوانێكی زۆر گەورەیە ئەگەر دوو روو یەكەی بیرو باوەر بێت یان (اعتقادی ) بێت ، چونكە ئەوە لە ناوەوە بریاری بێ باوەر بوونی داوە بەلام لە دەرەوە خۆی بە ئیماندار دەناسێنی ، یان كەسێك كفر باكات لەو كفرو بێ باوەرانەی كە گاڵتە بە ئایین و شەریعەتی (خوای گەورە ) ئەمە دوو رووی بیرو باوەرە یان (اعتقادی) یە ، یان گاڵتە كردن لە فەرمانەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نموونە فەرموودەكانی یان شریعەتەكەی ، یان گاڵتە كردن بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵێ ئەمە نفاق یان دوو رووی گەورەی پێ دەوترێت ، خاونەكەی لە ژێرەوەی دۆزەخ دایە ..؟!**

قال تعالى: ﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُمۡ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلۡعَبُۚ قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَـٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ۝٦٥ لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَـٰنِكُمۡ﴾ [التَّوۡبَة : ٦٥ - ٦٦]واتە : {گاڵتە كردن بە خواو ئایەتەكانیو پێغەمبەرەكەی - صلى الله عليه وسلم - كوفرە} [ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ] لە غەزای تەبووكدا كەسێك لە مونافیقان وتی: كەسم نەبینیوە وەكو پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - ئەم صەحابانە كە بەخەمی سكیانەوە بن، وە لە كاتی قسەكردندا درۆ بكەن، وە لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن

ترسنۆك بن، پیاوێك لە صەحابە فەرمووی: درۆت کرد بەڵکو تۆ مونافیقی ئەبێ هەواڵ بە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بدەم، تا ئەو گەیشتە لای پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، وە کاتێك کە پرسیاریان لێ بکەی بۆچی ئەم قسانەتان کردووەو تانەو تەشەر لە پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - لە صەحابەو لە دین ئەدەن ئەو کاتە ئەڵێن ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - ڕێگا دوور بوو دەمەتەقێمان ئەکرد بۆ ئەوەی دووری ڕێگاکە ببڕین وە گاڵتەمان ئەکردو کاتمان بەسەر ئەبرد [ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ] ئەی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - پێیان بفەرمە: ئایا ئێوە شت نەما گاڵتەی پێ بکەن ئیلا خوای گەورەو ئایەتەکانی خواو پێغەمبەری خوا نەبێ - صلى الله عليه وسلم - ئایا ئێوە گاڵتە بەمانە ئەکەن..؟!

[ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ] ئەو کەسە خۆی هەڵواسی بوو بە ڕەشمەی ئەسپەکەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - هەر ئەیوت: ئێمە گاڵتەمان ئەکردو کاتمان بەسەر ئەبرد، پێغەمبەریش - صلى الله عليه وسلم - ئەیفەرموو: عوزر مەهێننەوە ئەوە ئێوە کافر بوون، واتە: کوفرەکەتان ئاشکرا کرد لە دوای ئەوەی کە پێشتر ئیمانتان ئاشکرا کردبوو [ إِنْ نَعْفُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنْكُمْ ] ئەگەر لە کۆمەڵێکیشتان خۆش بین ئەوانەی کە واز لە نیفاق دێنن و تەوبە ئەکەن [ نُعَذِّبْ طَائِفَةً ] ئەوا کۆمەڵێکتان سزا ئەدەین ئەوانەی کە بەردەوام بن لەسەر نیفاق و کوفری خۆیان [ بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ ] لەبەر ئەوەی ئەمانە بەردەوامن لەسەر جەریمەو تاوان..؟!

قال تعالى: ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ لَكَـٰذِبُونَ ۝١﴾ [المُنَافِقُون : ١] واتە: [ إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - کاتێك کە مونافیقان دێن بۆ لات و ئامادەی مەجلیست ئەبن ئەڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ئێمە شایەتی ئەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت - صلى الله عليه وسلم - [ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ ] وە خوای گەورە ئەزانێ کە تۆ بەڕاستی پێغەمبەرو - صلى الله عليه وسلم - نێردراوی خوای گەورەی [ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ] وە خوای گەورە بەدڵنیایی شایەتی ئەدات کە مونافیقان لەم قسە کردنە یان درۆ ئەکەن کە ئەڵێن: ئێمە لە دڵەوە شایەتی ئەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوای گەورەی - صلى الله عليه وسلم ..؟!

قال تعالى: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ۝١٤٥﴾ [النِّسَاء : ١٤٥]
واتە: [ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ ] بەدڵنیایی مونافیقان لە خوارترین پلەی ئاگری دۆزەخن، کە (دەرك) یان (دەرەکات) پلەیە بۆ خوارەوە بە پێچەوانەی (دەرەج) یان (دەرەجات) کە پلەیە بۆ سەرەوە، بۆیە بەهەشت (دەرەجاتی) هەیە پلەکانی بۆ سەرەوەیەو دۆزەخ (دەرەکاتی) هەیە پلەکانی بۆ خوارەوەیە، خوارترین پلەی ئاگری دۆزەخ کە سەختترین سزایە بۆ مونافیقانە [ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ] وە نابینی کەس پشتیوانیان بێ وە ڕزگاریان بکات لە ئاگری دۆزەخ..؟!

٤-(ظلم التعدي على حدود الله ، واقتراف الكبائر ) واتە: ستەم کردن لەسەر تێپەڕاندنی سنوورەکانی (خوای گەورە ) وە ئەنجامدانی تاوانە گەورە کان :

قال تعالى: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٢٩﴾﴾ [البَقَرَةِ : ٢٢٩] واتە: [ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ] ئەمە سنووری خوای گەورەیە مە یبەزێنن [ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ] وە هەر کەسێك سنووری خوای گەورە ببەزێنێ ئەوانە بەڕاستی زاڵم و ستەمکارن..؟!

دووە م: (ظلم النفس ) واتە: ئەو ستەمە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە خۆی دەکات :

قال تعالى: ﴿فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ﴾ [فَاطِر : ٣٢] واتە: [ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ ] لەناو ئوممەتی پێغەمبەریش - صلى الله عليه وسلم - هەیە زوڵم لە خۆی ئەکات ئەوانەن کە یەکخواپەرستن بەڵام تاوانی گەورە ئەنجام ئەدەن، ئەمانە دەکەونە ژێر ویستی خوای گەورە ویستی لێبێت بە فەزڵی خۆی لێیان خۆش دەبێت بە هۆی تەوحیدو یەکخواپەرستییەکەیانەوە، وە ویستی لێبێت بە دادپەروەری خۆی بە ئەندازەی تاوانەکەیان سزایان دەدات و پاشان دەیانخاتە بەهەشتەوە، وە ئەمانە بەر شەفاعەت دەکەون..؟!

(ابن القيم ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : ستەم کردن لە لای (خوای گەورە) لە ڕۆژی دوایی دەکرێ بەسێ بەش :

یەکەم :هەرگیز لێ خۆش بوونی نیە ئەویش هاوبەشی بڕیاردانان بۆ (خوای گەورە ) چونکە هەرگیز (خوای گەورە ) لە هاوبەش بڕیاردانەران خۆش نابێ ..؟!

دووەم : (خوای گەورە) هیچ شتێکی لێ ترك ناکات ، ئەویش ستەمی نێوانی خەلك لەگەل یەکتری ، هەتا بە تەواوەتی ماڤی ماف خوراو دەگەڕێتەوە ..؟!

سێ یەم : (خوای گەورە و بالادەست ) توندو تیژ نیە ، بۆیە ڕقی لە ستەمە ، ئەویش ئەوستەمەیە مرۆڤەکان لە نێوان خۆیان و (خوای گەورە ) دەیکەن ، ئەوەش بە تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خودا دەبێت و گوناهەکە ڕەش دەکاتەوە ..؟!

سێ یەم : (ظلم الغير ) واتە: ستەم کردن بەرانبەر کەسانی تر :

١–(ظلم العباد بعضهم لبعض ) واتە: ستەم کردنی بەندە لەگەڵ یەکتری دا :

قال تعالى: ﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٤٢﴾ [الشورى : ٤٢] واتە : [ إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ ] تەنها لۆمەو گلەیی کردن و سزا بۆ ئەو کەسانەیە کە ستەم لە خەڵکی ئەکەن وە لەسەر زەویدا بەناحەق زوڵم و ستەم بڵاو ئەکەنەوەو دەستدرێژی ئەکەنە سەر خەڵکی [ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ] ئا ئەمانە سزایەکی بە ئێش و ئازاریان بۆ هەیە..؟!

ئەم زولم ستەمانەی کە بەندەکان لە نێوان یەکتری ئەنجامی دەدەن ئەمانەن : غیبەت کردن و نەمیمی جاسوسی ، سەرزەنشت کردن ، سوکایەتی کردن و جنێودان ، هەروەها رەق و کینە ، وە ناوبانگردن بە نازناوی ناشرین ، یان گاڵتە پێ کردن بەکتری یان بە سووک سەیر کردنی یەکتری، هەروەها درۆ کردن و خیانەت ناپاکی و زەوت کردنی مافی یەکتری بەناحەف یان خواردنی مال و سامان خەلکی دزی بە ناحەقی یان ماف پێنەدانی خەلکی بەردنی مال و سامانی خەلك یان خواردنی مالی هەتیو بە ناحەقی ، یان ئەو کەسانەی فەرمانرەوان نادادپەروەری ئەنجامدەدە مافی خەلکی پێشەل دەکەن ، وە زیندانی کردن ئازاردن بە لێدان و سەرزەنشت کردن جنێودانی ناشرین یان کوشتنی خەلکی بە ناحەق ، چەندین کردەوەی خراپەی تریش لەگەل یەکتری ...هتد

لە ( ابو بكرة نفيع بن الحارث ) – رەمەتی خوای لێ بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((كُنَّا عِنْدَ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ فقالَ: ألا أُنَبِّئُكُمْ بأَكْبَرِ الكَبائِرِ؟ ثَلاثًا الإشْراكُ باللَّهِ، وعُقُوقُ الوالِدَيْنِ، وشَهادَةُ الزُّورِ، أوْ قَوْلُ الزُّورِ، وكانَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ مُتَّكِئًا ، فَجَلَسَ فَما زالَ يُكَرِّرُها حتَّى قُلْنا: لَيْتَهُ سَكَتَ )) . [١٢]

---

[١٢]-صحيح مسلم برقم (٨٧).

**واتە: ئایا ئاگادارتان نەکەم لە گەورەترین گوناهو تاوانە گەورەکان ..؟! سێ جار ئەمەی فەرموو ئینجا فەرمووی : هاوەڵ بۆ خودا بریاردان ، ئازار دانی دایك و باوك ، شایەتی دانی درۆ و ناحەق ووتەی درۆی ناحەق ، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پالی دابووەوە ئینجا دانیشت بەردەوام ئەمەی دوایی دووپات دەکردەوە ، هەتا ووتمان : خۆزەگە بێ دەنگ دەبوو ..؟!**

قال تعالى: ﴿وَلَا تَقْتُلُواْ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّي ٱلْقَتْلِ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا ﴿٣٣﴾﴾ [الإِسۡرَاء : ٣٣] واتە : {خوێن نەرشتن بەناحەق} [ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ] وە ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە بیکوژن ئێوە مەیکوژن ئیلا بە حەق نەبێ وەك ئەوەی کەسێك لە دین هەڵگەڕێتەوە، یان کەسێك بە ناحەق بکوژێ، یان لە دوای زەواجێکی شەرعی زینا بکات، ئەمە حاکمی موسڵمان بۆی هەیە بیانکوژێتەوە نەك خەڵکی [ وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا ] وە هەر کەسێك بە ستەملێکراوی بکوژرێ [ فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا ] ئەوە دەسەڵاتمان بە کەسوکاری ئەو کوژراوە بەخشیوە بەسەر بکوژەکەداو ئەتوانێ داوای کوشتنەوەی لە حاکم بکات و بڵێ بیکوژەوە، یان ئەتوانێ لێی ببورێ، یان ئەتوانێ پارەی لێ وەربگرێ [ فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ ] بەڵام ئەگەر کوشتیشیەوە با زیادڕەوی نەکات لە کوشتندا بەوەی کە لە ژێر ئەشکەنجەدا بیکوژێ، یاخود گوێ و لووتی ببڕێت و لاشەی بشێوێنێت، یاخود کەسوکارەکەی بکوژێتەوە با وا نەکەن [ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُورًا ] ئەوەی کە کەسوکاری کوژراوەکە یە خوای گەورە سەری ئەخات وە پشتیوانێتی..؟!

قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ ۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾﴾ [الحُجُرَات : ١٢] واتە : {گومانی خراپ بە یەکتر مەبەن} [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ ] ئەی باوەڕداران خۆتان دووربخەنەوە لە زۆرێك لە گومان بەتایبەتی گومان بردنی خراپ بە کەسانی چاك لەبەر ئەوەی هەندێك لە گومان تاوانە، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: (ئاگادارتان دەکەمەوە لە گومان بردنی خراپ چونکە درۆترین قسەیە)، وە ئیمامی عومەر دەفەرمێت: (گومانی باش نەبێت بە قسەی برا باوەڕدارەکەتی مەبە، لە کاتێکدا تۆ دەتوانێت گومانی باشی پێببەیت و بە جوانی بۆی لێکبدەیتەوەو

مانای بکەیت) {جاسوسی لەسەر یەکتری مەکەن} [ وَلَا تَجَسَّسُوا ] وە جاسوسی لەسەر یەکتری مەکەن، (تەجەسوس) زیاتر بۆ خراپە بەکاردێت، (تەحەسوس) زیاتر بۆ چاکە بەکار دێت، وەکو پێغەمبەر یەعقوب - صلى الله عليه وسلم - بە کوڕەکانی فەرموو: بڕۆن (تەحەسوس) بکەن لە یوسف و براکەی، پیاوێکیان هێنا بۆ لای (ابن مسعود) وتیان: ئەمە فڵانە کەسە مەی بە ریشیدا دەچۆڕێتەوە، فەرمووی: قەدەغە کراوین لە جاسوسی و سیخوڕی، بەڵام بە ئاشکرا شتێك ببینین ئەوا سزای دەدەین، (دخین)ی نوسەری (عوقبە) دەڵێت: بە (عوقبە)م وت: دراوسێیەکمان هەیە مەی دەخۆنەوە منیش پۆلیسیان لێ ئاگادار دەکەمەوە بیانبەن، (عوقبە) وتی: وا مەکە بەڵام ئامۆژگاریان بکەو هەڕەشەیان لێبیکە، وایشی کرد هەر وازیان نەهێنا، وتی دەچم پۆلیس ئاگادار دەکەمەوە، (عوقبە) وتی: هاوار بۆ خۆت نەکەیت، من گوێم لە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بووە قەدەغەی کردووە دوای تاوانی خەڵکی بکەویت {غەیبەتی یەکتری مەکەن} [ وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا ] وە غەیبەتی یەکتری مەکەن، باسی برایەکت بکەی بە شتێك کە تیایدا بێت و پێی ناخۆش بێت ئەوە غەیبەتە، وە ئەگەر تیایدا نەبێت ئەوە بوهتانەو گەورەترە، (عائیشە) تەنها بە (صەفیە)ی وت: باڵاکورتە، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: (قسەیەکت کرد ئەگەر بیکەیتە ناو ئاوی دەریاوە بۆگەنی دەکات) [ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا ] ئایا یەکێك لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی براکەی بخوات بە مردوویەتی؟ ئەو کەسەیش کە لێرە نیە وەك ئەوە وایە مردوو بێت و ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات [ فَكَرِهْتُمُوهُ ] ئێوە پێتان ناخۆشەو لاتان بێزێندراوە [ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ ] وە ئێوە تەقوای خوای گەورە بکەن بەڕاستی خوای گەورە زۆر تەوبە ی ئەو کەسانە قبووڵ ئەکات کە تەوبە ئەکەن، وە زۆر بەرەحم و بە بەزەییە..؟!

**لە (سعيد بن زيد) – خوای لێ رازی بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن أَخَذَ شِبْرًا مِنَ الأرْضِ ظُلْمًا، فإنَّه يُطَوَّقُهُ يَومَ القِيَامَةِ مِن سَبْعِ أَرَضِينَ)) .[١٣] واتە: هەر کەسێك بستێك زەوی داگیر بکات تا حەوت تەبەقەی زەویەکەی دەکرێتە گەردەنی لە رۆژی قیامەتدا ..؟!**

[١٣]-صحيح مسلم برقم (١٦١٠).

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ٢٩﴾ [النِّسَاء : ٢٩]

واته : [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ ] ئەی باوەڕداران ئێوە ماڵی خۆتان لەنێوان یەکتریدا بە باتڵ و بەحەرام مەخۆن وەکو ڕەشوەو بەرتیل و پارەی فاڵچێتی و پارەی زیناو قومارو ریباو هەر شتێك كە خوای گەورە حەرامی كردبێ [ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ ] ئیلا ئەگەر بازرگانیەك بێت بەڕەزامەندی هەردوولا كڕیارو فرۆشیار، وە غەش و فێڵ و نادیاری تیا نەبێت [ وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ ] وە ئێوە خۆتان مەكوژن چونكە بەهەر شتێك خۆتان بكوژن لەناو ئاگری دۆزەخدا بەو شتە سزا دەدرێن، یاخود هەندێكتان هەندێكتان مەكوژن كە هەر كەسێكت كوشت وەك ئەوە وایە خۆتت كوشتبێ [ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بەڕەحم و بەزەییە بەرامبەر ئێوە..؟!

لە (ابو هريره) – خوا لێ ڕازی بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن حَمَلَ علَيْنا السِّلاحَ فليسَ مِنَّا، ومَن غَشَّنا فليسَ مِنَّا )) . [١٤] واتە: هەر كەسێ چاكەمان لێ هەلبگرێ ئەوا لە ئێمە نیە، وە هەركەسێك فروفێل و گزیمان لێ بكات ئەوا لە ئێمە نیە ..؟!

لە (ابو هريره) – خوا لێ ڕازی بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((مَطْلُ الغَنِيِّ ظُلْمٌ، وإذا أُتْبِعَ أحَدُكُمْ علَى مَلِيءٍ فَلْيَتْبَعْ )) . [١٥] واتە: سستی كەمتەرخەمی دولەمەند لە دانەوەی قەرزێك كە لە سەری بێت ئەمە ستەمە ، جا ئەگەر ئەكێك لە ئێوە ئەوا حەوالەكرا بۆلای دەولەمەندێك كە قەرزەكەی بداتەوە با بچێت ..؟!

---

[١٤] -صحيح مسلم برقم (١٠١).
[١٥] -صحيح مسلم برقم (١٥٦٤).

٢-(الظلم الواقع بين الأرحام ) واته : سته‌م كردن له نێوان نزیكه‌كان

بۆ نه‌موونه مافی دایك و باوك ، چونكه سته‌م كردن له گه‌ل دایك و باوك تاوانێكی یه‌كجار گه‌وره‌یه، هه‌ر بۆیه ئایینی ئیسلام فه‌رمانی كردووه كه چاكه له‌گه‌ل دایك وباوك دا بكه‌ین ..؟!

قال تعالى: ﴿۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾﴾ [الإِسۡرَاء : ٢٣] واته : {فه‌رمان كردن به چاكه كردن له‌گه‌ڵ دایك‌و باوك} [ وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ] وه په‌روه‌ردگارت فه‌رمانی كردووه‌و بڕیاری داوه كه هیچ كه‌سێك نه‌په‌رستن ته‌نها زاتی پیرۆزی الله نه‌بێ چونكه ته‌نها ئه‌و شایه‌نی په‌رستنه [ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ] وه فه‌رمانی كردووه‌و بڕیاری داوه كه له‌گه ڵ دایك و باوكتاندا چاكه‌كار بن [ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا ] به‌تایبه‌تی كاتێك یه‌كێك له‌وان یان هه‌ردووكیان له ته‌مه‌نی پیریدا لای تۆ ئه‌بن [ فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ ] ئه‌وا كه‌مترین وشه یان پێ مه‌ڵێ كه پێیان ناخۆش بێت ته‌نانه‌ت پێیان مه‌ڵێ ئۆف، (ئۆف كه‌مترین وشه‌یه بۆیه خوای گه‌وره به‌كاری هێناوه، ئه‌گه‌ر له‌و وشه‌یه كه‌متر هه‌بوایه ئه‌وه‌یشی به‌رامبه‌ر دایك و باوك قه‌ده‌غه ده‌كرد) [ وَلَا تَنْهَرْهُمَا ] وه به ره‌قی و به توندی و ناشیرینی مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا مه‌كه (ده‌ست رامه‌وه‌شێنه به‌سه‌ریاندا) [ وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ] به‌ڵكو به وشه‌یه‌كی نه‌رمونیان و سۆزو به‌زه‌یی و ئه‌ده‌ب و رێزه‌وه قسه‌یان له‌گه‌ڵدا بكه..؟!

له (جبير بن مطعم ) – خوا لێ رازی بێت – له پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی : ((لاَ يَدْخُلُ الجَنَّةَ قَاطِعٌ. قالَ ابنُ أَبِي عُمَرَ: قالَ سُفْيَانُ: يَعْنِي قَاطِعَ رَحِمٍ )) . [16] واته : ئه‌و كه‌سه‌ی ره‌حم یان نزیكایه‌تی ده‌پرچێنێت یان ده‌بڕێ ناچێته به هه‌شته‌وه ..؟!

---

[16]-صحيح مسلم برقم (٢٥٥٦).

## هۆ كاره كانی زولم و ستەم كردن

بەلێ بێ گومان زولم و ستەم هۆكاری زۆرو جۆراوجۆری هەیە دەبنە هۆی ئەوە کە مرۆڤەکان تووشی زولم و ستەم كردن ببن ، وە ئەم هۆكارانەش لە خوارەوە روون دەكەینەوە ، هەر بۆیە هەركاتێك خەلكی پشتیان كردە لە قورئان و فەرمووده یان سونەت پێغەمبەری خوا ﷺ وە حوكمیان بە دووانە نەكرد ، بروایان وابوو کە پێویستیان پێ نیە لەم سەردەمە و لەم زمانەدا ، ئەوا روویان كردە بۆچوونی فلان زاناو فلان فەلسەفە ناس و فلان رۆژئاوایی و فلان سیاسەت مەدا و فلان كەسی گاور جوولەكە عەلمانیەت و مولحیدی ئەم سەردەمە ، ئەوا بێ گومان تووشی ستەم كردن دەبن ، ئەو كاتەش كۆمەلگاو دەولەت و ولات تووشی سەرگەردانی و هیلاكەت قات قری دەبێت ، ئینجا گەندەلی ستەم كردن دەست پێدەكات ، دلیان تاریك ئەبێت ، فكرو هزریان گەندەل دەبێت ، عەقلیان بۆ گەندەبێت ، چاویان حەق نابینی گوێچكەیان حەق نابیستێت ، تاوای لێ دێت ئەو كارانە بەسەریاندا زال دەبێت ، كوێریان ئەكات لە ئاست راستی و حەقدا ، تا وایی لێ دێت گەورە و بچووك لە سەر ئەم نادادپەروەریە رادێن و خراپەی بە خراپەی یان بە ستەمی نازانن ، ئەو كاتە كۆمەلگایەكیان یان دەولەتێكیان بۆ دروست دەبێت كە بیدعە شوێنی قورئان و سونەت دەگرێتەوە ، نەفس نزمی شوێنی عەقل ئەگرێتەوە ، هەواو ئارەزوو شوێنی ژیری ئەگرێتەوە ، گومرایی و سەرگەردانی شوێنی هیدایەت ئەگرێتەوە ، ریا و خۆهەلكێشان شوێنی دلسۆزی یان ئەخلاص و نیاز پاكی ئەگرێتەوە ، یان ناحەق شوێنی حەق ئەگرێتەوە ، درۆ كردن شوێنی راستگۆیی ئەگرێتەوە ، بەدرەوشتی شوێنی چاكە و ئامۆژگاری دەگرێتەوە ، ستەم كردن شوێنی نادادپەروەری نادادگەری دەگرێتەوە ، تاوای لێ دێت ئەم كردەوە خراپانە بال ئەكێشێ بە سەر هەموو خەلكی دا و دەبێتە هۆی ئەوەی فەرمانرەوایەكی ستەمكارو زولم فەرمانرەوایان بكات ، ئینجا رۆژ بە رۆژ ستەمیان لەسەر زیاد دەكات ، جا خەلكی ئەبینن ئەمانە ستەم زیاتر دەكەن و ناحەقی نادادگەری دەكەن ، ئەو كاتە سوێند بەخوا مردن خۆشترە لە ژیان لە ستەم كردنی ئەم فەرمانرەوایانە ، چونكە بێ گومان هەر كات ستەم كردن چووە قیمە ئەوا ژیانی تەنهایی ناو دەشت و چیا خۆشترە لە ژیانی ئەم كۆمەلگایە یان ژیان لەگەل درندە ئارامترە لە ژیانی لەگەل كەسانێكی ستەمكارو خراپەكارو گەندەلكار ..؟!

**١–(الكفر ) بیٚ باوەری :**

بەلیٚ بیٚ باوەری و کوفر کردن بە نیعمەتەکانی (خوای گەورە ) ئەوا یەکێکە لە هۆکارە کانی ستەم کردن .

قال تعالى: ﴿وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۝٢٥٤﴾ [البَقَرَةِ : ٢٥٤] واتە : وە کافران ئەوانن کە بەڕاستی ستەمکارن..؟!

**٢–(اتباع الشيطان ) شوێن کەوتنی ئەبلیس یان شەیتان :**

قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ۝٢٠٨﴾ [البَقَرَةِ : ٢٠٨] واتە: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً ] ئەی باوەڕداران هەمووتان وەرنە ناو ئیسلامەوەو هەمووتان موسڵمان بن و کار بە هەموو شەریعەت بکەن [ وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ] وە شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، زیاتر مەبەست پێی موونافیقەکانە کە بە دەم ئیسلامیان ئاشکرا کردبوو لە دڵەوە موسڵمان نەبوون [ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ] لەبەر ئەوەی شەیتان بەڕاستی دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە.

قال تعالى: ﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ﴾ [النُّور : ٢١] واتە : [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ] ئەی باوەڕداران ئێوە شوێنی هەنگاو و نەخشەو پیلان و ڕێچکەو کردەوەی شەیتان مەکەون [ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ ] چونکە هەر کەسێك شوێن هەنگاو و گومان و پیلان و ڕێچکەی شەیتان بکەوێت ئەوا بە دڵنیایی شەیتان فەرمان ئەکات بە بەدڕەوشتی و خراپەکاری و تاوان ..؟!

٣-(اتباع الهوى ) شوێن کەوتنی هەواو ئارەزووەکان :

قال تعالى: ﴿بَلِ ٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَهۡوَآءَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٖۖ فَمَن يَهۡدِي مَنۡ أَضَلَّ ٱللَّهُۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٩﴾﴾ [الرُّوم : ٢٩] واتە : [ بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ ] بەڵکو هاوبەشبڕیاردەران شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتوون و بەبێ زانیاری عیبادەت بۆ جگە لە خوای گەورە دەکەن [ فَمَنْ يَهْدِي مَنْ أَضَلَّ اللَّهُ ] وە کەسێك کە خوای گەورە گومڕای بکات کێ ئەتوانێ هیدایەتی بدات کە ئەو شایەنی هیدایەت نیە؟، واتە کەس نیە هیدایەتی بدات [ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ] وە کاتێك خوای گەورە بیەوێ سزایان بدات کەس نیە کە لە سزای خوای گەورە بیانپارێزێ و سەریان بخات..؟!

٤-(الاستکبار ) خۆ بە گەورە زانین یان لووت بەرزی :

قال تعالى: ﴿ثُمَّ بَعَثۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِم مُّوسَىٰ وَهَٰرُونَ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ بِـَٔايَٰتِنَا فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ﴿٧٥﴾﴾ [يُونُس : ٧٥] واتە : {بەسەرهاتی موسا پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم - و قەومەکەی} [ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ مُوسَى وَهَارُونَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ بِآيَاتِنَا ] لە پاش ئەم پێغەمبەرانەش موساو هارونمان نارد بۆ لای فیرعەون و دارودەستەو گەورەکانیان بە بەڵگەو موعجیزە، کە نۆ موعجیزەی پێ بەخشیبوو [ فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا مُجْرِمِينَ ] ئەوان خۆیان بەگەورەزانی لە وەرگرتنی حەق وە کەسانێکی تاوانبار بوون..؟!

قال تعالى: ﴿كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ وَأَغۡرَقۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَۚ وَكُلّٞ كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ﴿٥٤﴾﴾ [الأنفال : ٥٤]واتە : [ كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ ] وەکو سوننەتی خوای گەورە لە ئالی فیرعەون و ئەوانەی پێش ئەوانیش کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەدرۆ زانی [ فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ ] بەهۆی تاوانی خۆیانەوە لەناومان بردن [ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ ] وە ئالی فیرعەونمان نوقمی ئاوەکە کرد [ وَكُلٌّ كَانُوا ظَالِمِينَ ] وە هەموو ئەو گروپ و کۆمەڵانە هەموویان زاڵم و ستەمکارو کافر بوونە بۆیە خوای گەورە بردیانیەوە..؟!

قال تعالى: ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا عَالِينَ ﴿٤٦﴾﴾ [المُؤْمِنُون : ٤٦] واته: [ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ ] بۆ لای فیرعەون و داروودەستەو پیاوماقوڵانی [ فَاسْتَكْبَرُوا ] ئەوان ئیمانیان نەهێناو خۆیان بەگەورە زانی [ وَكَانُوا قَوْمًا عَالِينَ] وە ئەوان قەومێكی خۆبەگەورەزان بوون..؟!

قال تعالى: ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُواْ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ۖ أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿١٥﴾﴾ [فُصِّلَت : ١٥] واته: [ فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ ] قەومی عاد خۆیان بەگەورەزانی لە ئیمان هێنان لەسەر زەویدا بەبێ حەق [ وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ] وە شانازیان ئەكرد بەهێزو توانای خۆیان و ئەیانووت كێ هەیە لە ئێمە بەهێزتر بێت، وایانئەزانی هێزو توانایان دەیانپارێزێت لە سزای خوای گەورە [ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ] ئایا نابینن ئەو خوایەی كە ئەوانی دروست كردووە زۆر لەوان بەهێزترە، وە توانای بەسەریاندا هەیە [ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ ] وە ئەوان نكوڵی و ئینكاریان لە موعجیزەو نیشانەكانی ئێمە دەكرد..؟!

قال تعالى: ﴿كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾﴾ [العَلَق : ٦ - ٧] واته : نەخێر بە دڵنیایی مرۆڤ سنوور ئەبەزێنێ و خراپەكاری ئەكات و لە خۆی بایی ئەبێ..؟! [ أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى] كاتێك كە خۆی ئەبینێ دەوڵەمەندەو سەروەت و سامانی زۆرەو پێویستی بە كەس نیە لە خۆی بایی ئەبێ..؟!

قال تعالى: ﴿ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿١٧﴾ فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَرَىٰهُ ٱلْـَٔايَةَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٢٠﴾ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾﴾ [النَّازِعَات : ١٧ - ٢٤] واته : [ اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى] ئەی موسا - صلى الله عليه وسلم - برۆ بۆ لای فیرعەون لەبەر ئەوەی فیرعەون توغیان و سەركەشی كردووەو سنووری بەزاندووە لە كوفر كردن و شەریك دانان و چەوساندنەوەی خەڵكی و زوڵم و ستەمدا..؟! {بەكارهێنانی شێوازی نەرم و نیان لەگەڵ فیرعەون!} [ فَقُلْ هَلْ لَكَ إِلَى أَنْ تَزَكَّى] پێی بڵێ ئایا ئەتەوێ خۆت پاك بكەیتەوە لە شەریك دانان بۆ خوا و لە تاوان و زوڵم و ستەم بەوەی كە ئیمان بێنی..؟! [ وَأَهْدِيَكَ إِلَى رَبِّكَ فَتَخْشَى ] وە ڕێنماییت بكەم بۆ پەرستنی خوای گەورەو بەتاك و تەنها خوای گەورە

بپەرستی و شەریکی بۆ دانەنێی، وە ترسی خوای گەورە بچێتە دڵتەوەو بەتاك و تەنها لە خوای گەورە بترسی بۆ ئەوەی دڵت نەرم بێت، (موسا - صلى الله عليه وسلم - بە نەرمی قسەی لەگەڵدا کرد)..؟! [ فَأَرَاهُ الْآيَةَ الْكُبْرَى ] موسا - صلى الله عليه وسلم - موعجیزە هەر گەورەکەی نیشاندا بۆ ئەوەی کە ئیمان بێنێ و موسڵمان بێ، مەبەست لە موعجیزەکە گۆچانەکەی بووە، یاخود کە دەستی دەرکردایە سپی ئەبوو دەدرەوشایەوە، یاخود حوجەو بەڵگەی بۆ هێنایەوە بۆ ئەوەی کە موسڵمان بێت..؟! [ فَكَذَّبَ وَعَصَى (٢١) ] بەڵام فیرعەون لە جیاتی ئەوەی ئەو حەقە بەڕاست دابنێ بەدرۆی زانی، وە سەرپێچی موسای - صلى الله عليه وسلم - کردو هیچ سوودێکی لە بانگەوازی موسا - صلى الله عليه وسلم - نەبینی..؟! [ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَى ] پاشان پشتی لەو حەقە هەڵکردو وەڵامی نەدایەوەو هەوڵ و کۆششی کرد بۆ کۆکردنەوەی ساحیران..؟! [ فَحَشَرَ فَنَادَى] وە ئەو کاتە سەربازەکانی کۆکردەوە، یاخود هەموو ساحیران و جادووگەرانی کۆکردەوەو بانگی کردن: هەر هەمووتان کۆببنەوەو ئامادەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موسا، وە خەڵکەکەیشی کۆکردەوە..؟! [ فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى ] وتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزی ئێوەم، نەمزانیوە جگە لەمن پەروەردگارو خوایەکی ترتان هەبێت..؟!

٥-(الحسد ) حەسوودی و ئیرەیی بردن :

**بەڵێ حەسوودی یان ئیرەیی بردن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە ستەم کردن ، ئەوەش کە ئیبلیس حەسوودی ئیرەیی برد بە ئادەم – علیه السلام – کە (خوای گەورە ) نەفرەتی لێ کردوو و لە رەحمەتی خۆی دووری خستەوە ، بە هۆی ئەوەی کە سەرپێچی فەرمانەکەی کرد کە هەموو فریشتەکان سووجەدەیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت ، ئەویش بەهۆی خۆ بەگەورە زانین و ئیرەیی بردن بە ئادەم ، چونکە ئەو لە ئاگر دروست کراوە ، ئادەمیش لە گل یان خۆڵ..؟!**

قال تعالى: ﴿قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ٧٦﴾ [ص : ٧٦] واتە: [ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ ] ئیبلیس وتی: ئەی پەروەردگار من لەو باشترم [ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ (٧٦) ] منت لە ئاگر دروست کردووەو ئادەمت لە قوڕ دروست کردووە ئاگریش لە قوڕ باشترە، بە عەقڵی خۆی لێکی دایەوە، (لە کاتی بوونی بەڵگە نابێت شتەکان بە عەقڵ لێك بدەینەوە بەڵکو دەبێت ملکەچی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بین تا وەکو ئیبلیس لە رەحمەتی خوا دەرنەکرێین)..؟!

٦-(الولاء للاعداء ) دلسۆزی بۆ دوژمنان :

هەر بۆیە قورئانی پیرۆز هۆشداری دەدات بەو کەسانەی کە دلسۆزی و دۆستایەتی پشتیوانی ستەم کاران دەکەن بە هەر شێوەیەك بێت لە شێوەکان نابێت پشتیوان دۆستایەتی دوژمنانی (خوا گەورە ) بکەین ، وە نابێت دلسۆزیان بۆ دەربرین بە سەرکەوتن و چەژنەکانیان ..؟!

قال تعالى: ﴿وَلَا تَرۡكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ۝١١٣﴾ [هُود : ١١٣] واتە : [ وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ ] وە ئێوە مەیلتان نەبێ بەلای ستەمکاران و هاوبەشبڕیاردەران و بە کردەوەی ئەوان رازی مەبن و بەشداریان مەکەن دوایی ئاگری دۆزەخ ئەتانگرێتەوە [ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ] ئەو کاتە لە غەیری خوای گەورە هیچ دۆست و پشتیوانێکتان نابێت کە لە ئاگری دۆزەخ بتانپارێزێ و ڕزگارتان بکات، پاشان ئێوە کەس نیە کە سەرتان بخات..؟!

قال تعالى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ۝٢٣﴾ [التَّوۡبَة : ٢٣] واتە: {خۆشنەویستنی کافران} [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ ] ئەی باوەڕداران ئێوە باوك و براکانتان مەکەن بە دۆست و خۆشەویستی خۆتان ئەگەر ئەوان کوفریان هەڵبژارد بەسەر ئیمانداو کوفریان لەلا خۆشەویستتر بوو لە ئیمان [ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٢٣) ] وە هەر کەسێك لە ئێوەی موسڵمان ئەوان بکات بە وەلی و دۆست و خۆشەویستی خۆی ئەو کەسانە بەڕاستی زاڵم و ستەمکارن..؟!

قال تعالى: ﴿۞ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ۝٥١﴾ [المَائـِدَة : ٥١] واتە : [ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ ] ئەی باوەڕداران ئێوە جوولەکەو گاورەکان مەکەن بەدۆست و خۆشەویستی خۆتان و ئەوانتان خۆش نەوێت و باوەڕدارانتان خۆش بوێ، وتراوە: مەبەست لە مونافیقان بووە کە بەئیماندار ناوبراون لەبەر ئەوەی ئیمانیان ئاشکرا کردووە بەڵام خۆشەویستی و پشتیوانی خۆیان بۆ گاورو جوولەکە دەرئەبڕی [ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ]

ئەوان جوولەکەکان هەندێکیان دۆست و پشتیوان و سەرخەری هەندێکی تریانن وە گاورەکان هەندێکیان دۆست و پشتیوان و سەرخەری هەندێکی تریانن [ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ ] ئەی موسڵمانان ئاگادار بن هەر کەسێك لە ئێوە وەلائی بۆ گاورو جوولەکە هەبێ و خۆشیانی بوێت و سەریان بخات و پشتیوانیان بێت و یارمەتیان بدات ئەوە لەوان حیساب ئەکرێت و لەوانە [ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ] بەراستی خوای گەورە هیدایەتی کەسانێکی ئاوا زاڵم و ستەمکار نادات کە وەلائو خۆشەویستیان بۆ گاورو جوولەکە هەبێت..؟!

**٧-(ترك التوبة ) وازهێنان لە توبە کردن :**

ئەو کەسانەی بەردەوام تاوان و سەرپێچی دەکەن ، بەلام وازیان هێنانەوە لە تەوبە کردن و گەرانەوە بۆ لای (خوای گەورە ) ، یان بەردەوام گوناهو تاوان سەرپێچی دەکەن رۆژێك تەوبە ناکەن و پەشیمان نابنەوە لە تاوانەکانیان وازیان لە تەوبە هێناوە ، بێ گومان ئەمەش ستەم کردنە لە نەفسی خۆیان ، چونکە تەوبەکردن لە هەر گوناهو تاوانێك دا ، ئەوا راگرتنی ستەم کردنە ، بەلام بەردەوام بێت و تەوبەی نەکات ، ئەوە پیشە و کاور کردەوەکانی ستەمارانە ..؟!

قال تعالى: ﴿وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿١١﴾﴾ [الحُجُرَات : ١١]واتە: وە هەر کەسێکیش تەوبە نەکات ئەوا ئەو کەسانە ستەمکارن..؟!

قال تعالى: ﴿فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٣٩﴾﴾ [المَائـِدَة : ٣٩] واتە : [ فَمَنْ تَابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ ] جا ئەگەر کەسێك لە دوای ئەو دزی و ستەمەی کە کردی تەوبە بکات وە چاکسازی بکات، واتە: ئەو ماڵەی کە دزیویەتی بیگە ڕێنێتەوە بۆ خاوەنی خۆی [ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ ] ئەوە بە دڵنیایی خوای گەورە تەوبەی لێ قبووڵ دەكات و لێی خۆش ئەبێ [ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ] بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە..؟!

٨-(أتباع الشهوات) شوێن کەوتنی شهەوت بازی یان ئارەزووە حەرامکراوەکان:

بەڵیٚ ئەو حرام کراو قەدەغەکراوانەی (خوای گەورە ) هەمووی کە (خوای گەورە) حەرامی کردووە لە بۆ هەموو بەندەیەك جا بە شوێن و زمانیەوە ، هەر بۆیە (خوای گەورە ) هۆشداری داوە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز ، ئەو گوناهو تاوانە گەورانەی کە بەندە ئەنجامی دەدات ، بیٚ گومان هەر گوناهو تاوانێك بەندە ئەنجامی دەدات ئەوا ستەم کردنە لە نەفسی خۆی ..؟!

قال تعالى: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٢٩﴾﴾ [البَقَرَةِ : ٢٢٩] واتە : [ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ] ئەمە سنووری خوای گەورە یە مەیبەزێنن [ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ] وە هەر کەسێك سنووری خوای گەورە ببەزێنێ ئەوانە بەڕاستی زاڵم و ستەمکارن..؟!

قال تعالى: ﴿وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُوا۟ مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾﴾ [النِّسَاء : ٢٧] واتە: [ وَاللَّهُ يُرِيدُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْكُمْ ] وە خوای گەورە ئەیەوێ تەوبەتان لێ قبووڵ بکات و لێتان خۆشبێ [ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَنْ تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيمًا ] بەڵام ئەو کەسانەی کە شوێن شەهوەت و ئارەزووی خۆیان کەوتوونە ئەوان ئەیانەوێ ئێوە لابدەن و سەرنجتان ڕاکێشن سەرنج ڕاکێشان و لادانێکی یەکجار گەورە بۆ ڕێگای خۆیان بۆ بەدڕەوشتی..؟!

قال تعالى: ﴿۞ فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلشَّهَوَٰتِ ۖ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾﴾ [مَرْيَم : ٥٩] واتە: [ فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ ] لە پاش ئەم پێغەمبەرە باشانە و شوێن کەوتووە چاکەکانیان کەسانێکی خراپ هاتن [ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ ] کە نوێژەکانیان فەوتاندو ئەنجامیان نەدا، یان لەسەر شێوازی خۆی نەیان ئەکرد، یان لە کاتی خۆیدا نەیاندەکرد [ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ ] وە شوێنی هەواو ئارەزوو شتە حەرامەکان کەوتن [ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا (٥٩) ] ئەوانە تووشی شەڕو خراپەو زەرەرمەندی ئەبن..؟!

قال تعالى: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ١٤﴾ [آل عِمۡرَان : ١٤] واته : {شته رازێنراوەكان لەلای مرۆڤ} [ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ ] بۆ خەڵكی ڕازێنراوەتەوەو جوانكراوەو لەلایان خۆشەویستكراوە ئەو شتانەی كە ئارەزووی تیایەو دڵ پێی خۆشە لە ئافرەت و كوڕ [ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ] وە لەو زێڕو زیو و سەروەت و سامانە زۆرانەی كە چەند قاتێكە لە ئاڵتون و زیو و ماینی لەوەڕێنراو و نیشانكراو لە ئاژەڵان وە لە كێڵگەو زەرعات، ئەنعام حوشترو مانگاو مەڕو بزن ئەگرێتەوە [ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ (١٤) ] بەڵام ئەمانە هەر هەمووی خۆشی و ڕازاوەیی ژیانی دونیایە بەڵام باشترین گەڕانەوەو سەرەنجام و پاداشت لای خوای گەورەیە كە بەهەشتە ..؟!

## ستەکردنی کاربەدەستان

بەلێ کاربەدەستان بەدلنیایەوە ستەم دەکەن ، بەلام زۆرجاریش خەلکیش ستەم دەکات ئەویش ناپاکی کردنە لە دەولەت ، بۆیە کاربەدەستان مال سامانێك کۆدەکەنەوەو دەبەن کە حلال نیە بیبەن ، وە ئەوەشی لەسەریان پێویستە باج بدەن بە دەولەت نایدەن ، چونکە هەموو مال سامان زەوی زاری دەولەت بە هی خۆ دەزانن ، خۆیان دەکەن خاوەنی سەرمایەکی زۆر بە دزی مالی خەلك ، وەك چۆن کاربەدەستێك پۆستێك وەردەگری ناپاکی خیانەن لە پلە و پۆستەکەی دەکات بە وەرگرتنی بەرتیل و دزی کردن لە و ئەمانەتی کە پێدراوە ، وەکو دزی کردن لە و برە پارەیەی کە لە بەر دەست یەتی ،ئەو کەل پەلەی وەك ئەمانەت پێ سپێردراوە یان ئیمزا کردن  بە غش کردن لە سەر شتێکی حەرام باتل کە قەدەغەیە ئەو بە برە پارەیەك بەرێی دەکات ، ئینجا ئەو خەلکانەی کە لە دامودەزگاکانن ئەم جۆرە کاربەدەستە دەبێن ، ئەوانیش لە دلسۆزیی تێکۆشان ساردەبنەوە ، خەلکی روو لەگەندەلی دەکات کۆمەلگا زۆربەی روو بەرەو خراپەکاری دەچێت ، ئەمەش بە هۆی هەندێك لە کاربەدەستی ناپاك و ناپووت ناپوخت ناکەچ بەچە ، ئەمەش هەمووی هۆکاری ستەم کردنی کاربەدەستی ناپاکە ، چونکە بۆ خۆیان هەموو شتێك دەپچرنەو بەلایدەخەن ، گوێی بە حەرام کردن نادەن ، مالی دەولەت بە غەنیمەت دەزانن بۆ خۆیان ، وادەزانن دونیا لەلای ئەو کاربەدەستە کۆتایی هەرچی دەست کەوێت وەك دەرندە لووشی دەکات ، بەلێ ئەم کاربەدەستە ستەمکارانە بۆ پەردە پۆشکردنی پیس و ناپاکی خۆیان دەچن خەلکانی بێ تاوان سزدەدەن تەنها بۆ ئەوەی پیش و ناپاکی خیانەتەکەی خۆیان ئاشکرا نەبێت ، بەدلنیایەوە لە بنچینەدا ئەو کەسەی مالی دەولەتی لای پێویستە لەسەر بگەرێنێتەوە ئەگەر لای بوو ، وە ئەگەر ئامادە نەبوو ئەم مالەی یان پارەی دزیەتی بگەرێنێتەوە ئەوا دەبێت بە توند ترین سزا سزا بەدرێت ، جا بەلێدان بێت یان بە بەندکردن بێت ، وەکو ئەوەی ئەگەر کەسێك دەستی رۆیشت بۆ زەکات دانی مالی خوا ، ئەو زەکات نەدات باوەری بە زەکات نەبێت ، دەبێت سزاد بدرێت ، وەکو ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە (کوری شرید کوری سویدسەقەفی) دەگێرێتەوە...

له (کوری شرید کوری سویدسەقەفی)- رەحمەتی خوا لێ بێت – له پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لَيُّ الواجدِ يحلُّ عرضَهُ وعقوبتَهُ)) . [17] واته : قەزر کوێری دەولەمەند ئابروو بردنی و سزادانی رەوا دەکات ..؟! مانای ئەوەی ئەو کەسە تاوانی هەیە قەزر بکاتەوە نەی داتەوە ئەوا دروست سکالای لەسەر بکرێت و سزاو زیندانی بکرێت ، ئەگەر به ناحەق دەی خوات.

ئەمەش هەر وایە له هەموو یاسایی وزعی دەولەتان ، به پێی یاسا و رێنمایەکان هەر وایە دەبێت سزادان و بەند کردن یان زیدانی ئەو کەسانە بکرێت یان ئەو کاربەدەستانە بکرێت کە ستەم دەکەن مالی خەلکی به ناحەق ناراوە لووش دەکەن ، بەلام ئەگەر ئەم تەمێکردنە له شەریعەت دیاری نەکرا بوو ئەوا فەرمانرەوایان دەولەت بۆ یان هەیە لێ پرسینەوە لێ کۆلینەوە بکەن کەسی ستەم کار سزاو بەندکردن و سەرزەنشت کردن یان تەمێ بکرێت ، بۆ نوونە ئەوەی پارەی دولەتی بردووە ناداتەوە له کاتی دیاری کراوی خۆی یان دزیەتی بردوویەتی به خیانەت و ناپاکی یان به بەرتیل وەرگرت ، ئەوا دەتوانرێت زیندانی بکرێت ، یان ئەگەر نکۆلی کرد ئەوا دەتوانرێت تەمێ بکرێت سەرزەنشت بکرێت یان لێ بدرێت ، تا ئەو مافەی دەولەت له لایەتی بگەرێنێتەوە ، له (کوری عمر ) دەگێرێتەوە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی لەگەل خەلکی جوولەکەی خەیبەردا بەست له سەر زێر و زیو چەك و تفاقی جەنگ ، وە پرسیاری کرد له جوولەکەیەك (سعیەی ) مامی (یحیی کوری اختب )بوو ، له گەوهەر و مالی (یحیی کوری اختب ) ووتی : نەفەقە و جەنگدا تیا چوو ، ئەم فەرموودەیە له (کوری عمر ) بۆمان دەگێرێتەوە ...

---

[17] -سنن ابو داود برقم (٣٦٢٨).

**له (کوری عمر) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەگێڕێتەوە له پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

((أنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم قاتَل أهلَ خيبرَ حتَّى ألجأهم إلى قصرِهم فغلَب على الأرضِ والزَّرعِ والنَّخلِ فصالَحوه على أنْ يُجلَوْا منها ولهم ما حمَلتْ رِكابُهم ولرسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم الصَّفراءُ والبيضاءُ ويخرُجون منها فاشترَط عليهم ألاَّ يكتُموا ولا يُغيِّبوا شيئًا فإنْ فعَلوا فلا ذمَّةَ لهم ولا عِصمةَ فغيَّبوا مَسْكًا فيه مالٌ وحُلِيٌّ لحُيَيِّ بنِ أخطَبَ كان احتمَله معه إلى خيبرَ حينَ أُجليَتِ النَّضيرُ فقال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم لعمِّ حُيَيٍّ: ( ما فعَل مَسْكُ حُيَيٍّ الَّذي جاء به مِن النَّضيرِ ؟ ) فقال: أذهَبتْه النَّفقاتُ والحروبُ فقال صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: ( العهدُ قريبٌ والمالُ أكثرُ مِن ذلك ) فدفَعه رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم إلى الزُّبيرِ بنِ العوَّامِ فمسَّه بعذابٍ وقد كان حُيَيٌّ قبْلَ ذلك قد دخَل خربةً، فقال قد رأَيْتُ حُيَيًّا يطوفُ في خَربةٍ ها هنا، فذهَبوا فطافوا، فوجَدوا المَسْكَ في خَربةٍ، فقتَل رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم ابنَيْ [ أبي ] حُقيقٍ وأحدُهما زوجُ صفيَّةَ بنتِ حُيَيِّ بنِ أخطَبَ وسبى رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم نساءَهم وذراريَّهم وقسَم أموالَهم للنُّكْثِ الَّذي نكَثوا وأراد أنْ يُجليَهم منها فقالوا: يا محمَّدُ دَعْنا نكونُ في هذه الأرضِ نُصلِحُها ونقومُ عليها ولم يكُنْ لرسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم ولا لأصحابِه غلمانٌ يقومون عليها فكانوا لا يتفرَّغون أنْ يقوموا فأعطاهم خيبرَ على أنَّ لهم الشَّطرَ مِن كلِّ زرعٍ ونخلٍ وشيءٍ ما بدا لرسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم وكان عبدُ اللهِ بنُ رواحةَ يأتيهم كلَّ عامٍ يخرُصُها عليهم ثمَّ يُضمِّنُهم الشَّطرَ قال: فشكَوْا إلى رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم شدَّةَ خَرْصِه وأرادوا أنْ يُرشوه فقال: يا أعداءَ اللهِ أتُطعِموني السُّحتَ واللهِ لقد جِئْتُكم مِن عندِ أحَبِّ النَّاسِ إليَّ ولَأنتُم أبغضُ إليَّ مِن عِدَّتِكم مِن القِردةِ والخنازيرِ ولا يحمِلُني بُغضي إيَّاكم وحُبِّي إيَّاه على ألاَّ أعدِلَ عليكم فقالوا: بهذا قامتِ السَّمواتُ والأرض قال: ورأى رسولُ اللهِ

صلَّى اللهُ عليه وسلَّم بعينَىْ صفيَّةَ خُضرةً فقال: ( يا صفيَّةُ ما هذه الخُضرةُ ؟ ) فقالت: كان رأسى فى حَجرِ ابنِ أبى حُقيقٍ وأنا نائمةٌ فرأَيْتُ كأنَّ قمرًا وقَع فى حَجرى فأخبَرْتُه بذلك فلطَمنى وقال: تمنَّيْنَ مُلْكَ يثربَ ؟ قالت: وكان رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم مِن أبغضِ النَّاسِ إلىَّ قتَل زوجى وأبى وأخى فما زال يعتذرُ إلىَّ ويقولُ: ( إنَّ أباك ألَّب علىَّ العربَ وفعَل وفعَل ) حتَّى ذهَب ذلك مِن نفسى وكان رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم يُعطى كلَّ امرأةٍ مِن نسائِه ثمانينَ وَسْقًا مِن تمرٍ كلَّ عامٍ وعشرينَ وَسْقًا مِن شعيرٍ)).[١٨] واته: كاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەل خەلكی خەيبەر جەنگی كرد ، دەستی گرت بە سەر زەوی و دار خورماكانياندا ، ئابلوقەيدان و ناچاری كردن چوونە ناو كۆشك و تەلار و قەلاكانيانەوە ، لە گەل پێغەمبەری خوا ﷺ پێك هاتن كە ئالتون زێرو زيو و چەك و قەلغانەكانيان بۆ ئەو بێ ، بۆ جوولەكەكانی خەيبەريش يەكی باری ووشتری كەل و پەل ، بە مەرجێ هيچ شتێ لە ئالتون و زێر و زيو و چەك و قەلغانەكانيان نەشارنەوە ، ئەگەر كاری لەو جۆرەيان كرد ئيتر ئەوا هيچ ئەمان و بەلێنی پەيمانان نامێنی و گوناهی خۆيان لەسەر خۆيان دەبێت ، (يحيى كوری ئەختب ) كە يەكێ بوو لە جوولەكەكان لە پێش جەنگی خەيبەر دا كوژرا ، پێستێكی هەبوو خشل و ئالتون زێرو زيوی تێدابوو هی جوولەكەكانی (بني نضير ) بوو كاتێ كە لە شاری مەدينە دەركرا دەستی كەوتبوو ، جوولەكەكان ئەو پێستەيان شاردەوەو دەريار نەما ..!! (كوری عمر ) ووتی : پێغەمبەری خوا ﷺ بە (سعيه) كە مامی (يحيى كوری ئەختب ) بوو پياوێكی جوولەكە بوو ، بەوی فەرموو: پێستەكەی (يحيى كوری ئەختب ) لە كوێ يە ..؟! ئەويش ووتی : لە كارو باری جەنگدا خەرج كراوە تەواو بووە ، جا هاوەلانی پێغەمبەر ﷺ پێستەكەيان دۆزييەوەو جوولەكەكان بە درۆ كەوتنەوە !! پێغەمبەری خوا ﷺ (ئيبنو ئەبی حوقەيقی ) كوشت كە سەرۆكی جوولەكەكانی خەيبەر بوو ، چونكە بەلێنەكە يان پەيمانەكەی شكاندو نەی بردەسەر ، ژن و وەچەو نەوەكانی كرد بە كۆيلە ، كاتێ كەويست لە ولاتی خۆيان دەريان بكات ، ووتيان: ئەی محمد ﷺ وازمان لێ بێنە با لە زەويەكانی خۆماندا كاربكەين ماوەی

---

[١٨]-سنن ابو داود برقم (٣٠٠٦).

ئەوەندەی کە تۆ دەتەوێ ، نیوەی بەرهەمەکەی بۆ ئێمە بێ و نیوەشی بۆ تۆ بێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ رازی بوو ، لە شکی پێنچ یەکی بەرهەمی ئەو زەویانەی خەیبەر بۆ بژێوی سالانەی هەریەکێ لە خێزانەکانی خۆی سەد ویسق خورماو بیست ویسق جۆی تەرخان کرد..؟!

بەلێ ئەو پیاوەی کە توورەگەیەکەی شاردەوە دەبوایە سزایەکی توند بدرێت بەلام ئەو پیاوە خەلکی جوولەکەی خەیبەر بوو ، ئەویش چونکە ئەهلی پەیمان و عهد بوون واتە: (ذمي ) ئەهلی(ذمي ) ش سزای لە شەریعەتی ئیسلام سزایی لەسەر نیە وەکو ئەوەی دەستی ببردرێت یان تەمێ بکرێت یان زیندانی بکرێت ، بەلێ ئەو کاربەدەستانەی کە لە مالی موسلمانان دەبن و دەخۆن بە نارەواو ناحەق پێویستەبە پێیی یاسای دولەت یان تەمێ بکرێن سەزەنشت زیندانی بکرێن ، وەکو ئەو دیاردانەی بەناوی شتی جیاجیا نارەوا مالی خەلك دەخۆن ستەم لە خەلکی دەکەن ، یان بە جۆرەها شێوە پارە و پول کۆدەکەنەوە هەریەکە و ناوی جیایی هەیە بێ ئەوەی حەق و رەوا بێت ، جا هەندێکان جەردەیی و دزیش دەکەن بە ئاشکرا ناوێکی قانوونی یان یاسایان بۆ داناوە یان دەلێن بە پێی رێنمایی ئاوایە ، هەروەها هەندێکی تریش خەریکی سەختە کاری و بەرتیل وەگرتنن بە فروفێل تەلەکەبازی خۆیان ، ئەمانە هەر هەمووی ستەمە لەو میلەتە دەکرێت یان بەجۆرێك خەلکی خۆیان دادەمەزرێن حەقی خەلکی تر دەخۆن ئەمانە هەر هەموو حەرامە قەدەغەکراوە لە دین و دەولەتدا ، هەر وەك ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ بەرتیل.

لە (ابو سعید خدری ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( هدايا العمَّالِ غُلولٌ)) .[١٩] واتە: دیاری کرێکاران بۆ کاربەدەستان وەك ئەو مالەیە پێش دابەشکردنی دەستکەوت یان غەنیمەت جەنگ دە دزرێت ..؟!

لە (جابر کوری عبدالله ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هدايا الأمراءِ غُلولٌ)) .[٢٠]واتە: ئەو دیارانەی کە دەدرێتە کاربەدەستان وەك دزینی غەنیمەتە.

غەنیمەتە.

---

[١٩]-اخراجه احمد برقم (٢٣٦٠١).
[٢٠]-ابن حجر العسقلاني في (تسديد القوس ) (٦٥/٥).

له ( أبو حميد الساعدى ) – رەحمەتی خوا لیٚ بیٚت – هاتووه دەلیٚت : ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وسلَّمَ استَعملَ رجلاً منَ الأَزدِ يقالُ لَهُ ابنُ اللُّتبيَّةِ علَى الصَّدقةِ فجاءَ فقالَ هذا لَكُم وَهَذا أُهْدِيَ لي فقامَ النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ علَى المنبرِ فحمِدَ اللَّهَ وأثنى علَيهِ وقالَ ما بالُ العامِلِ نبعثُهُ فيجيءُ فيقولُ هذا لَكُم وَهَذا أُهْدِيَ لي ألا جَلسَ في بيتِ أمِّهِ أو أبيهِ فينظرَ أيُهْدى لَهُ أم لا لا يأتي أحدٌ منكم بِشيءٍ من ذلِكَ إلَّا جاءَ بِهِ يومَ القيامةِ إن كانَ بعيرًا فلَهُ رغاءٌ أو بقرةً فلَها خوارٌ أو شاةً تَيعَر ثمَّ رفعَ يديهِ حتَّى رأينا عَفرةَ إبطَيهِ ثمَّ قالَ اللَّهمَّ هل بلَّغتُ اللَّهمَّ هل بلَّغتُ )) .[٢١]

واته: كه پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێكی (ئەزدی ) كرد به كاربەدەستی سەر زەكات ، ناوی (ابن للتبيه) بوو ، (ئیبنو سەرح ) ووتی ك (ابن للتبيه ) كاتیٚ هاتەوه ووتی : ئەمه عی ئێوەیەو ، ئەمەش عی منه به دیاری بۆم هاتووه ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەر كەوته سه مینبەر راوەستا و سوپاس و ستایشی (خوای گەوره)ی كردەو فەرمووی: ئەمەچی پیٚ دەلیٚن هەندیٚك كار بەدەست یان سەركار كه دەنیٚرم بۆ شوێنیٚ دیٚتەوه دەلیٚ : ئەمه هی ئێوەیەو ، ئەمەش هی منه به دیاری بۆم هاتووه یان وەرم گرتووه ، جا ئەگەر وایه بۆ چی له مالی دایكی یان مالی باوكی دانانیشیٚت بزانیٚ دیاری بۆ دیٚت یان دیاری وەردەگریٚ یان نا ..؟! هەر كەسیٚ شتیٚ له مالی زەكات بۆ خۆی ببات ئەوه له رۆژی قیامەتدا ئەو شته دەهێنی ، جا ئەگەر ووشتری دزی بیٚ ووشترەكه دەبۆرێنی ، ئەگەر رەشه ولاخی دزی بیٚ رەشه ولاخەك دقۆرێنی ، ئەگەر مەر یان بزنی دزی بیٚ مەرەكه یان بزنەكه دەبارێنیٚ ..؟! له پاشاندا هەر دوو دەستی بەر كردەوه هەتا سپیایی هەر دوو بن بالی دەركەوت ، ئینجا فەرمووی : (خوایه تۆ شایەت به ئەوا من پیٚم راگەیاندن ، خوایه تۆ شایەت به ئەوا من پیٚم راگەیاندن ) ..؟!

[٢١]-سنن ابوداود برقم (٢٩٤٦) حديث صحيح .

هەندێك لە كاربەدەستان یان خەلكی گیرۆدەی دیاری بەرتیل وەرگرتن یان بە پێچەوانەوە دیاری دەر و بەر تیل دەرە ، كاربەدەستان ئەوانەی لە نێوان كاربەدەستان و خەلكی هەژاردان ، ئەوا ئیش كارەكانی رۆژانە قورس دەكەن یان دەیكەن بە رۆتینێكی زۆر بۆ ئەوەی ببێتە واستە واستەكاری لە نێوان خەلك بەر پرسان یان كار بەدەستان ، هەلبەتە زۆرێك لە كاربەدەستە ستەمكارەكانیش ئەم كارە دەكەن بۆ ئەوەی دزی و فزی و مالی خەلك بەناحەق و بە نارەوا بخۆن ئەوانەی دیاریش وەردەگرن لە فەرمانبەران یان ئەوەی نێوانیان دەكات ئەوانیش ستەم دەكەن لە خەلكی بۆ ئەوەی دونیا بە دەست بێنن ، هەندێكی تریش لە بەر پرس كار بەدەستان یان فەرمانبەران یان خەلكی هەژار ئەم كارە ناشرینە ناكەن ، ئەوا بۆ خۆیان قیامەت بەدەست دەهێنن لە دونیادا هیچ یان دەست ناكەویَ ، بەلام لە نێو خەلكی ئەم سەردەم بە گێل و نەزان نەفام وەسف دەكرێن دەلێن بەخوا نازانی بخوات پلە پۆستی وەرگرتووە ..؟! وە هەندێكیش لە كاربەدەستان و فەرمانبەران خەلكی ئیماندار ئەوانە كە هاوكاروی كۆمەكی خەلكی دەكەن یارممەتی خەلكی دەدەن بۆ راپەراندی ئیش كارەكانی رۆژان ، بیَ بەرامبەری دیاری و بەرتیل وەرگرتن ، ئەوانە سەركەوت و سەفرازن لە دونیا و لەدوا رۆژدا ، چونكە ئەمانە دوا رۆژ ی خۆیان لە بەر خاتری كەسانی تر نەفرۆشتەوە خۆیان بە دوو گرتووە لە قەدەغەكراوەكان حەرامكراوەكان یان تەنانەت ئەو شتانەی كە گومانی حەرامیش هەلدەگرن خۆیان لیَ بە دوور گرتووە ، بۆیەوەی كە باسمان كرد دیاری وەرگر بەرتیل خۆ دزی مال سامانی خەلكی ئەوانە دوا رۆژیان درۆاندووە كۆتاییان سەر گەردانیە وە چارەنووسیان هەر لە دونیادا دیاری دەكرێت زۆرێك لە كار بەدەست بەر پرسی ستەمكارمان بینوە چارە نووسیان سەر گەردانی خاتیمەیان خێر نەبووە ئەو مالە ی كۆیان كردۆتەو بە دزی فزی هەمووی بۆ چارە سەری نەخۆشیەكانیان بەكاریان هێناوە ، یان كەسێكیان لە دەست داوە یان خۆیان زەلیل بوون یان كۆتاییان بە ژیانی خۆی هێناوە چونكە مال سامانی حەرام هەر گیز خێری بۆ خاوەنەكەی نابێت كۆتاییەكەی كۆشندەیە.

شایەنی باسە ئاگادار کردنەوەی کاربەدەست یان ڕێنموویا کردنیان یا ئامۆژگاری کردنیان لە سەر هەموو موسلمانێکی ئیماندارە کە بتوانی ئامۆژگاری چاکەیان بۆ بکات ، وەك ئەوەی کە بە نەرم نیانی ئامۆژگاریان بکا باشترە لەوەی کە بە توندو تیژیی چونکە ئەوانە ستەم کارن هەرگیز نابێت بە توندو تیژی بێت لە بەر ئەوەی ماف خەلك پێشەل دەکرێت خەلکی لە دەستیان تووشی زیانی زۆر دەبێت ، هەندێکە لە خەلکی زۆر بە توندی ئەو ئامۆژگاریانەیان پیٚ رادەگەیەنن دەبێتە فتنە ئاژاوەو ئاشووب لە نێو کۆمەلگادا ، دەبێت زۆر بە ووریایی تۆیی چاکە و چاکسازی یان بۆ پێشنیا بکەین ، بۆ ئەوەی ڕێنمووی ئامۆژگاریەکان سوودی هەبێت ، نەك زیان گەیاندن بە خەلکی ..؟!

لە (علی کوری ئەبی تالیب ) – خوا لیٚ رازی بێت – دەگێریتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((أبلِغونی حاجةَ مَن لا یستطیعُ إبلاغَ حاجتِه، فمن أبلغَ سلطانًا حاجةَ مَن لا یستطیعُ إبلاغَها ثبَّتَ اللهُ قدمیهِ علَى الصِّراطِ یومَ القیامةِ )) . [٢٢] واتە: ئیش و کاری کەسانێکم پیٚ بگەیەنن کە خۆیان ناتوانن بیگەیەنن ، چونکە هەر کەسێك ئیش و کاری ئەو کەسە بگەیەنێت بە کاربەدەستان یان بەپرسان ، ئەوا (خوای گەورە) پێیەکانی جێگر دەکات لە سەر پردی سیرات لە رۆژی قیامەتدا یان لە روایەتێکی تردا هاتوو لەو رۆژەی پێیەکان لە سەر پردی سیرات دەلەرزن و دەخلیسکێن ..؟!

بەلیٚ دیاری بردن یان وەرگرت هەردووکیان حەرام کراوە بۆ هەر کەسێك بێت ، بۆ ئەوەی کارێك یان ئیشی فەرمانگەیەك زوو تەواو بکات یان شتێکی حەرام و قەدەغەکراوی دەولەت پیٚ بەریٚ بکان یان ئیمزایەکی بۆ بکات یان ئەو کارەبەدەستە بۆ بەژەوەندی خۆی ئەم دیاریە وەر بگریٚ

---

٢٢- الشیخ الالبانی في سلسلة الضعیفة برقم (١٥٩٤).

بێ گومان ئەمە ستەمە حرامە ئەم كارە گوناو تاوانێكی گەورەیە ستەم لە نەفسی خۆی دەكات..؟!

لە (ابو أمامه الباهلی ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((من شَفَع لأخِيهِ شفاعةً فأَهْدَى له هديةً عليها فقَبِلها فقد أَتَى بابًا عظيمًا من أبوابِ الربا )) .[٢٣] واتە: هەركەسێك تكایەك بۆ براكەی بكات ئەویش لە سەر ئەوە یان لە بەرانبەر ئەو تكایە دیاریەكی پێ بدات ، دیاریەكە وەربگرێت ، ئەوا چووەتە دەرگایەكی گەورە لە دەرگاكانی (ریبا ) یان سوو ..؟!

لە (عبدالله كوری مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (( السحت أن يطلب الحاجة للرجل ، فتقضى له ، فيهدى إليه هدية فيقبلها)) . واتە: ئەگە كەسێك كارێك بۆ كەسێكی تر راپەڕێنێت ، دیاری بداتێ لەبەر ئەو كارە حەرامە لێ وەری بگرێت ..؟!

لە (عبدالله كوری مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوەدەلێت : ((عن ابنِ مسعودٍ قال من شفع لرجلٍ ليدفعَ عنه مظلمةً أو يردَّ عليه حقًّا فأهدى له هديَّةً فقبِلها فذلك السُّحتُ فقيل له يا أبا عبد الرحمنِ إنا كنَّا نعُدُّ السُّحتَ الرِّشوة فى الحُكمِ فقال ذلك الكفرُ { وَمَنْ لَمْ يحكُمْ بِما أنْزَلَ اللهُ فَاُولَٰٓئِكَ هُمُ الْكَافِرونَ } )). واتە : هەر كەسێك ستەمێك بۆ براكەی لابەری ئەوا لە بەرانبەری دا دیاری لێ وەرگری ، ئەم دیاریە حەرامە ،ووتم : (ئەی باوكی عبدالرحمن ) ئێمە مالی حەرام (السحت ) بە ئەوەیە لامان كەسێك بەرتیل بدات بە كاربەدەستان ، فەرمووی : ئەوە كوفرە یان بێ باوەریە ..؟!

بەلێ ئەگەر هەر كاربەدەستێك یان بەرپرسێك لە بەرپرسەكان ئەو پارەی كۆكردەوە تایبەتی كرد بە كەس و كاری خۆی یان دارو دەستەكەی خۆی ئەوا ئەمانەت ناپارێزی پارەو مال و مولكی حەرامە ، هەر بۆیە پێویستە لە سەر موسلمانان دیاری بەرتیل هاوكاری ئەم جۆرە كاربەدەستانە

[٢٣]-سنن ابو داود برقم (٣٥٤١).

نەکرێت چونکە هاوکاری کردنیان لە هەر شتێکدا گوناهو تاوانە هاوبەشی لە تاوانەکەی ئەم بەر پرسە ، چونکە هەریەك لە و بەرپرسانە یان کاربەدەستان کە ئەمانەت ناپارێزی ئەوا ستەمکارە بۆیە نابێت نە پارەو مالیان پێ بدەی نە پارە مال و دەست کەوت و بە دیاری لێ یان وەربگری چونکە وەکو ئەوە وایە دزێکە لە دزێکی تر دزی بکات ، یان ووتراوە : ئەو دوو کۆمەلەی لە سەر دەماگیری نەتەوایەتی یان عەشیرەت گەری قەبیلە گەری یان هۆزایەتی بۆ پلە پایە دەچەنگن دەست کەوتی هەردوو لایان حەرامە بۆ یەکتری ..؟! هەر بۆیە حەرامە هاوکاری ستەمکار بکرێت ، چونکە هاوکاری دوو جۆرە :

یەکەمیان : هاوکاری لە سەر خێر و چاکە و ئامۆژگاری چاك خێر ، وەکو هاوکاری ئیجتهاد یان تێ کۆشان وە هاکاری کردنی کاربەدەست بە ئەنجامدانی سزاکان (الحدود) ، بۆ وەرگرتنەوەی ماف و دانەوەی خاوەنەکەی ، ئەمە (خوای گەورە) و پێغەمبەرەکەی فەمانیان پێ کردووە ، هەریەکە خۆی لە بەرگیری کردن لەو مافانە بدزێتەوە بە بیانوی ئەوەی بە هاوکاری ستەم کاران نەیەت ئەژمار ، ئەوە کارێکە کە لە سەر خودی ئەو پێویستە (فرض عین ) بەجێینەهێناوە ، یان پێویستیەکی کفایەی (فرض کفایە ) وازلێهێناوە ئەگەر وا گومان ببات ئەوە دونیا نەویستیە (دووری لە دونیا ) (الورع ) وەك زۆر جار ئەو کەسانەی ترسنۆك و سەنەکەوتون کارەکەیان بە دونیا نەویستی ناوزەند ئەکەن ، چونکە هەر یەکە لەو کارانە پێدان و گرتنەوەی تێدایە ..؟!

دووەمیان : هاوکاری کردن لە سەر خراپە و خراپەکاری ، وەك هاوکاری کردن لە کوشتنی کەسانی بێ تاوان ، وە داگیرکردن مال و سەروەتی و سامانی بی خەلك یان بێ گوناهان ، یان لێدانی کەسێك کە شایەنی لێدان نەبێت ... هتد ، ئەمە (خوای گەورە ) و پێغەمبەرەکەی ﷺ بەدلنیایەوە حەرامیان کردووە ، بەلێ کاتێکدا ئەو مال سامان پارە و پولەی بە ستەم کردن لە خەلکی وەردەگیرێت ، چونکە ئەستەمە بووە بگرێنرێتەوە بۆ خاوەنەکانی خۆیان ، وەك زۆربەی مالەکانی دەولەت ، چونکە هەر دزی کردنێك لە دەولەت یان لە حوکمەت ئەوا بەشێ هەموو خەلکی ئەم ولاتەت یان ئەم دەولەتەت دزیوە ، ئیتر چۆن تۆ هەر بەشەو دەگەرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان ..؟!

## خوێند نەوەیەك بۆ زولم و ستەم كردن

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان ، پەرستراوی بە حەق و خالی دادپەروەر ، هەزاران دروودو سەلام بۆ سەر رووحی پاك و بەرز و پیرۆزی مەزنترین مرۆڤی سەر زەمین ﷺ پەیامبەر یار و یاوەرانی كە تا دوای هەناسەی تەمەنیان دژایەتی ستەمیان كرد و لە جیهاد و تێكۆشان دژی ستەمكاران و زالمان كۆلیان نەدا ...هتد هەموو تەمەنیان لە هەولدان بۆچەپساندنی یەكتاپەرستی و دادپەروەری یان دادگەری و روو بەروو بوونەوەی ستەم و ستەمكاراندا بەسەر بر..؟!

بەڵێ بێ گومان دیاردەی زولم و ستەم كردن یەكێكە لەو دیاردانەی كە هەر لە ئەزەلەوە لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بوونی هەبووە وە هەر دەبێ ، هەروەها یەكەمین تاوان و سەر پێچیەكە لە فەرمانەكانی (خوای گەورە ) ئەو تاوان سەر پێچیانەی كە ئادەمیزاد كردوویەتی ، ئەویش دیاردەی زولم ستەم كردن بە هۆی ئەو پێشنیە دێرینە مێژووە درێژەی كە هەیەتی یەكێك بوو لە گرنگترین سەرەكی ترین هۆكار لە هەڵگیرسانی تەواوی جەنگ و كوشتارو خوێن رێژی بە هۆی تەماحی دونیان حەسوودی ئیرەیی بردن بە یەكتری ، هەر بە هۆی ئەو پاشخانە بەد و قێزەونەی كە مرۆڤ هەیەتی ، بە بەردەوامی هەموو كەسێك دژی زولم و ستەمكاری بوونەتەوە ، بەڵێ لەسەر ئەرزی واقیعدا ئەمە تەواو پێچەوانەیە تا ئەو رادەیەی ، جێگە یەك لەو كەسانەی وا بانگەشەی دادگەری یان دادپەروەری دەكەن ، بۆ خۆیان بووینە بە هێما و رەمزی زولم و ستەم كردن ، لە هەمان كاتدا زۆرێكی تریش بەداخەوە بوون بە كوێلە و داردەستی ئەو ستەمكارانە ...هتد

ئەمانە ئەو كەسانەن كە چاوی بینین و ویژدان و عەقلیان كوێرە ..!! بەلام لە بەرانبەردا هەندێك هەن كە باش لەوە تێ گەیشتوون كە بێ گومان دەبێ زۆر بە ئازایانە و بوێرانە بەرنگاری زولم ستەم كردن ببنەوە و ، ئەوەیان بە گوێدا بەدەن كە دەنگی زیندوو و نەبەرد و بوێرەكان نە مردوون ، هێشتا ماون و هەر گیز لە ناو ناچن ...هتد

بەلام لە هەمووی گرنگتر و جیٚ باسە ئەوەیە کە موسلمانی راستەقینە و باوەرداری راسگۆو دامەزراو ، بە گوفتار و کردار لە بەرامبەر زولم ستەمدا بووەستێتەوە و دژایەتی ستەمکاران بکات، ئەمەش وەك شوێن پێی هەلگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ کە تەواو تەمەنی لە بەرەنگار بوونەوە و دژایەتی کردنی ستەم و ستەمکاران بەرێکرد ، هەروەها بۆ خۆپاراستن لەو هەموو هەرەشە ترسناکەی کە (خوای گەورە) ئاراستەی ستەمکارانی کردووە ..؟!

بەلیٚ ستەم کردن بەریتیە لە شکاندنی یان تێپەراندنی سنورێك کە بۆت دانراوە و پابەندبوون پێوە کار یان شتێکی فەرزە ، یان پێشێل کردن و زەوت کردنی ماف کەسانی ترە ، بۆیە ئێمەی ئادەمیزاد بیٚ گومان بەندە و دورستکراوی بە دێهێنەرێکی دادپەروەر و بە خشندەین ، هەر ئەو خوا یە تاقانە یە کە دروستی کردووین ، رووحی کردووین بە بەرماندا وە چاودێری و پارێزگاریمان لیٚ دەکات ، هەر بۆیە پەروەردگار هێندەی گەردێك زولم لە هیچ دروستکراوێکی ناکات ، (خوای گەورە )سەرەرای سۆزو میهرە بانی و بەزەییە بیٚ پایان و نەژمێردراوەکەی ، ئەمەنەی بەخشش پێداوین کە هەر گیز لە توانای ئێمەی بەندەیدا نیە بە تەواوی سوپاسی بکەین وەك دەفەرمووێت:

قال تعالى: ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٨﴾ [النَّحل : ١٨]

واتە: [ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا ] وە ئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرن ئەوە لە ژماردن نایەن لەبەر زۆری نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە [ إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ ] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بە بەزەییە..؟!

بەلیٚ هەر بۆیە (خوای گەورە ) لە سەرووی هەموو ئەمانەوە ، کۆمەلێك داواکاری لە ئێمەی ئادەمیزاد دەکات ، وە زۆر ماف بە سەرمانەوە هەیە وە چەندین کارو کردەوەی لە سەر بەندەکانی واجب و فەرز کردووە ، چ بە ئەنجامدانی یان بە پێچەوانە وە لیٚ قەدەغە کردووین ، هەروەها چەند سنوورێکی بۆ بەندەکانی داناوە کە بەزاندنی فەرمانی یان یاسا شکێنی و سەر پێچی بێت وە پاراستنی حەتمی بێت ، کەچی پاش بینینی ئەو هەموو خۆشەویستس و بەخشندەییەی پەروەردگار و دوای زانینی بیٚ ئەندازەیی و بیٚ پایانی تواناو دەسەلات و گەورەیی و بەدیهێنەری توانامەندی ئادەمیزاد زولم لە نەفی خۆی دەکات ، بەو مانایەی تاوان ئەنجام دەدات و سەپێچی فەمانەکانی پەروەرگاری دەکات ...

هەر وەك لە بارەیەوە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥۚ لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا ۝١﴾ [الطَّلَاق : ١] واتە : [ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ ] وە ئەمە شەرع و سنووری خوای گەورەیەو بۆی دیاری کردوون و ئەم سنوورانە مەبەزێنن [ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ ] وە هەر كەسێك شەرع و سنووری خوای گەورە ببەزێنێ ئەوە زوڵم و ستەمی لە خۆی كردووە لەبەر ئەوەی تووشی سزای خوای گەورە ئەبێ [ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا] تۆ نازانی لەوانەیە كە تەڵاقی یەكەم یان دووەمت داو ئەو ماوەی عیددەیە كە سێ مانگە لە ماڵەوە هێشتتەوە لەوانەیە ئەو ژن و پیاوە ڕێكبكەون و پیاوەكە خێزانەكەی خۆی بگەڕێنێتەوەو پەشیمان بێتەوە لەو تەڵاقەی كە داویتی..؟!

بەڵێ لێرەدا هەر مرۆڤێکی ژیر پێویستە وەکو خۆی لە بابەتەکە یان لە مەسەلەکە بگات لێمان تێکەل نەبێت ..!! ئاخر ئێمە مرۆڤین (خوای گەورە) وای دروست کردووین لە نێوان چاکە و خراپە داین بۆیە زۆر ترسناك نییە کاتێك کەسێك ستەمێکی بچووك یان تاوانێك ئەنجام بدات ، وەلی لە هەمانکاتدا نابێت هەرگیز بێ ئاگابین لە خۆمان وە (خوای گەورە) لە بیر نەکەین ، چونکە غافل بوون یان بێ ئاگاییمان لە خۆمان و گوناهەکانمان چارەنووسێکی خراپمان دەبێت کە ،بە ستەمکارێکی گەورە و سەر سەختە ، بنچینەی یان ئەسلی بابەتەکەش هەر ئەمەیە کە خودی ستەم گوناهو تاوانە ، بێ گومان ئێمە دەبێت پارێزگاری لە گوناهە بچووکەکان بکەین ، چونکە سەر دەکێشی بۆ گوناهو تاوانی گەورە ، هەر بۆیە تاوانی گەورە و بچووك ستەمە لە نەفسی خۆتی دەکەی ، بەلام دەبێت ووریا بین و بێئاگا نەبین لە گوناهو تاوانی بچووك ، چونکە تا سەر نەکێشی بۆ گەورە تر و خراپتر ، وە ڕێگە نەدەین ببێتە هۆ کارێك یان ڕێگایەك بۆ لە ناو چوون..؟! ئاخر هەندێك جار ئەو بێ ئاگاییە هەستنەکردن بە گوناهە مرۆڤ بەرەو هەلدێرو هیلاکەت دەبات ، وە دەگەیەنێتە ئەوەی کە ستەم لە پەروەردگاری خۆی بکات ..؟! ئەمەش ئەو کاتەیە کە مرۆڤ هاوەل یان هابەشی بریار بدا بۆ خودای تاقانەی خۆی ، ئەمەیان ترسناکترین و خراپەکارترین جۆری زولم و ستەمە گەر خاوەنەکەی لە سەری بمرێت چونکە قابیلیەتی لێ خۆش بوونی نیە ..؟!

(مامۆستا ناسر سوبحانی ) كه مامۆستایه‌كی بانگه‌واز كاری ئایینی ئیسلامه ، كوردی رۆژهه‌لاتی كوردستانه ده‌باره‌ی جۆره‌كانی گوناهو تاوان ده‌لێت : هه‌روه‌ها لێره‌دا ئه‌وه ده‌زانین كه قه‌رار نییه مرۆڤ گوناه نه‌كات ، یه‌كه‌مین جار مرۆڤ له یه‌كه‌مین فه‌رمانی خوا سه‌رپێچی كرد ، خراپه‌ی مرۆڤ له‌وه‌دایه كه گوناهی كردوو زانی گوناهی كردووه نه گه‌رێته‌وه ، یان ئه‌وه‌ندن غافل بێت نه‌زانیٚ گوناهی كردووه ، ئاخر سیٚ جۆر ده‌گرێته خۆ :

١-مرۆڤ كاتێك خراپه ده‌كات ئه‌سله‌ن پێی نه‌زانێت ، ئه‌وه‌نده گێل جاهل و غافل و دوور له رێگه بێن ، ئه‌وا بیٚ گومان گومرایه (ضال )..؟!

٢-كه‌سێك كاتێك كارێكی خراپی ئه‌نجام ده‌دات و ، پێی ده‌زانێت كه گوناهو خراپه‌یه ، به‌لام پێی عه‌یب شه‌رم بێت په‌شیمان ببێته‌وه ، ئه‌وا ئه‌مه تووشی تووره‌یی و غه‌زه‌بی خوا ده‌بێت ، (المغضوب عليه ) ..؟!

٣-كه‌سێك گوناهو خراپه‌یه‌ك كردوو ئه‌وا زوو په‌یشمان بوویه‌وه و ، ئاشكرایی شه‌رمه‌زاری كردوو بریاری ده‌ست كێشانه‌وه هه‌میشه‌یی له گوناهه‌كه‌ی دا ، (خوای گه‌وره)ش چاو پۆشی لیٚ ده‌كات، وه‌ك ئه‌م ئایه‌ته كه (خوای گه‌وره ) ده‌فه‌رموویت : قال تعالى: ﴿وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢﴾ [القِيَامَة : ٢] واته: وه سوێند ئه‌خۆم به نه‌فسی لۆمه‌كار، كه نه‌فسی مرۆڤی ئیمانداره له دونیادا لۆمه‌ی خۆی ئه‌كات، باوه‌ڕدار كاتێك كه تاوانێك ده‌كات لۆمه‌ی خۆی ده‌كات بۆ ئه‌م تاوانه‌ت كرد، یان ئه‌گه‌ر خێرو چاكه‌یه‌ك بكات لۆمه‌ی خۆی ده‌كات بۆچی كه‌مت كردو زیاترت ئه‌نجام نه‌دا، به‌ڵام كافر له دونیادا چه‌ندێك كوفرو تاوان بكات لۆمه‌ی خۆی ناكات، به‌ڵام له قیامه‌تدا كافر لۆمه‌ی خۆی ئه‌كات، هیچ كافرێك نیه ئیلا له ڕۆژی قیامه‌تدا لۆمه‌ی خۆی ئه‌كات بۆ له دونیادا ئیمانت نه‌هێناو كرده‌وه‌ی چاكت نه‌كردو په‌شیمان ده‌بێته‌وه..؟!

بەلیٚ هەندێك گوناهو تاوان و زولم ستەم کردن هەیە کە مرۆڤە کان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە نێوان خۆیاندا ئەنجامی دەدەن ، ئەم جۆرە یان کە بە واتای زولم ستەم لە کەسێك یان چەنك کەسێکی تر دێت ، تا رادەیەك روونترو ئاشکرا ترە ، چونکە ئەمەیان ستەمکردنە لە دەوریەر لە نێوان بەندەکان یان مرۆڤە کان ڕوودەدات ، هەندێك جار ئەم زولم و ستەمە لە نێوان کەسانی ئاساییدا ئەنجام دەدرێت و لە هەندیٚ کاتیشدا لە نێوان سەرۆکێك یان بەرێوەبەر و بە پرسێك یان کار بەدەستێك یان فەرمانبەرێك یان هە توێژێك لە توێژەکانی دەولەت ، یان ئەو سەرکردەو کاربەدەست بەرپرسانە لەگەل ئەو ژێردەسانەی لە ژێر دەستیان دان زولم ستەم ڕوودەدات ، جا ئەو بەر پرسە یان سەرۆك فەرمانرەوایە ، هەر لە سەرۆکی ولاتەوە یان هەر بەرپرسی دەزگایەکی دەولەت یان حوکمەت بێت یان تاکو سەرۆکی بچووکترین خێزان دەگرێتەوە ، ئاشکرایە کە هیچ ولات و حوکمەت و دەزگایەکی حوکمی یان خێزانیچکی بچووکیش بە بیٚ سەرۆك و بەرێوەبەر و بە پرس ناچێت بەرێوە ، بۆیە دەکرێت لە لایەن هەر یەك لەو سەرۆك و بەرێوەبە و کاربەدەست و بەپرسانەوە زولم و ستەم بکرێت لەو ژێر دەسانەی کە لە ژێر بەر پرسیاریەتی ئەوان دان ..؟!

بەلیٚ ئەم جۆرەی ستەم کردنە چەند لق و بەشێکی تری لیٚ دەبێتەوە تا رادەیەك بەر بلاو ئالۆزە بۆیە ناکرێت لە وەها لێکۆلێنەوەیەکی کورت و سادەیەنیە ، زۆر قول ترە لەوەی کە باسمان کرد ، چونکە ئێستایی زیاتری دەلەتداری حوکم داری سیستەمێکی تەواوی رۆژ ئاواییە وەك بەناو دیموکراسییە و علیمانیە کان لە تەواو ناوچەی رۆژ هەلاتی ناوەراستدا یان لە بە ناو دەلەتە ئیسلامیەکاندا ، چونکە نغرۆبوونە لە گەندەلی فسادی و ستەمکاری و خوێنرێژی ، وە بەرەو ریسوا بوون و شکست خواردنێکی گەورە و مێژوویی هەنگاو دەنێت بگرە زۆریش نزیکە لێوە ، چونکە تەواوی ولاتانی ئیسلامی ئەم سەردەمە نغرۆیی فسادی گەندەلی و بۆگەنی لە ریباو حەرام بیٚ سەرو سەوداو سەرگەردانی و چارەنووسێکی رەش هەنگاو دەنێت ..؟! ئەوەندە زولم ستەم دەکرێیت لەم ولاتانە کەس بە تەمایی ژیانی خۆی نەماوە تەنانەت ئاین و ئیمان و باوەریش مەترسی لەسەرە ، ئەمەش سیستەمی رۆژئاوایی یان علیمانیەکان کە هیچ مافێك بۆ خاوەنەکەی ناگەرێنرێتەوە ، کەچی لاڤ مافی مرۆڤ لێدەدەن یان ، تەنها ئەم ولاتانەیان پر لە زولم ستەم کردن کردووە ، ناوچەکەیان کردۆتە گۆرەپانی خوێن رێژی کوشتارو چەنگ کردن ..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## یەکەم ستەمکار

## ئیبلیس یان شەیتانی

## نەفرەت لێکراو

## یەکەم : ستەمکار( إبلیس اللعین ) شەیتانی نەفەرەت لێ کراوە

هەر وەك زانراوە شەیتان بەد بەخترین دورست کراوی (خوای گەورە) یە ، وە بوو بە سەرکردەی ئەو کەسانەی ستەمکار بوونە لە ژیانی دونیادا ، هەروەها کۆتایی و چارەنووسیان سەر گەردانی و بەدبەختی بووە لە دونیا و لە قیامەتدا ، لە سەرتادا (خوای گەورە) شەرف و گەورەیی و کەرامەتی بە ئیبلیس یان شەیتان بەخشیی وە پاشایەتی ئاسمان و زەوی پیّ بەخشی ، وە کردیە خەزێنە داری بەهەشت ، بەلام ئەوەند بەدبەخت بوو ، فەرمانی (خوای گەورە) ی بە جیّ نەهێنا، وە دژایەتی و سەرپێچی فەرمانەکانی (خوای گەورە)ی کرد ، وە خۆی بە گەورە زانی و لە خۆبایی بوو ، بانگەشەی خوایەتی بەرز کردەوە و پێشنیاری پەرستنی خۆی بە هاوشێوەکانی خۆی کرد ، ئەوە بوو (خوای گەورە ) ئیبلیس یان شەیتانی کردە نەفەرەت لیّ کراوە یان رەجمکراو ، ئەوە بوو کردارەکانی گۆری و نیعمەتە کانی خۆی لیّ سنەندەوە لە ئاسمانەکان دووری خستەوە ، جێگەی ئیبلیس یان شەیتان و شوێنکەوتووەکانی یان ئەو کەسانەی وەکو ئیبلیس ستەمکارن کردیە دۆزەخ ، وە چارەنووس کۆتایی ئەوانە سەرگەردانی دواجاریش نێو ئاگری دۆزەخە ..؟!

لە (ابن عباس ) – خوا لیّ رازی بێت – بۆمان دەگێرێتەوە دەلێت : ئیبلیس لە فریشتەکان بوو وە لە نێوان ئاسمان و زەوی سنووری فەرمانرەوایەتی ئەو بوو ، بەلام یاخیگەری کردە پیشەی خۆی سەرپێچی کرد لە فەرمانەکان ، وە (خوای گەورە) رووخساری ئەوی بۆ شەیتانێکی رەجمکراو گۆری ..؟!

لە (ابن جەریح ) – خوا لیّ رازی بێت – بۆمان دەگێرێتەوە دەلێت : کە هیچ کام لە فریشتەکان جگە لە ئیبلیس ی ستەمکار بانگەشەی خوایەتی نەکرد..؟!

لە (قتادە) – رەحمەتی خوای لیّ بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : (( ومن یقل منهم أني آله من دونه فذالك نجزیه جهنم كذلك نجزي الظالمین )) واتە: هەر کەس لەوان بلێت من خوایەك جگە لە خوام ، بۆ ئەم ووتە ، بە دۆزەخ سزای دەدەین و ستەمکاران بەم شێوەیە سزا دەدەین ..؟!

بەلیّ دەگێرنەوە دەلێن : یەکێك لە رووداوەکانی رۆژگار سەر دەمی پاشایەتی ئیبلیس ئەوە بوو ، کە ئەو کات ملکەچی فەرمانەکانی (خوای گەورە) بوو ، ئیبلیس لە هۆزێك لە فریشتەکان بوو

که پیان دەووتن : (جن یان جنۆکە ) ئەوا لە ئاگر دروست کرا بوون یان ئافرێنرابوون ، ئیبلیس ناوی (حارس ) بوو یەکێك بوو لە خەزێنە دارەکامی بەهەشت ، هەموو فریشتەکانی تر جگە لە هۆزەکەی ئیبلیس لە نوور دروست کرا بوون ، واتە: ئەو جنانەی یان جنۆکانەی لە قورئان ناویان هاتووە لە بلیسەی ئاگر دروست کراون ، مرۆڤ لە گەل یان قور دروست کراوە ، بەلێ یەکەم دانیشتوانی سەر زەوی جن یان جنۆکە بوون ، ئەوا خراپەکاری و بەدەبەختی و ستەمکاریان کردە پیشە و خوێنیان رشت لە سەر زەوی ستەمیان لە خۆیان کرد و یەکتریان کوشتار کرد ، (خوای گەورە ) ئیبلیس یان شەیتانی رەوانە کرد لە گەل سوپایەك لە فریشتەکان ، جەنگیان لەگەل کردن و سەرکەوتن بە سەریان جنۆکەکانی رەوانەی دوورگەکانی دەریا و دەوربەری کێوەکان دوور خستەوە ، ئیبلیس کاتێك ئەم کارەی کرد ، ئیتر بەو سەرکەوتنە لە خۆبایی بوو ، ووتی : ئارێکم کرد پێش من کەس نەی کردووە ..؟! ئەوە بوو (خوای گەورە ) بە نهێنی دلی زانی کە لە خۆبایی بوو ، بەلام فریشتەکانی تر کە لەگەلی دا بوون ئاگاردار نەبوون ..؟!

لە (ربیع کوری ئەنس ) — رەحمەتی خوای لێ بێت — دەگێرێتەوە دەلێت : (خوای گەورە) فریشتەکانی لە رۆژی چوارشەمە دروست کرد ، جنۆکەکانی لە رۆژی پێنج شەمە دروست کرد ، وە ئادەمیزادی یان مرۆڤی لە رۆژی هەینی دروست کرد ، وە نەتەوەیەك لە جنۆکەکان کافر یان بێ باوەر بوون ، فریشتەکان لە سەر زەوی جەنگیان لەگەل کردن ، بەم شێوەیە جنۆکەکە کافرەکان لەسەر زەوی خوێنرێژی و خراپەکاری بلاو کردەوە ..؟!

لە (حیماد) دەگێرنەوە دەلێت : کاتێك لە خۆبایی بوون لە دلی ئیبلیس جێگەی گرت ، گومانی کرد کە لە فریشتەکانی لە پێشتر و گەورەترە ، (خوای گەورە ) بەمەی زانی و بە فریشتەکانی فەرموو : لە سەر زەوی خەلیفەیەك یان جێنشینێ بۆخۆم دەست نیشان دەکەم ..؟!

**بەلێ کە (خوای گەورە ) فەرمانی بە هەموو فریشتەکان کرد سووژدە بۆ ئادەم ببن ، هەر هەموو سووژدەیان برد جگە لە ئیبلیس یان شەیتان سووژدەی نەبرد کو لە جنۆکەکان بوو و سەرپێچی فەرمانەکانی پەروەردگاری کرد ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت :** قال تعالی: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾ [البَقَرَةِ : ٣٤] واتە : [ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ ] پەروەردگار ئەمری کرد بە فریشتەکان کە کڕنۆشی ڕێزو ئیحترام بۆ ئادەم بەرن کە لە شەریعەتی خۆماندا حەرام کراوە ئەم شتە تایبەت بووە بەوانەوە [ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٣٤) ] هەموویان سوجدەیان بۆ برد تەنها ئیبلیس نەبێ کە لە جن بوو بەڵام زۆر خواپەرست و چاکەکار بوو لەناو مەلائیکەتەکاندا بوو ئەم سوجدەی نەبردو ڕەفزی کردو ڕەتی کردەوەو خۆی بە گەورە زانی و وتی من لەو باشترم من لە ئاگر دروستکراوم و ئەو لە قوڕ، وە لە زانیاری خوای گەورە هەبوو کە ئەمە کافر دەرئەچێ وە کافر بوو..؟!

**هەروەها (خوای گەروە ) دەفەرموویێت :** قال تعالی: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ فَفَسَقَ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِۦٓۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢۚ بِئۡسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلٗا ٥٠﴾ [الكَهۡف : ٥٠] واتە : [ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ ] کاتێك ئێمە بە فریشتەکانمان وت کڕنۆشی ڕێزو ئیحترام و بەگەورەزانین بۆ ئادەم بەرن [ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ ] هەموویان کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێ کە ڕەتی کردەوە کڕنۆش بۆ ئادەم بەرێت و وتی: من لەو باشترم منت لە ئاگر دروست کردووە ئەوت لە خۆڵ دروست کردووە [ كَانَ مِنَ الْجِنِّ ] وە ئیبلیس مەلائیکەت نەبووە بەڵکو لە جنی بوو [ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ ] وە لە گوێڕایەڵی و فەرمانی خوای گەورە دەرچوو [ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِي ] ئایا ئێوە ئیبلیس و نەوەکانی ئەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان جگە لە من لە دوای ئەوەی کە بێ فەرمانی خوای گەورەی کرد [ وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ ] لە کاتێکدا ئەوان دوژمنی ئاشکرای ئێوەن [ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا (٥٠) ] خراپترین شتە کە ستەمکاران خۆشەویستی و پشتیوانی خوای گەورە ئەگۆڕنەوە بە شەیتان ..؟!

(خوای گەورە ) ئادەمیزاد واتە : مرۆڤی دورست کرد لە قوڕێکی ووشك بوو یان قوڕێکی سوورکراو وەك چۆن کە قوڕێك بە ئاگر سوور کرابێتەوە ، یان وە کو ئەوانەی کە گۆزە قاپ قاجاغ بە قور سووردکەنەوە ئابەم شێوەیە ئادەمیزاد دورست کرا ، کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت: قال تعالى: ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ١٤﴾ [الرَّحۡمَٰن : ١٤] هەر وەها جنۆکە و شەیتانیش دورست کرا لە گر بلیسە ئاگری بێ دوو کەڵ ..!!

✍ لە (عائشە ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((خُلِقَتِ المَلائِكَةُ مِن نُورٍ، وخُلِقَ الجانُّ مِن مارِجٍ مِن نارٍ، وخُلِقَ آدَمُ ممَّا وُصِفَ لَكُمْ)).[٢٤] واتە: فریشتە لە نور یان روونکی دورستکراوە ، جنۆکەش لە بلیسە ئاگری بێ دووکەل دورست کراوە ، ئادەمیزادیش بۆتان باسکراوە ،واتە : (لە قوری سوور کراو دوستکراوە )..!!

✍ لە (ابن کثیر )- رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : زانایانی تەفسیر یەك راو بۆچوونن لە سەر ئەوەی کە ، جۆنکە و شەیتان پێش ئادەمیزاد دورست بوونە ، پێش ئەوان زەوی دورست بووە ، واتە : لە دوای زەوەی (الحن ، والبن ) ئەم دوانەش دورست کراوی (خوای گەورە )یە ، ئینجا جنۆکە دورستکراوە ، پاشان لە سەر زەوەی کوشتاریان کردووە ، یەکتریان لە ناو بردووە ، کە لە زەوی دا جێ یش بوون ..).[٢٥]

✍ لە (عبداللە بن عباس) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : شەیتان یان ئیبلیس لە ئەشرافی فریشتە کان بوو ، چونکە براو پێکراو خەزینە داری بە هەشت و سولتانی ئاسمانە کانی دونیا و سولتانی زەوی بوو ..).[٢٦]

---

- صحيح مسلم برقم (٢٩٩٦).[٢٤]
- البداية والنهاية ابن كثير ص٥٥.[٢٥]
-تاريخ الطبري (٨١/١).[٢٦]

✍ له (عبدالله بن عباس) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : هۆزیك لە فریشتە كان جن یان جنۆكە بوون ، شەیتان یان ئیبلیس یەكێك بوو لەوان ، وە لە نێوانی ئاسمان و زەوی سنوری فەرمانرەوایەتی ئەو بوو ..).[٢٧]

✍ له (عبدالله بن مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : شەیتان یان ئیبلیس پاشایەتی ئاسمانی لە دەستدا بوو ، لە هۆزێك بوو لە فریشتە كان بە جن یان جنۆكە ناویان دەبرد ، بۆیە بەم ناوە ناویان دەبرد چونكە خەزێنەداری بە هەشت بوون ، شەیتان یان ئیبلیس هەم پاشا بوو هەم خەزێنە دار بوو چونكە شەیان لە گەل فریشە كان یان ملائكەتەكان خەزێنە داریش بوو..).[٢٨]

✍ له ( ابن كثير )- رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت: (شەیتان یان ئیبلیس لە قبیلەی یان لە هۆزی جنۆكەكان بوو، (خوای گەورە ) فەزلی زیاتری پێ بەخشی بوو لە جنۆكە كانی تردا ، (خوای گەورە ) كردیە پاشای جنۆكەكان لەسەر زەوی گەورەیی فەزلی زیاتر بوو ، هەروەها دەڵێت : هەر بۆیە كردیە پاشایە چونكە لە سەر زەوەی فسادی و خوێن رێژی تێدا دەكرا ، هەر بۆیە شەیتان یان ئیبلیس ی راستەخۆ نارد لە گە ل جنۆكە سەربازەكانی خۆی دا ، ئینجا كوشتاریی كردن لە سەر زەوی لە دوورگە یەكی دەریادا ، وە هەروەها دەڵێت : ناوی ئیبلیس پێش ئەوەی تاوانە ئەنجام بدات ناوی (عزازیل ) بووە ، وە لە دانیشتوانی سەر زەوی زۆر فریشتە لێ بوو تێ كۆشانیان دەكرد و علم زانستیان زۆر بوو ئەوەی زیندوو بوو پێیان دەووت : جنۆكە ، هەروەها ئیبلیس رێزدار و شەریف بوو لە نێو هۆزەكەیدا ، خەزێنە داری بەهەشت بوو سولتانی دونیا ئاسمان بوو ، ناویشی (عزازیل) بووە ..).[٢٩]

✍ له (ابن جرير ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەڵێت : ( كاتێك خوا ویستی ئادەم دورست بكات بۆئەوەی لە سەر زەوی بێت خۆی و نەوەكانی دوای خۆی شێوە و یان وێنەو جستەی دروست كرد ، لەو كاتە ئیبلیس سەركردە و پێشەوای جنۆكەكان بوو ، وە زۆر پەرستنی یان ئەنجام دەدا ، ئا ئەو كاتە ناوی

---

٢٧- تاريخ الطبري (٨١/١).
٢٨- تاريخ الطبري (٨١/١).
٢٩- البداية والنهاية ابن كثير (٥٦/١).

(عزازیل ) و بەخشندەیی بووە ، کاتێك ئیبلیس بینی کەوا بۆشایی هەیە یان کون و ناوچالە ئەو دورست کراوێکە کۆنترۆل نەکراوە خۆی بۆ ناپارێزی ..؟! وە لە پاشان ووتی: سەبارەت بە ئادەم ئەگەر زال بم بەسەری دا ئەوا لە ناوی دەبەم هیلکی دەکەم ، ئەگەریش دەسەلاتم بەسەری ززال بوو ئەوا تووشی سەرپێچی و تاوانی دەکەم ، پاشان (خوای گەورە ) روحی گرتە بەر ئادەم ، کاتێك فەرمانی (خوای گەورە ) درا بە فریشت کان کەوام سووجدە بن ، وە ئیبلیس یان شەیتان چووە ناویان حسوودی و ئیرەیی زۆر گەورەی برد خۆی لە وان بە دوورگرت لە سووجدە بردن ، هەروەها ووتی : من لە باشتر و خێر ترم ، منت لە ئاگر دورست کردووە ، وە ئەویشت لە قور دورست کردووە ، ئینجا سەر پێچی فەرمانە کانی (خوای گەورە ) کرداعتراض ی گرت یان نارەزایی دەربری لە پەروەردگار ، ئەمەش بووە هۆی هەلە یەکی زۆر گەورە ، هەروەها دوور کەوتەوە لە رحمەت بەزەیی (خوای گەورە ) وە ئیبلیس پلە و پایە پێگەی دا بەزینرا کە پێشتر بە دەستی هێنا بوو لە پەرستنەکانی دا ، ئیبلیس هاوشێوەی فریشتەکان بوو ، بەلام لە رەگەزی ئەوان نەبوو ، چونکە فریشت کان لە نور دورست بوونە ، بەلام ئیبلیس جنۆکە لە ئاگر دورست بوون ، بۆیە ئیبلیس لە سروشتی خۆی خیانەتی کرد لە کاتێك دا زۆر ترین پێویست پێ بوو گەرایەوە بۆ سەر بنچینەی خۆی کە ئاگرە ، قال تعالى: ﴿فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبۡلِيسَ ٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾﴾ [ص : ٧٣ - ٧٤]واتە: مەلائیکەتەکان هەموویان سوجدەی رێزو ئیحترامیان بۆ ئادەم بردو فەرمانی خوایان جێبەجێ کرد..!! [ إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ ] تەنها ئیبلیس نەبێ کە جنی بوو ئەم خۆی بە گەورەزانی [ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٧٤) ] وە لە کافران بوو لەبەر ئەوەی فەرمانی خوای گەورەی جێبەجێ نەکرد..!! هەروە ها دەفەرموویێت: قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ فَفَسَقَ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِۦٓۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢۚ بِئۡسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلٗا ﴿٥٠﴾﴾ [الكهف : ٥٠]

واتە : [ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ ] کاتێك ئێمە بە فریشتەکانمان وت کرنۆشی رێزو ئیحترام و بەگەورەزانین بۆ ئادەم بەرن [ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ ] هەموویان کرنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێ کە رەتی کردەوە کرنۆش بۆ ئادەم بەرێت و وتی: من لەو باشترم منت لە ئاگر دروست کردووە ئەوت لە

خۆڵ دروست کردووە [ كَانَ مِنَ الْجِنِّ ] وە ئیبلیس مەلائیکەت نەبووە بەڵکو لە جنی بوو [ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ ] وە لە گوێڕایەڵی و فەرمانی خوای گەورە دەرچوو [ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِي ] ئایا ئێوە ئیبلیس و نەوەکانی ئەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان جگە لە من لە دوای ئەوەی کە بێ فەرمانی خوای گەورەی کرد [ وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ ] لە کاتێکدا ئەوان دوژمنی ئاشکرای ئێوەن [ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا (٥٠) ] خراپترین شتە کە ستەمکاران خۆشەویستی و پشتیوانی خوای گەورە ئەگۆڕنەوە بە شەیتان ..!! .[٣٠]

بەڵێ سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە سەردەمی پاشایەتی ئیبلیس یان شەیتان دا ڕوویاندا ، یەکێك لە ڕووداوەکان کە ملکەچی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) بوو .

✍ لە (عبداللە کوری عباس ) – خوا لیچ رازی بێت – دەڵێت : ئیبلیس لە هۆزێك لە فریشت کان بوو کە پێیان دە ووتن : جنۆکە یان (جن ) ، لە ئاگر دوروست بوون ، ئیلبیس ناوی (عزازیل ) یان (حارس) بوو ، یەکێك بوو لە خەزێنە دارە کانی بە هەشت. هەموو فریشتەکان جگە لەم هۆزە لە نوور دورست بوون ، واتە : (تەنها هۆزەکەی شەیتان یان ئیبلیس لە ئاگر دورست بوون ) کەواتە ئەو (جن) یان جنۆکانەی لە قورئان دا ناویان هاتووە لە بلیسە ئاگری بێ دوو کە ل دورست بوون ، ئادەمیزادیش لە قوریچکی خاوێنی سورکراوە دورست بوو، یەکەم دانیشتوانی سەر زەوەی جنۆکەکان بوون ..؟! خراپە کاری فسادی و گەندەلیان کردە پیشەی خۆیان خوێنیان زۆر ڕشت و کوشتاری یەکتریان کرد ، (خوای گەورە ) ئیبلیس نارد لە گەل هاورێ یە کان و سوپا یەك لە فریشتە کانیان رەوانەکرد ئیبلیس سەر کردەیان بوو ، شەر و کوشتاریان لە گەل کردن و جنۆکە کانیان بۆ دوورگە کانی دەریا دەوربەری چیاو کێوە کان دوور خستەوە ، ئیببیس کاتێك ئەم کارەی ئەنجامدا ، لە خۆ بایی بوو ووتی : کارێکم کرد پێش من کەس نەیکردیە . (خوای گەورە ) ش بە نهێنی دڵ ی ئیبلیس زانی ، بەلام فریشتە کانی هاورێی ئاگاداری ئەو تکبری خۆ بە گەورە زانینەی ئیبلیس نەبوون ..؟! [٣١]

[٣٠] - البداية والنهاية ابن كثر (٥٦/١-٥٧).
[٣١] -تاريخ الطبري (٨٢/١).

✍ له (الربيع كوری أنس ) – رەحمەتی خوای لیّ بیّت – دەلیّت : (خوای گەورە ) فریشتە كانی لە رۆژی چوارشەم دوروست كرد ، وە جنۆكەی لە رۆژی پیێنج شەمە دوروست كرد ، وە ئادەمیزادی لە رۆژی هەینی یان جمعە دوروست كرد ، وە هۆزیك لە جنۆكەكان كافر بوون و فریشت كان لەسەر زەوی كوشتاریان لە گەل كردن و بەمشیۆەیە لەسەر زەوی خویّن ریّژی و خراپە كاری بلاوبوویەوە..؟!.[٣٢]

بەلیّ ئەوەی كە باس كراوە سە بارەت بە لە خۆبایی و تەكبر و خۆ بە گەورە زانینی دوژمنی (خوای گەورە ) ئیبلیس یان شەیتان .

✍ له (عبدالله كوری عباس ) – خوا لیّ رازی بیّت – دەلیّت : كاتیّك ئیبلیس یان شەیتان شەری جنۆكەكانی كرد كە خراپە كاری و خویّن ریّژیان دەكرد سەر زەوی ، ئەویش شەری لە گەل دا كردن و كوشتاری كردن و لە ناوی بردن ، بەم هۆیە بوو ئیبلیس لە خۆ بایی بوو ، وە تكبر بوو یان خۆی بەگەورە زانی ، كە گومانی كرد لە زانست و لە پیشە كەی لە كەسانی تر زیاترە یان لە پیّشترە..؟!.[٣٣]

✍ له (عبدالله كوری مسعود ) – خوا لیّ رازی بیّت – دەلیّت : كە كاتیّك (خوای گەورە ) لە دوروست كردن تەواو بوو ، لە سەر عەرش جیّگەی گرت و ئیبلیس كردە پاشای ئاسمانە كان ، ئەو لە هۆزی ئەو فریشتانە بوو كە بە (جن) یان جنۆكە ناویان دەبردن چونكە خەزیّنەدارانی بە هەشت بوون ، ئیبلیس هەم پاشا بوو هەم خەزیّنەدار بوو ، لە خۆبایی بوو وە بە خۆی ووت : بۆیە (خوای گەورە ) ئە پاشایە تیە بەمن بە خشیە چونكە لە پیّشتر و گەورترم لە كە سانی دیكە ..).[٣٤]

✍ له (عمری كوری حیماد ) – خوا لیّ رازی بیّت – دە گیّریتەوە دەلیّت : كاتیّك گەورەیی لە خۆبایی خۆ بە زل زانی لە دلّ ی ئیبلیس جیّگیر بوو یان جیّگەی گرت ، گومانی كرد كە لە فریشتەكان زۆر لە پیّشترە و گەورە ترە ..؟! (خوای گەورە ) بە مەی زانی و بە فریشت كانی فەرموو : قال تعالى: ﴿إِنِّي

---

[٣٢]- تاريخ الطبري (٨٢/١).
[٣٣]- تاريخ الطبري (٨٣/١).
[٣٤]- تاريخ الطبري (٨٣/١).

جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] واته : جێگرەوەیەك یان خەلیفە یەك بۆ خۆم لەسەر زەوی جێ نشین دەکەم یان دەست نیشان دەکەم ..؟! .[٣٥]

✍ لە رێ ( طاوس ) لە (مجاهد ) لە (ابي الحجاج ) لە (عبداللە کوری عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : ئیبلیس لە فریشتە کان بوو ناوی (عزازیلە ) نیشتە جێ سەر زەوی بوو ، فریشتە کانی سەر زەوی بە (جن) یان جنۆکە ناویان دەبران ..).[٣٦]

✍ لەرێ (عکرمە ) لە (عبداللە کوری عباس ) – خوا لی رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : (خوای گەورە ) دورست کراوێکی دورست کرد ، فەرمووی : سووجدی یان کرنۆشی بۆ ببەن ..؟! ئەوانیش ووتیان : کرنۆش یان سووجدە نابەین ..!! واتە : جنۆکە کانی سەر زەوی ئەوانەی خراپە کاریان دەکردو خوێن رێژیان دەکرد ..!! (خوای گەورە ) ئاگرێکی نارد و ئەوانی سوتاند ، دواتر دورستکراوێکی یان بوونەوەرێکی تری دورست کرد ، بە وانی فەرموو : من ئادەمیزادێك یان مرۆڤێك دورست دەکەم لە قور سوور کراو ، دەبێت سووجدە یان کرنۆشی بۆ ئادەم ببەن ، ئەوانیش رازی نەبوون و حاشایان کرد ..؟! (خوای گەورە ) ئاگرێکی ۆەوانە کرد و ئەوانیشی سووتاند ..؟! دواتر هۆزێك لە جنۆکەی یان فریشتەی دورست کرد فەرمووی : ئایا سووجدەی یان کرنۆشی بۆ ئادەم دەبەن ..؟! ووتیان بەلێ کرنۆش دەبەین ..!! بەلام تەنها ئیبلیس نەبێت حاشای کردو سووجدە یان کرنۆشی نە برد ..؟! .[٣٧]

✍ لە (شهری کوری حوشب ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – سە بارەت بەم باسە دەگێریتەوە دەلێت : (خوای گەورە ) کە ئیبلیس لە (جن ) یان لە جنۆکە بوو ، دە گێرنەوە کە ئیبلیس لە هۆزی ئەو جنۆکانە بوو کە فریشت کان لە ناویان بردن ، هەروەها ئیبلیس لە لایان فریشتە کان بە دیل گیرا بۆ ئاسمانیان برد ..؟! .[٣٨]

---

[٣٥] - تاریخ الطبري (٨٣/١).
[٣٦] -تاریخ الطبري (٨٣/١).
[٣٧] تاریخ الطبري (٨٤/١).
[٣٨] -تاریخ الطبري (٨٤/١).

✍ له (سعدی کوری مسعود ) — خوا لیّ رازی بیّت — ده گیّریتەوه دەلیّت : فریشته کان له گەل جنۆکه کان شەریان کرد و ئیبلیس کەم تەمەن بوو به دیل گیرا ، له گەل فریشته کان بوو و پەرستنی (خوای گەوره)ی ئەنجام دەدا و کاتیّك فەرمانیان پیّدرا کە سووجده یان کرنۆش بۆ ئادەم ببەن فریشته کان بردیان واته : رازی بوون ، بەلام تەنها ئیبلیس نەبیت رازی نەبوو ، مانایی فەرموودە کەی (خوای گەوره ) ئەمەیە کە فەرمووی : ئیبلیس له جنۆکە بوو ..؟![٣٩]

بەلام ئەمانە هەمووی ووتەی زانایانی پیّشینە کانە ئەمە راو بۆچوونی خۆی تیان مەرج نیە راست نەبیّت و مەرجیش نیە راست بیّت ، تەنها (خوای گەروه زاناترە ) ئەوەی هەیە ئەمە ووتەی زانایانە ، بەلام ئیّمە دەبیّت لە فەرموودەی (خوای گەوره ) لا نەدین دەبیّت شویّنکەوتەی قورئان و سوونەتی پیّغەمبەری خوا ﷺ بین ، هەر وەك (خوای گەوره ) دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ۝٣٤﴾ [البَقَرَةِ : ٣٤]

بەلیّ بیّگومان دە گیّرنەوە دەلیّن: هۆکاری ریسوا بوون و زەلیکردنی ئیبلیس ئەوە بوو کە پیّش ئادەم ، جنۆکە کان دانیشتوانی سەر زەوی بوون (خوای گەوره ) ئیبلیسی کرد پاشاو سەر کردە و دادوەری ئەوان بۆ ماوەی هەزار ساڵ دادوەری و پاشایەتی لە نیّوان ئەواندا کرد ، وە بە (حکم ) ناوی دەرکرد ، (خوای گەوره ) ئەم ناوەی پیّ بەخشی ، وەحی بۆ نارد هەر لە بر ئەمە ئیبلیس لە خۆ بایی بوو ، لە نیّوان جنۆکەکان دوژمنایەتی دوبەرەکی دورست کرد بۆماوەی هەزار ساڵ لە سەر زەوی کوشتارو شەری یەکتریان کرد ، بە شیّوەیەك ئەسپە کانیان لە خویّندا نووقم ببوون ، هەروە ك (خوای گەوره دەفەرموویّت : قال تعالى: ﴿أَفَعَيِينَا بِٱلۡخَلۡقِ ٱلۡأَوَّلِۚ بَلۡ هُمۡ فِي لَبۡسٖ مِّنۡ خَلۡقٖ جَدِيدٖ ۝١٥﴾ [ق : ١٥] واته: ئایا لە بەدیهێنانی یەکەمی دروستکراوەکاندا کە هیچ نەبوون و هێنامانن‌ە بوون دەستەوەستان و بێتوانابووین، بۆ ئەوەی ئێستا بێتوانا و دەستەوەستان بین لە دووبارە بە دیهێنانەوەیان پاش لەناوچوونیان ؟ بێگومان ئەوە بێتوانا و دەستەوسانمان ناکات، بەڵکو توانامان بەسەریدا هەیە، بەڵام ئەوانە لە گومان و دوودڵیدان دەربارەی زیندوبوونەوەی سەرلەنوێ و گەڕانەوەیان بۆلای خوای پەروەردگار ..!! هەروەها

---

[٣٩] - تاريخ الطبري (٨٣/١).

(خوای گەورە ) بە فەریشتەکان دەفەرمووی : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] بەلێ (خوای گەورە ) ئاگرێکی رەوانەکرد ئەوانی سووتاند ، کاتێك ئیبلیس ئازاری هۆزەکەی خۆی بینی ، رۆیشتە ئاسمانی سەرەوە لە گەل فریشتەکان مایەوە و بۆ پەرستنی (خوای گەورە ) هەولی دەدا ئەوکاتە (خوای گەورە ) ئادەمی دەرست کرد ئیبلیس یاخی گەری خۆی کردە پیشە..؟! .[٤٠]

کاتی دورست بوونی ئادەم و سەردەمی پاشایەتی ئیبلیس یان شەیتان :

بەلێ کاتێك (خوای گەورە ) ئیرادەی کرد یان ویستی کرد  کە فریشتە کان لە  لەخۆبایی خۆ بەگەورە زانینی ئیبلیس یان شەیتان  ئاگادار بکاتەوە  لەبەر ئەوەی ئەوان واتە : فریشتە کان هەستیان بەم خراپە کاریەی ئیبلیس نە کرد بوو یان  نەیانزانیبوو ..؟! (خوای گەورە ) ویستی ئەوەی کرد یان مەبەستی ئەوەی کرد کە نەهێنیەکەی ئیلبس ئاشکرا بکات ، چونکە سەردەمی ریسوابوونی بوو ، وە لە دەستدانی پاشایەتیەکەی  هاتبوو ..!! هەروەك (خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] واتە : لە سەر زەوەی خەلیفەیەك بۆ خۆم دروست دەکە ..!! ئەوانیش وەلامیان دایەوە قال تعالى: ﴿قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] واتە : ئایا کەسیچك لە سەر زەوی جێگیر دەکەیت کە خراپە و خوێنرێژی بکاتە پیشە ..؟!

✍ لە (عبداللە کوری عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : کە فریشتە کان بۆیە ئەم قسە یان هێنا سەر زمان چونکە ئاگاداری کاروباری جنۆکەکانی سەر زەوی بوون ، وە بە  (خوای گەورە ) یان ووت : کەسێك لە سەر زەوی جێگیر دەکەیت تا هاوشێوەی جنۆکەکان بێت کە خوێنیان رشت و خراپە یان کردە پیشە  لە کاتێکدا ئێمە بە پەرستنی تۆوە سەر قالین ..!! پاشان پەروەردگار وەلامی دانەوە فەرمووی : قال تعالى: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] واتە: دەفەرمووی : ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن ..؟! کەواتە : مەبەستی (خوای گەورە ) لێ غروری لە خۆبایی و  خۆ بە

---

٤٠ - تاريخ الطبري (٨٥/١).

گەورە زانینی ئیبلیس بووە ، مەبەست ئەوە بوو کە ئیبلیس نافەرمانی کردن بوو تاکو ئاشکرای بکات و فریشە کان بە چاوی خۆیانەوە ببینن ..!! [٤١]

بەڵێ کاتێك (خوای گەورە ) ویستی یان مەبەستی دورست بوونی ئادەمی کرد ، فەرمانی دا تا خاك یان خۆڵ لە سەر زەوی هەڵبگرن.

✍ لە (عبدالله کوری عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : کە پەروەردگار فەرمانی دا تاکو خاك یان خۆلی ئادەمیان لە سەر زەوی هەگرت و ئەوی لە قوری لکێنەری بۆن خۆش دورست بوو ، ئەوەی لە قوری بۆگەن وەرگیرابوو وە قوری بۆگەن لە خاك یان خۆڵ ، (خوای گەورە ) ئادەمی بەدەستی خۆی قور دروست کرد ..؟!

✍ لە (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە کە دەڵێت : دەستە یەك لە هاوەلانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگێرنەوە فریشتە کان وویتان : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ [البَقَرَة : ٣٠] دەڵێت " (خوای گەورە ) کە (جبرەئیل) ی رەوانە کرد تا قور یان گل لەسەر زەوی بێنێت ، وە زەوی ووتی : پەنا بۆ خوا دەبەم لەوەی من ریسوا یا لەمن کەم بکەیتەوە ، (جبرەئیل ) گەرایەوە و هیچی هەڵنەگرت ..!! ووتی : ئەی خوایە زەوی پەنای بۆ تۆ برد من لێ خۆش بوون ..!!

ئینجا (خوای گەورە ) ئەم جارە (میکائیل )ی رەوانە کرد و زەوی ووتەکەی دووبارە کردەوە و (میکائیل ) گەرایەوە ..!! دیسان دووبارە (خوای گەورە ) فریشتە یکی تری رەوانە کرد ئەوی (ملك الموت ) واتە : فریشتەی مەرگی رەوانە کرد و زەوی پەنای بۆ خوا برد بەڵام فریشە ی مەرگ ووتی : منیش پەنا بۆ خوا دەبەم لەوەی بگەرێمەوە و فەرمانەکەی ئەوم ئەنجام نە دابێت ،خاك یان خۆلی لسەر زەوی هەلگرت و تێکە لی کرد، لە یەك شوێن هەڵینە گرت و لە خاك یان لە خۆلی سوور و رەش و سپی هەلگرت و لبەر ئەمە رەنگی منالە کانی یان نەوە کانی ئادەم جیاوازە ..؟! خاکە کەی یان خۆلە کەی

[٤١]- تاريخ الطبري (٨٧/١).

برده ئاسمان تەریان کرد و گل یان قوریان لێ دروست کرد و لێگەران تاکو گۆرا بۆنی گرت مانای فەرموودەی (خوای گەورە ) قال تعالی: ﴿مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ٢٦﴾ [الحِجر : ٢٦] لە گلی یان قوری بۆ گەن ئەمەیە ..؟! [٤٢]

✍ لە (عبدالله کوری عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : کاتێك (خوای گەورە ) ئیبلیسی رەوانە کرد کە لە خۆلی سوێر و شرینی زەوی هەلگرت و ئادەمی لێ دوروست کرد و بە ئادەم ناوی دەرکرد کە لە (ئەدیەمی زەوی ) سەرچاوەی گرتووە ، هەر لەبەر ئەمە ئیبلیس ووتی : من سووجدە یان کرنۆش بۆ کەسێك ببەم کە لە گل خۆر یان قور دورست کرایە هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿ءَأَسۡجُدُ لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينٗا ٦١﴾ [الإِسۡرَاء : ٦١] واتە : وتی: ئەی پەروەردگار من کرنوش بەرم بۆ کەسێك کە تۆ لە قورِ دروستت کردووە. ..؟! . [٤٣]

✍ لە (سعید کوری جبیر )- رەحمەتی خوا لی بیت – دەلێت : کە بۆ یە بە ئادەم ناوی دەرکرا چونکە لە ئەدیمی زەوی دورست کراوە ..؟.[٤٤]

✍ لە (علی کوری ئەبوو تالیب )- خوا لێ رازی بێت – دەلێت : کە ئادەم لە ئەدیەمی زەوی دورست کرا بە چاك و خراپە بوو و لەبەر ئەمە منالە کانی کە ئادەم چاك و خراپن ..؟! . [٤٥]

📖 لە (ابو موسی الاشعری ) – خوا لی رازی بێت – دەلێت : لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :
((إنَّ اللَّهَ تعالى خلقَ آدمَ من قبضَةٍ قبضَها منَ أديمِ الأرضِ فجاءَ منهمُ الأبيضُ والأحمرُ والأسودُ من ذلِك والسَّهلُ والحَزْنُ والخبيثُ والطِّيبُ ، ثم بلت طينته حتى صارت طينا

[٤٢] -تاريخ الطبري (١/٨٨).
[٤٣] -تاريخ الطبري (١/٩١).
[٤٤] -تاريخ الطبري (١/٩١).
[٤٥]

لازبا ، ثم تركت حتى صارت حمأ مسنوناً ، ثم تركت حتى صارت صلصالا ، كما قال الله تعالى: ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ٢٦﴾ [الحِجۡر : ٢٦]

واته : (خوای گەورە ) ئادەمی لە مستێك قور یان گل دورست كرد ، كە لە سەر هەموو زەوی هەلیگرت و منالە كانی یان نەوە كانی ئادەم هاوشێوەی زەوین ..؟! سوور ، رەش ، سپی ، نەرم و درشت و چاك و خراپ ، خاكیان یان خۆل یان تەر كرد بۆ قور یان گل لیّ گەران تا بۆنی گرت و ووشك بوویەوە بەهەمان شێوەی كە (خوای گەورە ) دەفەرموویّت : ﴿لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ٢٦﴾ [الحِجۡر : ٢٦] واتە : دڵنیابن لەوەی كە ئێمە ئادەممان لە قورێكی وشكهەڵاتوو دروستكردووە كە ئەگەر پێیدا بكێشرایە و لێیبدرایە دەنگی لێوە دەبیسترا، وە ئەم قورە وشكهەڵاتووەش لە قورێكی ڕەشی گۆڕاو .لە ڕەنگ و بۆندا .وەرگیراوە ..!![46]

✍ لە (عبدالله كوری عباس) – خوا لی رازی بیت – دە لیت : (خوای گەورە ) ئادەمی لە سیّ شت دروست كرد ، لە قور یان لە گل ی ووشك ، لە قوری یان لە گل ی بۆگەن ، یان لە قوری لكێنەر ..؟! .[47]

بە لیّ دە گێرنەوە دەلێن : كاتێك (خوای گەورە) ئادەمی دورست كرد یان لە گل تێكەلی كرد ، چل رۆژ یان ووتەیەكی تر دەلێن : چل ساڵ لاشەی یان جستەی لە سەر زەوی بووە .

✍ لە (عبدالله كوری عباس) – خوا لی رازی بیت – دە لیت : كاتێك (خوای گەورە ) فەرمانی دا قوری یان گلی ئادەمیان هەلگرت و ئادەمی لە قور یان لەگلی لكێنەری بۆگەن دورست كرد ، ئادەمی بەدەستی خۆی و چل رۆژ لاشەی یان جستەكەی لە سەر زەوی بوو ، ئیبلیس دەهات و دەچوو بەلاقی لێیدەدا كە دەنگی دەدایەوە و مانای ووتە ی (خوای گەورە ) قال تعالى: ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ١٤﴾ [الرَّحۡمَٰن : ١٤] واتە : خوای گەورە مرۆڤی دروست كردووە واتە ئادەم لە قوری

---

- تاريخ الطبري (٩٢/١).[46]
- تاريخ الطبري (٩٢/١).[47]

سووره‌وه‌كراو كه قورێك به ئاگر سوور ئه‌كرێته‌وه وه‌كو چۆن ئه‌وانه‌ی كه كوپه‌ڵه‌و گۆزه‌و شتیان لێ دروست ئه‌كرێ..؟! یان له قوری ووشك ده‌نگدار ئه‌مه‌یه یان شتیچكی ناو به تاڵ كپر نیه ، ئیبلیس یان شه‌یتان درۆیشته ناو ده‌می ئاده‌م و له كۆتاییه‌كه‌یه‌وه ده‌هاته ده‌ر ، له كۆتاییه‌كه‌یه‌وه ده‌رۆیشته ناو له ده‌میه‌وه ده‌هاته ده‌ر و ده‌ی ووت : تۆیان بۆ ده‌نگدانه‌وه ده‌رست نه كردووه ، بۆ مه‌به‌ستێك تۆ یان دروست كردووه ، ئه‌گه‌ر به سه‌ر تۆ دا زاڵ ببم ، له ناوت ده‌به‌م و ئه‌گه‌ر تۆ به‌سه‌ر من دا زاڵ بكه‌ن ، فه‌رمان به‌ریت ناكه‌م یان به قسه‌و فه‌رمانت ناكه‌م ..؟! .[٤٨]

✍ له (عبدالله كوری مسعود ) — خوا لی رازی بێت - ده‌گێرێته وه ، وه كۆمه‌لێك له هاوه‌لانی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ده‌گێرنه‌وه ، ده‌لێن : (خوای گه‌وره ) به فه‌ریشته كانی فه‌رموو : قال تعالى:

﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّى خَـٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَـٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾﴾ [ص : ٧١ - ٧٢] واته : به فریشته كانی فه‌رموو : من مرۆڤێك یان بشرێك له گل یان له قور دروست ده‌كه‌م واته : (ئاده‌م ) ، كاتێك ته‌واو بووم له رووحی خۆم پێبه‌خشی ، سووجده یان كرنۆشی بۆ ببه‌ن ..؟! جا هه‌ر كه دروستم كردو له‌و رووحه تایبه‌تیه‌ی كه من خاوه‌نی ئه‌وم و به ده‌ست منه فوم پێد كردو گیان و ژیانم پیێ به‌خشی وه فه‌رمانم دا ئێوه فریشته هه‌مووتان سووجده كرنۆشی بۆ ببه‌ن ، واته : ( ئه‌م سووجده یان كرنۆشه بۆ ئاده‌م ، ته‌نها ئه‌وه‌یه كه فریشته كان فه‌رمانی (خوای گه‌وره ) نه‌شكێنن سووجده‌كه‌ش یان كرنۆشه كه‌ش (تقدیر و رێزه ) وه جێ به‌جێ كردنی فه‌رمانی خوایه ). (كوری مسعود ) ده‌لێت : (خوای گه‌وره ) ئاده‌می به ده‌ستی خۆی دورست كرد تاكو ئیبلیس له گه‌ل ئه‌و ركابه‌ری نه‌كات و ئه‌گه‌ر ركابه‌ری كرد ..!! بفه‌رمووێت : له گه‌ل كه‌سێك ره‌كابه‌ری ده‌كه‌یت كه به‌ده‌ستی خۆم ده‌رستم كردووه ..؟! ئاده‌می له شێوه‌ی مرۆڤدا دورست كرد و چل ساڵ لاشه‌ی یان جسته‌كه‌ی گل یان قور بوو ..!! فریشته كان به لای دا تێده په‌رین و له بینینی ده‌ترسان و ئیبلیس زیاتر له هه‌موویان ..؟! كاتێك ئیبلیس به‌لای ئاده‌م تێده‌په‌ری لێده‌دا و لاشه كه‌ی یان جسته‌كه‌ی وه‌ك گۆزه‌یه‌كی گل یان قور ده‌نگی ده‌دایه‌وه ..!! ئیبلیس ده‌ی ووت : ئه‌مه بۆ مه‌به‌ستێكی تایبه‌ت

[٤٨] -تاريخ الطبري (٩٢/١).

دورست کراوه ..؟! ئیبلیس له دەمیەوه دەرۆیشته دەروه له پاشەوەی دەهاته دەرەوه ، ئیبلیس به فەریشته کانی ووت : له مه مەترسن واته (ئادەم ) چونکه خوای ئیّوه نا پره بەلام ئەمه ناوی بەتاله ..؟! ئەگەر بەسه ئەو دا زال ببەم له ناوی دەبەم ..؟! .[49]

✍ له (سلمان فارسی )- خوا لی رازی بیّت – ده گیّریّتەوه دەلیّت : کاتیّك (خوای گەوره ) ئادەمی دورست کرد وپیّش له بەخشینی رووحی خۆی ، بۆ ماوەی چل رۆژ سەیری کرد ، گل یان قور وەك : گۆزه یان سوالەت ووشك بوویەوه و بەفریشت کانی فەرمووی : کاتیّك رووحی خۆم پیّ بەخشی سووجده یان کرنۆشی بۆ ببەن ..؟!.[50]

✍ له (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لی رازی بیّت - دەگیریّته وه ، وه کۆمەلیّك له هاوەلانی پیّغەمبەری خوا ﷺ دەگیّرنەوه ، دەلیّن : کاتیّك (خوای گەوره ) مەبەستی کرد رووح به (ئادەم) ببەخشیّ ، به فریشتەکانی فەرموو: ئەگەر رووحی پیّ بەخشرا ئەو سووجده و کرنۆشی بۆ ببەن ..؟! کاتیّك رووحیان به ئادەم بەخشی و گەیشته لای سەری ، پژمی و فریشتەکان ووتیا: (الحمد الله ) واته : سوپاسی خوا یان کرد ، (خوای گەوره ) فەرمووی : (رحمك بك ) واته : رەحمەتی پیّ ببه خشیّت ، کاتیّك رووح گەیشته چاوەکانی سەیری میّوه کانی بەهەشتی کرد ، کاتیّك رووح گەیشته نیّو سینەی ئارەزووی خواردنی کرد ، و پیّش ئەوەی رووح به لا قه کانی بگات ، به پەله بەرەوه میّوه کانی به هەشت رای کرد ، هەموو فەریشتەکان سووجده یان کرنۆشیان بۆ برد جگه له ئیبلیس یان شەیتان نەبیت هاوریەتی ئەوانی نەکرد و حاشای لیّ کردو بیّ فەرمانی (خوای گەوره )ی کرد کافر بوو ، (خوای گەوره ) پیّ فەرموو: بۆ چی سووجده یان کرنۆشت نەبرد ..؟! هەروەك (خوای گەوره ) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿خُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ مِنۡ عَجَلٖ﴾ [الأَنبِيَاء : ٣٧] واته : مرۆڤ دروستکراوەو سروشتی وایه که پەلەیەتی..؟! قال تعالی: ﴿فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ٣٠ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ٣١﴾ [الحِجۡر : ٣٠ - ٣١] واته : فریشتەکان هەر هەموویان کرنوشیان بۆ ئادەم بردو

---

[49] -تاريخ الطبري (٩٣/١).
[50] -تاريخ الطبري (٩٣/١).

فەرمانی خوای گەورەیان جێبەجێ کرد..!! [ إِلَّا إِبْلِيسَ ] تەنها ئیبلیس نەبێ هەر چەندە ئەم جنی بوو لە مەلائیکەت نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر عیبادەتی خوای ئەکرد خوای گەورە لەگەڵ مەلائیکەتەکان باسی کرد [ أَبَى أَنْ يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ] ڕەتی کردەوە کە لەگەڵ فریشتەکاندا کڕنوش بەرێت..!! قال تعالى: ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ۝١٢﴾ [الأَعۡرَاف : ١٢] واتە : [ قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ] خوای گەورە بۆ سەرزەنشت کردن و جێگیر کردنی بەڵگە بەسەریدا فەرمووی: ئەی ئیبلیس چی ڕێگری لێ کردیت کە سوجدە بۆ ئادەم بەریت کاتێك کە من فەرمانم پێ کردیت [ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ ] وتی: ئەی خوایە من لەو باشترم منت لە ئاگر دروست کردووە ئەوت لە قوڕ دروست کردووە ئاگریش لە قوڕ باشترە بەگومانی خۆی، (ئیبلیس یەکەم کەس بوو کە قیاسی بەکارهێنا)..!! قال تعالى: ﴿قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ۝١٣ قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ۝١٤ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ۝١٥﴾ [الأَعۡرَاف : ١٣ - ١٥]واتە : [ قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا ] خوای گەورە فەرمووی: دەی لە ئاسمان یان بەهەشت یان ئەو پلەوپایەی پێدرابوو دابەزە ئیتر تۆ نابێ لەناو مەلائیکەتاندا بیت [ فَمَا يَكُونُ لَكَ أَنْ تَتَكَبَّرَ فِيهَا ] وە بۆت نیە کە لە ئاسماندا یان لە بەهەشتدا خۆت بەگەورە بزانی و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە بکەی [ فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ (١٣) ] دەرچۆ لە بەهەشت تۆ لەو کەسانەی کە ڕیسواو زەلیل و سەرشۆڕ ئەبیت. ئیبلیس وتی: ئەی پەروەردگار بمهێڵەرەوە با نەمرم تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە تا ڕۆژی قیامەت..؟! خوای گەورە فەرمووی: ئەوا مۆڵەتت ئەدەم و تۆ لەو کەسانەی کە ئەمێنیتەوە تا ڕۆژی قیامەت کە دونیا تێك ئەچێ بۆ ئەوەی کە خوای گەورە خەڵکی پێ تاقیبکاتەوە..!!الەم گێرانەوەیە دا چەند ئایەتێك زیاترە تەنها بۆ زیاتر تێگەیشتنە ..!! .[٥١]

[٥١] -تاريخ الطبري (٩٥/١).

📖 له (ابوهريره ) – خوا لی رازی بیت – دەلێت : له پێغەمبەری خوا ﷺ ((خلَقَ اللهُ آدمَ بيدِه، ونفَخَ فيه من رُوحِه، وأمَرَ الملائكةَ فسجدوا له، فجلس فعطَسَ، فقال: الحمدُ للهِ، فقال له ربُّه: يرحمُكَ ربُّكَ، ائْتِ الملائكةَ فقُلْ: السَّلامُ عليكم؛ فأتاهم فقال: السَّلامُ عليكم، فقالوا: وعليكَ السَّلامُ ورحمةُ اللهِ، ثم رجَعَ على ربِّهِ تعالى؛ فقال له: هذه تحيَّتُكَ وتحيَّةُ ذُرِّيَّتِكَ بينَهم. فلما أظهر إبليس من نفسه ما كان له مخفيا فيها من الكبر المعصية لربه ، وكانت الملائكة قد قالت لربها عز وجل حين قال لهم : غنى جاعل فى الارض خليفة : أتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء ونحن نسبح بحمدك ونقدس لك ، فقال لهم ربهم : إنى أعلم ما لاتعلمون ، تبين لهم ما كان عنهم مسترا ، وعلموا أن فيهم من منه المعصية الله عز وجل والخلاف لأمر )).[٥٢]

واته: كاتێك رووحيان به ئادەم بەخشی ، پژمی و ووتی : (الحمد الله ) واته :سوپاسی (خوای گەورە ) ی كرد، ئینجا پەروەردگار فەرمووی : (يرحمك ربك ) واته: خوا رەحمەت پیّ بكات ، ئینجا (خوای گەورە ) فەرمانی پێدا برۆ بۆ لای فریشتەكان بلیّ (السلام عليكم ) واته : سلاوتان لیّ بێت ، ئادەم رۆیشت سلاوی لەو ئەوان كرد ، فریشته كانیش ووتیان : (وعليك السلام ورحمه الله ) واته : سلاو رەحمەتی خوات لیّ بێت ، پاشان ئادەم بۆ لای (خوای گەورە ) گەرایەوە (خوای گەورە ) پێی فەرموو : ئەمە سلاوی تۆ و منالە كانی تۆیە یان نەوەكانی تۆیە تا كو بە یەكتری بلێن ، ئا لەم كاتە دا ئیبلیس یان شەیتان ئەمەی لە خۆ ئاشكرا كە شارد بوویەوە لە خۆبایی خۆ بەگەورە زانی و خراپە كاریەكانی لە پەروەردگار ،پاشان (خوای گەورە ) بە قریشتە كانی فەرموو : قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] واته: (خوای گەورە ) بە

٥٢ - تاريخ الطبري (٩٦/١).

فریشتە کانی فەرمووی : ئەوەی ئەمن دەیزانم ئێوە نایزانن ..؟! لە زۆر چاك دەزانم کە شەیتان سەرپێچی فەرمانەکانی منی کردووە ..؟!.[٥٣]

بەلێ (خوای گەورە ) هەموو ناوە کانی فێری ئادەم کرد ، واتە : هەموو ئەو ناوانەی کە خەلکی دەیزانن وە : ناوی مرۆڤ و ناوی ئاژەل گیاندارە کان و زیندەوەرەکان ناوی زەوی و دەشت و چیاو کێوەکان ناوی رووبار دەریا و زەریاکان هەموو ناوە کان کە هەن .

✍ لە (عبدالله کوری عباس ) – خوا لی رازی بیت – لەسەر ووتەی قال تعالی: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا﴾ [البَقَرَةِ : ٣١] دەلێت : واتە : هەموو ناوە کانی فێری ئادەم کرد تەنانەت ئەو ناوانەش کە شیاو نیە بۆ ووتن لە نێوان ژن وپیاو دایە مەبەستی پی شەرمی ژن و پیاو و هتد ..!!.[٥٤]

✍ لە (قتادە ) – رحمەتی خوای لیٙ بێت – لە سەر ووتەی قال تعالی: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا﴾ [البَقَرَةِ : ٣١] دەلێت : واتە : فەرمووی : ئەمە چیاو کێوە ، ئەمە دەریایە ئەمە فلانە و ئەمە فیسارە ، دواتر شتە کانی پێشانی فریشتەکان دا ، کە (خوای گەورە ) دەفەموویێت : قال تعالی: ﴿ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٣١﴾ [البَقَرَةِ : ٣١] واتە : اشان خوای گەورە پرسیاری لە مەلائیکەت کرد دەربارەی ئەو ناوانە و فەرمووی: ئەگەر ڕاست ئەکەن ناوی ئەم شتانەم پێ بڵێن..؟! .[٥٥]

✍ لە (سعید ی کوري جبیر ) –رەحمەتی خوای لیٙ بێت – دەلێت : (خوای گەورە ) ناوی هەموو شتەکانی فێری ئادەم کرد ، تەنانەت ناوی ووشتر و چێل و بزنیش ..؟! .[٥٦]

---

[٥٣] - تاريخ الطبري (٩٦/١).
[٥٤] -تاريخ الطبري (٩٧/١).
[٥٥] -تاريخ الطبري (٩٧/١).
[٥٦] -تاريخ الطبري (٩٧/١).

✍ له (مجاهد ) – ڕەحمەتی خوا لیٚ بێت – دەڵێت: (خوای گەورە ) ناوی هەموو دروست کراوەکانی خۆی فێری ئادەم کرد ..؟![٥٧]

✍ له (الربیع ) – ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت – له سەر ووتەی قال تعالى: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا﴾ [البَقَرَةِ : ٣١]دەڵێت : (خوای گەورە ) هەموو ناوە کانی فیچری ئادەم کرد، بەمەست لیٚ ناوی فریشتەکانە..!! .[٥٨]

✍ له (قتادە) – ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت – دەڵێت : (خوای گەورە ) هەموو ناوی شتەکانی فێری ئادەم کرد ،وەك ئەمانە : ماین و ، ئێستر و، ووشتر و ، جنۆکەو ، ئەژدیهاو ، هەموو شتێکی دوروست کرد لە سەر شێوەی خۆی ..؟! .[٥٩]

✍ له (عبدالله کوری عباس ) – خوا لی رازی بیت – دەڵێت : کاتێك (خوای گەورە ) خەریکی دوروست کردنی ئادەم بوو ، فریشتە کان ووتیان : بۆ کەسانێکی زاناتر و ئازیزتر له ئێمە دورست ناکات ، چونکە دورست کردنی ئادەم تاقی کردنەوەی ئەوان بوو ، چونکە هەموو دروست کراوە کان ڕووبەڕووی تاقی کردنەوە دەبنەوە هاوشێوەی ئاسمان و زەوی کە تاقی کردنەوەی ئەوان پەرستن بوو ، (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ⑪﴾ [فُصِّلَت : ١١]واته: [ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا ] خوای گەورە بە ئاسمان و زەوی فەرموو یان بە گوێڕایەڵی خۆتان یان بە پێناخۆش بوونی خۆتان فەرمانی من جێبەجێ بکەن، ئەی ئاسمان خۆرو مانگ و ئەستێرەکان دەربکە، ئەی زەوی ڕووبارو دەریاو کانیاو و بەرهەم و ڕووەکت دەربکە [ قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ] وتیان: ئەی پەروەردگار هەردووکمان ملکەچ و گوێڕایەڵین بۆ فەرمانی تۆ..!![٦٠]

---

٥٧ -تاريخ الطبري (١/٩٧).
٥٨ -تاريخ الطبري (١/٩٨).
٥٩ -تاريخ الطبري (١/٩٨).
٦٠ -تاريخ الطبري (١/١٠٠ ).

✍ له (قتادة) — خوا لیٚ رازی بیٚت — ده گیٚریٚتەوە دەلیٚت : (خوای گەورە ) فه فریشته کانی فەرموو : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ ، واته : فریشته کان بۆچوونی خۆیان ووت ، شتیٚکیان زانی شتیٚکیان نەزانی ، فریشته کان ووتیان : قال تعالى: ﴿قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ چونکه فریشتەکان دەیانزانی هیچ تاوان و گوناهیٚك گەورە تر نیه له خوٚێن ریٚژی یان خوێن رشتن ، قال تعالى: ﴿نَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ وه کاتیٚك (خوای گەورە ) دورست کردنی ئادەمی دەستپیٚکرد ، فریشته کان به یەکیان ووت : خوا هەرچی پیٚخۆشه با دروستی بکات ، چونکه له ئیٚمه زانا تر و ئازیزتر نابیٚت ، کاتیٚك ئادەمی دەرست کرد له رووحی خۆی پیٚبەخشی ، فەرمووی : سووجده یان کرنۆشی بۆ ببەن ، ئادەمی پیٚش ئەوان خست له سزای ئەو قسه یان کردبوویان ، فریشته کان ووتیان: باشتر له نەبین ، له زاناترین چونکه پیٚش دورستکراوین و نەتەوەکانی یان هۆزەکانی ئیٚمه پیٚش ئەو دروست کراون ، کاتیٚك شانازیان به زانستەکەی خۆیانەوە کرد ، گیرۆدەی تاقی کردنەوە بوون ، (خوای گەورە ) ناوه کانی فیٚری ئادەم کرد و شتەکانی نیشانی فریشتەکاندا و فەرمووی : ئەگەر راست دەکەن و دەلیٚن له هەر شتیٚك که بیان فریٚنم ،زانا ترن ، ناوی ئەم شتانەم پیٚ بلیٚن : فریشته کان تۆ بەیان کرد و هەر باوەر داریٚك تۆیه دەکات ، ووتیان: قال تعالى: ﴿قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ٣٢ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَأَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ ٣٣﴾ [البَقَرَةِ : ٣٢ - ٣٣] واته : فریشتەکانیش وتیان : پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگارمان، ئێمە هیچ زانستێکمان نیە جگە لەوە نەبێت کە خۆت فێرتکردوین، تەنها خۆت زانا و شارەزای بە کاروباری دروستکراوەکانت، و دانایت لە بەڕێوەبردنتدا ..؟! خوای پەروەردگار فەرمووی : ئەی ئادەم ناوی ئەو شتانەیان پێبڵێ کە بێ توانابوون لە زانینیاندا، و کە ئادەم ناوەکانی پێوتن، خوای پەروەردگار بە فریشتەکانی فەرموو : پێم ڕاگەیاندن کە من هەموو ئەو شتانە دەزانم کە لە ئێوە شارەوەیە لە ئاسمانەکان ولەزەویدا، و ئەوەش دەزانم کە ئێوە دەری دەخەن و ئەوەشی کە دەیشارنەوە ..؟!

به لیّ ئەو ناوانەی کە (خوای گەورە ) فێری ئادەمی کرد ناوی هەموو شتەکان بوو وە ئەسپ و ئێستر و ووشتر و جنۆکە و وەحش و هەرشتێکی بەناوی خۆیەوە ناو نا و دەستە دەستە ناوی بردن ، دواتر بە فریشتە کانی ووت : مەگەر بە ئێوەم نەووت لە نهێنی دەیهێڵنەوە ، لای من شاراوە نییە ، ئەوەی شاکرایان کرد ، ئەو قسە یە بوو کەوتبوویە نەوەکانی ئادەم لە سەر زەوی خراپەکاری و خوێن رشتن دەکەن پیشە ..؟! ئەوەی بە نهێنی هێشتیانەوە ، ئەو قسەیە بوو کە بە یەکیان ووت کە ئێمە لە ئادەم باشترین و زاناترین..! کاتێك لە خۆ بایی بوون و نافەرمانی ئیبلیس بۆ فریشتە کان ئاشکرا بوو ، (خوای گەورە ) ئیبلیس دوور خستەوە ، ئیبلیس لە سەر نافەرمانی خۆی پیّ داگیری کرد ، (خوای گەورە ) لە بەهەشت دەری کرد یان وەدەری نا ..؟! پاشایەتی ئاسمانە کان و زەوی و خەزینەداری بەهەشتی لیّ ساندەوە ، فەرمووی : قال تعالی: ﴿قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ٣٤﴾ [الحِجۡر : ٣٤] واتە: خوای پەروەردگاریش پێی فەرموو : لە بەهەشت برۆ دەرەوە، چونکە تۆ دەرکراوی لە هەموو چاکەیەك، و نەفرەتت لێبێت و دووربیت لە بەزەیی من ..!! قال تعالی: ﴿عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٣٥﴾ [الحِجۡر : ٣٥] واتە : و نەفرەتت لێبێت و دووربیت لە بەزەیی من تا ئەو ڕۆژەی کە خەڵك زیندوودەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوە و پاداشت ..!![61]

✍ لە (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لیّ رازی بێت – دەڵێت : ئیبلیس هێشتا لەسەر ئاسمان و بۆ زەوی نەهاتبووە خوار ..!! (خوای گەورە ) ئادەمی لە بەهەشت جێگە کردەوە کە بە تەنیا پیاسەی تیا دەکرد و هاوسەری نەبوو تا ئارامی پیّ بگریت ..!! چەند ساتێك خەوت و کاتێك هەستا ، ژنێکی بینی کە لە سەر سەری دانیشتووە ، (خوای گەورە ) ئەو ژنەی لە پەراسووی ئادەمەوە دورست کرد ، لیّ پرسی : تۆ کێیت ..؟! ووتی : ژنێکم .

ئادەم ووتی : بۆ چ مەبەستێك دروست کراویت ..؟!

ژنکە ووتی : تا بەمن ئارام بگریت ..!!

---

- تاریخ الطبري (١٠٣) .[61]

فریشته کان که بەشێك لە زانستی ئادەمیان پی برا بوو ، ووتیان : ئەی ئادەم ناوی چیە ..؟!

ئادەم ووتی : ناوی حەوایا ..!!

فریشتەکان : ووتیان لەبەر ئەوەی لە زیندوویەك دورست کراوە ..؟!

(خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالی: ﴿وَقُلْنَا يَـٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ٣٥﴾ [البَقَرَةِ : ٣٥] واتە : وە خوای پەروەردگار فەرموی : ئەی ئادەم خۆت وحەوائی هاوسەرت لە بەهەشتدا نیشتەجێ بن، وخۆش بگوزەرێنن وچێژ وەربگرن بە بەربومەکانی و بە فراوانی لێی بخۆن لە هەر کوێیەك حەزتان لێیەتی، ونزیکی ئەم دارە مەکەونەوە بۆ ئەوەی نەکەونە تاوان و سەرپێچیەوە، و بەو هۆیەشەوە ببن بەزێنەرانی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار ..!!

دورست بوونی دایکە حەوا :

لەوەو پێش باسی دورست بوونی باوکە ئادەمان کرد زۆر بە درێژی ئیستا باسی چۆنیەتی دورست بوونی دایکە حەوا دە کەین ، بەلێ دە گێرنەوە ئادەم سەر خەوێکی شکان ، (خوای گەورە ) پەراسویەك لە پەراسووەکانی لای چەپی ئادەمی لێکردەوە بە گۆشت پری کردەوە ..؟! ئادەمیش لە خەدا بوو بە خەبەر نەهاتەوە یان بە ئاگا نەهاتەوە ، پاشان (خوای گەورە ) لە پەراسووەکی ئافرەتێکی یان ژنێکی لێ دروست کرد کە ناوی (حەوا ) بوو ، کاتێك ئادەم لە خەوەکەی هەلسا بینی ژنێك یان ئافرەتێك لە لای سەریەوە وەستاوە لێ پرسی تۆ کێت ..؟! حەوا ووتی : من ژنێکم یان ئافەرتێکم ..!! ئادەم ووتی : بۆ چی دورستکراوی ..؟! حەوا ووتی : بۆ ئەوەی لە لام ئارام بگری ..!! ئادەمیش ئارامی گرت لای ..!! بەلێ ئادەم حەوا خێزانێك بوون ، بۆ ماوەیەك لە بەهەشت دەژیان لە خۆشی و چێژی بەهەشت کەیف و خۆشیان دەبرد هەموو شتێکیان بۆ دەستە بەرو حەلال بۆ کە جگە لە یەك درخت نەبێت ، کە (خوای گەورە ) فەرمانی پێ کردبوون لەم دەرختە نزیك نەبنەوە ، کە دفەرموویت قال تعالی: ﴿وَقُلْنَا يَـٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ٣٥﴾ [البَقَرَةِ : ٣٥] واتە : وە خوای پەروەردگار فەرموی : ئەی ئادەم خۆت وحەوائی

هاوسەرت لە بەهەشتدا نیشتەجێ بن، وخۆش بگوزەرێنن وچێژ وەربگرن بە بەربومەکانی و بە فراوانی لێی بخۆن لە هەر کوێیەك حەزتان لێیەتی، ونزیکی ئەم دارە مەکەونەوە بۆ ئەوەی نەکەونە تاوان و سەرپێچیەوە، و بەو هۆیەشەوە ببن بەزێنەرانی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار ..!!

ووتراوە : ئەو بەهەشتەی کە ئادەم و حەوای لێ بوون بەهەشتی نەمری و نەبراوەی بووە ..!! یان ووتراویشە : بەهەشتێك بووە (خوای گەورە ) لە ئاسمان دروستی کردووە وە ..!! یان دەوترێت : بە هەشتێك بووە لە بە هەشتەکانی دونیادا ، ئەمانە هەر هەمووی راو بۆچوون (خوای گەورە زانا ترە ) . ئەو دەرختەی کە (خوای گەورە ) حەرامی کرد یان قەدەغەی کرد لە سەر ئادەم و حەوا ، زانایانی تەفسیر زۆر راو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە سەر ئەم جۆرە درەختە ، هەریەکەو تەفسیرێکی بۆ دەکات پشت بە خوا راو بۆ چوونی هەموویان دە خەینە روو لە باسە کانی دواتر بە دوو روو درێژی ، لێرە دا چەند راو بۆ چوونێك هەیە بەکورتی ئەمانەن :

یەکەم : دەڵێن : دەرختەی کەرەم واتە : داری ترێ ..!!

دووەم : دەڵێن : گژو گیای دانەوێلە یە ..!!

سێ یەم : دەڵێن : گژوگیای گولە گەنمە ..!!

چوارەم : دەڵێن : داری هەنجیرە یان هەنجیر بووە ..!!

پێنچەم : دەڵێن : داری خورما یە یان درەختی خورما بوو ..!!

شەشەم : دەڵێن : داری البر : ناوکەکەی وەك گورچیلە ی چێل وایە ، یان نەرمترە لە کەری زبدە شیرین ترە لە هەنگوین ..!!

ئەو فەرموودانەی دەربارەی باسی ئادەم هاتوون :

📖 لە ( أبی بن کعب ) – خوا لی رازی بیت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووی : ((إنَّ اللهَ خلَق آدمَ رجلاً طُوالاً كثيرَ شعرِ الرأسِ كأنَّه نَخلةٌ سَحوقٌ ، فلمَّا ذاقَ الشَّجرةَ سقَط عنهُ

لِباسُه فأوّلُ ما بَدا عَورتُه ، فلمَّا نظَر إلى عَورتِه جعل يشتدُّ فى الجنَّةِ ، فأخذتْ شعْرَه شَجرةٌ فنازَعَها ، فنادَى الرَّحمنُ : يا آدمُ منِّي تفِرُّ ؟ فلمَّا سمِع كلامَ الرَّحمنِ قال : يا ربِّ لا ولكن استِحياءً ، أرأيتَ إن تُبتُ ورجَعتُ أعائدِى إلى الجنَّةِ ؟ قال : نعَم ، فذلكَ قولُه فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ)) . [٦٢]

واته: (خوای گەورە ) ئادەمی دورست کرد پاوێکی بالا بەزر بوو ، پرچی یان قژی سەری زۆر بوو ، وەك دار خومارێەکی بەرز وا بوو ، کاتێك کە تامی دەرختەکەی یان دارەکەی کرد ، جل و بەرگەکەی لەبەری داکەنرا بوویەوە ، یەکە شت کە لیَ دەرکەوت شەرمکە کەی بوو یان حیا کەی بوو یان (عەورەتی ) بوو ، کاتێك کە شەرمکەی خۆی بینی یان حیا کەی خۆی یان (عەروەتەکەی ) خۆی بینی ، بە پەلە لە ناو بەهەشتدا دەر کرا ، درەخێتك پرچی یان قژی کرد لیَ کردەوە ، بانگی کرد (الرحمن ) : ئەی ئادەم لە من رادەکەی ..؟! کاتێك ئادەم فەرموودەکەی (خوای گەورە)ی بیست ووتی : ئەی پەروەردگارم نەخێر . !! لە تۆ راناکەم ، بەلام شەرم دەکەم ..؟! ئەگەر بە شیمان ببمەوەو گەرامەوە ، دەم گێریتەوە بۆ بەهەشت..؟! فەرمووی : بەلیَ . هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيۡهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٣٧﴾ [البَقَرَةِ : ٣٧] واته : ئادەم چەند ووشەیەك .کە خوا بە ئیلهام خستبویە دڵیەوە بۆ تەوبەکردن وداوای لێخۆشبون .وەردەگرێت و پێی قەبوڵ دەبێت .کە ئەوانیش بریتی بون لە : [ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ] .پاشان بەو هۆیەوە خوای پەروەردگار تەوبەی لێوەردەگرێت و لەتاوانی خۆش دەبێت، بێگومان تەنها خوای بەرز و بڵند باڵادەستە کە وەرگری تەوبەیە لەوانەی کە تەوبە دەکەن لە بەندەکانی، و میهرەبان و بەڕەحمە بەرامبەریان ..!!

[٦٢] تفسير ابن كثر (٣٢١/٥) ، والبداية والنهاية ابن كثير (٩٧/١).

له (أبی بن كعب ) – خوا لی رازی بیت – له پێغەمبەری ﷺ فەرمووی : ((إنَّ أباكم آدمَ كان كالنخلةِ السَّحوقِ ستين ذراعًا كثيرَ الشَّعرِ مُوارَى العورةِ فلما أصاب الخطيئةَ فی الجنةِ بدت له سوأتُه فخرج من الجنةِ فلقِيَته شجرةٌ فأخذتْ بناصيتِه فناداه ربُّه أفرارًا منی يا آدمُ قال بل حياءً منك واللهِ يا ربِّ مما جئتُ به)) .[٦٣]

له (ابی هريره ) – خوا لی رازی بیت- له پێغەمبەری خوا ﷺ : ((خيرُ يومٍ طلعت فيه الشمسُ يومُ الجمعةِ ، فيه خُلِقَ آدمُ، وفيه أُدخِلَ الجنةَ، وفيه أُخرِجَ منها، ولا تقومُ الساعةُ إلا فی يومِ جمعةِ )).[٦٤]

واته: باشترین رۆژی حەفتە کە رۆژی یان خۆری لیّ هەل بیّت رۆژی جمعەیە یان رۆژی هەینیە ، (خوای گەورە ) لە رۆژی جمعە یان هەینی دا ئادەمی دەرست کرد ، هەر لەو رۆژەدا لە بەهەشت دەرکراو دابەزی بۆ سەر زەوی ، هەر لەو رۆژەدا تەوبەی لیّ کرا ، هە لەو رۆژەدا وەفاتی کرد ، هەر لەو رۆژەشدا قیامەت هەلدەستیّت یان رۆژی دوای روو دەدات ..!!

له (أنس بن مالك ) – خوا لیّ رازی بیّت – له پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هبط آدمُ وحواءُ عُريانَين جميعًا عليهما وَرَقُ الجنةِ فأصابه الحرُّ حتى قعد يبكی ويقول لها يا حواءُ قد أذانی الحرُّ قال فجاءه جبريلُ بقطنٍ وأمرها أن تغزلَ وعلَّمها وأمر آدمَ بالحياكةِ وعلَّمه أن ينسج وقال كان آدمُ لم يجامِع امرأتَه فی الجنة حتى هبط منها للخطيئةِ التی أصابتْهما بأكلِهما من الشجرةِ قال وكان كلُّ واحدٍ منهما ينام على حِدَةٍ ينام أحدُهما

٦٣ - البداية والنهاية ( ٩٧/١).
٦٤ -سنن الترمذي برقم (٤٨٨).

فى البطحاءِ والآخرُ من ناحية أخرى حتى أتاه جبريلُ فأمره أن يأتىَ أهلَه قال وعلَّمه كيف يأتيها فلما أتاها جاءَه جبريلُ فقال كيف وجدتَ امرأتَك قال صالحةً )).[٦٥]

📖 له (عمر بن الخطاب ) – له پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((لما اقترف آدمُ الخطيئةَ قال يا ربِّ أسألك بحقِّ محمدٍ إلا غفرتَ لى فقال الله يا آدمُ كيف عرفتَ محمدًا ولم أَخلُقْه بعد فقال يا ربِّ لأنك لما خلقْتَنى بيدِك ونفختَ فىَّ من رُوحِك رفعتُ رأسى فرأيتُ على قوائمِ العرشِ مكتوبًا لا إله إلا اللهُ محمدٌ رسولُ اللهِ فعلمتُ أنك لم تُضِفْ إلى اسمِك إلا أحَبَّ الخلقِ إليك فقال اللهُ صدقتَ يا آدمُ إنه لَأَحَبُّ الخلقِ إلىَّ وإذ قد سألْتَنى بحقِّه فقد غفرتُ لك ولولا محمدٌ ما خلقتُك)).[٦٦]

📖 له (ابى هريره ) – خوا لى رازى بێت – له پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((احْتَجَّ آدَمُ وَمُوسَى عليهما السَّلاَمُ عِنْدَ رَبِّهِمَا، فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى، قالَ مُوسَى: أَنْتَ آدَمُ الذى خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ وَنَفَخَ فِيكَ مِن رُوحِهِ، وَأَسْجَدَ لكَ مَلَائِكَتَهُ، وَأَسْكَنَكَ فى جَنَّتِهِ، ثُمَّ أَهْبَطْتَ النَّاسَ بِخَطِيئَتِكَ إلى الأرْضِ، فَقالَ آدَمُ: أَنْتَ مُوسَى الذى اصْطَفَاكَ اللَّهُ بِرِسَالَتِهِ وَبِكَلَامِهِ وَأَعْطَاكَ الأَلْوَاحَ فِيهَا تِبْيَانُ كُلِّ شىءٍ وَقَرَّبَكَ نَجِيًّا، فَبِكَمْ وَجَدْتَ اللَّهَ كَتَبَ التَّوْرَاةَ قَبْلَ أَنْ أُخْلَقَ، قالَ مُوسَى: بِأَرْبَعِينَ عَامًا، قالَ آدَمُ: فَهلْ وَجَدْتَ فِيهَا وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى، قالَ: نَعَمْ، قالَ: أَفَتَلُومُنِي علَى أَنْ عَمِلْتُ عَمَلاً كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيَّ أَنْ أَعْمَلَهُ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَنِي بِأَرْبَعِينَ سَنَةً؟ قالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ: فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى)).[٦٧]

واته : ئادەم و موسى كەوتنە مناقشە يان گفتوگۆ له بەردەم پەروەردگاريياندا و ، ئادەم زال بوو بە

---

[٦٥] - البداية والنهاية ابن كثير (١/٩٩).
[٦٦] - البداية والنهاية ابن كثير (١/١٠١)، ابن تيمية التوسل والوسيلة ص ١٦٦،و مجموعة الفتاوى ابن تيمية (١/٢٥٤).
[٦٧] -صحيح مسلم برقم (٢٦٥٢).

سەر موسی دا ، موسی ووتی : تۆ ئەم ئادەمەیت کە (خوای گەورە ) بەدەست و توانای خۆی تۆی دورست کرد و ، لە رووحی خۆی فووی کرد بە بەرتا ، سووجدە یان کرنۆشی برد بە فریشتە کان بۆ تۆ و ، وە لە بەهەشتدا جێگیری کردی ، پاشان بە هۆی هەلە و تاوانی تۆ وە خەلکی دا بەزیە سەر زەوی ..؟! ئادەم ووتی : تۆ موسی یت کە (خوای گەورە ) بە هۆی پەیام و فەرموودە کانی خۆیەوە هەلیبژاردویت ، (الالواح ) پیێ بەخشی کە رۆشن کەورەی هەموو شتێکی تێدایە وە نزیکی کردیتەوە وە رزگاری کردی ، بوونی (تەورات ) چەندە پێش دورست کردنی من بووە ..؟! موسی ووتی : بە چل ساڵ ئادەم ووتی : ئەم ئایەتی تیابووە قال تعالى: ﴿وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ١٢١﴾ [طه : ١٢١] موسی ووتی : بەلێ . ئادەم ووتی: باشە ئایا سەرزەنشتی من دەکەی لەسەر کردەوەیەك کە پێش چل ساڵ لەدروست بوونم (خوای گەورە ) نووسیویەتی . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئادەم سەرکەوت بەسەر موسی ..!!

📖 لە (عمر بن خطاب )- خوا لی رازی بیت – دە لیت : لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (( إن موسى قال : يارب أرنا آدم الذى أخرجنا ونفسه من الجنة ، فأراه الله آدم ، فقال : أن أبونا آدم : فقال له آدم : نعم . قال : أنت الذى نفخ الله فيك من روحه ، وعلمك الأسماء كلها ، وأمر الملائكة فسجدوا لك ..؟قال : نعم . قال : فما حملك على أن أخرجتنا ونفسك من الجنة ..؟! فقال له آدم : ومن أنت ..؟! قال : أنا موسى . قال : أنت نبي بني إسرائيل الذى كلمك الله من وراء الحجاب لم يجعل بينك وبينه رسولا من خلقه ؟ قال : نعم . قال : أفما وجدت أن ذلك كان في كتاب الله قبل أن أخلق ؟ قال: نعم . قال : ففيم تلموني في شيء سبق من الله تعالى فيه القضاء قبلى . قال رسول الله ﷺ عند ذلك: فحج أدم موسى ، فحج آدم موسى ).[٦٨]

واتە : موسی دەلێت : ئەی پەروەردگارم ، دوات لیێ دەکەم ئادەمم نیشان بدەیت کە خۆی و ئێمەشی لە بەهەشت دەرکرد یان وەدەرنا ، (خوای گەورە ) ئادەمی نیشاندا ، ووتی : تۆ ئادەمی باوکمانی ، ئادەم

---

[٦٨]- سنن ابو داود (٤٧٠٣).

پی ووت : بەڵێ . ووتی : تۆ ئەو کەسەی کە (خوای گەورە ) لە رووحی خۆی گیان بە بەر کردی و ، وە سەرجەم نەوەکانی فێر کردی و ، فەرمانی کرد بە فریشتەکان کە سووجدە یان کرنۆشی بۆ ببەن ؟ ووتی : بەڵێ . موسی ووتی : کەواتە چی وای لە تۆ کرد کە خۆت و ئێمەش لە بەهەشت وەدەرنێ؟ ئادەم پێ ووت : ئەی تۆ کێت .؟! ووتی : من موسام ، ئادەم ووتی : پێغەمبەری نەوەی ئسرائیلیت ، ئەو کەسەی کە (خوای گەورە ) لە پشت پەردەوە قسەی لەگەل کردیت بەبێ دانانی فەریشتە لە نێوان تۆ خوێدا ؟ ووتی : بەڵێ . ئادەم ووتی : ئایا نازانی ئەوەی من کردوومە لە (اللوح المحفوظ ) دا نووسراوە پێش ئەوەی دورست بکرێم ؟ ووتی : بەڵێ . ئادەم ووتی : دەی کەواتە بۆچی سەر زەنشتم دەکەی لە سەر کردنی کارێ کە بریاری پێشتری (خوای گەورە ) ی لەسەر بووە پێش ئەوەی من دروست بکرێم . پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەدا فەرمووی : ئادەم موسای بەزاند ، ئادەم موسای بەزاند ..!!

📖 لە (ابو موسى الاشعری ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت: لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((إنَّ اللهَ خلَقَ آدَمَ من قَبضةٍ قَبَضَها من جميعِ الأرضِ، فجاءَ بنو آدَمَ على قَدْرِ الأرضِ: جاء منهم الأحمرُ، والأبيضُ، والأسودُ، وبيْنَ ذلك، والسَّهلُ، والحَزْنُ، والخبيثُ، والطَّيِّبُ)).[٦٩]

واتە : بێ گومان (خوای گەورە ) ئادەمی دروست کرد لە چەنگێك یان مشتێك خۆڵ لە هەموو بەش و پارچەکانی سەر زەوی هەلی گرتووە ، بۆیە نەوەکانی لەسەر شێوازی هەموو زەوین ، لە نێوانیاندا رەنگی سور و سپی و رەش و تێکەل بوون ، ئەو سێ یانە بنچینەی رەنگە کانن ، رەنگی خۆلە کانی زەوی ، هەروەها کەسانی لە سەر خۆ رووح سووك و توند و رەق و خەمۆکی و دەرون پیس و دەرون پاك و جیاواز لە مانە تێکەل بوون ..!!

---

[٦٩] - سنن ابي داود برقم (٤٦٩٣).

📖 له (أنس بن مالك ) – خوا لىٚ رازى بێت – له پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((لَمَّا صَوَّرَ اللَّهُ آدَمَ فى الجَنَّةِ تَرَكَهُ ما شاءَ اللَّهُ أنْ يَتْرُكَهُ، فَجَعَلَ إبْلِيسُ يُطِيفُ به، يَنْظُرُ ما هُوَ، فَلَمَّا رَآهُ أجْوَفَ عَرَفَ أنَّه خُلِقَ خَلْقًا لا يَتَمالَكُ)).[٧٠]

واته: كاتێك (خواى گەوره ) دیمەنی یان شێوەی ئادەمی كێشا له بەهەشت دا ، وازى لىٚ هێنان ئەوەنەی كه (خواى گەوره ) ویستی وازى لىٚ بهێنێت ، ئیبلیس بەدەورى دا دەگەراو سەیرى دەكرد هەتا بزانێت چیه ئەمه ..؟! كاتىٚ بینی كه ناو سكی بۆشه ..!!زانی به شێوەیەك دوروست كراوه كه خۆی ناگرێت ..؟!

📖 له (ابو هريره ) – خوا لىٚ رازى بێت – دەلێت : له پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((لمَّا خلقَ اللَّهُ آدمَ ونفخَ فيهِ الرُّوحَ عَطسَ فقالَ: الحمدُ للَّهِ، فحمِدَ اللَّهَ بإذنِهِ، فقالَ لَهُ ربُّهُ يرحَمُكَ اللَّهُ يا آدمُ، اذهب إلى أولئِكَ الملائِكَةِ، إلى ملأ منهُم جلوسٍ فقل: السَّلامُ عليكُم قالوا: وعليكَ السَّلامُ ورحمةُ اللَّهِ، ثمَّ رجعَ إلى ربِّهِ، قالَ: إنَّ هذِهِ تحيَّتُكَ وتحيَّةُ بَنيكَ، بينَهُم فقالَ اللَّهُ لَهُ ويداهُ مَقبوضتانِ: اختَر أيَّهما شئتَ، قالَ: اختَرتُ يمينَ ربِّى وَكِلتا يدى ربِّى يمينٌ مبارَكةٌ ثمَّ بسطَها فإذا فيها آدمُ وذرِّيَّتُهُ، فقالَ: أى ربِّ، ما هؤلاءِ؟ فقالَ: هؤلاءِ ذرِّيَّتُكَ، فإذا كلُّ إنسانٍ مَكْتوبٌ عُمرُهُ بينَ عينيهِ، فإذا فيهم رجلٌ أضوَؤُهُم أو من أضويِهِم قالَ: يا ربِّ مَن هذا؟ قالَ: هذا ابنُكَ داودُ قد كتبتُ لَهُ عُمُرَ أربعينَ سنةً. قالَ: يا ربِّ زِدهُ فى عمرِهِ. قالَ: ذاكَ الَّذى كتبَ لَهُ. قالَ: أى ربِّ، فإنِّى قَد جعَلتُ لَهُ من عُمْرى ستِّينَ سنةً. قالَ: أنتَ وذاكَ. قالَ: ثمَّ أُسْكِنَ الجنَّةَ ما شاءَ اللَّهُ، ثمَّ أُهْبِطَ منها، فَكانَ آدمُ يعدُّ لنَفسِهِ، قالَ: فأتاهُ ملَكُ الموتِ، فقالَ لَهُ آدمُ: قد عجَّلتَ، قَد كتبَ لى

[٧٠] - صحيح مسلم برقم (٢٦١١).

ألفُ سنةٍ. قالَ: بلَى ولَكِنَّكَ جعَلت لابنِكِ داودَ ستِّينَ سَنةً، فجَحدَ فجَحدَتْ ذرِّيَّتُهُ، ونسيَ فنَسيَتْ ذرِّيَّتُهُ. قالَ: فمِن يومئذٍ أُمِرَ بالكتابِ والشُّهودِ)).[٧١]

واته: کاتێ (خوای گەورە ) ئادەمی دروست کرد ، رووحی کرد بەری و پژمی ، فەرمووی (الحمد لله ) سوپاسی خوای کرد بە رێگە پێدانی خوا خۆی ، پەروەردگاری پێ فەرموو : ( رحمك الله ) رەحمەتی خوات لێ بی ئەی ئادەم ، برۆ بۆ لای ئەو فریشتانە بۆ لای دەستە یەکیان یان کۆمەڵێکیان کە دانیشتوون ، بەلێ : (السلام عليكم ) واتە : سلاوی خواتان لێ بێ ، ووتیان (وعليك السلام ورحمه الله ) واتە : سلاو لەتۆ ش رەحمەت خوات لێ بێ ، لە پاشاندا گەرایەوە بۆ خزمەت پەروەردگاری ، فەرمووی : ئەمە سلاو کردنی تۆ و نەوەکانتە لە نێوان خۆیاندا ، (خوای گەورە ) هەر دوو دەستی داخست و فەرمووی : هەلبژێرە کامیانت دەوێت ..؟! دەستی راستی پەروەردگاری هەلبژارد ، هەر دوو دەستی پەروەردگار هەر راست پیرۆزە ، لە پاشاندا دەستی کردەوە ئادەم و نەوەکانی تێدا بوو ، فەرمووی : ئەی پەروەردگارم ئەوانە کێن ..؟! فەرمووی : ئەوانە نەوەی تۆن ..!! هەموو کەسێ لەوانە تەمەنی لە نێو چاوانی نووسراوە ..؟! یەکێکیانی تێدا بوو لە هەر هەموویان نورانی ترو یان جوان ترو دەروشاوەتر بوو ،ئادەم فەرمووی : ئەی پەروەردگارم ئەوە کێیە ..؟! فەرمووی : ئەمە داودی کورتە چل سال تەمەنی بۆ نووسراوە ..!! ئادەم فەرمووی : ئەی پەروەردگارم تەمەنی زیاتر بکە ..؟! فەرمووی : هەر ئەوەندەم بۆ نووسیوە ..!! ئادەم فەرمووی : ئەی پەروەردگارم..؟! من شەست سال لە تەمەنی خۆم دەخەمە سەر تەمەنی ئەو ..!! فەرمووی : باشە . (خوای گەورە ) فەرمووی : لەپاشاندا لە بەهەشت نیشتە جێ بە ئەوەندەی خوا ویستی لە سەر بێ ، ئینجا دوای ئەوە دابەزە بۆ سەر زەوی ، ئادەم خۆی ئامادەکرد ، فریشتەی مەرگ هات بۆ لای رووحی بکێشی ، ئادەم فەرمووی : بەراستی تۆ پەلەت کرد من هەزار سالم بۆ نووسراوە ..؟! فریشتەی مەرگ ووتی : بەلێ . بەلام تۆ شەست سالت داوە یە داود ی کورت ..!! جا نکۆلی کرد و نەوەکانیشی نکۆلیان کرد ، لە بیری چوو ، نەواکانیشی لە بیریان چوو..!! فەرمووی : ئیتر لەو رۆژەوە فەرمانکرا بە نووسین شایەت ..!!

---

[٧١] -سنن الترمذي برقم (٣٣٦٨).

له (عمري بن خطاب ) – خوا لی رازی بیت – پرسیار کرا دەربارەی ئەم ئایەتەی كە (خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿وَإِذۡ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَأَشۡهَدَهُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ شَهِدۡنَآۚ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ١٧٢﴾ [الأَعْرَاف : ١٧٢] واتە : وە ئەوەش بەیاد بهێنەوە .ئەی پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم .کە پەروەردگاری تۆ نەوەکانی ئادەمی لە پشتی باوانیان دەرهێنا، و داوای لێکردن کە دان بنێن بە یەکتاپەرستێتی خۆی، بەوەی لە دەروون وفیترەتیاندا جێگیری کردبوو کە تەنها ئەوە پەروەردگار و بەدیهێنەر و خاوەنیان، ئەوانیش دانیان بەوەدانا بۆی، بۆ ئەوەی نەك لە ڕۆژی دواییدا نكۆڵی لێ بكەن، و دان بە هیچ شتێك لەوانەدا نەنێن، و ئیدیعا و لافی ئەوە لێبدەن بەڵگەی خوای پەروەردگاریان لەسەر جێگیر نەبووە، و نەش هیچ زانیاریەکیان لەو بارەیەوە هەیە، بەڵكو بێ ئاگان لێی .!! ((فَقالَ عمرُ بنُ الخطَّابِ : سَمِعْتُ رسولَ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ سُئِلَ عنها ، فقالَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ : إنَّ اللَّهَ خلقَ آدمَ ، ثمَّ مَسحَ ظَهْرَهُ بيمينِهِ فاستخرجَ منهُ ذرِّيَّةً ، فقالَ : خلَقتُ هؤلاءِ للجنَّةِ وبعمَلِ أهلِ الجنَّةِ يعمَلونَ ، ثمَّ مسحَ ظَهْرَهُ فاستخرَجَ منهُ ذرِّيَّةً ، فقالَ : خلَقتُ هؤلاءِ للنَّارِ ، وبعَملِ أهلِ النَّارِ يعمَلونَ . فقالَ الرَّجلُ : ففيمَ العملُ يا رسولَ اللَّهِ ؟ قالَ : فقالَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ : إنَّ اللَّهَ إذا خلقَ العبدَ للجنَّةِ استَعملَهُ بعملِ أهلِ الجنَّةِ حتَّى يموتَ علَى عملٍ من أعمالِ أهلِ الجنَّةِ فيُدْخِلَهُ اللَّهُ الجنَّةَ ، وإذا خلَقَ العبدَ للنَّارِ استعملَهُ بعملِ أهلِ النَّارِ حتَّى يموتَ علَى عملٍ من أعمالِ أهلِ النَّارِ ، فيُدخِلَهُ اللَّهُ النَّارَ)).[٧٢] واتە : پێشەوا (عمری کوری خەتاب ) – خوا لیّ رازی بێت – دەڵێت : بۆ خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەرباری ئەم ئایەتە پرسیارم لیّ کرد فەرمووی : کاتیّ (خوای گەورە ) ئادەمی دورست کرد ، دەستی هێنا بە پشتی ئادەمدا نەوەیەك دەرچوو ، فەرمووی : ئەمانە بۆ بەهەشت ، بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت کار دەکەن ..؟! لە پاشاندا دەستی هێنا

---

٧٢- سنن الترمذي برقم (٣٠٧٥).

به پشتی ئادەمدا نەوەیەك دەرچوو ، فەرمووی : ئەمانە بۆ دۆزەخ بە كردەوەی ئەهلی دۆزەخ كار دەكەن ..؟! پیاوێ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، كەواتە بۆ كار بكەین لە كاتێكدا كە سەرنجامان یان چارە نووسمان دیار كراوە بۆ بەهەشت یان بۆ دەۆزەخ ..؟! فەرمووی : كاتێ (خوای گەورە ) بەندەیەكی دروست كرد بۆ بەهەشت بەكاری دەهێنی بۆ ئەنجامدانی كردەوەی ئەهلی بەهەشت هەتا سەرنجام لەسەر یەكێ لە كردەوەكانی ئەهلی بەهەشت دەمرێ ، بەوەش دەچێتە بە هەشتەوە ، كاتێ كە بەندەیەكی دروست كرد بۆ دۆزەخ بەكاری دەهێنی بۆ ئەنجامدانی كردەوەی ئەهلی دۆزەخ هەتا سەرنجام لە سەر یەكێ لە كردەوەكانی ئەهلی دۆزەخ دەمرێ و بەوەش دەچێتە دۆزەخەوە ..!!

قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ﴾ واتە: بیریان بێنەوە كاتێك كە پەروەردگاری تۆ بە فریشتەكانی ووت ، قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ واتە: بەراستی من جێ نشینێك دورست دەكەم لە سەر زەوی ، قال تعالى: ﴿قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن﴾ واتە: فریشتەكان ووتیان : ئایا كەسێكی وای تیا دروست دەكەیت ، قال تعالى: ﴿يُفۡسِدُ فِيهَا﴾ واتە : كە خراپە و گەندەلی تێدا بكات ، قال تعالى: ﴿وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ واتە : وە خوێنی تیا بڕێژێ ، قال تعالى: ﴿وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ﴾ واتە: لە كاتێك كە ئێمە یادت دەكەین بە ستایش كردنت ، قال تعالى: ﴿وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ واتە : وە پاك رات دەگرین ، قال تعالى: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ واتە : (خوای گەورە ) فەرمووی : بێ گومان ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن ..!!

بەلێ لەم چەند ئایەتەی داهاتوو دا كە دەكاتە ئایەتی ٣٠ تاكو ئایەتی ٣٩ لە سورەتی البقرە دا ، باسی باوكە ئادەم دەكات كە چۆن (خوای گەورە ) جێ نشینی كردووە لە سەر زەوەی وە باسی فریشتەكان دەكات ، ئینجا باسی دروست بوونی باوكە ئادەم دەكات ، وە جێ نیشێنی لە زەویدا بۆ بەڕێوە بردنی كاروباری ژیانی خۆی وە حوكم و دادپەروەی بە بەرنامەی (خوای گەورە ) ، هەروەها رێز لێنانی پەروەردگار بۆ باوكە ئادەم ، وەك : جێنشینی لە سەر زەویی و فێر بوونی زمانەكان ، باوكە ئادەم و دایكە حەوا لە بەهەشتدان یان هەلوێستی شەیتان بەرانبەریان ، ئاگادار كردنەوەی فریشتە كان بە دانانی یان جێ نشینی

باوكه ئادەم لە سەر زەوی دا ، وە نەوە كانی باوكه ئادەم لە سەر زەوی دا ، ووتەی فریشتە كان ، یان ڕێزی باوكه ئادەم بە سەر فریشتە كاندا ، یان دەرخستنی ڕێزی باوكه ئادەم بە زانیارە كەی ، وەك : ڕێز گرتنی باوكه ئادەم ئەوەی كە فریشتە كان سووجدەیان بۆ برد تەنها شەیتان نەبێت ، بێ گومان ئەوەی ڕێز و پایەكی یەكجار گەورە یە كە ئەم فەزل گەورەیەی بە باوكه ئادەم بەخشی ، كە فریشتە كان سووجدەیان بۆ برد ، تەنها شەیتان نەبێت ..؟! كەواتە : فریشتە كان هەر هەموویان فەرمانەكانی پەروەردگاری خۆیان جێ بەجی كرد تەنها شەیتان نەبێت بێ فەرمانی كرد ، ئەوە وەك باسمان كرد فەزلێكی یەكجار گەورە یە بۆ باوەكە ئادەم ، وە ڕێزێكی تری (باوەكە ئادەم و دایكە حەوا ) ئەوەی كە (خوای گەورە ) پیان دەفەرموویێت : خۆت و هاوسەرەكەت لە بەهەشت جێ نیشین بن ، بێ گومان ئەمەش ڕێز و فەلێكی گەورەیە ، هەروەها تاقی كردنەوەی باوكه ئادەم لە بەرانبەر پەروەردگای خۆی ، هەروەها دانانی باوكه ئادەم بە هەلەكەی وە پەشیمان بوونەوەی لەم هەلەی ئەنجامی دابوو دەستی كرد بە دوعاو نزاو پارانەوە لە (خوای گەورە ) ، بەلێ ئەم چەند ئایەتەی كە باسایان دەكەین دەربارەی باوكه ئادەم دایكه حەوایە ، لە ئایەتی ٣٠ تاكو ئایەتی ٣٩ سورەتی البقره دا ..!!

بەلێ لە دوایی ئەوی كە (خوای گەورە ) دەسەلات هێز و توانای خۆی بۆمان باس دەكات لە دەرست كردنی ئاسمانە كان و زەوەی دا كە دەفەرموویێت قال تعالى: ﴿لَخَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَكۡبَرُ مِنۡ خَلۡقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٥٧﴾ [غَافِر : ٥٧] واتە: ئەی خەلكینە دلنیابن دورستبوونی ئاسمانەكان و زەوەی زۆر گەورە ترو فراوانتر و گرنگترە لە دروستبوونی سەرجمە ئەو خەلكەی بە درێژایی زەمین و زەمان هێناومانتە سەر گۆرەپانی ژیان ، بەلام زۆر بەی ئەو خەلكە دەركی بە ئەم ڕاستیە ناكەن وهەست بە گەورەیی و فراوانی دەسەلتی ئیمە ناكەن ..؟! هەروەها دەفەرموویێت قال تعالى: ﴿إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ١٠٧﴾ [هُود : ١٠٧] واتە : بەراستی پەروەردگار تەواو كاریە بۆ هەر شتێك كەبیەوێت یان ویستی لێ بێت ..؟! بەلێ پاش دورست كردنی ئاسمان و زەوی ،بەلام پێ دورست كردنی ئاسمانەكان و زەوی ڕووی كردە فریشتە كان پێ فەرموون: جێگیرەوەیەك یان جێ نیشینێك جێگیر دەكەم لە سەر زەوەی ئاگاداری فریشتە كانی كردەوە بەم جێ نشینە كە لە سەر زەوی هەروەك

دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ۝٣٠﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] بەلێ هەموو زانایانی تەفسیر دەلێن : لە پاش دەرست کردنی ئاسمانەکان و زەوی (خوای گەورە ) ئینجا باسی چۆنیەتی دروست بوونی ئادەمیزاد و هەروەها جێ نشینی لە سەر زەوی دەکات ، هەروەك (خوای گەورە ) بە فریشتەکانی فەرموو : من جێ نشینێك لەسەر زەوی جێگیر دەکەم یان دەکەمە بە خلیفە لەسەر زەوی دا ، جا بۆ ئەم مەبەست جێ نشینەکەش یان خلیفە کەش (ئادەم ) بێت یان ئادەم و نەوەکانی ئادەم ، ئینجا فریشتە کانیش وا یان بە بیر هات کە ئەو دەرستکراوە نوێیە ، دەبێت خاوەن هێزو توانا بێت وشتی خراپەی لێ بوەشێتەوە لەبەر ئەوە بۆ زانین پرسیاریان لە خودا کردو وتیان : ئایا کەسێك دەکەیتە جێنشینی خۆت لە زەویدا کە خراپە دەکات و خوێن دەرێژێت ..؟! کەسێك کە وەکو ئێمە نیەو کە هەمیشە بەندایەتیت بۆ دەکەین و هەمیشە باسی پاکی و دووریت لە گشت جۆرە کەم و کورتییەك لە سەر زارمانە ..؟! ئینجا خودا پێی فەرموون ، ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن ..؟! ئینجا هەر رووی لە خراپە نابیچت و هەموویان خراپەکار نابن بەلکو کەسی چاك و خودا پەرستیان تیا هەلدەکەوێت، وە زەوی ئاوەدان دەکەنەوە و دەیرازیننەوە ، ئینجا فریشتەکان ، لەو بریارو فەرمانە سەرسام بوون هەر چەندە هەموو فەرمانێکی خوایان بە خۆشی وملی کەچی وەرئەگرت بەلام هەروەك هەست بە گەورەیی وترسناکی کردەوەی ئەو مرۆڤە بکەن وە چەند کردەوەیەکی تریان لە پێش ئەو خراپە و خوێن رشتن دیبووبێ ، یان پێیان ووترابێ یان بۆیان دیار کرابێ هەندێ لە زانایانی تەفسیر ووتیانە : (خوای گەورە ) خستیە ناو دلیانەوە و کە جۆری ئادەمی بە سروشت بەدکارو خوێن رێژیان تێدایە ، بۆیە ئەو پرسیارە کرد و ، وە (ابن کثیر ) یش – رەحمەتی خوای لێ بێت – ئە لێ کە فریشتەکان دەلێن : قال تعالى: ﴿أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا﴾ مەبەستیان رەخنە گرتن و سووکایەتی و حە سوودی بردن بە (ئادەم )نە بوو ، بەلکو پرسیارە لە حیکمەتی خودا بۆ دروست کردنی ئادەم و جێنشین کردنی لە زەویدا وەك بلێن : ئاخۆ (حیکمەت ) چی بێ لە دروست کردنی ئادەمدا لە کاتێکدا فسادی بەدکاری و گەندەلی دەکەن ..؟!

هەندێکی تر لە زانایانی تەفسیر دەڵێن : دڵیان بەبەر نەوەستاوە خۆیان پێ ڕانە گیراو پرسیاریان کرد گوتیان ئەی خودایە یەکێکی تێدا دروست دەکەی خویچنی تیچدا برێژی وخراپەی تیچدا بکات ..؟! ئیچمەش هەر خەریکی (تەسبیح وتە حمیدی ) تۆین وەستایش و پەرستنی تۆ بین ، ئینجا (خوای گەورە ) وەڵامی دانەوە هەروەك لە پێشەوە فەرمووی : قال تعالی: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ واتە : ئەوەی دەیزانم کەبەرژەن وەندی تێدایە ، من بەس ئامانج درەستی دەکەم وتوانای پێ ئەدەم کە هەمووکارو پێویستیەك جێ بەجێ بکات ئێوە تواناتان نیە بە جێ بێنن و تێبکەن و نایزانن کە هەر توانایە ك هەیە ، هەمووی خودا داویەتی ، واتە : ئەوەی ئێوە نایزانن من ئەیزانم زانایی خوا بەسەر هەمووشتێك دایە چونکە خۆی دروستکەرو دانەری مرۆڤە لە یەکەم رۆژی تا دوایی تەمەنی دەزانی چ دەکات و چی بەسەر دێت ،جا بێ گومان فریشتە لە و پرسیارە مەبەستیان رەخنە گرتن نەبوو لە فەرمانی خودا هەروەها (حەسوودیشیان ) بە ئادەم هەڵنە برد هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد بەڵکو مەبە ستیان زانین بوو ، چونکە ئەوان بە گوێرەی سروشتە پاکەکەی خۆیان وایان مەندە ئەکرد کە ر هەر ستایشی خوا مەبەستە ئش و کاری ئەوانیش هەر ستایشی خوایە ، ئەوان خەو خواردنیان بۆ دانە ندراوە ، هەر فەرمانێکی خوا پێیان بدات بێ بیر کردنەوە و لێکدانەوە بە جێ ئەهێنن لە خوا یاخی نابن هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦﴾ [التَّحْرِيم : ٦]واتە : بێ فەرمانی (خوای گەورە ) ناکەن لەو کارانەی کە فەرمانیان پێ دەدات ، وە هەرچی یەکیان پێ بووترێ ئەنجامی دەدن یان جێ بەجێ دەکەن ..!! بەڵێ لە ئایەتە دا (خوای گەورە ) دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ﴾ [البَقَرَة : ٣٠] .

له (ابن تیمیه ) – رەحمەتی خوای لیّ بیّت – دەلیّت : ئەمە بەلگەیە (خوای گەورە ) زانیویەتی ئادەم لە بەهەشت دەردەچیّت ، ئەگەر دەرنەچووبا لە بەهەشت نە دەکرایە خلیفە یان جیّگیرەوە لە زەویدا ..؟! فەرمانی بە ئادەم کرد کە لە بەهەشت نیشتەجیّ بیّت و هیّچ نەخوات لە دەرختەکە ، نەهی کرد لە گویّرایەلی کردنی ئیبلیس یان شەیتان ، وە بە خواردنی دەرختەکە ، بۆیە هەندیّك لە پیّشینە چاکە کانی ئەم ئۆمەتە دەلیّن : دەرچوونی ئادەم لە بەهەشت تەقدیر کردپیّش ئەوەی فەرمانی پیّ بکات بە چوونە بەهەشت بە ووتەی قال تعالی: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ .[٧٣]

بەلیّ بیّ گومان جیاوازی هەیە لە نیّوان زانایانی تەفسیر سەبارەت ووتەی ﴿خَلِيفَةً﴾ واتە : جیّ نشینە یان ئەم جیّگیرەوەیە :

یەکەم : لەوانەیە مەبەستی (خوای گەورە ) بەم ﴿خَلِيفَةً﴾ یان جیّگیرەوەیە ، ئادەم و نەوەکانی ئادەم بیّت ، کە دەبنە جیّ نشینی (خوای گەورە ) لە گەیاند و بلاو بوونەوەی پەیامی خوا و شەریعەتەکەی و حوکم و دادەگەری کردن لە نیّوان خەلکی دا ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِي ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ۝٢٦﴾ [ص : ٢٦]واتە : ئەی داوود ئیّمە تۆمان کردووە بە جیّنشین لەزەویدا و مولّکمان پیّ بەخشیوی تیّیدا، جا تۆش بەدادپەروەری حوکم لەنیّوان خەڵکیدا بکە، و شویّنی هەوا و ئارەزوو مەکەوە لە حوکمدا، چونکە ئەوە گومڕات دەکات لە ئاین و شەرعی خوا، بیّگومان ئەوانەی لەڕێگەی خوا لادەدەن سزایەکی سەختی ئاگریان بۆ هەیە، بەهۆی ئەو بیّئاگاییەیان لەڕۆژی پاداشت ولیّپرسینەوە . ئەمەش وەصیّتی تیّدایە بۆ کاربەدەستان بەوەی کە حوکم بەو ڕەوایی و پەیامە بکەن کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە و لیّی لانەدەن، چونکە لەڕێگەی خوا لادەدەن و گومڕا دەبن ..!!

---

[٧٣] - مجموعة الفتاوى ابن تیمیة (٨/٤٩٢).

دووەم : لەوانەیە ئەم ووتەیەش بێت کە دەڵێن : هەندێکیان دەبن بە جێنشینی هەندێکی تر ، چونکە زەوی ئاوەدان بوو پێش ئادەم ، لەسەر ئەمە ووشەیە ﴿خَلِيفَةً﴾ بەمانای (فاعل ) کردار دێت ، بەلام سەر ووتەی یەکەم بە مانای (مفعول ) بەرکار دێت ، هەر دوو کیان ئەم ووتانە هەڵدەگرێت ، هەر دووکیان روویانداوە ، بەلام ووتەی قال تعالى: ﴿أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ ﴾ بەم ووتەیە بەلگەیە لە سەر روودانی یان جێنشینی پێش ئادەم یان پێش خۆی روویانداوە چونکە پێش ئادەم جنۆکە دورستکرا بوون لە سەر زەوی خوێنیان دەرشت و فسادی و خراپە کاریان بلاو دەکردەوە ..!! هەر بۆیە فریشتە کان پرسیاریان لە (خوای گەورە ) کرد ،قال تعالى: ﴿قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ بێ گومان ئەم پرسیار کردنەی فریشتەکان ب ئەوە بووە هەتا بزانن حیکمەتی ئەم ﴿خَلِيفَةً﴾ یان جێگیرەوەیە جیە ..؟! نەك مەبەستیان رەخنە و نقد گرتن بێت لە (خوای گەورە ) یان حەسوودی بردن بێت بە ئادەم و نەکانی ئادەم ، چونکە فریشتەکان زانسیان هەیە دەزانن کە (خوای گەورە ) هیچ شتێك ناکات بی حیکمەت ، وە مەبەستیش لە جێ نیشین دا نان ئەوەی کە زەوی ئاوەدان بکرێتەوە بە چاکە کردن یان بە کاری چاکەکاری و باشە کردن دوور کەوتنەوە لە خراپەکاری و فسادای خوێن رشتن ..؟! ئەم ووتەیەش لە باتی تەزکیە نەفس نیە بەلکو تەنها مەبەستیان هەوالە یان خەبرە ، کە دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ .

لەسەر ئەم ووتەیەش کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت قال تعالى: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ٣٠﴾ واتە : ئەوەی ئێوە نایزانن ، من دەیزانم ..!! (ابن قیم ) – رەحمەتی خوای لێ بێت –

دەڵێت : (خوای گەورە ) وەلامی پرسیاریانی داوە بەوە زانستی هەیە بە ناخی هەموو شتەکان کە ئێوە نایزانن ..؟! (خوای گەورە ) (علیم ) و (حکیم ) لەم جێنشینە باشترینی دورستکراوەکانی هەلبژاردووە ..!! لە پێغەمبەران و پیاو چاکان و شەهیدەکان و راست گۆیەکان زانایانی ئەهلی علیم زانستی شەریعی ئەوانەی باشتر فە فریشتە کان ، ئیبلیسی لعنەتی لیّ کراوی بەدیارکەوت کە خراپترینی جیهانیانە ، ئەمەی دەرکرد ، وە ئەمەشی دەرکرد ، فریشتەکان زانستیان بەمە و بەوی تر نەبوو ..!! هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقًا ٦٩﴾ [النِّسَاء : ٦٩] واتە : وە هەرکەسێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای بەرز و بڵند و پایەبەرز و ڕێبازی پەیامبەروکەی موحەممەد بکات ئا ئەوانەن کە پلە و پایەیان بەرزبووەتەوە، و دەبنە هاوەڵ و هاودەمی ئەوانەی کە خوای پەروەدگار لە بەهەشتدا نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون لە نێردراوان و ئەو ڕاستگۆیانەی کە ڕاستگۆیی تەواویان هەبوو بەوەی کە پەیامبەران پێیهاتوون، بەباوەڕ وکردەوە وگوفتاریان، وە شەهیدانی ڕێبازی خوای پەروەردگار و باوەڕدارانی بۆ خوا صوڵحاو، وە ئەوانە چاکترین هاوەڵ و هاودەمن لە بەهەشتدا ..!!

وەکو لە پێشدا باسمان کرد چۆنیەتی دورست بوونی ئادەم هەروەها لە خۆبایی بوونی ئیبلیس و پاشایەتی سەر زەوی لێردا ئاماژە بە گێرانەوەکان دەکەین کە لە ( عبد الله کوری عباس ) بۆمان ئەم چیرۆکە دە گیرێتەوە ، کە لە (ابن جریر) و (ابن عساکر ) ئەم گێرانەوە (کوری عباس) یان باس کردووە ، ئێمەش ئاماژە بەم گێرانەوەیە دەکەی بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم ئایەتانەی سورەتی القبرە ، کە لە ئایەتی ٣٠ دەست پیّ دەکات تاکو ئایەتی ٣٩ کە دەربارەی چیرۆکی دورست بوونی ئادەم و پاشایەتی ئیبلیس و ، وە لە خۆ بایی بوونی ئیبلیس کە خۆی بە گەورە دەزانی و حەسوودی برد بە ئادەم ، بەلام ئەو لە خۆ بایی بوونە و حەسوودیە بۆ هۆکاری ئەوەی کە لعنەتی یان نەفرینی خوای لیّ بوو ، هەر ئەمەش بۆ هۆی دەست بەردار بوونی پاشایەتیەکەی دەرکردنی لە خەزینەداری بە هەشت وە دەر کردنی ئیبلیس لە بە هەشت دا ، ئەمەش سەرئەنجامی خۆ بەگەورە زانینە بۆ ئەو کەسانەی کە هاوشێوەی ئیبلیس دەکەن ،

چونکە دەبێتە دوور حەوتنەوەی لە رەحمەتی خوا ، هەروەها سزایەکەشی نەفرین یان لعنەتی خوایە ، بۆیە بە پێویستم زانی دەربارەی ئەم چیرۆکە کە بەدرێژی باسی بکەم چونکە ئەمە سەرەتای دورست بوونی بشریە ت و ئادەمیزادە ، بۆیە دەبێت روون بکرێتەوە چونکە زۆر کەس لەم بەسەر هات و چیرۆکە لە هەلە دا چوون ، بیٔ گومان ئەمانە کە لە قورئان دا هاتوون هەر هەمووی تەنها پیتێکیش ئێمەی موسلمانی باوەرداری راستەقینە گومامان لیٔ نیە ، ئەگەر غیب شتە پەناهاکانیش بێت دەبێت سە تان سەد باوەری پیٔ بکەین ، بەلیچ ئەمەی خوارەوە گێرانەوە کەی (کوری عباس ) بۆمان دە گێرێتەوە ..!!

✍ لە ریٔ (السدی ) لە (أبی مالك وأبی صالح ) لە (عبدالله بن عباس) – خوا لیٔ زای بێت – دەلێت : کاتێك (خوای گەورە ) لە دورست کردن تەواو بوون پاشان لە دا لەسەر عەرش جێگەی گرت ، ئیبلیس لە فریشتەکانی ئاسمانی دونیا بوو ، ئەو لە هۆزی یان لە قبیلە فریشت کان بوو ، بە وان دە ووترا (جن ) یان جنۆکە ، ناویان بە (جن ) یان جنۆکە دەبرا ، چونکە خەزێنە داری بەهەشت بوون ، وە ئیبلیس یان شەیتان لە گەل فریشتە کان خەزێنە دار بوون ، چونکە ئیبلیس هەم پاشا بوو هەم خەزێنەداری بەهەشت بوو ، خۆی لە هەموان بەگەورە تر دەزانی ، بۆیە دەی ووت : (خوای گەورە ) بۆیە ئەم پاشایەتیەو دەسە لاتەی بە من بە خشیوە ، چونکە لە پێشرو زیاترو گەورە ترم لە کەسانی دیکە ..؟! هەروەها لە خۆ بایی بووون خۆ بەگەورە زانینی ئیبلیس لە نەفسی خۆیدا جێگەی گرت ، چونکە ئیبلیس گومانی کرد کە لە فریشتەکانی تردا لە پێشترە ، هەر بۆیە (خوای گەورە ) بە ناو دل دەروونی ئیبلیس زانی و بە فریشتە کانی فەرموو : قال تعالی: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] واتە: من جێگیرەوەیەك یان جیٔ نشینێك جێگیر دەکە م لەسەر زەوی دا ..؟! فەریشە کان ووتیان : ئەی پەروەردگار ئەو جیٔ نیشینە یان جێگیرەوەیە کیٔ یە ..؟! فەرمووی : ئەم جیٔ نیشینە نەوەشی دەبێت ، خراپەکاری ئەنجام دەدان لەسەر زەوی و بەخیلی حەسوودی ، وە کوشتار یەکتری دەکەن ، فریشتە کان ووتیان : ئەی پەروەردگارا ، ئایا تۆ کەسانێك دادەنیٔ لەسەر زەوی خوێن برێژن و وە تاوان خراپەکاری بکەن ..؟! واتە : (پێشتر جنۆکە هەبوون لەسەر زەوی خوێن رشتنیان کردووە بۆیە فریشتەکان وایان ووت ، ئەمەپرسیاری حیکمەت نەك رەخنە گرتنە )، هەروەها ووتیان : ئەی پەروەگار لە کاتێك دا ئێمە تۆ

به گەورە وپاك رادەگرین ، لە هەموو کەم کوریەك لە هەموو شتێك کە شایەنی تۆ نەبێت ،لەوەی کە خەلکی دەیداتە پال تۆ لە شەریك بریاردانان ، (خوای گەورە ) فەرمووی : ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن ..؟! مانای دەربارەی ئیبلیس ، ئینجا جبریل (علیه السلام ) رەوانە کرد بۆ سەر زەوەی ، یان بۆ لای زەوی ، تاکو خال یان گلّ لەسەر زەوی بێنی ، زەوی ووتی : پەنا بۆ خوا دەبەم لەوەی لەم کەم بکەیتەوە ، جبریل (علیه السلام ) گەرایەوە هیچی هەلنەگرت ، ووتی : ئەی پەروەردگار زەوی پەنای بۆ تۆ برد ، منیش لیّ خۆش بووم ، (خوای گەورە ) بەم جارە دووبارە میکائیل (علیه السلام ) رەوانە کرد ، زەوی قسە کەی دووبارە کردتەوە پەنای بۆ خوا برد ، میکائیلیش (علیه السلام ) گەرایەوە.

ئینجا (خوای گەورە ) فریشتەی مەرگی رەوانە کرد ، دیسان زەوی پەنای بۆ خوا برد ، بەلام فریشتەی مەرگ ووتی: منیش پەنا بە خوا دەبەم لەوەی بگەرێمەوە و فەرمانەکەی ئەو بشکێنم یان فەرمانەکەی ئەوم ئەنجام نەدابێت ؟! گل یان خاکی لە سەر زەوی هەلگرت ، تێکەلی کرد ، لە یەك شوێن هەلی نەگرت و لە گل یان خاك یان خۆلی سوور و رەش و سپی هەلگرت و لەبەر ئەمە رەنگی نەوەکانی یان منالە کانی ئادەم جیاوازە ؟! خۆلە کەی یان خاکە کەی بردە ئاسمان ، وە تەریان کرد قوریان لیّ دورست کرد و لیّی گەران تا گۆرا و بۆنی گرت ومانای ووتەی کەی (خوای گەورە ) کە دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ۝٢٦﴾ [الحِجر : ٢٦]واتە : ((حَمَإ) واتە: قورێکی رەش (مَسْنُون) واتە: گۆڕاو، یەکەمجار قورە دواتر کە بۆگەن ئەکات و رەنگ و بۆنی ئەگۆڕێت پێی ئەووترێ: (حَمَإٍ مَسْنُونٍ) وە کاتێك کە وشك ئەبێتەوەو لووس دەبێت ئەو کاتە پێی ئەووترێ: (صَلْصَالٍ) ...) ئینجا فریشتە کان ووتیان : کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ۝٧٢﴾ [ص : ٧٢]واتە : کاتێك کە پەروەردگار بە فریشتەکانی فەرموو من مرۆڤێك دروست ئەکەم لە قوڕ کە ئادەم بوو..!! {فَإِذَا سَوَّيْتُهُ ] کاتێك کە ڕێکم خست و شێوەیم بۆ کرد [ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي ] وە لە روحی خۆم خستە بەری، ئەمە بۆ (ئیزافەی تەشریف و تەعزیم)ە بۆ ڕێزو بەگەورەزانینە نەك خوای گەورە ئەو روحەی خۆی بخاتە بەری ئەگەر نا ئەبوایە ئادەمیش هەمیشەیی بوایەو مردنی بەسەردا نەهاتایە [ فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ] کە ڕوحم کردە بەری ئێوە

هەمووتان کڕنوشی ڕێزی بۆ بەرن نەك کڕنوشی عیبادەت..!! هەر بۆیە (خوای گەورە ) ئادەمی بەدەستی خۆی دورست کرد بۆ ئەوەی لە فێلی تەلکەی شەیتان یان ئیبلیس بیپارێزی کە خۆی بە گەورە دەزانی لەسەری ، بۆیە (خوای گەورە ) بەدەستی خۆی دروستی کردووە و پێوانەی کردووە ، هەر بۆیە ئیبلیس خۆی بەگەورە تر دەزانی لەسەری ، دەی ووت : شانازی بەو کارە دەکەم کە بە دەستی خۆت کردووتە ، لە بەرانبەر تۆ دا خۆم بە گەورە نازانم ، (ئیبلیس مەبەستی ئەوە بوو بەرانبەر شانازی بەو کارەی (خوای گەورە ) دەکات کە کار بەجێ یە حکیم و دانایە ، هەروەها خۆش بە گەورە نازانی بە رانبەر پەروەدگاری ، بەلام خۆی بە گەورە دەزانێت بەرانبەر دورست کراوەکانی (خوای گەورە ) مەبەستی ئادەم بوو ..؟! هەر بۆیە وەك مرۆڤێك دورستی کرد ، کە چل ساڵ لاشەی یان جستەی لە قور بوو یان لە گل بوو ، لەو چەند ماوەی ڕۆژی جمعە یان هەینی ، فریشتەکان بەلای ئادەم دا تێدە پەرین لە بینینی دەترسان ، وە ئیبلیس لە هەموویان زیاتر لە فریشتە کان لە ئادەم دەترسا ..؟! کاتێك بە لای ئادەم دا تێدەپەری لێدەدا ، لاشەکەی یان جستەکەی وەك گۆزە دەنگی دەدایەوە واتە صوتی لێوە دەهات وەکو گۆزە دەنگی دەدایەوە ..؟! دەبێتە هی ئەم قورە یان ئەم گلە واتە: (صلصلة) ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ١٤﴾ [الرَّحۡمَٰن : ١٤]واتە : خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە واتە ئادەم لە قوڕی سوورەوەکراو کە قوڕێك بە ئاگر سوور ئەکرێتەوە وەکو چۆن ئەوانەی کە کوپەڵەو گۆزەو شتیان لێ دروست ئەکرێ..!! ئیبلیس دەی ووت : ئەمە یان واتە: ئادەم بۆ مەبەستێکی تایبەت دورست کردووە؟! ئینجا لە دەمیەوە دڕۆیشتە دەر و لە کۆتایی یان لە پاشەوەی دەهاتە دەرەوە ..؟! بە فریشتە کانی ووت : لە مە شتە مە ترسن ، چونکە پەروەردگارتان ناو پرە ..؟! وە ئەمە واتە : ئادەم ناو بە تالە یان ناو بۆشە ..؟! ئەگەر بە سەر ئەو دا زال بم و یان دەسەلاتم بەسەری دا بشکێت ئەوا دەی ڕووخێنم و لە ناوی دەبەم ..؟! کاتێك گەیشتە ئەو کاتە کە (خوای گەورە ) ویستی لێ بوو ، کە رووح بە ئادەم ببە خشێ ، (خوای گەورە) بە فریشتە کانی فەرموو : سووجدەی یان کرنۆشی بۆ ئادەم ببەن ..؟! کاتێك رووح گەیشتە لاشەی ، روو چوو ناو سەری ئادەم پژمی ..؟! فریشتە کان ووتیان : (الحمد لله ) ، ئادەمیش ووتی : (الحمد لله ) ، ئیجا (خوای گەورە ) فەرمووی : (رحمك ربك ) واتە : خوا ڕەحمەت پێ ببەخشێت ، کاتێك رووح گەیشتە چاوە کانی سەری میوەهاتەکانی

بەهەشتی كرد ، كاتێك رووح گەیشتە سینەی ، ئارەزووی خواردنی كرد ، پێش ئەوەی رووح بە قاچە كانی بگات بە پەلە بەرەو میوەهاتەكانی بە هەشت غاریدا یان رای كرد ،هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿خُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ مِنۡ عَجَلٖ﴾ [الأَنبِيَاء : ٣٧]واتە : مرۆڤ دروستكراوەو سروشتی وایە كە پەلەیەتی..؟!

ئینجا ئەو كاسانە خۆ بەگەورە زانن ، كە بیّ باوەرن یان لە كافران و بیّ باوەرە كانن ..!! هەروەها (خوای گەورە ) پیّ فەرمووی : چ شتێك رێگر بوو لەوەی لە فەرمانی من یاخی بیت وسووجدە یان كرنۆش بۆ ئادەم نە بەیت .؟! كەچی بە دەستی خۆم دورستم كردوو ..؟! ئیبلیس ووتی : من باشتر خێر ترم لە ئەو ..!! من بۆ مرۆڤی دورستكراو لە قور یان لە گل سووجدە یان كرنۆش نابەم.! (خوای گەورە ) فەرمووی : دەر كەوە لە بەر چاوم یان لە بەر چاوم وونبە ، چونكە بەهەشت جێگای خۆ پەسەندی نیە ، هەر وەك دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ۝١٣﴾ [الأَعۡرَاف : ١٣] واتە : [ قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا ] خوای گەورە فەرمووی: دەی لە ئاسمان یان بەهەشت یان ئەو پلەوپایەی پێتدرابوو دابەزە ئیتر تۆ نابیّ لەناو مەلائیكەتاندا بیت [ فَمَا يَكُونُ لَكَ أَنْ تَتَكَبَّرَ فِيهَا ] وە بۆت نیە كە لە ئاسماندا یان لە بەهەشتدا خۆت بەگەورە بزانی و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە بكەی [ فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ (١٣) ] دەرچۆ لە بەهەشت تۆ لەو كەسانە ی كە ڕیسواو زەلیل و سەرشۆڕ ئەبیت..!! (الصغار) واتە : ریسواو زە لیل و سەر شۆری ..!! ئینجا فەرمووی : قال تعالى: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا﴾ [البَقَرَةِ : ٣١] واتە: خوای گەورە ئادەمی دروست كرد وە ناوی هەموو شتەكانی فێركرد..!! پاشان خوای گەورە پرسیاری لە مەلائیكەت كرد دەربارەی ئەو ناوانە و فەرمووی: قال تعالى: ﴿أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ۝٣١﴾ [البَقَرَةِ : ٣١]واتە : ئەگەر ڕاست ئەكەن ناوی ئەم شتانەم پێ بلێن..؟! ووتیان : نەوەكانی ئادەم یان منالە كانی ئادەم خراپە كاری و تاوانكاری لە سەر زەویدا بەرپادەكەن ، وە خوێن ڕێژی دەكەن ..!! ئیجا فریشتەكان ووتیان : قال تعالى: ﴿سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٣٢﴾ [البَقَرَةِ : ٣٢] واتە : وتیان: ئەی پەروەردگار پاك و

مونەززەهی بۆ تۆ ئێمە هیچ زانست و زانیاریەکمان نیە تەنها ئەوە نەبێ کە خۆت فێرمانت کردووە ئێمە غەیب نازانین [ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ] هەر تۆ زۆر زاناو کاربەجێی..!! (خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالی: ﴿قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَأَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ ٣٣﴾ [البَقَرَةِ : ٣٣]واتە : خوای پەروەردگار فەرمووی : ئەی ئادەم ناوی ئەو شتانەیان پێبڵێ کە بێ توانابوون لە زانینیاندا، و کە ئادەم ناوەکانی پێوتن، خوای پەروەردگار بە فریشتەکانی فەرموو : پێم ڕاگەیاندن کە من هەموو ئەو شتانە دەزانم کە لە ئێوە شاروەیە لە ئاسمانەکان ولەزەویدا، و ئەوەش دەزانم کە ئێوە دەری دەخەن و ئەوەشی کە دەیشارنەوە ..؟! فریشتە کان ووتیان : قال تعالی: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠]واتە : فریشتەکان وتیان: ئەی پەروەردگار ئایا تۆ کەسانێکی تیا دائەنێی کە ئاشووب بگێڕن لەسەر زەوی وە خوێن برێژن وە تاوان بکەن..!! واتە : ئەم نهێنیە بوو کە ئیبلیس لە نێو نەفسی خۆی شاردبوویەوە ئەویش لە خۆبایی و خۆ بە گەورە زانینی بوو ..؟! ).[74]

✍ لە رێ (السدى ) لە (ابى غزوان الغفارى ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : ئەوەی لە قورئاندا یە ئامرازی: ﴿إِذۡ﴾ واتە : (فقد كان) واتە : وابوو ..).[75]

✍ لە (مقاتل بن سليمان ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : ئامرازی ﴿إِذۡ﴾ واتە : ( وقد ) واتە: رنگە یان ئە گەر یان بۆیە ..).[76]

✍ لە رێ (سعيد ) لە (قتادە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – لە سەر ووتەی قال تعالی: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ واتە : پەروەردگار راوێژی بە فریشتە کان کرد بۆ دورست کردنی ئادەم ..).[77] (مەبەست لەم راوێژ کردنە بۆ پرسیار کردن و تاقی کردنەوەی (خوای گەورە

---

[74] -اخرجە ابن جرير (١/٤٨٧-٤٨٨) وابن عساكر (٧/٣٧٧).
[75] -اخرجە ابن ابي حاتم (١/٧٥).
[76] - تفسير مقاتل بن سليمان (١/٩٦).
[77] -اخرجە ابن جرير (١/٤٩١).

) له فریشته‌كان بووه ، چونكه وه‌ك پرسیار راوێژی پێ كردن یان سروشتی ئاگادار كردنه‌وه‌یه بۆ فریشته كان ، نه‌ك وه‌ك هاوبه‌ش و شریك له دوروست كردنی (حاشا والعیاذ بالله ) چونكه (خوای گه‌وره ) له دوروست كردن دا هیچ هاوبه‌ش شریكی نیه ..؟!

✍ له (الحسن البصری ) – ره‌حمه‌تی خوا لیٚ بیٚت – له سه‌ر ووته‌ی قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ﴾ ده‌لیٚت : واته : (فاعل ) واته: ئه‌و كه‌سه‌یه كه به كاره كه هه‌لساوه ، واته : بكه‌ر ..).[٧٨]

✍ له ریٚ (ابی بكر الهذلي ) له (قتادة ) –ره‌حمه‌تی خوای لیٚ بیٚت – له سه‌ر ووته‌ی قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ ده‌لیٚت : (خوای گه‌وره ) به فریشته كان ده‌فه‌رمووی : (إنی فاعل) واته : من بكه‌ره كه‌ی مه ، واته : بكه‌ری دوروست كردنی ئاده‌مم ..).[٧٩]

✍ له ریٚ (بشر بن عماره ) له (ابی روق عطبة بن الحارث الهمداني )- ره‌حمه‌تی خوای لیٚ بیٚت – ده‌لیٚت : هه‌موو شتیٚك له قورئاندا به مانای (جعل ) هاتبیٚت واته : (خلق ) واته : دوروست ده‌بیٚت ..).[٨٠]

---

[٧٨] -اخرجه ابن جریر (٤٧٥/١).
[٧٩] - اخرجه ابن جریر (٤٧٥/١).
[٨٠] اخرجه ابن جریر (٤٧٥/١).

📖 له (عبدالرحمن بن سابط ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : له پیغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((دُحيتِ الأرضُ من مكةَ وأولُ من طافَ بالبيتِ الملائكةُ فقال اللهُ إني جاعلٌ فِي الأرضِ خليفةٌ)) .[٨١]

واته : خاك له زەوی دا پێشوازی لێ كرا یەكەم كه تەواف كرا له زەوی فریشته كان بوون له مككه ،هەروه وەك (خوای گەوره ) دەفەرمووی : خليفه یەك یان جێ نشینێك جێگیر دەكەم لەسەر زەوی ..!!

✍ له ڕێ (سالم بن ابی حفصه ) له (پیاوێك ) له (عبدالله بن عباس ) – خوا لێ ڕازی بێت – دەڵێت : (خوای گەوره ) ئادەمی له بەهەشت وەدەرنا یان دەركرد ، پێش ئەوەی دورستی كا ، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ ..).[٨٢]

✍ له (خالد الحذاء ) – ڕه حمه تی خوای لی بیت – دەڵێت : پرسیارم كرد له (الحسن ) ، ووتم : ئەی باوكی سعید : ئادەم له ئاسمان دورست كرا یان له زەوی ..؟! ووتی: ئایا قورئان ناخوێنیتەوه كه دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ ووتی : نەخێر بەڵكو ئادەم له زەوی دورست كرا ..).[٨٣]

✍ له ڕێ ( ابي روق ) له (ضحاك ) له (عبدالله بن عباس ) – خوا لێ ڕازی بێت – دەڵێت : یەكه م كەس كه له سەر زەوی نیشته جێ بوو (جن ) خراپه كاری و تاوانیان ئەنجامدا ، خوێن ڕشتنیان ئەنجامدا ، كوشتاری یەكتریان كرد ، (خوای گەوره ) ئیبلیس بۆ ڕەوانه كردن له گەڵ سوپایەك له فریشتەكان ، بۆیه ئیبلیس كوشتاریانی كرد ئەوانەی له گەلی دا بوون ، هەتاكو جنۆكه كانی بۆ دوورگه كانی دەریا

---

[٨١] - تفسير القران العظيم ابن كثير (١/١٠٠).
[٨٢] - اخرجه سفيان الثوري ص ٤٣ ، وابن ابي حاتم (٧٦/١)، وابن عساكر (٤٥٢/٧).
[٨٣] - اخرجه ابن ابي حاتم (٧٦/١).

دەوروبەری کێوە کان دورخستەوە ، ئینجا ئادەم دروست کرا و نیشتە جێ بوو ، ئەمەش ئەوەیە کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ ..).[٨٤]

✍ لە (مقاتل بن سليمان ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – لە سەر ووتەی قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ دەلێت : ئەوەیە کە (خوای گەورە ) دورست کردنی فریشتەکان و جنۆکەی پێش شەیتانەکان و ئادەمیزاد یان مرۆڤ بوو ، ئە ویش ئادەم (عليه السلام ) دروست بوو لە گەل شەیتانەکان ، وە دورست کرا لە زەوی نیشتە جێ بوو ، وە فریشتە کانیش لە دورست کران لە ئاسمانیش نیشتەجێن ، ئینجا جنۆکەکان خراپە کاری و فتنە و ئاشووب ئیرەیی یان حسوودیان برد کوشتار یان شەر یان ئەنجامدا ، پاشان (خوای گەور ) سەربازانی خۆی رەوانە کرد لە ئاسمانی دونیا دا ، پێیانی فەرموو : جنۆکە و ئیبلیس دوژمنی خوا و ئێوەن ، هەموویان لە ئاگر دروست بوون ، وە ئەوان خەزینەداری بەهەشت بوون ، سەرووی هەموویان ئیبلیس ، ئینجا رەوانەی سەر زەوی کردن ، تکلیف نەکرا بوون بۆ پەرستن یان مەرجی پەرستن لە سەر زەوی پێ نەسپێنرا بوو ، هەروەها لە ئاسمانیش تکلیفی نەکرا بوون بۆ پەرستن یان عیبادەت کردن ، بۆیە زۆریان حەدزدە کرد لەسەر زەوی بمێنەوە ، هەر بۆیە (خوای گەورە ) وەحی بۆیان رەوانەکرد ،قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾. جگە لە ئێوە ، بەرز دەکریتەوە ، هەر بۆیە رقیان لە مە بوو ، چونکە ئەوان ئاسانرین کاریان لە نێوان فریشتەکان دا بوو ..).[٨٥]

📖 لە (أنس بن مالك ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : یەکەم تەلبییە کردن فریشتە کان کردنیا ، (خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ ، دەلێت : ئینجا وەلامیان دایەوە

[٨٤]- اخرجه ابن جرير (٤٧٧/١).
[٨٥] تفسير مقاتل بن سليمان (٩٦/١).

دەربارەی ئەوە نارەزایان دەربری ئێمە شەست ساڵ بە دەوری عەرش دەسوراینەوە یان تەوافمان کرد ، پاشان ووتیان : (لبيك لبيك أعتذارا إليك ، لبيك لبيك نستغفرك ونتوب إليك ) واتە: تلبییە یان کرد و دوای لێ بووردن دوای لێ خۆش بوون و تۆبەیان لە (خوای گەورە ) کرد ..!! .[٨٦]

📖 لە (عبدالله بن عمر ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : گویم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو فەرمووی : (.(إنَّ آدَمَ لمَّا أهبَطه اللهُ إلى الأرضِ قالت الملايِكةُ: أي ربِّ: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ قال : ﴿إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ ، قالوا: ربَّنا، نحن أطوَعُ لك مِن بني آدَمَ، قال اللهُ للملايِكةِ: هلمُّوا مَلكَيْنِ...، فذكَر قصَّةَ هاروتَ وماروتَ)).[٨٧] واتە : ئادەم (عليه السلام ) (خوای گەورە ) رەوانەی خوارەوەی کرد بۆ سەر زەوی ، فریشتە کان ووتیان : {أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ} ، (خوای گەورە ) فەرمووی ﴿إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ واتە : ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن ..!!هەروەها فریشتە کان ووتیان : ئەی پەروەردگارا ..؟! ئێمە خۆمان بەخش دەکەین بۆ تۆ بۆ نەوەی ئادەم ، (خوای گەورە ) بە فریشتە کانی فەرموو : دوو فریشتە وەرن لە فریشتە کان بچنە خوارەوە بۆ سەر زەوەی ، کەواتە تەماشاکەن یان سەیر کەن چوەن کردار دەکەن ..؟! ووتیان : پەروەردگار (هاروت و ماروت ..؟! ) .[٨٨]

✍ لەرێ (السدى ) لە (ابى مالك وأبى صالح ) لە (عبدالله بن عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : کاتێك (خوای گەورە ) لە دورست کردن تەواو بوو ویستی کرد ، لە سەر عەرش جێگەی گرت ، ئیبلیسی کردە پێشەوا یان پاشایی ئاسمانە کان ، ئەو لە کۆمەلی یان لە قبیلە ئەو فریشتانە بوو کە (جنۆکە ) بوون ، یان بە (جن ) ناویان دەبرد ، چونکە خەزێنە دارانی بەهەشت بوون ، وە ئیبلیس هەم پاشاو پێشەوا بوو هەم خەزێنە داری بەهەشت بوو ، ئیبلیس خۆی بەزل زانی و لە خۆبایی بوو ، بە خۆی

---

٨٦ - اخرجه الأصبهاني في الترغيب والترهيب (١/٤٤٠ ).
٨٧ - الدار قطني برقم (٢٧٩٢).
٨٨ -اخرجه ابن حبان (١٤/٦٣-٦٤).

ووت (خوای گەورە ) بۆیە ئەم پاشایەتیە ی یان ئەم پێشەوایەتیەی بە من بەخشی چونکە لە پێشتر و گەورەتر و زیاترم لە کەسانی دیکەم یان لە سەر فریشتە کانی دیکە دا ..؟! ئینجا ئیبلیس کە گومانی کرد کە لە فریشتەکانی تر لە پێشترە ، لە پاشاندا (خوای گەورە ) ئەم خۆبەگەورە زانییەی یان ئەم لە خۆباویەی ئیبلیس بینی ، بە فریشتە کانی فەرموو: قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ ئینجا فریشتە کان پرسیاریان کرد بە پرسیارێکی حکیمانە ووتیان : ئەی پەروەردگار ئەم خلیفەیە یان جێ گرەوەیە کێ یە ..؟! ئایا لەم نەوەیە کە تاوان و خراپە کاری لە سەر زەوی ئەنجامدەدن ، وە ئیرەیی و حەسوودی بەیەکتر دەبن ،وە وە هەندێکیان هەندێکیان دە کوژن یان کوشتاری یەکتری دەکەن ، فریشتە کان ووتیان : پەر وەردگار ؟! قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ ..).[٨٩]

✍ لە رێ (أبي روق ) لە (ضحاك ) لە (عبد الله بن عباس ) – خوا لی رازی بیت – دەلێت : ئیبلیس دورست کراوێك بوو ، وەك دورست کراوە فریشتە کان ، پێیان دلێن : (جن ) یان جنۆکە ، لە ئاگری بلیسە دار دورست کرا بوون ، ئیبلیس ناوی (حارس) بوو ، یەکێك بوو لە خەزێنە دارەکانی بەهەشت . هەموو فریشتە کان جگە لە هۆزی یان قبیلە ی ئیبلیس لە نوور دورست کرا بوون ، وە ئەو جنۆکانەی لە قورئان لە بلێسەی ئاگر دروست کرانە ، وە مرۆڤ لە خۆل یان گل دورست کراوە ، یەکەم دانیشتووی سەر زەوی جنۆکە بوون ، تاوان و خراپە کاریان کردە پیشەی خۆیان ، وە خوێنیان رشت و یەکتریان کوشت ، (خوای گەورە ) ئیبلیس و لە گەل سەربازەکان لە فریشتە کان سوپایەك بوون رەوانەی کردن کوشتاریان لە گەل دا کردن و جنۆکەکانی بۆ دوورگەی دەریا و دەروبەری کێو چیاکان دوورخستەوە ، ئیبلیس کاتێك ئەم کارەی ئەنجامدا لە نەفسی خۆی لە خۆبایی بوو ، ووتی : کارێکم کرد پیش من هیچ کەس ئەم کارەی ئەنجام نەداوە یان هیچ کەسێك ئەم کارەی نەکردیە ..؟! (خوای گەورە ) هەستی بە نهێنیەکەی دلی ئیبلیسی کرد ، بەلام فریشتەکانی لە گەل ئیبلیس بوون ئاگادار نەبوون ،لە پاشان (خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةً﴾ ئینجا فەریشتە کان بەم ووتەیەی (خوای گەورە ) سەر سام بوون ، هەروەك دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ

---

[٨٩] -اخرجه ابن جرير (٤٨٧/١) ، و ابن عساكر (٣٧٧/٧).

ﭐلدِّمَآءَ﴾ هەروەکو جنۆکەکان تاوان خراپەکاری و خوێن رشتنیان کرد کوشتاری یەکتریان کرد ، ئەوەش ئەوە بوو کە (خوای گەورە ) ئیبلیس و سوپایەك لە فریشتە کانی بۆ رەوانە کردن ..؟! ).[٩٠]

✍ لە ریٚ (مجاهد ) لە (عبدالله بن عباس ) – خوا لیٚ رازی بێت – دەڵێت : لە وکاتەی کە (خوای گەورە ) ئادەمی لە بەهەشت وەدەرنا پێش چوونە ناوەوە بوو ،(خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ وە ئەوەش لە کاتێك دا پێش دورست کردنی ئادەم ، جنۆکەکان لەسەر زەوی بوون بۆ ماوەی هەزار ساڵ ،نەوەکانی جنۆکەکان لەسەر زەوی تاوان خراپەکاری ئەنجا دەدا و خوێنیان دەرشت کوشتاری یەکتریان دەکرد ، ئینجا (خوای گەورە ) سوپایەك لە فریشتەکانی بۆ رەوانە کردن شەریان لە گەڵ کردن و کوشتاریان کردن ، هەتاکو دووریان خستنەوە بۆ دوورگەی دەریا ، ئینجا (خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ بەلیٚ جنۆکەکان ئەم کارانەیان ئەنجام دەدا ، هەروەك (خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالى: ﴿إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ۝٣٠﴾ ..).[٩١]

✍ لەریٚ (السدی ) لە (عبدالله بن عباس ) – خوا لیٚ رازی بێت – لەسەر ووتەیقال تعالى: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾ دەڵێت : (خوای گەورە ) بە فریشتە کانی فەرموو : من مرۆڤ دورست دەکەم ، ئیرەیی و حسوودی بە یەکتر دەبن ، وە کوشتاری یەکتر دەکەن ، تاوان و خراپە کاری ئەنجامدەدا لەسەر زەوی دا ،هەروەك دەفەرموویٚت : قال تعالى: ﴿أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا﴾ ..).[٩٢]

---

٩٠ -اخرجه ابن جرير (٤٨٢/١).
٩١ -اخرجه الحاكم (٢٦١/٢).
٩٢ -اخرجه ابن ابي حاتم (٧٧/١).

✍ لەرێ (سعید ) لە (قتادە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – سەر ووتەی قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ لە کاتێك دا فریشتە کان زۆر جاك دەیانزانی کە هیچ شتێك نیە زیاتر (خوای گەورە ) رەقی لێ بێت یان زۆر بێ ناخۆش بێت ، لەخوێن رشتن و کوشتار کردنی یەکتر بەناحەقی ، وە بلاو بوونەوەی خراپەکاری لە سەر زەوی دا ، فەریشتەکان ووتیان : قال تعالى: ﴿وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ۝٣٠﴾ بەلێ لە کاتێك (خوای گەورە ) دەزانی ئەو جێ نشینەی کە جێگیر دەکات لە داهاتوودا ، لە پێغەمبەران و ، لە پەیام بەران و ، ە گەلی چاکە کارن ، ئەوانەش نیشتە جێ بەهەشتن ..).[٩٣]

✍ لە (قتادە ) دە گێریتەوە لە (عبدالله بن عباس )- خوا لێ رازی بێت – دەلێت : لە کاتێك دا کە (خوای گەورە ) دەستی کرد بە دورست کردنی ئادەم ، فریشتەکان ووتیان : ئەی خوای بە دێهینەر دورست کراوێکت دەرست کردووە لە ئێمە بەشەرف و یان بەرێز ترە ، ئێمە دەربارەی هێچ نازانین ، ئەمە دورست کردنە بۆ تاقی کردنەوەی ئادمە ، وە هەموو دەرست کراوێك بە تاقی کردنەوە دا دەروات ، هەروەکو تاقی کردنەوەی ئاسمانەکان و زەوی بۆ پەرستن ، (خوای گەورە ) فەرمووی : قال تعالى: ﴿ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ۝١١﴾ [فُصِّلَت : ١١] ..).[٩٤]

✍ لە رێ (الربیع بن أنس ) لە ( أبی العالیە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (خوای گەورە ) فریشتە کانی لە رۆژی چوارشەمە دورست کرد ، جنۆکە یان (جن ) لە رۆژی پێنج شەمە دورست کرد ، وە مرۆڤی یان ئادەمیزادی لە رۆژی جمعە یان هەینی دورست کرد ، قومێك یان نەوەیەك لە جنۆکەکان کافر بوون ، (خوای گەورە ) سوپایەك لە فریشتەکانی خۆی رەوانەی سەر زەوی کرد شەریان و یان کوشتاریان کردن ، ئا بەم شێوەیە لە سەر زەوی خوێن رشتن و خراپە کاری و فسادیان بلاو کردەوە ..).[٩٥]

---

٩٣- تفسیر الماثور (٢٢٠/١).
٩٤ -ابن عساكر في تاريخ دمشق (٣٩٩/٧).
٩٥ -اخرجه ابن ابي حاتم (٧٧/١).

✍ له ڕێ (ابنه عبدالوهاب ) له (مجاهد ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : ئیبلیس پاشا و دەسەڵاتداری ئاسمان و زەوی بوو ، وە بە بەرز ترین پێگە لە لایەن (خوای گەورە ) نووسرا ، کە خەلیفە یەك یان جێ نشینێك دروست دەکات ، وە ڕووداوە کان خوێنای دەبێت ، وە ئیبلیس ئەمەی دۆزیەوە ، ئەویش خوێندیەوە یان بینیوە بێ فریشتە کان ، کاتێك فەرمان بە فریشتە کان کرا بۆ سوجدە برند یان کرنۆش بردن بۆ ئادەم ، ئیبلیس یان شەیتان هەواڵی بە فریشتە کان دا ،ئایا ئەم جێ نیشینە دەبێت فریشتە کان سوجدەی یان کرنۆشی بۆ ببەن ..؟! بەڵان ئیبلیس لە نەفسی خۆی بریاری دابوو بەنهێنی کە سوجدە یان کرنۆش بۆ ئادەم نەبات ..!!بەلام فرشتە کان هەواڵیان بە ئیبلیس دا ، کەوا (خوای گەورە ) بەدیهێنەرێکی خۆی دورست دەکات ، وە ئەوان خوێن رشتن ئەنجام دەدن ،ئینجا فریشتە کان فەرمانەکەی (خوای گەورە ) یان جێ بەجێکرد و سوجدە یان کرنۆشیان بۆ جێ نشینەکە برد ، ئەو کاتە یە کە (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ ئەو قسانەیان یان ئەو شتانەیان لە بیر چوو کە پێشتر ئیبلیس بە فریشتەکانی ووتبوو ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠]..).[٩٦]

✍ لەڕێ (معمر ) له (قتادە ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لەسەر ووتەی قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا﴾

---

[٩٦] -اخرجه ابن عساكر في تاريخ دمشق (٧/٣٩٨).

دەڵێت : (خوای گەورە ) زۆر چاك دەیزانی لەسەر زەوی دوست كراوێك دورست دەكات ، كە خراپە كاری تاوانە دەكەن ، وە خوێن رشتن بەر پادەكەن ، هەروەك دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا﴾ واتە : مەبەست لێ خەلكەكە ..).[٩٧]

✍ لە رێ (ابی بکر ) لە (قتادە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : كە كاتێك (خوای گەورە ) بە فریشتە كانی فەرموو : قال تعالى: ﴿إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ ، فریشتەكانیش بۆچوونی خۆیان ووت ، شتێكیان زانی و شتێكیشیان نەزانی ؟! ووتیان : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ ، چونكە فریشتە كان زۆر چاك دەیانزانی لە لای (خوی گەورە ) هیچ تاوانێك یان خراپە كاریەك گەورەتر نیە لە خۆێن رشتنی ، هەروەك فریشتە كان ووتیان : قال تعالى: ﴿نَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ ..).[٩٨]

✍ لە (إسماعيل السدى ) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەلێت : كاتێك كە فریشتەكان ووتیان : ئەو خلیفە یە یان جێ نشینە كێ یە ..؟! ووتیان : ئەو نەوەیە ، كە لە سەر زەوی تاوان خراپەكاری ئەنجام دەدەن ، وە یان ئیرەیی و حسوودی دەكە ن ، وەیان كوشتاری یەكتری دەكەن ، ئینجا ووتیان ئەوەیە : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ ..).[٩٩]

---

٩٧ -اخرجه عبدالرزاق (٤٢/١) ، وابن ابي حاتم (٧٨/١).
٩٨ -اخرجه ابن جرير (٤٩٢/١).
٩٩ -تفسير الثعلبي (١٧٥/١).

✍ له ڕێ (ابنه عبد الله ) له (يحيى بن أبي كثير ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : کاتێك فریشتەکان ووتیان : قال تعالى: ﴿أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ لە و کاتە دە هەزار جنۆکە بوون ، کە ئاگرێك لە لای (خوای گەورە ) بۆ یان هات هەموویانی سوتاند ..).[100]

✍ له (مقاتل بن سليمان ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لەسەر ووتەی : قال تعالى: ﴿قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا﴾ دەڵێت : دورست کران لەسەر زەوی دا ، قال تعالى: ﴿مَن يُفۡسِدُ فِيهَا﴾ خراپە کاری و گوناهو تاوانیان کردە پیشە ، قال تعالى: ﴿وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ خوێن ڕشتنیان ئەنجام دەدا بە بێ حەق ، ئەم کارەش هەمیشە کاری جنۆکە کارفرە کانە یان شەیتانەکانە ..).[101]

✍ لەڕێ (ابن وهب ) له (عبد الرحمن بن زيد بن أسلم ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : کە کاتێك (خوای گەورە ) ئاگری بە دی هێنا یان ئاگری دورست کرد ، فریشتە کان تووشی شۆك بوون یان ڕاجەڵکان بەراجەڵکانیەکی یەکجار زۆر؟؟!! ووتیان : ئەی پەروەردگا بۆچی ئەم ئاگرت بەدی هێناوە ، هیچ شتێك وەکو ئەم بەدی نەهێناوە ..؟! (خوای گەورە ) فەرمووی : بۆ ئەو دروستکرا وانیە کە گوناهو تاوانی خراپەکاری ئەنجام دەدن ..!! ئا لەم کاتە هیچ دورستکراوێکی بە دی نەهێنا بوو جگە لە فریشتەکان ، زەویش دورست نەببو یان بەدی نەهاتبوو ؟! بەڵام ئادەم دوای بەدی هێنانی یان دروست کردنی زەوی دورست ببوو ، ئەو ئەم فەرموودەی (خوای گەورە)ی خوێندەوە کە فەرموویێت قال تعالى: ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ١﴾ [الإنسان : ١]واتە: بێگومان ماوەیەکی درێژ لە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزاددا تێپەڕیوە پێش ئەوەی ڕوحی بە بەردا بکرێت، و هیچ شتێك نەبووە باسی لێوە بکرێت، و هیچ ئاسەوارێکیشی نەبووە پێی بناسرێتەوە..!! دەڵێت : (عمری کوری خطاب ) دەڵێت ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆزەگە مرۆڤایەتیم بەشتێکی نادیار بمایەتەوە ، ئینجا

[100] -اخرجه ابن ابي حاتم (١/٧٨).
[101] -تفسير مقاتل بن سليمان (١/٩٦-٩٧).

پێغەمبەری خوا فەرمووی : لە سزادانی یان عەزابی (خوای گەورە ) بترسە ..؟! فریشتەکان ووتیان : ئەی پەروەردگار ، یان نەمری بەسەر مان دا دێت ئێمە تێدا خراپەکاری یان سەرپێچی دەکەین ..؟! وە هیچ دروستکراوێك یان هیچ بەدیهێنکی تر تێدا نا بینین ..؟! (خوای گەورە ) فەرمووی : نە خێر . من دەمەوێت لەسەر زەوی دروست کراوێك بەدی بەهێنم ، درست کردنی جیٚ نیشێك یان خلیفە ، خوێن رشتن دەکەن ، وە خراپەکاری و تاوان ئەنجام دەدن ، ئینجا فریشتەکان ووتیان : لە کاتێکدا ئێمە تۆ بە گەورەو پاك رادەگرین ، لە هەموو کەم و کوریەك لە هەموو شتێك کە شایەنی تۆ نەبیٚ ..؟! لەوەی کە کەسانێك دەی داتە پال تۆ لە شریك هاوبەشی دانان و کوفر و بیٚ باوەری ، وە ئێمە تۆ پیرۆز دەکەین ، وە خواپەرستی تۆ دەکەین بە گورایەلی فەرمانە کانت ، وە فریشتەکان ترسیان لەوە هەموو کە ئەوانەی خراپەکاری و سەرپێچی (خوای گەورە ) دەکەن ، ئەمان لەو کەسانە بن لەسەر زەوی دابرنێن ..؟! فریشتەکان ئەو زانستەیان بینی کە (خوای گەورە پیٚ بەخشیبوون ، وە دان یان نا بەوەی کە فضل ی یان گەورە ی ئادەم بەسەریانەوەیە ، بەلام ئیبلیس نەفرتی و پیس دانی نەنا بە ئادەم ، هەروە ك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ۝١٢ قَالَ فَٱهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا﴾ [الأَعْرَاف : ١٢ - ١٣]واتە : هی خوایە من لەو باشترم منت لە ئاگر دروست کردووە ئەوت لە قورٍ دروست کردووە ئاگریش لە قورٍ باشترە بەگومانی خۆی، (ئیبلیس یەکەم کەس بوو کە قیاسی بەکارهێنا)..!! خوای گەورە فەرمووی: دەی لە ئاسمان یان بەهەشت یان ئەو پلەوپایەی پێتدرابوو دابەزە ئیتر تۆ نابیٚ لەناو مەلائیکەتاندا بیت [ فَمَا يَكُونُ لَكَ أَنْ تَتَكَبَّرَ فِيهَا ] وە بۆت نیە کە لە ئاسماندا یان لە بەهەشتدا خۆت بەگەورە بزانی و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە بکەی..؟!..).[١٠٢]

---

[١٠٢] - اخرجه ابن جرير (١/٤٩٥).

✍ له ریّ (السدى ) له (أبى مالك وأبى صالح ) له (عبدالله نب عباس ) – خوا لیّ رازى بیّت – لەسەر ووتەى : قال تعالى: ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ [البَقَرَةِ : ٣٠] دەڵیّت : واتە : فریشتەکان دەڵیّن : ئیّمە تەنها تۆ دەپەرستین و نویّژ بۆ تۆ دەکەین ..).[١٠٣]

✍ له ریّ (أبى روق) له (ضحاك ) – رەحمەتى خواى لیّ بیّت – لەسەر ووتەى قال تعالى: ﴿وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ دەڵیّت : (التقديس ) واتە: پاك و بیّگەردى یان پیرۆزى ..).[١٠٤]

✍ له (عبدالله بن عباس ) – خوا لیّ رازى بیّت – دەڵیّت : هەموو ووشە یەكى (التسبيح) لە قورئاندا مەبەست لیّ نویّژ و دوعا نزاكردنە ..).[١٠٥]

✍ له ریّ (ابن أبى نجيح ) له (مجاهد ) – رەحمەتى خوا لیّ بیّت – له سه ووتەى قال تعالى: ﴿وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ دەڵیّت : واتە: ئیّمە تۆ شكۆمەند دەكەین ، بەگەورە و مەزن و پایە دارت دەكەین ..).[١٠٦]

✍ له (الحسن البصرى ) – رحمەتى خواى لیّ بیّت – دەڵیّت : (سبحان الله وبحمده ) واتە: نویّژ هەموو ( الخلق ) وتسبيح یان زیكر و نزا پارانەوە یان تسبیحات بۆ رزق رۆزى ..).[١٠٧]

---

١٠٣ - اخرجه ابن جرير (٥٠٤/١).
١٠٤ - اخرجه ابن جرير (٥٠٦/١).
١٠٥ -تفسير البغوي (٧٩/١).
١٠٦ -تفسير مجاهد ص ١٩٩ .
١٠٧ - تفسير الثعلبي (١٧٦/١) ، وتفسير البغوي (٧٩/١).

✍ له رێ (معمر ) له (قتادە ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – له سەر ووتەی قال تعالى: ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ دەلێت : (التسبيح ) واتە : نزاو پارانەوە زیکر کردن و پیاهەلدان بە ( خوای بەرز بەلند ) یان پیرۆز کردنی دوعا و نزاو پارانەوە نوێژ کردن ..).[١٠٨]

✍ له (مقاتل بن سليمان ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – له سەر ووتەی قال تعالى: ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ دەلێت : زیکر و یادی فەرمانە کانی تۆ دەکەینەوە ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعْدُ بِحَمْدِهِۦ﴾ [الرَّعْد : ١٣] واتە: وە هەورە بروسکەش تەسبیحاتی خوای گەورە ئەکات وە خوای گەورە بە پاك و مە زن ڕائەگرێت و حەمدو سەناو ستایشی خوای گەورە ئەکات..!! واتە : یادی فەرمانە کانی (خوای گەروە ) دەکاتەوە ، قال تعالى: ﴿وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ واتە : نوێژ بۆ تۆ دەکەین ، وە فەرمانە کانت بە گەورە بەرز دەنرخێنین یان شکۆمەندیان دەکەین ..).[١٠٩]

✍ لەرێ (سلمة بن الفضل ) له (محمد بن إسحاق ) – ره حمه تی خوای لی بیت – له سه ر ووته ی قال تعالى: ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ دەلێت : واتە : فریشتە کان بەهیچ شێوەیەك سەرپێچی ناکەن ، هیچ شتێك ناکەن کە (خوای گەورە ) پێ ناخۆش بێت یان رقی لێ بێت ..).[١١٠]

✍ له (سفيان الثوري ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لەسەر ووتەی قال تعالى: ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ دەلێت : ئێمە شکۆمەندو بەرزی رادەگرین ، بەگەورە و بەلندو مەزنت دادەنێن ..).[١١١]

---

[١٠٨]-اخرجه عبدالرزاق (٤٢/١).
[١٠٩] -تفسير مقاتل بن سليمان (٩٦/١-٩٧).
[١١٠] -اخرجه ابن جرير (٤٩٦/١- ٥٠٦).
[١١١] -تفسير سفيان الثوري ص٤٤ .

📖 له (عبدالله بن الصامت ) له (أبي ذر الغفاري ) – خوا لی يان رازی بيت - ده گێريتەوە دەلێت : ((أنَّ رسولَ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ عادَهُ، - أو أنَّ أبا ذرٍّ عادَ رَسولَ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ - فقالَ: بأبي أنتَ وأمِّي يا رسولَ اللَّهِ، أيُّ الكَلامِ أحبُّ إلى اللَّهِ قالَ ما اصطَفاهُ اللَّهُ لملائِكَتِهِ: سُبحانَ ربِّي وبحمدِهِ، سُبحانَ ربِّي وبحمدِهِ)).[١١٢] واتە : (ابو ذر ) نە خۆش بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەر دانی كرد ، يان پێغەمبەری خوا ﷺ نە خۆش بوو (ابو ذر ) سەردانی كرد ، (ابو ذر ) ووتی : باوك و دايكم بە قوربانت بن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئايا چ ووشە يەك لە لای (خوای گەورە ) زۆر خۆشە ويستە ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەمە يە كە (خوای گەورە ) بۆ فريشتە كانی هەلی بژاردووە : (سبحان ربی وبحمده ، سبحان ربی وبحمده )

📖 له (أبو ذر الغفارى ) – خوا لى رازى بيت – ده ليت : له پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إنِّي أرَى ما لا ترَونَ وأسمعُ ما لا تسمَعون ، أَطّتْ السماءُ وحق لها أن تَئِطَّ ؛ ما فيها موضِعُ أربعِ أصابعَ إلا ومَلَكٌ واضِعٌ جبهَتَهُ لله ساجدًا . واللهِ لو تَعلمونَ ما أعْلَمُ لضَحِكْتُمْ قليلاً ولبَكَيتُمْ كثيرًا ، وما تَلَذَّذْتُمْ بالنساءِ على الفُرُشِ ، ولخَرَجْتُمْ إلى الصَّعُدَاتِ تجْأَرونَ إلى اللهِ . لَوَدِدْتُ أنِّي كنتُ شجرةً تُعْضَدُ)) .[١١٣] واتە : فەرمووی : من شتانێك دەبينم ئێوە نايبينن ، من شتانێك دەبيستم ئێوە نابيستنن ، ئاسمان دەنگی لێوە دەێت و چەركە چركی يان چيرە چيری دێت ، دەی هەشەقێنی چەركە چركە كە يان چيرە چيرە كە بكات ، لە هەموو شيوێنێك چوار پەنچەيەك فريشتە يەك لە سووجدە يان لە كرنۆش دايە بۆ (خوای گەورە ) سوێند بە خوا ئەگەر ئەوەی من ديزانمئێوە بيزانن كەم پێدەكەنن و زۆر دەگريان ..؟! لە گەل خێزانی خۆتان لە سەر جيجگا لە زەت و خۆشيتان وەرنەدەگرت ، بە لكو دەر دەچوون بۆ سەر ێگاو بانەكان پە ناتان بە (خوای گەورە ) دەگرت و هاناتان بۆ خوا دەبرد ..؟! خۆزگە من دەرختی بۆ مايە دەيانبريم و لە ريشكە وە هەليان دەكێشام ..!!

---

١١٢- سنن الترمذي برقم (٣٥٩٣).
١١٣ -سنن الترمذي برقم (٢٣١٢).

📖 له (سعيد بن جبير ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — ده گیریتەوه دەلیٚت : ((أن عمر بن الخطاب سأل النبی ﷺ عن الصلاة الملائکة ..؟! فلم یرد ﷺ شیئا ، فأتاه جبریل ، فقال : إن أهل السماء الدنیا سجود إلی یوم القیامة ، یقولون : سبحان ذی الملك والملکوت . وأهل السماء الثانیة رکوع إلی یوم القیامة ، یقولون : سبحان ذی العزة والجبروت . وأهل السماء الثالثة قیام إلی یوم القیامة ، یقولون : سبحان الحی الذی لایموت )).[١١٤] واته : (عمری کوری خەتاب ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — پرسیاری له پیٚغەمبەری پیٚغەمبەری خوا ﷺ کرد ، دەربارەی نویٚژی فریشته کانی (خوای گەوره ) پیٚغەمبەری خوا ﷺ هیچ وەلامی نەدایەوه ، تاکو جبریل (علیه السلام ) وه حی بۆ دابەزاند ، فەرمووی : خەلکی ئاسمانی دونیا سووجده دەبەن له رۆژی قیامەت دا . دەلیٚن : (سبحان ذي الملك والملكوت ) .و خەلکی ئاسمانی دووەم رکوع ده بەن واته کرنۆش دەبه له رۆژی قیامەت دا . دەلیٚن : (سبحان ذي العزة والجبروت ) .و خەلکی ئاسمانی سیٚ یەم هەلدەستەوه له رۆژی قیامەت دا . دەلیٚن : ( سبحان الحي الذي لا يموت ) ..!!

✍ لەریٚ (السدی ) له (أبی مالك وأبی صالح ) له ( عبد الله بن عباس ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — له سەر ووتەی قال تعالی: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ دەلیٚت : مه بەست له کاروباری ئیبلیس یان شەتانه ، واته : (خوای گەوره ) زۆر چاك له کاوربار‌ی شەیتان دەزانی بەلام فریشته کان پیٚ نازانن ..).[١١٥]

✍ له ریٚ (أبی روق ) له(ضحاك ) له (عبد الله بن عباس ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — له سەر ووتەی قال تعالی: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٠﴾ دەلیٚت : ئەوەی من له دلی ئیبلیس دەرچووەمه یان بینیومه ، ئیٚوه نه دەرچوونه یان نه بینیوتانه ،که چەنده خۆ بەزلزان و گەورەو غروور له خۆبایی یه ..).[١١٦]

---

[١١٤] - اخرجه محمد بن نصر المروزي في تعظيم قدر الصلاة (٢٦٤/١) ، تفسير ابن كثير القران العظيم (٢٩٦/٨).
[١١٥] -اخرجه ابن جرير (٥٨٧/١).
[١١٦] - اخرجه ابن جرير (٥٠٧/١) ، ٥٨٢ .

✍ له رێ (السدى ) له (عبدالله بن عباس ) – خوا لێ رازى بێت – دەلێت : ئیبلیس پاشایی فریشته كان بوو له ئاسمانی دونیا ، به هۆی ئەو خۆ بەگەورە زانینەی یا بەهۆی ئەم له خۆبایی یه هەیبوو ، كەوته سەرپێچی و له سنوور دەرچوونەوە ، (خوای گەورە ) به مەبەستی ئیبلیسی زانی ، هەر وەك دەفەرمووێت :قال تعالى: ﴿ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ۝٣٠﴾ به راستی له ناخی یان له نەفسی ئیبلیس دا سەرپێچی له سنوور دەر چوون هەیه ..).[117]

✍ له رێ (ابن ابى نجيح ) له (مجاهد ) – رەحمەتی خوای لێ بێت - له سەر ووتەی قال تعالى: ﴿ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ۝٣٠﴾ دەلێت : (خوای گەورە ) دەی زانی كه ئیبلیس نا فەرمانی و سەرپێچی دەكات ، چونكه خۆی دورست كرد بوو..).[118]

✍ له رێ (سعید ) له (قتادە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت - له سەر ووتەی قال تعالى: ﴿ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ۝٣٠﴾ دەلێت : (خوای گەورە ) پێ دەزانی زۆر چاك له داهاتوو دا خلیفه كه ئەوانه له پێغەمبەران و پەیامبەران ،وە له خەلكانی چاكەكار یان قەومانی چاكه كار ،كه له بەهەشت دا نیشته جێ ده بن ..).[119]

✍ له (مقاتل بن سلیمان ) – رەحمەتی خوای لێ بێت - له سەر ووتەی قال تعالى: ﴿إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ۝٣٠﴾ دەلێت: واته : به زانیست و زانیاری من ئێوه دەبنه دانیشتووی ئاسمان ، وە ئادەم نەوەكانی دەبنه دانیشتووی زەوی ، وە له نێوان ئەوانیشدا ستبیحات شكۆمەند و سوپاس ستایشم دەكەن و دەم پەرستن ..).[120]

---

[117] -اخرجه ابن ابي حاتم (٧٩/١).
[118] -تفسير مجاهد ص١٩٩ .
[119] -اخرجه ابن ابي حاتم (٧٩/١).
[120] -تفسير مقاتل بن سليمان (٩٦/١-٩٧).

قال تعالی: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ﴾ واتة : (بێنەوە بیرت ) کاتێك ووتمان بە فریشتة کان ،قال تعالی: ﴿ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ﴾ واتة: سوذدة ببةن بۆ ئادةم ، قال تعالی: ﴿فَسَجَدُوٓاْ﴾ واتة : جا (هةموو ) سوذدة یان برد ، قال تعالی: ﴿إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ﴾ واتة : شةیتان نةبیَت طویَي نة دایةو خؤي بة طةورة زاني ،قال تعالی: ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾ واتة : لة بيَ بروایان بوو یان لة کافران بوو ..!!

ریَزطرتني ئادەم بە سوژدەبرنی فریشتەکان بۆی ، بێ گومان ئەوە رێزێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئادەم ، هەر وەکو لە ئایە تەدا (خوای گەورە ) فەرمووی : بیر کەرەوە لەو کاتەی کە فەرمانمان بە فرشتە کان کرد کە سوژدە ببەن بۆ ئادە ، جا ئەوانیش هەموویان سوژدە یان برد ، جگە لە ئیبلیس یان شەیتان کە خۆی بە گەورە زانی خۆی بە گەورە دانا سوژدەی نە برد و ئەو لە دەستەی فریشتە کان نەبوو هەر لە پێش دا یان هەر لە زووەوە ئەو کافر یان بێ باوەر بوو ..!! بەلام ئەو خۆی لە شێوەی فەرمانبەرداری و گوێرایەلی دا نیشان دەدا ..؟! لە پێش دا باسی ئەوە مان کرد کە (خوای گەورە ) بەدلنیایەوە بە نیازی ناو دلی شەیتانی دەزانی بەلام فریشتەکان درکیان پێ نەدەکرد پێیان نەدەزانی ، چونکە فریشتە کان لە پێش دا پێیان وا بوو کە ئیبلیس یان شەیتان کەسێکی چاکە ، بەلام (خوای گەورە ) دەیزانی چی لە دلی ئیبلیس دایە ، دەیزانی ئەوەی ئیبلیس ئەنجامی دەدا وانیە و کەسێکی لە خۆبایی و خراپە کارە ، ئەوتا لە چیرۆکی ئادەم دەرکەوت بۆ فریشتە کان کە ئیبلیس کەسێکی خراپە فسادو گەندەل و لووت بەرزە ، ئەوان پێیان نەدەزانی و لەگەل ئەوانیش دا هەل سوکەوتی دەکرد بەلام خراپەکاری لە خۆ بایی ئیلبیس دەر نەکەوت تاکو کاتی دروست بوونی ئادەم ، ئەوە بوو کە ئادەم دروست بوو لە بەر حەسوودی و ئیرەیی و لە خۆبایی و خۆ بە گەورە زانین ، بەلێ ئیبلیس خۆی بە خۆ نەگیراو ئەو تاوانە گەورەی ئەنجامدا ئەویش کوفری رەها بێ باوەری رەها بوو ، نەچووە ژێر فەرمانی (خوای گەورە ) گوێرایەلی فەرمانە کەی (خوای گەورە ) نەرکرد ، ئەوە بوو کوفری دل و دەروونی خۆی دەرخست ، بۆ هەموو فریشتە کان روون بوویەوە کە ئیبلیس کوفری گەورەی

ئەنجامدا ، بۆیە ئیبلیس بەر نەفەر تی (خوای گەورە ) كەوت لە بەر ئەو سەر پێچیەی كە ئەنجامی دا، وە نافەرمانی كرد ،گوێرایەلی فەرمانەكانی (خوای گەورە)ی نە كرد ، بۆیە (خوای گەورە ) لە بەهەشت دەری پەراند یان دەری كرد ، وە مۆلە تیشی پێدا تاكو رۆژی قیامەت بمێنێتەوە ، لە گومرا كردنی بەندە كانی (خوای گەورە ) یان لە نەوەكانی ئادەم كە گومرایان بكان ..؟!

بەلَيَ (خواي طەورة) فەرمووي : قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ﴾ واتة : بۆ فریشتەكانی روون كردەوە ، كە فەزل و رێزی ئادەم بە علم زانستە ، پاشان فەرمانی پێ كردن بە سوژدە بردن بۆ ئادەم وەك رێز لێنان ، نەك وەك پەرستن ، وەك ئەو سوژدەیەی كە بۆ براكانی بۆ یوسف پێغەمبەرایان برد لە كاتێك دا كە دایك وباوكی لە تەنیشتە خۆی دانا لە سەر عەرشەكەی خۆی یان لە تەنیشت كورسیە كەی خۆی ،ئینجا براكانی سوژدەی رێز لێنانیان بۆ یوسف و دایك و باوكیان برد ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویَت : قال تعالی: ﴿وَرَفَعَ أَبَوَيۡهِ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدًا﴾ [يُوسُف : ١٠٠] واتە : [ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ ] وە دایك و باوكی بردە سەر كورسیەكەی خۆی [ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا ] وە هەمووی‌ان كوڕنوش‌ی‌ان بۆی برد همر ی‌انزه براكهو دای‌ك و باوك‌ی‌ش‌ی (ئموه كوڕنوش‌ی ڕێزو ئ‌ی‌حت‌ی‌رام بوو له شمری‌عمت‌ی ئموان‌دا دروست بووه له شمری‌عمت‌ی ئ‌ی‌ێمه‌دا دروست ن‌ی‌ه) هەر بۆیە سوژدە بردن بۆ هیچ دروست كراوێكی (خوای گەورە) نابێت بكرێت ئەنجام بدرێت جگە لە (اللّٰه ) نابێت سوژدە بۆ هیچ كەسێك یان دورست كراوێك ببردرێت ، چونكە شرك وكوفر بوونە یان بیّ باوەریە ، هەر بۆیە دورست نیە سوژدە بردن بۆ هیچ كەسێك لە ئاینی ئیسلام یان ئاینی توحید و یەك خوا پەرستی ، بەلام ئەوەی كە فریشتە كان سوژدەیان برد بۆ ئادەم تەنها سوژدەی فەزل رێزلێنان بوو ، چونكە فەرل ئادەم زیاتر لەسەر هەموو دورست كراوەكانی تری خۆی ، هەر وەك ئەو سوژدە بردنەی فریشتە كان بەلگەی رێز و فەلی ئادەمە بەسەریانەوە ، هەر وەك دەفەرموویَت : قال تعالی: ﴿فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ

إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٤﴾ واتة : سوژدەیان برد ، جگە لە ئیبلیس یان شەیتان نەبێت کە سەر پێچی فەرمانی خوای کرد و خۆی بە گەورە زانی و خۆی خستە ڕیزی کافرەکانەوە یان بێ باوەڕەکانەوە ، سەرنج لێرە دا پیتی (فاء ) بۆ ( للترتیب والتعقیب ) واتە : فریشتە کان دەست پێش خەریان کرد لە سوژدە بردن بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکەی (خوای گەورە ) ، بەلام تەنها ئیبلیس نەبێت قال تعالى: ﴿إِلَّآ إِبْلِيسَ﴾ واتة : تەنها ئیبلیس سوژدەی نەبرد ، ئیبلیس سەرۆکی (جن) یان جنۆکەکان بوو ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ ۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا ﴿٥٠﴾ [الكَهْف : ٥٠]واته : وە باسی ئەو کاتە بکە کە فەرمانمانکرد بە فریشتەکان کە سوجدە بۆ ئادەم ببەن، وەکو ڕێزێك نەوەك پەرستن، بەهەمان شێوەش فەرمانەکە ئیبلیسیشی گرتەوە، ئەوەبوو هەموو فریشتەکان سوجدەیان برد، بەڵام ئیبلیس کە لە تیرەی جنۆکەکان بوو لەفەرمانی خوای پەروەردگار دەرچوو و سوجدەی نەبرد لەبەر حەسوودی و بەگەورەزانی خۆی . ئایا .ئەی خەڵکی . ئێوە شەیتان ونەوەکانی دەکەن بە یارمەتیدەر و پشتیوانی خۆتان و واز لە گوێڕایەڵی من دەهێنن، لە کاتێکدا ئەوان سەرسەخترینی دوژمنانی ئێوەن ؟ ئای چ گۆڕینەوەیەکی خراپ و نابەجێیە گوێڕایەڵی ستەمکاران بۆ شەیتان لەجیاتی گوێڕایەڵی خوای میهرەبان و بەبەزەیی ..!!

هەروەها فریشتەکان سەرپێچی فەرمانە کانی (خوای گەورە ) ناکەن هەر وەك دەفەرموویَت :

قال تعالى: ﴿مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٦﴾﴾

[التَّحْرِيم : ٦] واته : [ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ ] ئەو ئاگری دۆزەخە هەندێك مەلائیکەتی لەسەرە کە (زەبانیە)ن خوای گەورە تایبەت بۆ ئەوە دروستی کردوون کەسانێکی زۆر دڵ ڕەقن وە زۆر سەخت و توندو ترسناکن هیچ ڕەحم و بەزەییەك لە دڵیان دا نیە بەرامبەر بە دۆزەخییەکان [ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ ] وە هەر فەرمانێك کە خوای گەورە پێیان بکات ئەوان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە ناکەن [ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ] وە هەر فەرمانێکیان پێ بکرێ لەلایەن خوای گەورە ئەوان لە کاتی

خۆیدا ڕاستەوخۆ جێبەجێی ئەکەن. کةواتة لێرە دا لەم دوو ئایەتەی کە باسمان کرد بۆ مان ڕوون دەبێتەوە کە ئیبلیس لە (جن) یان جنۆکە کان بووە ، وە سەر پێچی فەرمانە کانی (خواگەورە ) کرد ، بەلام فریشتە کان هەر فەرمانێك (خوای گەورە ) پێیان بکان یەکسە ر جیٚ بەجیٚ دەکەن و سەر پێچی لە فەرمانەکانی ناکەن ،ڕاستە و خۆ جیٚ بە جی دەکەن ..؟! قال تعالی: ﴿أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ﴾ واتة : سەرپێچی کرد و خۆی بە گەورە زانی ، بیٚ گومان ووشەی (استكبر ) بە هێزترە لە ووشەی (تكبر ) چونکە زیادەی ووشە بەلگەیە لەسەر زیادەی ماناکەی ، (استكبار ) واتە : لە و پەری خۆ بەگەورە دانان و لە خۆ بایی بوونە، واتە : ووشەکانی ( الكبر ، الاستكبار ، والتكبر ) هەر هەموو یان لێك نزیکن لە مانادا ، وە ك ووشەی (الكبر ) بەم شێوەیە پێناسە کراوة (فالكبر الحالة التي يتخصص بها الإنسان من إعجابه بنفسه ، وذلك أن يرى نفسه أكبر من غيره ) واتة : بارودۆخێکە تایبەتە بە مرۆڤە کانەوە ، کە سەر سام دەبێت بە خۆیەوە ، ئەویش ئەوەیە کە خۆی پیٚ لە غیری خۆی گەورەترە ..!! بەلیٚ ئیبلیس خۆی بە گەورە دانا بە سەر ئادةم ، قال تعالی: ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾ واتة : ئیبلیس خۆی خستە ڕیزی کافرانەوە یان بیٚ باوەڕانەوە ، بە لیٚ سوژدە نەبدنی ئیبلیس بە هۆي خۆ بەگەورە زانیەوە بوو ، یان بە هۆی حەسوودی ئیرەیەوە بوو ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویَت : قال تعالی: ﴿إِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ قَالَ ءَأَسۡجُدُ لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينٗا ٦١﴾ [الإِسۡرَاء : ٦١] واتە : {کفتوگۆی نێوان خوای گەورەو ئیبلیس} [ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ ] وە کاتێك بە فریشتەکانمان وت کڕنوشی ڕێزو ئیحتیرام بۆ ئادەم بەرن [ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ ] هەموویان کڕنوشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێ [ قَالَ أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا ] ئیبلیس ووتی: ئەی پەروەردگار من کڕنوش بەرم بۆ کەسێك کە تۆ لە قوڕ دروستت کردووە.!! هە روە ها کفتو کوي نيوان (خوای کە ورە ) و ئیبلیس .﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ١٢﴾ [الأَعۡرَاف : ١٢] واتە : گفتوگۆی نێوان خوای گەورەو ئیبلیس} [ قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ] خوای گەورە بۆ سەرزەنشت کردن و جێگیر

کردنی بەڵگە بەسەریدا فەرمووی: ئەی ئیبلیس چی ڕێگری لێ کردیت کە سوجدە بۆ ئادەم بەریت کاتێك کە من فەرمانم پێ کردیت [ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ (١٢) ] وتی: ئەی خوایە من لەو باشترم منت لە ئاگر دروست کردووە ئەوت لە قوڕ دروست کردووە ئاگریش لە قوڕ باشترە بەگومانی خۆی، (ئیبلیس یەکەم کەس بوو کە قیاسی بەکارهێنا)..!!

ئینجا (خوای کە ورە ) فە رمووی : قال تعالى: ﴿قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ١٣﴾ [الأَعۡرَاف : ١٣] واتە : [ قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا ] خوای گەورە فەرمووی: دەی لە ئاسمان یان بەهەشت یان ئەو پلەوپایەی پێتدرابوو دابەزە ئیتر تۆ نابێ لەناو مەلائیکەتاندا بیت [ فَمَا يَكُونُ لَكَ أَنْ تَتَكَبَّرَ فِيهَا ] وە بۆت نیە کە لە ئاسماندا یان لە بەهەشتدا خۆت بەگەورە بزانی و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە بکەی [ فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ] دەرچۆ لە بەهەشت تۆ لەو کەسانەی کە ڕیسواو زەلیل و سەرشۆڕ ئەبیت.!! ئینجا ئیبلیس ووتی : قال تعالى: ﴿قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٤﴾ [الأَعۡرَاف : ١٤]واتە : ئیبلیس وتی: ئەی پەروەردگار بمهێڵەرەوە با نەمرم تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە تا ڕۆژی قیامەت. ئینجا (خوای کە ورە ) فە رمووی : قال تعالى: ﴿قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ١٥﴾ [الأَعۡرَاف : ١٥]واتە : خوای گەورە فەرمووی: ئەوا مۆڵەتت ئەدەم و تۆ لەو کەسانەی کە ئەمێنیتەوە تا ڕۆژی قیامەت کە دونیا تێك ئەچێ بۆ ئەوەی کە خوای گەورە خەڵکی پێ تاقیبکاتەوە.

هە روە ها ئیبلیس بە م شیوە یە ووتی : قال تعالى: ﴿قَالَ أَرَءَيۡتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِي كَرَّمۡتَ عَلَيَّ لَئِنۡ أَخَّرۡتَنِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَأَحۡتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٗا ٦٢﴾ [الإِسۡرَاء : ٦٢]واتە[ قَالَ أَرَأَيْتَكَ هَذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ ] وتی: ئەی پەروەردگار هەواڵم پێ بدە سەبارەت بەو کەسەی کە ڕێزت لێناوە کە ئادەمە کە منت لە ئاگر دروست کردووە ئەوت لە قوڕ دروست کردووە بۆچی فەزڵی ئەوتدا بەسەر مندا [ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ] ئەگەر دوام بخەی تا ڕۆژی قیامەت [ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إِلَّا قَلِيلًا ] ئەوە زاڵ ئەبم بەسەر نەوەکانیداو هەموویان گومڕا ئەکەم تەنها کەمێکیان نەبێ کە بەندە دڵسۆزو باوەڕدارەکانن ..!!

(خوای كه وره ) به ئیبلیسي فه رموو : قال تعالى: ﴿قَالَ ٱذۡهَبۡ فَمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمۡ جَزَآءٗ مَّوۡفُورٗا ٦٣﴾ [الإِسۡرَاء : ٦٣]واته : خوای گەورەش فەرمووی: ئەوە ئەمێنیتەوە برۆ هەر کەسێکیش گوێڕایەڵی تۆ بکات و شوێنت بکەوێ ئەوە بەدڵنیایی جەهەننەم سزای ئێوەیە سزایەکی تەواو..؟!

بەڵێ سوژده برن بۆ جگه له (خوای گەوره ) ئەگەر له سەر فەرمانی (خوای گەوره) بێت بۆ بەندەی خوا ، ئەوا به پەرستن و عیبادەت حیساب دەكرێت ، بەلام ئەگەر فەرمانی (خوای گەوره )ی له سەر نەبێت جگه له (خوای گەوره ) ئەو بێ گومان سەرپێچی و حرام و كوفر و شركه سوژده بردن بۆ غیری (خوای گەوره ) ، هەر وەك فریشته كان سوژدەی ڕێز لێنان بۆ ئادەم (علیه السلام ) برد ، یان وەك براكانی یوسف (علیه السلام ) سوژدەی تحیه سلاو كردن ڕێز لینان بۆ یوسف و دایك و باوكیان برد ، بەلێ فریشته كان سوژده یان بۆ ئادەم برد هەروەك دەفەرمووي : قال تعالى: ﴿ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ﴾ واتة: (خوای گەوره ) فەرمان دەكات كه فریشتەكان سوژده ببەن ، وه حوكم دەكات بەوەی كه بییەوێت ، هەر له بەر ئەم هۆكاره ئیبلیس سوژەی نەبرد كه خۆی بەگەورە زانی ، ئەویش حساب كرا كه كافرانه یان له بێ باوەڕەكان یان لەوانەیه كه سەرپێچی (خوای گەوره ) دەكەن ، هەروەها ئەو سوژده بردنه بۆ ئادەم سوژده بردنی ڕێز بوو نەك سوژده بردنی پەرستن و عیبادەت بۆ ئادەم (علیه السلام ) ، سوژەد بردنی عیبادەت و پەرستن تەنا بۆ (خوای گەوره) یه ، چونكه زانایان لەسەر ئەم یەك دەنگن كۆدەنگن سوژدەی ڕێز بووه ..!!

سوژدة بردن بۆ بێجگه له (خوای گەوره ) به مگلقی دروست نیه حرام ، چونكه زانایان دەلێن : سوژده یان ركوع كرنۆش بردن ئەم دووبارەیه یان ئەم دووحالەتەیه :

یەكەم: ئەگەر بەنده سوژده یان كرنۆش و ركوع ببات وەك عیبادەت و پەرستن جگه له (خوای گەوره ) خۆی بۆ زەلیل و سەر شۆر بكات بۆ دروست كراوەكانی (خوای گەوره ) ئەوا بەدلنیایەوه

شیرکی گەورەیە واتە : (شرك أكبر ) بێ گومان شرکی گەورە ئەوا بەدلنیایەوە لە ئاین و دەردەچێت .؟!

دووەم : ئەگەر سوژدە یان کرنۆش و رکوع ببات وەك رێز گرتن و سلاو کردن نەك عبیادەت و پەرستن ، ئەمەیان نابێتە شیرك ، چونکە بۆ ئۆممەتەکانی پێش ئێمە دروست بووە ، بەلام بۆ ئۆمەتی ئیسلام حرامە بە هیچ شێوەیەك نابێت سوژدە و کرنۆش و رکوع ببەین وەك رێز گرتن ، چونکە ئەوا دەبێتە شیرکی بچووك ، شیرکی بچووك خاوەنەکەی لە ئاین دەرناچێت بەلام ئیمانی کەم دەبێت.

✍ لە (ابن تیمیە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : سوژدەی عیبادەت یان پەرستن تەنها بۆ خوایە ، هەموو یەك دەنگن کە سوژدە بۆ بێجگە لە (خوای گەورە ) حرامە بە مگلقی ، هەروەها دەفەرمووی : سوژدە دووجۆرە : سوژدەی عیبادەت و سوژەدەی رێزگرتن ، واتە : سوژدەی عیبادەت نابێت تەنها بۆ خوا نەبێت ، واتە : تایبەت کراوە تەنها بۆ خوا ..!!

✍ لە (محمد ابراهیم ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : خۆ چەماندنەوە یان خۆ نزم کردنەوە کاتی سەلام کردن حەرامە ، ئەگەر مەبەست پێی سەلام کردن بێت ، ئەگەر مەبەست پێ عیبادەت بێ ئەوا بە مگلقی کوفرە ..؟!

✍ لە (عبدالعزیز عبدالگیف ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : ئەگەر کەسێك سوژدە ببات بۆ باوکی یان بۆ زانایەکی ئاینی ئیسلام ، ئەگەر مەبەستی پێی سەلام و رێز بێت ، ئەوا لە حرام کراوەکان و شیرك نیە ، بەلام ئەگەر سوژدەی زەلیلی و نزیك بوون و عیبادەت بێت ئەوا بە مگلقی شیرکە ..؟!

بۆیە ئیبلیس سیفەتە ، خراپەکانی تێدا کۆ بوویتەوە :

١–سەرپێچی فەرمانەکەی (خوای گەورە )ی کرد و فەرمانەکەی جێ بەجێ نەکرد.

٢-خۆ بەگەورە دانا لووت بەرز بوو لە خۆ بایی بوو .

٣-حسوودی ئیرەیی برد بە ئادەم .

٤- بێ باوەر بوو ، یان لە کافرەکان بوو .

قال تعالى: ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ مەبەست لە ووتەیە زانایان دەڵێن : ئەو کەسەی نوێژ تەرك دەکات کافرە ، چونکە سەرپێچی فەرمانی و فەرز و واجب (خوای گەورە )ی کردووە ، هەر وەك ئیبلیس سەر پێچی کرد کە یەك فەرمانی جێ بەجێ نە کرد یان یەك سوژدەی نەبرد بۆ (خوای گەورە ) ، بەڵێ ئیبلیس لە سەر یەك سوژدە کافر بوو ، ئەي ئەگەر کەسێك نوێژ نەکات کە فەرمانی پێ کراوە رۆژانە حەڤدە سوژدە ببات ، کەچی سەر پێچی بکات فەرمانەکەی یان واجبە کەی (خوای گەورە ) جێ بەجێ نەکات نوێژ بە تەواوە تی ترك بکات ..؟!

زانایان دەڵێن : تەرك کردنی نوێژ لەم سێ حالەتانەن :

یەکەم : نوێژ تەرك بکات یان نوێژ نەکات باوەری بە نوێژ نەبێت ، یان دەڵێت : نوێژ فەرز واجبە نیە ، یان دەڵێت : نوێژ نەکردن باشترە لە نوێژ کردن ، ئەمەیان کافرە بە یەك دەنگی هەموو زانایان ئۆممەت ..؟!

دووەم : ئەگەر کەسێك هەندێك جار نوێژ بکات و ، هەندێك جار نوێژ نەکات واتە : بێ خیرەتی یان لە لە زەخەڵی و تەمبەڵی نوێژ نەکات ئەو کەسە یان ووتەی راست ئەوەیە موسلمانە ، بەلام

به فاسق ناو دەبرێت ناچێته دەر له ئیسلام بەڵام تاوان باره و گوناهکاره لەسەری سزای دەدرێت ..؟!

✍ له (ابن تیمیه) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت: زۆر له خەلکی بەلکو زۆر به یان له شارەکان بەردەوام نابن له سەر نوێژ کردن له سەر ئەنجامدانی نوێژه فەرزو واجبەکان واته: پێنج نوێژه فەرزەکه ، له و کەسانه نێن که به یەکجاری واز له نوێژ بهێنن ، هەندێك جار نوێژ دەکەن ، هەندێك جار نوێژ ناکەن، هەندێك جاریش وازی لێ دەهێنن ، ئەوانه : دوو روویی و نیفاق یان تێدایه ، ئەحکامه شرعیەکانی ئسلامیان له سەر جێ بەجێ دەکرێت ، بۆ میرات و ئەحکامه کانی تر ...؟!

✍ له (ابن عیپمین) رەحمەتی خوا لێ بێت – دەڵێت : ئەوەی لای من دیار بێت (خواش زاناتره) نوێژ تەرك کردن به یەکجاری پێی کافر دەبێت ، ئەگەر یەکێك هەندێك جار بکات و هەندێك جار نەکات ئەمه کافر دەبێت ، چونکه ئەصل وایه ئیسلام ماوه تا بەلگەی روون هەبێت بۆ نەمانی ئیسلام بوونی ، ئەگەر ئینکاری واجب بکات ، ئەوا کافره له بەر ئینکاری نەك له بەر تەرك کردنی..؟!

سێ یەم : نوێژ ناکات به یەکجاری ، بەلام باوەری به نوێژ هەیه و دەزانێت تاوانباره و نوێژ کردن باشتره و دەزانێت واجبه و فەرزه ، بەلام ئەو کەس نایکات له تەمبەلی و زەخەلیه که نوێژ ناکات ، ئەم جۆره یان جیاوازی هه یه له نێوان زانایان ئایا کافره یان موسلمانه ، زۆر بەی زانایان دەڵێن موسلمانه ، هەندێك زانای تر بۆ ئەوه چوون که کافره ..؟!

✍ له (ئیمام مالك) و (ئیمام شافعی) – رەحمەتی خوا یان لێ بێت – هەر دووکیان بۆ ئەوه چوونه نوێژ نەکەری عمدا ، وه به بیرو باوەر به عقیده نوێژ نەکات و باوەری وا بێت واجبه نیه نەی کات ، ئەوا دەبێت به کوژرێت وەك حەدی شەرعی نەك وەك کوفر.؟!

✍ له (ابو حنيفه ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – رای بۆ ئەوە چووە دەلێت : نوێژ نەکەر بەند بکرێت له بەندیخانه یان سجن بکرێت تاکو نوێژ دەکات ..؟!

هەندێك له زانایانی تر بۆ ئەوە چوونه نوێژ نەکەر ، دوای تۆبەی لێدە کرێت ، ئەگەر تۆ بە بکات ، ئەوا تۆبەکەی لێ وەردەگیرێت ئەگەر تۆبەی کرد و نوێژی کرد ئەوا موسلمانه ، بەلام ئەگەر نوێژی نەکرد ، ئەوا دە کوژرێت وەك ردە یان هەلگەراوە له دین..؟!

هەندێکی تری زانایان بۆ ئەوە چوونه ئەوا نوێژ نه کەر دەبێته کافر دەبێت بکوژرێت ، بێ گومان کێشەکە تەنها نوێژ نەکردن نیه ، یان ترك کردنی نوێژ بەلکو ئەوانەی که نوێژ ناکەن روکنەکانی تری ئیسلام بەجی ناهێنن ، وەك رۆژوو ، زەکات ، حەج ، هەر کەسێك هە چوار روکنی ئیسلام تەرك بکات ئەوا کافر دەبێت بە یەك دەنگی زانایان ئەم ئۆمەتە ، چونکە کردەوە مەرجی دەرستی ئیمانه نەك مەرجی تەواوی ئیمان بێت ..؟!

بێ گومان ئەوەی گرینگە ئەوەی موسلمان بۆ برا موسلمانەکە ببێتە کەسێکی ئامۆژگاری کار بەوەی که نوێژ نەکردن سزایی زۆر گەورەی بۆ دانراوە له لایەن (خوای گەورە ) ئاگاداری بکاتەوە که تاونەکەی یەکجار گەورەیە ئەگەر تەرك بکات و یان نوێژ نەکات ، هەر وەك (خوای گەورە ) سزاکەی بۆ داناوە دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾﴾ [المُدَّثِّر : ٤٢ - ٤٣]واته : {هۆکاری چونه دۆزەخ} [ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ (٤٢) ] ئەوە چی ئێوەی خستۆتە ناو (سەقەرە)وە؟ کە ناوێکی ترە لە ناوەکانی دۆزەخ..!! [ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ (٤٣) ] وتیان: ئێمە لە دونیادا نوێژمان نەئەکردو لە نوێژخوێنان نەبووین..!! هەروەها موسلمان بۆ برا موسلمانەکەی دلسۆز بێت بۆی بگەرێنێتەوە سەر رێگای راستی خوا پەرستی ، هەول بدا هیدایەتی بدات بۆ ئەوەی لە سزای ئاگر دوور بکەوێتەوە ، نەك یەکسەر پی بلێ تۆ کافری یان مولحیدی ئامۆژگاری بکات تائەوە کاتەی پێویست دەکات و شەرعی رێگای پێداوە ، یان بم شێوەش وەسفی نەکات وەکو مورجیئەکان نوێژ نەکەر پێ موسلمان بێت ، بەلکو دەبێت بە

ئایەت و فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری بكات بۆ هیدایەت دانی ، نابێت بە نوێژ نەكەر بلێ ، (اللة ) (غفور – رحيم )ة ، بەلكو دةبێت بلێ (اللة ) (شديد العذاب ) بە یان (اللہ ) (شديد العقاب )ە ..؟!

📖 لة ( جابر بن عبدالله ) – خوا لێ رازی بێت – دە گرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((إنَّ بيْنَ الرَّجُلِ وبيْنَ الشِّرْكِ والْكُفْرِ تَرْكَ الصَّلاةِ)).[١٢١] واتة : لە نێوان پیاو هاوەل بۆ خوا بریاردان وە كوفردا نوێژ نەكردنة ..!!

📖 لة ( جابر بن عبدالله ) – خوا لێ رازی بێت – دە گرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((بين الكفرِ والإيمانِ تركُ الصَّلاةِ)) .[١٢٢] واتة : نێوانی كوفر ئیمان وازهێنانە لە نوێژ كردن ..!!

📖 لة (أنس بن مالك) – خوا لێ رازی بێت – دە گرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((من ترك الصلاةَ مُتعمِّدًا ، فقد كفر جهارًا)). [١٢٣] واتة : هەر كەسێك نوێژ واز لێ بهێنی یان تركی بكات بە عمدا ئەوا كفری ئاشكرای كردووة ..!!

📖 لة ( جابر بن عبدالله ) – خوا لێ رازی بێت – دە گرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((بَيْنَ العَبدِ وبَيْنَ الكُفرِ تَركُ الصلاةِ)).[١٢٤]واتة: نێوانی بەندە و نێوانی كوفر وازهێنانە لە نوێژ كردن ..!!

📖 لة (عبدالله بن شقيق العقلى ) – خوا لێ رازی بێت – دە گرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : (( كان أصحابُ محمَّدٍ صلَّى اللهُ علَيهِ وسلَّمَ لا يرونَ شيئًا من الأعمالِ تركُه كفرٌ ، غيرَ الصَّلاةِ. سمعت أبا مصعب المدنى يقول : من قال : الإيمان قول يستتاب ، فإن تاب وإلا ضربت

---

[١٢١] -صحيح مسلم برقم (٨٢).
[١٢٢] - سنن الترمذي (٢٦١٨).
[١٢٣] -شيخ الالباني في ضعيف الجامع برقم (٥٥٢١).
[١٢٤] -سنن الترمذي برقم (٢٦٢٠).

عنقه )).[١٢٥] واتة : هاوەلانی پێغەمبەری خوا ﷺ وازهێنانیان لە هیچ کارێك بە کوفر دانە ناوە جگە لە نوێژ ..؟! بۆ خۆم گوێم لە (ابو مصعب ی مەدنی ) بوو دەی ووت: هەر کەس ووتی : ئیمان بەس ووتەیە دەبێ تەوبە بکات ، جا ئەگەر تەوبەی کرد ئەوە باشە ، ئەگەر نا دەبێت بدرێت لە گەردنی ..؟!

📖 لة (عبدالله بن بريده ) لە باوکی – خوا لێ رازی بێت – دە گرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((العَهدُ الّذى بيننا وبينهم الصَّلاةُ ، فمَن تركَها فقد كَفرَ)).[١٢٦] واتة : بەلێن و پەیمانی نێوان ئێمە ئەوان واتە : کافران یان بێ باوەران ، نوێژ نەکردنە ئەوەی وازی لێ بهێنی یان ترکی بکات ، ئەوا بێ باوەر بووە یان کافر بووە ..؟!

📖 لة (بريده بن الحصيب الّسلمى)– خوا لێ رازی بێت – دە گرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((كُنَّا مع بُرَيْدَةَ فى غَزْوَةٍ فى يومٍ ذِى غَيْمٍ، فَقالَ: بَكِّرُوا بصَلاَةِ العَصْرِ؛ فإنَّ النبىَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قالَ: مَن تَرَكَ صَلاَةَ العَصْرِ فقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ)).[١٢٧] واتة: دەفەرمووی : ئێمە لە گەل بوریدە لە رۆژی غەزای (ژی غیم ) دابووین ، ووتی : نوێژی عصر زوو بکەن ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەوکەسەی نوێژی عصر نەکات ، کردەوەکانی گیرا نابێ ، یان کردەوەکانی قبول نابێت ، یان کردەوەکانی پووچەل دەبێتەوە ..!!

بەلێ لە راستی دا سوژدە دەبێت تەنها بۆ (خوای گەورە ) بێت ، جگە لە خوا نابێت سوژدە بۆ هیچ کەسێك ببردرێت ، ئەو سوژدەی کە بۆ ئادەم و یوسف لە قورئاندا باسکراوە تەنها سوژدەی سەلاو رێزگرتنە ، نەك سوژدەی پەرستن و عیبادەت کردن ، ئەو فەرمانەی کە (خوای گەورە ) بە فریشتە کان دا ، ئەویش سوژدەی رێزگرتن بۆ ئادەم بوو ، فریشتە کانیش سوژدەیان برد ، فەرمانەکانی (خوای گەورە ) جێ گەیاند ، هەروەك (خوای گەورە ) فەرمان بە موسلمانان دەکات

---

١٢٥ -سنن الترمذي برقم (٢٦٢٢).
١٢٦ سنن الترمذي برقم (٢٦٢١).
١٢٧ -صحيح البخاري برقم (٥٥٣).

بۆ نوێژ کردن روو له بەردە رەشەکەی کەعبە بکەن واتە : قبیلە ی موسلمانان بەردە رەشە کەیە ، یان فەرمان دەکات به حەج و عمرە کردن بۆ مالە کەی خۆی کەعبەی پرۆز ، هەروەها فەرمان کردن به رجم کردنی ابلیس به بەرد ، هەر بۆ یە موسلمانان فەریزەی حەج به جیّ دە هێنن فەرمانەکانی (خوای گەورە ) جیّ بەجیّ دەکەن ، ئەوەش به گەورە دان و رێز گرتنی فەرمانەکانی (خوای گەورە )یە ، بیّ گومان ئەمەش حیکمەتی (خوای گەورە ) بۆ موسلمانان ، هەر (خوای گەورە ) بەخۆی زانایە حیکمە تە کەی ، هەروەك فریشتەکان دەفەرموون : قال تعالى: ﴿قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٣٢﴾ [البَقَرَةِ : ٣٢] بەڵێ موسلمان دەبێت بزانێت هەر فەرمانێك (خوای گەورە ) بریاری لەسەر دەدات فەرمانەکە دەردەکات راست و دروستە ، حیکمەت لە دوای حیکمەتی تێدایە ، دادگەری لەدوای دادگەری تێدایە ، بەزەیی لە دوای بەزەیی ، ئەی برای موسلمان کە تۆ ئیمانداری باوەرت هەیە بە حیکەتی (خوای گەورە ) ، دەبێت باوەرت هەبێت بە حیکەتی (الله ) به مگلقی ، دەبێت باوەرت هەبێت بە علمی (الله ) به مگلقی ، دەبێت باوەرت هەبێت بە رەحمەت یان بەزەیی (الله ) به مگلقی ، ئەگەر سوژدەش ببیت دەبێت تەنها بۆ (الله ) بێت. بەلام سوژدەی فریشتەکان تەنها سوژدەی رێز و پایە بوو ، بۆ ئادەم (علیە السلام ) هەر وەك سوژدە بردنی ئەستێرە ز مانگ و رۆژ سوژدەی رێزیان گرت بۆ یوسف (علیە السلام ) کە لە خەونەکەیدا بۆ باوکی دەگێرێتەوە، (خوای گەورە ) دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿إِذۡ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي رَأَيۡتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوۡكَبٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ رَأَيۡتُهُمۡ لِي سَٰجِدِينَ ۝٤﴾ [يُوسُف : ٤]واتە : کاتێك یوسف - صلى الله علیه وسلم - بە باوکی فەرموو کە یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم بوو (صەڵات و سەلامی خوای گەورەیان لەسەر بێت): ئەی باوکە من یانزە ئەستێرەم بینی لە خەودا (کە لێکدانەوەکەی یانزە براکەی بوو)، وە خۆرو مانگیشم بینی (کە لێکدانەوەکەی دایك و باوکی بوو) هەموویان کڕنوشی ڕێزو ئیحتیرامیان بۆ ئەبردم، کە پاش چل ساڵ یاخود هەشتا ساڵ ڕوویداوە..!!

📖 لة (ابو هريرة) – خواى لِيَ رازي بيَت – لة ثيَغةمبةري خوا ﷺ فةرمووي :

((لو كنتُ آمرًا أحدًا أن يسجُدَ لأحدٍ، لأمرتُ المرأةَ أن تسجُدَ لزوجِها)).[١٢٨] واتة: ئەگەر فەرمانم بکردایە بە کەسێ سوژدە بەرێ بۆ کەیسێکی تر ، ئەوا فەرمانم دەکرد بە ئافرەت سوژدە بەرێ بۆ هاوسەرەکەی یان پیاوەکەی ، ئەوەندەی مافی هەیە بە سەر یەوە ..! ! مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوەیە کە دەبێت ئافرەت رێزی پیاوەکەی بگرێت ، دیارە مەبەستی سوژدە بردن رێزو پایەی پیاوە لە لای ئافرەت یان لە لای مێردەكةي .!

📖 لة ( ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي :

((إذا صلَّتِ المرأةُ خَمْسَها وصامتْ شهرَها وحصَّنتْ فرْجَها وأطاعت بعلَها دخلتْ مِن أيِّ أبوابِ الجنَّةِ شاءتْ)).[١٢٩] واتة: ئەگەر ئافرەت پێنج نوێژە بکات ، واتە : پێنج فەرزەکەی ئەنجام بدات ، مانگی رەمەزان بە رۆژوو بێت ، وە داوێنی خۆی بپارێزی لە حرام کراوەکان ، وە گوێرایەلی هاوسەرەکەی بێت یان مێردەکەی بێت ، ئەوا دەچێتە بە هەشتەوە بە هەر دەرگایەك لە دەرگاکانی بە هەشت بیەوێت..؟!

بةلَيَ فەرمانی کردنی (خوای گەورە ) حیکەتی تێدایە بۆ بەندەکەی ، وە گوێرایەلی کردنی واجب و فەرزە ، هەر وەکو فەرمان دەکات روو بکەن قیبلە ئەویش بەردە رەشەکەیە واتەحجر الاسود ، بەلی ئەم بەردە نەسوودی هەیە و ن زیانی هە یە ، بەلام فەرمانی (خوای گەورە ) یە حیکمەتی خۆی تێدایە ، حیکەت لە بەردەکە دانیە بەلکو حیکەت لە فەرمانە کەی (خوای گەورە )یە چونکە سوود لە فەرمانەکەی نەوە بەردە کە سوود بگەیەنێ یان زیان بەگەیەنێ ..؟! هەر وەك دەفەرموويَت : قال تعالى: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾ [النِّسَاء : ٥٩]واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن- صلى الله عليه وسلم - وە ئەوانەی کە فەرمانڕەواو کاربەدەستی ئێوەن چ فەرمانڕەوایان

---

[١٢٨] - سنن الترمذي برقم (١١٥٩).
[١٢٩] صحيح ابن حبان برقم (٤١٦٣).

وه چ زانایان هەردووکی ئەگرێتەوه لە چاکەدا بەڵام لە خراپەو تاواندا گوێڕایەڵی بۆ کەس نیە، ئەم ئایەتە لەسەر (عبدالله بن حذافة بن قيس بن عدي) دابەزی کە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - کردی بە ئەمیری سریەیەك و فەرمانی پێ کردن کە گوێڕایەڵی بکەن، ئەویش توڕە بوو وتی ئایا پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - فەرمانی پێ نەکردون گوێڕایەڵیم بکەن؟ وتیان بەڵێ، وتی دارم بۆ کۆ بکەنەوە، کۆیان کردەوە، وتی: ئاگری تێبەر بدەن، ئاگریان تێبەردا، وتی: بچنە ناوی، ویستیان بچنە ناوی، بەڵام هەندێکیان هەندێکیان دەگرت و وتیان: ئێمە لەترسی ئاگر رامان کرد بۆ لای پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بە قسەیان نەکرد تا ئاگرەکە دامرکایەوەو ئەویش توڕەبوونەکەی ئارام بووەوە کە ئەم هەواڵە بە پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - گەیشت فەرمووی: ئەگەر بچونایەتە ناو ئاگرەکە لێی دەرناچوون تا رۆژی قیامەت، چونکە گوێڕایەڵی تەنها لە چاکەدایە. {گەڕاندنەوەی کێشە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم -}..!!هەروەها **(خوای گەورە ) فەرمان دەکات بە موسلمانان کە ئەوەی لە پەیامبەرەکەی ﷺ هاتووە وەری بگرن ، ئەویشی کە قەدەغەی کردووە لێ دوور بکەنەوە ، هەر وەك دەفەرموویَت** : قال تعالى:

﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ﴾ [الحَشۡر : ٧] واتە : وە ئەوەی کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بۆی هێناون ئێوە وەری بگرن، وە ئەوەیشی کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - نەهی لێکردووە دەستی لێ هەڵبگرن، واتە: گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن - صلى الله عليه وسلم - چونکە ئەو تەنها فەرمانتان پێ دەکات بە چاکەو رێگریتان لێدەکات لە خراپە..!!

قال تعالى: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾ [النِّسَاء : ٥٩] واتە : گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار بن وسەرپێچیان مەکەن، وە وەڵامی پەیامبەرەکەی صلى الله عليه وسلم بدەنەوە لەو هەق وڕاستیانەی کە پێی هاتووە، وگوێڕایەڵی کاربەدەستانتان بکەن لەو شتانەی کە سەرپێچیکردنی خوای بەرز وبڵند وپایەبەرزی تێدا نیە ..!! **بەڵێ گوێرایە لی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) واجبە لە هەر فەرمانێك کە بریاری لە سەردەدات ، هەروەها گوێرایەلی کردنی پێغەمبەرکەی لە فەرمان کردن بە چاکە دوور کردنەوە لە خراپە ، هەروەها گوێرایەلی کردنی**

فەرمانڕەوا یان کاربەدەست یان زانایانی شەرعی ئاینی ئیسلام ، بەلام لێرە دا ولی ئەمر دەبێت پویست بێت بە گوێرایەلی پێغەمبەری خوا ﷺ واتە لە شەرعی ئیسلام دەر نەچێت ئەگەر فەرمانی کرد بە چاکە گوێرایەلی بکرێت ئەگەریش فەرمانی کرد بە خراپە ئەو واجبە کە گوێرایەلی نەکەی و ئامۆژگاری ولی ئەمر بکرێت ، هەروەك ئەم نموونەیە : ئەگەر ولی ئەمر فەرمانی کرد بە موسلمانان بە خواردنی شەراب و گۆشتی بەراز ئەوا نابێت گوێرایەلی بکریت لە خراپە چونکە ئەم خواردن خواردنەویە ، حرام کراوە بە فەرمانی (خوای گەورە ) و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، هەر وەك دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۝٩٠﴾ [المَائـِدَة : ٩٠]واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بەخوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی صلى الله عليه وسلم هێناوە و بەڕاستان زانیون، وکردەوە بە شەرعەکەی دەکەن، بێگومان مەی : کەبریتیە لە هەموو ماددەیەکی سەرخۆشکار کە ڕێگر دەبێت لەکارکردنی، و مەیسریش : کە قومارە، کە هەموو کردار و کێبڕکێیەك دەگرێتەوە لەسەر بەرامبەرێك، و هاوشێوەکانی، وە ئەنصابیش : کە بەردێك بوو هاوەڵبڕیاڕدەران سەربڕینیان لەلادا ئەنجامدەدا وەکو بەگەورە ڕاگرتنێك بۆی، یان هەر شتێك کە ئەنجام دەدرا بەمەبەستی پەرستن بۆ لێنزیکبوونەوەی، وە ئەزلامیش : ئەو سێ پەرداخە بوون کە هاوەڵبڕیاردەران بۆ بەخت گرتنەوە پێش ئەوەی کە کارێك یان سەفەرێك ئەنجام بدەن یان وازی لێبهێنن بەکاریان دەهێنان، هەموو ئەوانەی کە باسکران تاوانن و لە ڕازاندنەوە و جوانکاریەکانی شەیتانە بۆ خەڵك، سا لێیان دووربکەونەوە، بەڵکو بەهەشت بەدەست بهێنن ..!!

هەروەها (خوای گەورە ) دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ﴾ [البَقَرَة : ١٧٣]واتە : ئەو شتانەی کە خوای گەورە لێتانی حەرام کردووە بزانن [ٱلۡمَيۡتَةَ ] مردارەوە بووی وشکانی نەك دەریا هی دەریا حەڵاڵە [ وَالدَّمَ ] وە خوێنیش جگە لە جەرگ و سپڵ کە حەڵاڵە [ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ ] واتە : وە گۆشتی بەراز کە حەرامە بەهەموو شێوازێك..!!ضونكة هەر قە دەغەکراوێك فەرمانی (خوای گەورە ) لە سەر بێت دەبێت جێ بەجێ بکەین و گوێرایەلی بین ،

چونکە گوێرایەلی کردنی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) عیبادەتە یان پەرستنە ، هەروەها ئەجامدانیشی سەرپێچی کردنە لە فەرمانەکان ، چونکە ئەگەر گوێرایەلی دورست کراوەکانی (خوای گەورە ) بکەین لە خراپە ئەوا بە دلنیایەوە سەرپێچی فەرمانی (خوای گەورە ) دەکەین ..؟! دەبێت وورد بین بین لە گوڕایەلەی کردنی ولی ئەمردا ..؟!

هتر وەك ئەم چیرۆکەی شەو رۆیی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ قدس لە وەلاتی شام لەوێشەوە بۆ ئاسمانەکان بەهەشت و دۆزەخ دا ، ئە چیرۆکە ، لە سەرووی هەموو خیالە وەیە یان لە سەرووی هەموو یاساکانی ژیانی دونیایەوەیە ، (فوق تصور او خرق عادە) هێچ کەسێك لە کافرانی قوریش لە شاری مککە دا باوەری بەم بە سەر هاتەی نەکرد کە شەو رۆیی کرد ، بەلیٚ رووداوە کە زۆر سەیر بوو بەلای خەلکی شاری مککە وە بە تایبەتی بیٚ باوەرانی قورەیش ، چونکە هەر گیز لە و کاتەدا باوەریان نەدە کرد ، هەروەها بیٚ باوەرە کانی شاری مککە چوونە لای (ابو بکر صدیق ) ووتیان : وە بزانە هاوەلەکەت واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستیان بوو ، وەتیان ئەوا دەلیٚ چی ..؟! دەلێت : ئەم شەو چوومە تە (بیت المقدس ) واتە : وەلاتی شام و شاری قدس ..؟! بیٚ گومان ئەم رووداوە لەم کاتە دا ، شتێکی سەر سوور هێنە رە ..؟! هەروەها بۆ ئیستاش کەسێك بلیٚ : من چومەتە ئاسمانە کان لە شەوێك دا ، چونکە نابیتە جێگای برواکردن هەرچەندەش تەکنەلۆجیا پێشکەو تووە ..؟! بەلام ئەگەر سەرنجی (ابو بکر ) بدەین زۆر بەندەیەکی دامەزاو باوەر دارێکی زۆر بەهێز بووە – خوای گەورە لیٚ رازی بێت – چونکە یەکسەر باوەری پیٚ کرد و پێغەمبەرەکەی بەراست زانی ، هەروەها ئەمە پیٚ دەلێن : گوڕایەلی کردن ، چونکە یەکسەر باوەری کرد بیٚ دوو دلی ..؟! هەروەها (ابو بکر) – خوا لیٚ رازی بێت – ووتی: راست دەکات ، هەر وەك راست گۆ ترین بەندەی خوایە خاوان راستی و ئەمانەتە ، بەلیٚ (ابو بکر ) متمانەی یان باوەری زۆری بە پێغەمبەرەکەی هەبوو ، هەر بۆیە یەکسە گوێرایەلی فەرموودە ی رووداوە کەی کرد، بەراستی زانی، بەلیٚ (ابو بکر) – خوا لیٚ رازی بێت – متمانەی بە (خوای

گەورە ) و پێغەمبەرەکەی زۆر هەبوو، لە فەرمانە کانی خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ دەرنەدەچوو هەرگیز ، وە یگوێرایەلی خوا پێغەمبەرکەی ﷺ دەکرد ، دەبێت موسلمان لە گوێرایەل و فەرمان کردن نموونەی (ابو بکر ) بێت – خوای لێ رازی بێت – بەلێ کاتێك (خوای گەورە ) فەرمانی کرد بە (ابرهیم ) – علیه السلام – کەوا جگەرگۆشەکەی خۆی سەر برێت یان کورەکەی خۆ سەر برێت یەکسەر فەرمانەکەی جێ بەجێ کرد ، هەروەك کورە کەشی فەرمانەکەی باوکی بەجێ هێنا ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰۚ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٠٢﴾ [الصَّافَّات : ١٠٢] واته : جا کاتێك کە ئیسماعیل گەورە بوو، و لەگەڵ باوکیدا ڕێی دەکرد باوکی پێی وت : من لە خەودا بینیم کە تۆ سەر دەبڕم، جا تۆ ڕات چیە ؟ ( خەوی پەیامبەرانیش هەقە ) جا ئیسماعیلیش بۆ ڕازیبوونی پەروەردگاری و گوێڕایەڵی باوکی و یارمەتیدەری لەسەر گوێرایەڵیخوی پەروەردگار وتی : ئەوەی کە خوا فەرمانی پێکردوی لە سەربڕینی من ئەنجام بدە، بە ویستی خوای پەروەردگار دەبینی ئارامگر و گوێڕایەڵ و چاوەڕوانکاری پاداشتبم ..!!

قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾

بەڵێ کاتێ (خوای گەورە ) فەرمانی بە فریشتە کان کرد سوژدە ببەن بۆ ئادەم تەنها ئیبلیس سوژدەی نەبرد خۆی بەگەورەزانی ئەو چووە ریزی کافرانەوە یان رێزی بێ باوەرانەوە ، لێرە دا سەرنجێك بدەین لە جێ بەجێ نە کردنی فەرمانی (خوای گەورە ) لە لایەن ئیبلیس یان شەیتانەوە ، هەروەك زانراوە فریشتە هیچ تکلیفی لێ نەکراوە ، واتە : تکلیفی لە سەر نیە ، کە شتێك ئەنجامی نەدا بەلکو لە ژێر فەرمانەکانی (خوای گەورە)ن هەر فەرمانیچك دەر بکات یەکسەر ئەوان جێ بەجێ کارن ، فەرمانە کە جێ بەجێ دەکەن ، چونکە فریشتەکان هیچ سەر پێچی یەك ئەنجام نادەن ، وە فریشتە کان تۆمەتبار ناکرێن تکلیفی یان لەسەر نیە ، چونکە فریشتە کان ویستی

خۆیان لە دەست دانیە واتە : مسیرن ، نەك مخیر ، بەلكو بە ویستی خۆ نەدەتوانان چاكە كار بن نە دەتوانن خراپە كار بن ، واتە : تەنها فریشتە مسیرە نەك مخیر ، چونكە ئەوان بۆ هەمیشە گوێڕایە لی دەكەن بەوەی كە (خوای گەورە ) هەر فەرمانێك در بكات یەكسەر جێ بەجێ دەكەن و ئەنجامی دەدەن ، بۆیە (خوای گەورە ) هەر فەرمانێك یان بریارێك بدات ، بێ پرسیار كردن بیركردنەوە یەكسەر ئەنجامی دەدن ، سەرپێچی ناكەن لە هیچ فەرمانێك ،چونكە فریشتە ویستی لە دەستە خۆ دانیە واتە : بەویستی خۆی هیچ فەرمانێك ئەنجام نادات یان سەرپێچی ناكات ، بەلام بە پێچەوانەی فریشتە كان ، (الانسان و جن ) یان مرۆڤ و جنۆكە ، ئەوان مخیر واتە : هەلبژاردنی هەر فەرمانیچك (خوای گەورە ) بیكات یان هەر واجبێك و فەرزێك یان هەر پەرستنێك و عیبادەتێك بریاری لەسەر دەبێت ، ئەوا مرۆڤ و جنۆكە سەر پشكە تێدا فەرمانەكە جێ بەجێ بكات و یان نەی كات ، هەروەك ووتمان فریشتەكان سەرپێچی ناكەن ، بەلام بە پێچەوانەوە مرۆڤ جنۆكە چاكە دەكەن و سەرپێچیش ئەنجام دەدن ، لە ژێر فەرمانی خوا دەردەچن لە سنوور دەدەچن ئینكاری دەكەن و پرسیاری زۆر دەكەن لە فەرمانەكانی (خوای گەورە ) چونكە ئەم دوو دروستكراوە مخیر كراوە واتە : هەلبژاردەنی چاكە و خراپە لە دەستە خۆیەتی ، چونكە مرۆڤ جنۆكە ، ئەگەر فەرمانێك لە لایان (خوی گەورە ) دەربچێت ئەوا هەلژاردن لە دەستە خۆیان دایە ئەگەر گوێرایەلی فەرمانەكەی بكەن یان گوێرایەلی فەرمانەكەی نەكەن ..؟! ئەوەی لە مرۆڤ و جنۆكە گوێرایەلی فەرمانە كانی (خوای گەورە ) بكە ئەوا لە رێزی ئیمانداران و چاكە كاران دایە ، ئەوەشی سەرپێچی فەرمانەكانی (خوای گەورە ) بكە ئەوا لە رێزی كافران یان بێ باوەران و سەرپێچی كاران و لە سنوور دەر چووان دایە ..؟!

هەروەك ئەم نموونەیە دەلێن : بەكەسێك نوێژ بكا گوێرایەلی فەرمانەكەی (خوای گەورە ) بكە ..؟! بەلام ئەگەر نوێژی نەكرد گوێرایەل نەبوو ئەوا بە دلنیایی لە كەسانە دایە كە سەرپێچی كارە و گوێرا یەلی نەكردووە كەمتەرخەمی و تەمبەلی ئەنجام داوە ، بۆیە ئەوكەسە دەچێتە رێزی بێ باوەرانەوە ، چونكە سەرپێچی ئەنجامداوە ..؟! لێرە دا جیاوازی نێوان ئەو كەسەی

که نوێژ دەکات و ئەو کەسەی کە نوێژ ناکات بۆ مان دەر دەکەوێت ، ئەوەی ئەنجامی دەدا چاکە کارە ، ئەوەی ئەنجامی نادات خراپە کارە لە رووی پەرستن عیبادەتەوە ، بەڵێ مرۆڤ جنۆکە متاح وەردەگرن بەلام فریشتە متاح وەرناگرن ، بۆیە فریشتە مسرە ، بەلام مرۆڤ و جنۆکە مخیرەن لە عیبادەت و پەرستن ، ئەوەی جێ بەجێ بکات لە چاکە کارانە ، ئەوەشی سەرپێچی بکات لە خراپە کارانە ..؟!

کةواتة هەموو دورست کراوە کانی (خوای گەورە ) مسیرن ، واتە : ویستیان لەدەستە خۆ دانیە ، تەنها مرۆڤ و جنۆکە مخیرن ،واتە ئەوان هەلبژاردن لە دەستە خۆیان دایەو ، وە متاح یان هەیە ، بەلام فریشتە و دورست کراوە کانی تر متاح یان نیە ..؟! هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ١١﴾ [فُصِّلَت : ١١] واتە : جا بە ئاسمان و زەوی فەرموو : بە سەرپشکی یان بە ملکەچی پابەندبن بە فەرمانی منەوە، وتیان : بە ملکەچی دێین، و هیچ ویستێکمان نیە پێچەوانەی ویستی تۆ بێتەوە ..؟! واتة: ئەوەی دورستکراوە هەیە جگەلە مرۆڤ و جنۆکە ، هەر هەمووی مسیرە ، گوێرایەلی لە دەستە خۆی دانیە هەردەبێت گوێرایەل بێت..؟! هەروەك (خوای گەورە ) دەربارەی سوژدە بردنی فریشتە کان بۆ ئادەم تەنها ئیبلیس نەبێت سوژدەی نەبرد ،ئەوەش ئەوە دەگەینی کە ئیبلیس لە هۆزی جنۆکە یان لە قبیلە ی (جن ) بووە ، چونکە لە دەستەی فریشتە کان نەبووە ، چونکە فریشتەکان مسیرن ویستیان لە دەستەخۆ دانیە ، بەلام ئیبلیس مخیرە ویستی گوێرایەلی و سەرپێچی هەیە لە دەستی خۆی دایە فەرمانەکان جێ بەجێ بکان یان سەرپێچی بکات لە خراپە کاران و لە کافران بيَ، قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ﴾ [البَقَرَة : تخمتحمسحج]بەلێ ئیبلیس سوژدەی نەبرد چونکە مخیر بوو سوژدەکە لە دەستی خۆی دا بوو سوژد ببات یان سەر پێچی بکات سوژدەکە نەبات ..؟! چونکە ئەو لە هۆزی جنۆکەکان بوو، قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ﴾ [الكَهۡف : ٥٠] واتة : ئیبلیس گوێرایەلی فەرمانەکەی نە کرد سوژدەی نەبرد ، چونکە لە قبیلە

ی جنۆکە بوو ، ئیبلیس تەنها سەرپێچی نەرکرد لە فەرمانەکە ، بەلکو خۆی بەگەورە و لە خۆبایی زانی ، هەموو خراپە کاریەك و ئینکاری بێ باوەری تێدا کۆبوویەوە ، چونکە گەورە ترین تاوان لە لای (خوای گەورە ) لە خۆبایی خۆ بەگەورە زانین و ئینکاری گوێرایەلی نەکردنە لە فەرمانەکانی ، هەروەك دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿فَفَسَقَ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِۦٓ﴾ [الكَهۡف : ٥٠] واتة : شەیتان یان ئیبلیس یاخی بوو لە فەرمانی پەروەردگار سوژدەی نەبرد..؟!

ئیبلیس ووتي : قال تعالى: ﴿قَالَ ءَأَسۡجُدُ لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينٗا ۝٦١﴾ [الإِسۡرَاء : ٦١] واتة : ووتی : من سوژدە ببەم بۆ کەسێك کە لە قور یان گل دورست کردووە ..؟! هەروەها ئیبلیس ووتي : قال تعالى: ﴿قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ۝٧٦﴾ [ص : ٧٦] واته : یبلیسیش وەکو بەرهەڵستیەك بۆ پەروەردگاری ووتی : من سوجدەم بۆ نەبرد، لەبەر ئەوەی من لەو چاکترم، لەو ڕووەی کە منت لەئاگر دروستکردووە و ئەویشت لەقوڕ. وە ئاگریش چاکترە لەقوڕ..؟! قال تعالى: ﴿أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ۝٣٤﴾ [البَقَرَة : ٣٤] واتة : ئیبلیس خۆیی بە گەورەزانی چووە ریزی بێ باوەرانەوە ..!!

📖 لة (عبدالله بن مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دە گێریتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((لا يَدْخُلُ النَّارَ أحَدٌ فى قَلْبِهِ مِثْقالُ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِن إيمانٍ، ولا يَدْخُلُ الجَنَّةَ أحَدٌ فى قَلْبِهِ مِثْقالُ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِن كِبْرِياءَ)).[130]

واتة: ناچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ئەگەر کەسێك بە قەد گەردیلەیەك یان میقال لە دەنکە خردل ئیمانی لە دلی دابێت ..؟! وە ئەو کەسەش ناچێتە بەهەشتەوە ئەگەر بە قەدر گەردیلە یەك یان میقال لە دەنکە خردل گەورەیی و خۆ بە زل زانی لە دلی دابێت ..؟!

[130] - صحيح مسلم برقم (٩١).

له (ابو هريره ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دهگیریتهوه له (هناد) دهلیٚت : پیٚغهمبهری خوا ﷺ فهرمووی : (خوای گهوره ) فهرموویهتي : ((قال اللهُ تبارَكَ وتعالى: الكِبْرِياءُ رِدائي، والعَظمةُ إزاري، فمَن نازَعَني واحدًا منهما قذَفتُه في النارِ)).[١٣١] واته : گهورهیی و مهزنایهتی پۆشاك و كالای منن مافی كهسی تریان پیٚوه نیه ، ئهو كهسه ی یهكیٚ لهم دووانه بهربهرهكانیٚ و دژایهتیم بكات ئهوه فریٚی دهدمه نا ئاگری دۆزهخهوه ..؟!

له (عبدالله بن مسعود ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – ده گیٚریتهوه له پیٚغهمبهری خوا ﷺ فهرمووي : (( لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال حبة من خردل من كبر ، ولا يدخل النار من كان في قلبه مثقال خردلة من إيمان )).[١٣٢]واتة : (خوای گهوره ) دهفهرمووی : ههر كهسیٚ سهنگی دهنكه خردل خۆ بهگهوره یان بهزل بزانیٚ ، وه له دلی دابیٚ ناچیٚته بهههشتهوه ، ههر كهسیٚ سهنگی دهنكه خردل ئیمانی له دلدا بیٚ ناچیٚته ئاگری دۆزهخهوه ..؟!

له (ابو هريره ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – ده گیٚریتهوه ، پیاویٚك هاته خزمهت پیٚغهمبهری خوا ﷺ : ((أنَّ رجلاً أتى النبيَّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ وكان رجلاً جميلاً ، فقال : يا رسولَ اللهِ إني رجلٌ حُبِّب إليَّ الجمالُ ، وأُعطيتُ منه ما ترى حتى ما أُحبُّ أن يفوقني أحدٌ ، إما قال : بشِراك نعْلي ، وإما قال : بشِسْع نَعلي ، أفمنَ الكِبرِ ذلك ؟ قال : لا ، ولكنَّ الكبرَ من بطَر الحقِّ ، وغمطَ الناسَ)) .[١٣٣] واتة : پیاویٚك هاته خزمهت پیٚغهمبهری خوا ﷺ ، پیاویٚكی زۆر جوان بوو ، ووتی : ئهی پیٚغهمبهری خوا ﷺ من پیاویٚكم زۆر حهزم له جوانی یه ، ئهوهندهیشم پیٚ بهخشراوه كه دیبینی ، ههتا حهزم ناكهم كهس له خۆم جوانتر دهركهویٚ یان جوان تربیٚ ..!! تهنانهت نعله كانیشم چاكتر دهكهم ، ئایا ئهوه له خۆ بایی یه

[١٣١] - سنن ابي داود برقم (٤٠٩٠).
[١٣٢] -سنن ابي داود برقم (٤٠٩١).
[١٣٣] -سنن ابي داود برقم (٤٠٩٢).

یان خۆ به گەوره زانی یه ..؟! پێغەمبەی خوا ﷺ فەرمووی : نا خۆ به گەوره زانین حەق پێشەل کردنه، وه خەلك بەکەم سووك دانانه له چاوه خۆتەوه ..؟!

له (عبدالله بن مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – ده گێریتەوه ، له پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : ((لا يدخلُ الجنَّةَ من كانَ فى قلبِه مثقالُ ذرَّةٍ من كبرٍ ولا يدخلُ النَّارَ يعنى من كانَ فى قلبِه مثقالُ ذرَّةٍ من إيمانٍ قالَ فقالَ لَه رجلٌ إنَّهُ يعجبنى أن يَكونَ ثوبى حسنًا ونعلى حسنةً قالَ إنَّ اللَّهَ يحبُّ الجمالَ ولَكنَّ الكبرَ من بطرَ الحقَّ وغمصَ النَّاسَ)). [١٣٤]واته:هەر کەسێ سەنگی دەنکه خردل خۆبه گەوره زانینی له دل دا بێ نا چێته بەهەشتەوه ..!! هەر کەسێ سەنگی دەنکه خردل ئیمانی له دل دا بێ ناچێته ناو ئاگری دۆزەخەوه ..!! پیاوێك پێ ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من حەز دەکەم جل بەرکو تەنانەت نەعله کانیشم جوان و کەشخه بێت ، ئایا له خۆباییەوەیه یان له خۆ بەگەوره زانینەوه یه ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : نا نەخێر . (خوای گەوره ) خۆی جوانه و شتی جوانی خۆشدەوێ ، بەلکو خۆ بەگەوره زانین و له خۆبایی بوون ناحەقی یه یان حەق پێشەل کردنه به چاوی سووك و کەم تەماشای خواره خۆ دەکەیت ، واته: خەلکی به نزم دەبینی له ئاست خۆتدا..؟!

له رێ (الربيع بن أنس ) له ( ابی العاليه )– رەحمەتی خوای لێ بێت – له سەر ووتەي: قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ﴾ دەڵێت : واته: فریشته کان له سەر زەوی بوون کاتێ سوژده یان برد بۆ ئادەم ..!!).[١٣٥]

---

[١٣٤] - سنن الترمذي برقم (١٩٩٩).
[١٣٥] اخرجه ابن ابي حاتم (٨٣/١)(٣٥٨).

✍ له (عمر بن عبدالعزيز) – رەحمەتی خوای لیٚ بێت –دەلێت : كاتیٚ (خوای گەورە ) فەرمانی كرد بە فریشتەكان ، كە سوژدە بەرن بۆ ئادەم ، ئەوە بوو یەكەم فریشتە سوژدەی برد (إسرافيل ) بوو ، بۆیە پاداشتی دایە وە بە نووسینی قورئان لەم بارەیەوە ..!!).[١٣٦]

✍ لة (مقاتل بن سليمان ) – رەحمەتی خوای لیٚ بێت – لە سەر ووتەي قال تعالى: ﴿وَإِذۡ﴾ دةليَت: واته :مانای (وقد ) واته : وابوو . قال تعالى: ﴿قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ﴾ واتة: جنۆكە كان دروست كردووە لە گرو بلیسەی ئاگر تێكەل ..).[١٣٧]

✍ لة ریٚ (سعيد ) له (قتادە ) رەحمەتی خوای لیٚ بێت– لە سە ر ووتەي قال تعالى: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ﴾ دةليَت : واته : فریشتە كان سوژە یان برد بۆ ئادەم ، گوێرایەلی فەرمانی خوا بوون ، (خوای گەورە) شكۆ و ڕێزی لە ئادەم نا بە سوژدە بردنی فریشتە كان بۆی ..!!).[١٣٨]

📖 لة (أنس بن مالك ) – خوا لیٚ رازی بێت – دە گێرێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووي : (( إن الله أمر آدم بالسجود ، فسجد ، فقال : لك الجنة ، ولمن سجد من ولدك . وأمر إبليس بالسجود ، فأبى أن يسجد ، فقال : لك النار ، ولمن أبى من ولدك أن يسجد )).[١٣٩]واتة : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (خوای گەورە ) فەرمانی كرد بە ئادەم سوژدە ببات ، ئادەم سوژدەی برد ، فەرمووی : بە هەشت هی تۆیە ، هی نەوەكانی تۆیە ئەوەی سوژدە دەبات ، وە فەرمانی كرد بە شەیتان یان ئیبلیس سوژدە بەریٚ ، بەلام خۆیی بە گەورە

[١٣٦] - ابن عساكر (٣٩٨/٧).
[١٣٧] - تفسير مقاتل بن سليمان (٩٨/١)
[١٣٨] تفسير ابن ابي زمنين (١٣٣/١).
[١٣٩] - اخرجه محمد بن نصر ، في تعظيم قدر الصلاة (٣٢٨/١-٣٢٩).

زانی سوژدەی نە برد ، فەرمووی : دۆزەخ یان ئاگر هی تۆیە ، هی نەوەكانی شەیتانە ئەوانەی سوژدە نابەن و خۆ بەگەورە دەزانن ..!!

✍ لە ریٚ (قتادە ) لە (عبدالله بن عباس ) – خوا لیٚ رازی بیّت – لە سەر ووتەي : قال تعالى: ﴿ٱسْجُدُواْ لِءَادَمَ﴾ دەڵێت : سوژدە بردن بۆ ئادەم ، واتە : (گاعە الله ) واتە: فریشتە كان گوێرایەلی فەرمانەكانی (خوای گەورە ) یان كرد ..!!).[١٤٠]

✍ لەري (عباد بن منصور ) لە (الحسن البصری ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیّت – دەلیّت : دەربارەی ئەو ئایەتەی كە (خوای گەورە ) فەرمان بە فریشتە كان دەكات سوژدە ببن ، ئەوانیش سوژدە یان برد بۆ ئادەم ، ئەوا شكۆ و ریّزە بووە لە لایەن (خوای گەورە ) بۆ ئادەم ..).[١٤١]

✍ لە (محمد بن عباد بن جعفر المخزومی ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیّت – دەلیّت : كاتی كە فریشتە كان سوژدە یان برد بۆ ئادەم ، ئاماژە یەك بوو ، یان (إشارە) ..!!).[١٤٢]

✍ لە (ابی إبراهیم المزنی ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیّت – پرسیاریان كرد دەربارەی سوژدە بردنی فریشتە كان بۆ ئادەم ، ووتی : (خوای گەورە ) ئادەمی دورست كرد ، وەك هاوشیّوەی كعبە كە بۆتە رووگەی موسلمانان لە سەر زەوی ،ئاواش فریشە كان سوژدەیان بۆ برد ..!!) .
[١٤٣]

✍ لە ریٚ (یعلى بن مسلم ) لە(سعید بن جبیر ) لە (عبدالله بن عباس ) – رەحمەتی خوای لیٚ بیّت – دەلیّت : ئیبلیس : ناوی (عزازیل ) بوو ، ئەو بەریّز ترینی فریشتەكان بوو ، خاوەنی چوار

---

[١٤٠] - اخرجه ابن ابي حاتم (٨٤/١).
[١٤١] - اخرجه ابن ابي حاتم (٨٣/١).
[١٤٢]- اخرجه ابو الشيخ في العظمة (١٠٤١).
[١٤٣]-اخرجه ابن عساكر في تاريخ دمشق (٣٩٨/٧).

بال بوو ، پاشان بووە سەرۆکی شەیتانەکان رووحی بەر جەستە کراوی خراپەکاریەکان و شتە قێزە وونەکان ..!!).[١٤٤]

✍ لەریٚ (ابی روق ) لە (چحاك) لە (عبدالله بن عباس ) – خوا لیٚ رازی بێت – دەلێت : بۆیە ناوی (ئیبلیس ) بوو، چونکە (خوای گەورە ) لە هەموو خێرێك دای مالی و بیٚ هوودەی کرد ..).[١٤٥]

✍ لە (قتادە ) – رەحمەتی خوای لیٚ بێت – دەلێت : (ئیبلیس) زۆر گەمژە بوو لە گوێرایەلی کردن ..).[١٤٦]

✍ لە ریٚ (أسباط ) لە (اسماعیل السدی ) – رە حمە تی خوای لی بیت – دەلێت : ناوي (حارث) بوو ، بوویە ناوی براوە بە ئیبلیس چونکە گەمژە خراپە کار بوو ، خۆی وەك رێوی رەفتاری دەکرد خۆی فەقیر دەکرد..؟! ).[١٤٧]

✍ لەرێ پیاوێك لە (عکرمە ) لە (عبدالله بن عباس ) – خوا لیٚ رازی بێت– لەسەر ووتەي قال تعالى: ﴿أَبَىٰ﴾ دەلێت : کە (خوای گەورە ) دروست کراوێکی دروست کرد ، فەرمووی : سوژدە بنن بۆ ئادەم ، ووتیان : نای بەین یان ئەو کارە ناکەین ..؟! (خوای گەورە ) ئاگریچکی نارد ئەوانی سوتاند، دواتر بوونەوەرێکی دیکەی دروست کرد ، ووتی : من مرۆڤێك لە قور یان گل دروست دەکەم ، وە دەبیچت سوژدە بۆ ئادەم ببەن . دەلێت : رازی نەبوو حاشایان کرد ، (خوای گەورە ) ئاگرێکی رەوانە کرد و ئەوانیشی سووتاند . دواتر ئەم دەستەی دورست کرد ، فەرمووی

---

[١٤٤] -اخرجه ابن ابي حاتم (٨٤/١)، و ابن الانباري في لاضداد ص ٣٣٦.
[١٤٥] -اخرجه ابن جرير (٥٤٣/١).
[١٤٦] -اخرجه ابن جرير (٥٤٣/١).
[١٤٧] -اخرجه ابن جرير (٥٤٣/١).

: ئایا سوژده ش بۆ ئادەم نابەن ..؟! ووتیان : دیبەین بەلام ئیبلیس حاشای کرد و سوژدەی نة برد ..!!).[148]

✍ لەرێ (عمر بن الغفار ) له ( سفیان بن عیینه ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : پرسیار کرا دەربارەی ئەم ووتةیة ( لیدخلن الجنة إلا من أبى ) واتة : دچنە بەهەشتە وە ، تەنها ئەوانە نەبێ کە حاشایان کرد خۆیان بە گەورە زانی سوژدەیان نەبرد، وەتەنها سەرپێچی کاران کە نافەرمانی دەکەن و خراپە کاران وەك ئەم ووتةیة قال تعالی: ﴿فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ﴾ ..!!).[149]

تێبینی / له سەر ئەم ووتەی (سفیان بن عیینه ) ، مەبەست لێ ئەوەی سوژده نەبات بۆ پەروەردگای خۆی وەك ئیبلیس یان شەیتان وایه ، مەبەست لێ ئەوانەی نوێژ ناکەن و سوژده نابەن بۆ یەکجاریش باوەریان بە نوێژ کردن و سوژده بردن بۆ (خوای گەوره ) نیه بێ گومان ئەوانه لە کافرانن یان لە بێ باوەرانن ..؟! کەواته بە بەلگەی شەرعی نوێژ نەکەری عیقدەی کافره بە کۆدەنگی زانایان.

✍ لەريَ (گاووس) له (عبدالله بن عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : ئیبلیس پێش ئەوەی خراپە کاری و سەرپێچی بکات لە فریشتە کان بوو ، ناوی (عزازیل ) بوو ، ئەو لە سەر زەوی نیشتەجێ بوو ، وە یەکێك بوو لە فریشتە زۆر ئجتهادە کان واتە : تێ کۆشەرە کان ، وە زۆر زانیاری لە وانی تر زیاتر بوو ، بەلام بانگەشەی خۆ بەگەورە زانینی کرد و لە خۆ بایی بوو ، ئەو لە قبیله ی جنۆکەکان دروست کراو بوو لە ئاگری بلیسە دار ..!!).[150]

---

[148] -اخرجه ابن جرير (٥٤١/١).
[149] -اخرجه ابن ابي حاتم (٨٤/١).
[150] -اخرجه ابن جرير (٥٣٦/١).

تێبینی / (جن) یان (جنًا ) واته : دروست کراوەیکی نادیار و مخفی ، هەر بۆیه جنۆکه نادیاره نابینرێت ، چونکه له ئاگر دورست کراون ، ئەگەر سەرنج بدەینه ئەوەی زانایان به تایبەتی (گبری ) که له باسی دورست کردنی ئادەم ، پاشایەتی ئیبلیس یان شەیتان وەدەر کردنی ئادەم له بەهەشت دا ، باسی مار دەکات دەلێت : ئیبلیس له شێوەی مار چووه نێو بەهەشتەوە بۆ ئەنجامدانی وەسوەسەی ئادەم و هەله کردنی ئادەم ، منیش لێره دا بۆیه باسم کرد له زمانی عەربی دا به سێ ووشه ناوی مار هاتووه ، وەك له قورئان دا باسی مار دەکات ، قال تعالی:

﴿وَٱلۡجَآنَّ خَلَقۡنَٰهُ مِن قَبۡلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ٢٧﴾ [الحِجۡر : ٢٧] واته : وه جنیشمان دروست کردووه له پێش ئادەمدا له ئاگرێك که گڕو بڵێسەی هەیه، مەبەست پێی ئیبلیسه، بۆیه پێی ئەووترێ: (الْجَانَّ) یان جنی لەبەر ئەوەی لەبەر چاو دیار نیه..!! بەڵێ ووشەي ﴿ثُعۡبَانٌ﴾ واتة: مارێکی زۆر گەوره و زخم و مەزن بەلام نێر ، ووشەي ﴿حَيَّةٌ﴾ واتة: ماری ئاسایی نێرو مێ ،ووشەي ﴿جَآنٌّ﴾ واتة: تیره مارێکی بارێك جووله و خێرایی زۆر ، یان (أشد حرکه وسرعه ) واته : زۆر بەدەگمەن به چاو دەبیرێت ..؟! ئەگەر سەرنج بدەینه ئەم سێ ووشەیه یان ئەم سێ ئایەتەدا ، که له نێوان موسی (علیه السلام ) فیرعەون و ئۆمەتەکەی روویدا ، موعجیزەی مارەکەی موسی ، بەلام قورئانی پیرۆز هەر ناوێکی ماری له شوێنی خۆی داناوه له شوێنی گونجاوی دانەوه ..؟!

یەکەم : ووشەی (ثعبان ) واته: مارێکی زۆر گەوره و زەخم مەزن و نێر ، بۆ ئەوەی فیرعەون لێ بترسێ چونکه فیرعون خۆی بەگەوره دادەنا ، بۆیه لەم شوێنه ناوی مارەکه به گەوره و زەخم مەزن نێر هاتووه بۆ ئەوەی فیرعەون بترسێ ، هەر وەك (خوای گەور ) دەفەرموویَت : قال تعالی: ﴿فَأَلۡقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعۡبَانٞ مُّبِينٞ ١٠٧﴾ [الأَعۡرَاف : ١٠٧]واته: {دوو له موعجیزەکانی موسا پێغەمبەر [ فَأَلْقَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُبِينٌ ] موسا گۆچانەکەی هەڵدا بوو به مارێکی زۆر گەوره به ئاشکرا به چاوی خۆیان بینیان که دەمی کردبووەوە بەرەو فیرعەون رۆیشت..!

دووةم : ووشەی (حیه ) واته : مارێکی ئاسایی نێرو مێ یه، بۆ ئۆمەتەکەی فیرعون واته بۆ خەلکی به گشتی ، نەوه ك بۆ فیرعەون چونکەو شوێنی کەی گونجاوه وه مارێکی ئاسایی بچووك نەك گەورەو زەخم هەر وەکو ماری ئاسایی که خەلك دیبینێ ..؟! (خوای گەوره ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالَ أَلْقِهَا يَٰمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ ﴿٢٠﴾﴾ [طه : ١٩ - ٢٠] واته : خوای گەوره فەرمووی: ئەی موسی گۆچانەکەت فڕێ بده سەر زەوی...!! ئەویش فڕێیدا کاتێك بینی گۆچانەکەی بوو به مارێکی گەوره که بەخێرایی ئەڕۆی، وه موساش - صلى الله عليه وسلم - که ئەوه ی بینی ترسا..!!

سێ یەم : ووشەی (جان ) واته: تیره مارێکی بچووکی زۆر به جووله و خێرایی زۆر ، زۆر به خێرای له چاو وون دەبێ چونکه خێرایی جووله کەی زۆره ، مەبەستمان له ووشەی (جان ) واته : نادیار و مخفی ، (جن) یان جنۆکه هەر بەم شێوەن بەدەگمەن دەبیرێن ، خیرایی زۆر جوولەی زۆریان هەیه ، ئیبلیس یان شەیتان له قبیلەی (جن ) بۆیه له شێوەی مار چۆتەوه نێو بەهەشتەوه بۆ وسوسه کردنی ئادەم ..؟! بۆیه ووشەی (جان ) هاتووه له دوو شوێندا له قورئاندا بۆ خەلکه ئەوانەی که ئیماندار و موسلمانان نابێ له (جان ) برتسن ، هەروەك (خوای گەوره ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَأَلْقِ عَصَاكَ ۚ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ ۚ يَٰمُوسَىٰ لَا تَخَفْ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿١٠﴾﴾ [النَّمل : ١٠] واته : داردەستەکەت فڕێده وموساش فڕێیدا و بوو بەمارێك، جا کاتێك که بینی به سوکی وەکو مارێکی خێرا دەجوڵێتەوه موسا ڕایکرد و لێی هەڵات و نەگەڕایەوه لای، خوای گەورەش دڵنیایی کردەوه بەوەی پێی فەرموو : ئەی موسا مەترسه، چونکه لەلای مندا ئەوانه ترسیان نیه که پەیامی خۆمیان پێدا دەنێرم، بەڵام ئەوەی سنوور ببەزێنێت بەتاوانکردن ..!! هه روه ها ده فه رمووێت: قال تعالى: ﴿وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۚ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ ۚ يَٰمُوسَىٰٓ أَقْبِلْ وَلَا تَخَفْ ۖ إِنَّكَ مِنَ ٱلْءَامِنِينَ ﴿٣١﴾﴾ [القَصَص : ٣١]واته : جا کاتێك که موسا گەیشته لای ئاگرەکه لەلای ڕاستی شیوەکەوه لەو پارچه زەویەی به بەرەکەت و پیرۆزەی نزیك درەختەکەوه خوای پەروەردگار بانگی لێکرد : ئەی موسا بێگومان منم (

اللّٰه ) كە پەروەردگاری جیهانیانم، و گۆچانەكەشت فڕێ بدە و موساش فڕێیدا، و بوو بە مارێك و دەجووڵایەوە و دەڕۆیشت، جا كە موسا بینی وەك جنۆكە دەجوڵێتەوە و دەڕوات لەسەر شێوەی مار، پشتی لێكرد و لێی هەڵهات، و لە ترسا ئاوڕی نەدایەوە، و پەروەردگاری بانگی لێكرد : ئەی موسا بەرەو لای من وەرە و مەترسە، وگومانت لەوەدا نەبێت كە تۆ لەو كەسانەیت لە ئەماندان لە هەموو خراپەیەك ..!!

✍ لە (عبداللە بن عباس ) – خوا لیَ رازي بێت – دەڵێت : ئیبلیس لە بەرێز ترین و لە ئەشرف ترین فەریشتە كان بوو ، لە ناو قبیلە كەی خۆی دا ، ئەو خەزێنە داری بەهەشت بوو ، ئەو بەرێوەبەری ئاسمانە و زەوی بوو ، واتە : چارەسەری ئاسمان و زەوی لە دەستی دا بوو ،گەورە ترین سەرۆك و سلگانی ئاسمانەكان بوو ، لە دەستەی ئەو فریشتانە بوون كە (جن ) بوون یان جنۆكە بوون ، چونكە خەزێنەدارانی بەهەشت بوون ، بۆیە تووشی گومان هاتووە خۆی بە گەورە دانا ، ئەو خۆ بە گەورە بوونەی ئیبلیس تەنها (خوای گەورە ) علم و زانستی و زانیاری پێ هەبوو ، كاتێك (خوای گەورە ) فەرمانی كرد بە فریشتەكان سوژدە ببن بۆ ئادەم ، ئیبلیس لە سنوور دەرچوو یاخی بوو سەرپێچی فەرمانەكەی خوای كرد ..؟! ).[١٥١]

✍ لە ڕێ (السدی) لە (عبداللە بن عباس ) – خوا لێ رازی بێت – لە سەر ووتەي قال تعالی: ﴿وَٱسۡتَكۡبَرَ﴾ دەڵێت: واتە : ئیبلیس راستگۆی فریشتەكان بوو لە ئاسمانی دونیا دا ، دەڵێت : بەلام سەرپێچی كردو لە سنوور دەرچوو خۆی بە گەورە زانی ..!!).[١٥٢]

✍ لەڕێ (سعید ) لە (قتادە ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – لە سەر ووتەي قال تعالی: ﴿وَٱسۡتَكۡبَرَ﴾دەڵێت : ئیبلیسی دووژمنی خوا ، ئیرەیی و حسوودی بۆ بە ئادەم لە سەر ئەوی (خوای گەورە ) كرامەتی پێ بەخشی بوو ، ئیبلیس ووتی: من لە ئاگرم ، ئەو لە قور یان لە گلە

---

[١٥١] -عزاه السیوطي إلي ابن المنذر ، تفسیر المأثور (١/٢٥٧).
[١٥٢] اخرجه ابن ابي حاتم (١/٨٤).

، ئەوە یەکەم گوناهو تاوان و یان سەرپێچی گەورەی ئیبلیس بوو ، خۆ بەگەورە و لە خۆ بایی زانی دوژمنی خوا ، بۆ سوژدە بردن بۆ ئادەم ..).[١٥٣]

✍ لة (مقاتل بن سليمان ) – رەحمەتی خوای لیّ بیّت – لە سەر ووتەي قال تعالى: ﴿وَٱسۡتَكۡبَرَ﴾دەلیّت : مانای : خۆ بەگەورە زانین بۆ سوژدەبردن بۆ ئادەم ، لە کاتێك دا فەرمانی (خوای گەورە ) بوو ، بۆ سوژدە برن بۆ ئادەم ، بەلام (خوای گەورە ) زانیاری و علمی هەبوو بەوەی کە چی لە ناو دلی ئیبلیس دایە ، فریشتە کان خۆشیان دەویست بە کارە ئاشکراکانی ئیبلیس ، بەلام ئەو لە نفسی خۆیدا بە نهێنی هێشت بوویەوە بە دیاری نەدەخست کردەوە خراپە کانی ، هەروەك (خوای گەورە ) زانایە بە ناو دل نەفسی ئیبلیس ، کە دەفەرموویَت : قال تعالى: ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ١٢﴾ [الأَعۡرَاف : ١٢]واتە : خوای پەروەردگار وەکو سەرزنشتێك بۆ سووژدە نەبردنی بە ئیبلیسی فەرموو : چی ڕێگرت بوو لەوەی سووژدە نەبەی کە فەرمانم پێکردی ؟ ئیبلیسیش لەوەڵامدا وتی : من باشترم لەو لە دروستکردنماندا، چونکە من لە ئاگر دروستکراوم بەڵام ئەو لە قوڕ دروستکراوە، چونکە ئەو وای دەبینی کە ئاگر لە قوڕ بەرێزترە ..).[١٥٤]

✍ لە ری (عبدالله بن عباس ) – خوای لیّ رازی بیت – لە سەر ووتەي قال تعالى: ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾ دەلَیَت : (خوای گەورە ) دورستی بە بیّ باوەری یان کافری ، نا توانێت ئیماندار بێت ..!!).[١٥٥]

---

[١٥٣] - اخرجه ابن ابي حاتم (٨٤/١).
[١٥٤] - تفسير مقاتل بن سليمان (٩٩/١).
[١٥٥] - عزاه السيوطي إلي ابن المنذر ، تفسير المأثور (٢٥٧/١).

✍ له رێ (الربيع بن أنس ) له (أبى العاليه )– رەحمەتى خواى لىٚ بێت – له سەر ووتەي قال تعالى: ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾دەڵێت : ماناى سەرپێچى كاران ، يان تاوانباران ..).[١٥٦]

✍ لەري (موسى بن عبيده الربذى ) له (محمد بن كعب القرظى ) – رەحمەتى خواى لىٚ بێت – دەڵێت : له سەرتادا (خواى گەورە) ئيبليسى دروست كرد به كافرى يان بىٚ باوەرى و گومرايى ، بەلام كارو كردەوەى فريشتەكانى ئەنجام دەدا له سەرەتا ..؟! هەر له سەرتادا ئيبليس خۆى له خۆى دا له كافران بوو، قال تعالى: ﴿وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾ ..؟! ) .[١٥٧]

✍ له رى (مقاتل بن سليمان ) – رەحمەتى خواى لىٚ بێت – دەڵێت: ئيبليس له دەستەى كافرانه ، لەوانەى كه (خواى گەورە ) له حيكمەت و زانستى خۆيدا نەهامەتى بۆ سەپاندووە له كردەوەكانى دا ، چونكه سوژدەى نه برد ..).[١٥٨]

✍ له رى(مجاهد ) له ( جناد بن أبى أميه ) – رەحمەتى خواى لىٚ بێت – دەڵێت : يەكەم هەڵەى كه كرا ، هەڵەى ئيرەيى و حسوودى بوو ، ئەوە بوو ئيبليس ئيرەيى حسوودى برد به ئادەم ، فەرمان كردن به سوژدە بردن بۆى ، ئەو كارەى حسوودى ئيبلى بووە هۆى سەرپێچيە كەى ..).[١٥٩]

📖 لة (ابو هريره )– خوا لىٚ رازى بێت – دەگێريتەوە له پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووي : ((إذا قَرَأَ ابنُ آدَمَ السَّجْدَةَ فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشَّيْطانُ يَبْكِي، يقولُ: يا وَيْلَهُ، وفى رِوايَةِ أبِى كُرَيْبٍ: يا وَيْلِى، أُمِرَ ابنُ آدَمَ بالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الجَنَّةُ، وأُمِرْتُ بالسُّجُودِ فأبَيْتُ فَلِيَ النَّارُ. وفى رواية: فَعَصَيْتُ فَلِيَ النَّارُ)).[١٦٠] واتة: ئادەميزاد ئەگەر ئەو ئايەتەى خوێندەوە

---

[١٥٦] -اخرجه ابن جرير (١/٥٤٦)، وابن ابي حاتم (١/٨٥).
[١٥٧] -اخرجه ابن ابي حاتم (١/٨٥).
[١٥٨] -تفسير مقاتل بن سليمان (١/٨٧).
[١٥٩] -اخرجه ابن ابي حاتم (١/٨٥).
[١٦٠] - صحيح مسلم برقم (٨١).

که سووژدەی تێدایه و سووژدەی برد ، ئەوا شەیتان دوور دەکەوێتەوە و دەگری..؟! دەلێت : ئای قورت بەسەر ، له ریوایەتی ( ابی کریب ) دا ، دەلێت : ئای قور بەسەر فەرمان کرا به ئادەمیزاد سوژده ببات ..؟! سووژدەی برد و بەهەشت بۆ ئەوەو ..؟! منیش فەرمانم پیێ کرا سوژده ببەم ، رازی نەبووم ئاگر بۆ منه ..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## دووەم : ستەمکار

## کورەکانی ئادەم علیه السلام

## قابیل یەکەم کوشتاری لە مێژووی مرۆڤایەتی دا

دووەم :ستەمکاری کورەکانی ئادەم علیه السلام قابیل یەکەم کوشتاری لەمێژووی مرۆڤایەتی دا:

بەلێ ستەمی کوشتار کردن لە سەر رووی زەوی روویدا لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ، ئەوە بوو کە قابیل براکەی خۆی کوشت هابیل بوو ، وە زانایان بۆچوونیان جیاوازە سە بارەت بەکوشتنی هابیل ..؟!

لە (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : هەر کورێك کە بۆ ئادەم علیه السلام دەهاتە ژیانی دونیا ، کچێکی لە گەلدا بوو ، کوری ئەم حملە یان سکە لەگە ل کچی حملێکی یان سکێکی دیکە پەیوەندی هاوسەرگیری دەبەست ، ئیتر دوای ئەوە دوو کوری بۆ هاتنە دونیا بە ناوەکانی (قابیل و هابیل ) ، یەکیان کە قابیل بوو ئەو جووتیار بوو یان وەرزێر بوو ، ئەوەی تریان هابیل ئەو مەردار یان ئاژەلدار بووە ، قابیل گەورە ترو و خوشکێکی بووە جوانتر لە هابیل ، هابیل دەیویست لەگەل خوشکەکەی قابیل هاوسەرگیری بکات ، بەلام قابیل رازی نەبووە ، دەی ووت : ئەوە خوشکی منە لەگەل من هاتۆتە دونیا ، وە لە خۆشکەکەی تۆ جوانترە دەبێت بە من بگات ، باوکی ئادەم علیه السلام فەرمووی: بیکاتە هاوسەری هابیل ، بەلام قابیل رازی نەبوو ، ئەوە بوو بۆ ئەم مەبەستە هەردووکیان قوربانیان بۆ (خوای گەورە ) بەرز کردەوە تا ئاشکرا ببێت کام یەك بۆ هاوسەری کچەکە شیاوترن ، لەو کاتەدا ئادەم علیه السلام ، ئامادەنەبوو و رۆشتبوو بۆ مەککە تا گەشتی مالی (خوای گەورە ) بکات ..؟!

(خوای گەورە) بە ئادەمی فەرموو: دەزانی من لە زەوی مالێکم هەیە ..؟!

ئادەم علیه السلام ووتی : ئەی خوایە نا .

(خوای گەورە) فەرمووی : مالی من لە مەککەیە برۆ بۆ ئەوێ ..؟!

ئادەم علیه السلام بە ئاسمانی ووت : چاودێری کورەکانی من بکە ، ئاسمان رازی نەبوو ، وە بەزەوی ووت : چاودێری کورەکانی من بکە ، زەوی رازی نەبوو ، بە کێوەکانی ووت: رازی نەبوو..؟!

ئادەم علیه السلام بە قابیلی ووت : وەلامی دایەوە ووتی : برۆ و کاتێك دەگەڕێتەوە ، منالەکانی خۆت بە شێوەیەك دەبینیت کە ڕەزامەندی تۆی بەدواوە دێت ..!!

کاتێك ئادەم ڕۆشت ، قوربانیان بەرز کردەوە ، قابیل شانازی بەر هابیل کرد و ووتی : من بۆ ئەو شیاو ترم خوشکی منە و من لە تۆ گەورەتر و جێگری باوکم ..؟!

کاتێك قوربانیان بەرز کردەوە ، هابیل بەرخێکی قەلەوی هێنا بوو و قابیل دەسکەیەك گەنم و چلێکی گەورەی تیا بوو و لە یەکی سوو و خواردی ، ئاگر هات و قوربانیەکەی هابیلی سوتاندو قوربانیەکەی قابیل مایەوە ، قابیل توورە بوو و ووتی : تۆ دەکوژم تا نەبیتە هاوسەری خوشکەکەم ..!! هابیل ووتی : (خوای گەورە ) قوربانی لە تەقواداران وەردەگرێت ، ئەگەر دەست درێژی بکەیتە سەر من بە مەبەستی کوشتنم ، من ئەو کارە ناکەم بۆ کوشتنی تۆ ..؟! بەلام قابیل مەبەستی کوشتنی براکەی کرد و بەدوای هابیلی براکەی دەگەڕا تاکو بیکوژێت ، هابیل بۆ لووتکەی چیاکان هەلات و ڕۆژێك مەڕ مالاتەکەی لە چیاکان دەلەوەڕاند ، قابیل لە کاتی خەو لیێ نزیك کەوتەوە و بەردێکی هەلگرت و سەری ئەوی شکاند کە مرد یان یان کوشتی ، ئەوی لەسەر زەوی بەجێهێشت نەی دەزانی چۆن دەفنی بکات ، (خوای گەورە ) دوو قەلە ڕەشی بۆ ڕەوانەکرد و شەڕیان لەگەل یەك کرد یەکیان ئەوەی تری کوشت و گۆڕێکی هەلکەند و خۆلی کردە سەر و کاتێك قابیل ئەمەی بینی ، ووتی : هاوار لەمن نەمتوانی وەك ئەم قەلە ڕەشە بم لاشەی براکەم بەخاك بسپێرم ..؟! .[١٦١]

[١٦١]-تاريخ الطبري بە کوردی (١/٩٥-٩٦).

بەلێ سەبارەت بە هۆکاری کوشتنەکەی کورەکانی ئادەم علیه السلام ،ئەمە بوو دەلێن : ئەوە بوو ئادەم پێش دەست بردن بۆ کوناهـ لە بەهەشت لەگەل حەوا نزیکی دەکرد ، حەوا بە قابیل دووگیان بوو ، هاوتاکەی کچێکی جوان و ناسك بوو کە لە هەمان کات ئەویش دووگیان بوو ، حەوا لەم دووگیانییە هیچ ئازار یان ماندوویی و پشت ئێشە و ئازاری ژان گرتن و منال هێنانە دونیایی پێ نەبرا ، هەروەها خوێنیشی نەبینی چونکە بە هەشت لەم شتانە پاکە ، کاتێك ئادەم و حەوا لە دارەکەیان خوارد ئەم دووانە بۆ زەوی دابەزین و ئارامیان گرت ، ئادەم لەگەل حەوا نزیکی کرد و حەوا هابیل و کچێکی تری لەگەلی دووگیان بوو ، حەوا لە کاتی لە دایك بوونی ئەوان ئەوا حەوا ئازار پشت ئێشە و ژانی بە خۆوە بینی و تووشی خوێنبەر بوون بوو ، لەسەر ئەم بنەمایە دەلێن: حەوا بەردەوام سکی بە کور و کچێك پردە بوو ، ئەوە بوو ئادەم لە نێرو مێ چل مندالی هێنایە دونیا لە بیست سك ، هەر کام لە کورەکان لەگەل هەر کچێکدا بیویستایە جگە لە هاوتاکەی خۆی پەیوەندی ژن و مێردایەتی دەبەست ، کچێك کە بە سکێك لەگەل کورێکدا چاوی بە دونیا هەلدەهێنا بۆ ئەو حەرام بوو ، ئەمەیش لە بەر ئەوە بوو لەو کاتەدا جگە لە دایك و خۆشکە کان هیچ ژنێکی دیکە بوونی نەبوو، ئادەم فەرمانی بە قابیل ی کوری دا هاوتاکەی هابیل بۆ هاوسەرگیری هەلبژێرێت و بە هابیل فەرمانیدا هاوتاکەی قابیل بکاتە هاوسەری خۆی ..؟!

دەگێرنەوە دەلێن: کاتێك ئادەم علیه السلام ویستی بۆ گشت و گوزار بروات ، بە ئاسمانی ووت : منالەکانی من وەکو ئەمانەت لای خۆت بپارێزە ..!! ئاسمان خۆی لەم کارە بەدوو گرت ..!! ئادەم بە کێوو زەویشی ووت : ئەوانیش خۆیان لەم کارە بەدوور گرت ..!! ئەم پێشنیارەی خست بەردەم قابیلی کوری ، ئەویش وەلامی دایەوە ووتی : بەلێ ئەم کارە دەکەم و کاتێك دەگەرێتەوە شتێك دەبینیت شادمانی تۆی بەدواوە دێت ..!!لە بارەی ئەم چیرۆکەوە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡجِبَالِ فَأَبَيۡنَ أَن يَحۡمِلۡنَهَا وَأَشۡفَقۡنَ مِنۡهَا وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ٧٢﴾ [الأَحْزَاب : ٧٢]

واتە: [ إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ ] ئێمە ئەم ئەمانەتە کە دینە، یان فەرزەکانە، یان سنورەکانە، یان گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورەیە دامان بەسەر ئاسمانەکان و زەوی و شاخەکان [ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا ] بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە کە هەڵی بگرن و هەڵیان نەگرت [

وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا ] وه داوای شەفەقەو ڕەحمەتی خوای گەورەیان کرد کە خوای گەورە لێیان خۆشبێ [ وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ ] بەڵام مرۆڤ هەڵی گرت [ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ] مرۆڤیش ئەم دوو سیفەتەی تیایە کە زۆر ستەمکارو زۆر نەزانە، ئیلا ئەگەر کەسێك بە تەقوا زوڵمەکە نەهێڵێ، وە بە زانیاریش نەزانینەکەی نەهێڵێ..؟!

کاتێك ئادەم لەبارەی هاوسەرگیری لەگەل خوشکەکانی ئەم بریارەیدا ، هابیل لەبەرانبەر ئەم بریارە سەری ملکەچ کردو پێی رازی بوو ، بەلام قابیل بەکارێکی نارەوایی لە قەلەمدا و خوشکەکەی هابیلی پەسەند نەکرد ، حەزی لە خوشکە هاوتاکەی خۆی بوو ، ووتی : من خوشکەکەم لە بەهەشت لە دایك بووین و هابیل و خوشکەکەی لە زەوی ، لەبەر ئەم شیاوترم بۆ خوشکەکەم ..؟! دەستەیەك لە زاناکان دەگێرنەوە دەلێن : خوشکی قابیل لە جوانترین ژنان بوو و ئەو پەسەندی نەدەکرد خوشکەکەی بکاتە هاوسەری هابیل ، ئەوی بۆ خۆی دەویست چونکە هابیل و خوشکەکەی لە بەهەشت لەدایك ن ببوون بەلکو زادەی زەوی بوون و (خوای گەورە) زاناترە ... ئادەم پێی ووت : کورەکەم هاوتای خۆت بۆ تۆ حەلال نیە بەلام بە قسەی ئادەم رازی نەبوو ، باوکی پێی ووت : کورم تۆ قوربانیەك بۆ بارەگای (خوی گەورە) هەلبگرە و براکەیشت هابیل قوربانییەك بۆ بارەگای خوا هەلدەگرێت ، هەر کام لە ئێوە خوا قوربانییەکەی رازی بوو شیاوترە بۆ هاوسەری ئەم کچە ، قابیل لە سەر زووی جوتیار بو کاری دەکرد ، وە هابیل ئاژەلداری دەکرد ، قابیل دەستەیەك گەنمی وەك قوربانی بەرز کردەوە ، وە هابیل مەرێك لە ناو رانە مەرەکەی خۆی ئامادەکرد ، دەلێت ئەو مانگایەکی پێشکەش کرد ، (خوای گەورە) ئاگرێکی سپی نارد و قوربانییەکەی هابیل قووتدا ،وە قوربانییەکەی قابیل ی لە شوێنی خۆیدا بە جێهێشت ، لە کاتەدا ئایینی (خوای گەورە) بەم شێوەیە بوو و قوربانی بە شێوەیە وەردەگیرا ، کاتێك (خوای گەورە) قوربانیەکەیهابیل ی قبول کرد ، و ئەمیش فەرمانێك بوو تا ببێتە هاوسەری خوشکە جوانەکەی قابیل ،بەلام قابیل زیاتر توورە بوو ، وە زیاتر لە خۆبایی بوو ، شەیتان بەسەریدا زال بوو ،بە براکەی خۆی ووت:بێ گومان دەتکوژم تا نبیتە هاوسەری خوشکەکەم ، هابیل ووتی : (خوای گەورە ) قوربانی چەکەکاران وەردەگرێت و بەس ..!! قابیل شوێن هابیل کەوت و ئەوی لە شوانی دا کوشت ..؟!

ئەم چیرۆکە (خوای گەورە ) لە قورئاندا بەم شێوەیە باسی کردووە :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ ۞ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا
فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ٢٧
لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ فَتَكُونَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ
ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٩ فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ قَتۡلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٣٠ فَبَعَثَ ٱللَّهُ
غُرَابٗا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِۚ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ
مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ ٣١ مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ
إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ
أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ
ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ ٣٢﴾ [المَائـِدَة : ٢٧ - ٣٢] واتە: {بەسەرهاتی هەردوو کوڕەکەی ئادەم- صلى الله عليه وسلم -} [ وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - تۆ هەواڵی هەردوو کوڕەکەی ئادەمیان بەحەق بۆ بگێڕەوە واتە: بە ئاشکراو بێ زیادو کەم و گۆڕان و ئاڵۆزی، کە زانایان دەفەرموون: یەکێکیان ناوی (قابیل) بوو ئەوەی تر ناوی (هابیل) بووە [ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا ] ئادەم و حەوا ساڵی کچ و کوڕێکیان دەبوو کچی ئەم ساڵیان دەدا بە کوڕی ساڵەکەی ترو بە پێچەوانەوە بۆ ناچاری و بڵاوبوونەوەی مرۆڤ، خوشکەکەی هابیل جوان نەبوو خوشکەکەی قابیل جوان بوو ویستی نەیدا بە هابیل و بۆ خۆی بێت، وە ئادەمی باوکیان ڕێگری لێکردو وتی: چۆن دەبێت خوشکی خۆت بخوازیت، (قابیل) هەر سور بوو لەسەری، (ئادەم) فەرمووی: خێرێك بکەن لە کێتان قەبوڵ کرا بۆ ئەوەتان دەبێت، کە خێرێکیان کرد [ فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا ] لە یەکێکیان قبووڵ کرا کە (هابیل) ئاژەڵی هەبووە بەرانێکی قەڵەوی هێناو کردی بەخێرو خوای گەورە لێی قبووڵ کردووە [ وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ ] وە قابیل دانەوێڵەو کشتوکاڵی هەبووە گەنمی خراپی هێناو خوای گەورە لێی قبووڵ

نەکرد [ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ ] ئەمیش لە حەسوودیدا وتی: ئەبێ بتکوژم [ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٢٧) ] (هابیل)یش بە براکەی وت: خوای گەورە خێر لە کەسانێك قبووڵ دەکات کە تەقوای خوای گەورە بکەن وە ماڵی باش ببەخشن..؟! [ لَئِنْ بَسَطْتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي ] ئەگەر تۆ دەستدرێژ بکەیتە سەرم و مەبەستت کوشتنم بێت و بۆ ئەوەی بمکوژیت [ مَا أَنَا بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ (٢٨) ] ئەوە من دەستت بۆ درێژ ناکەم بۆ ئەوەی بتکوژم چونکە من لە اللە ی پەروەردگاری هەموو جیهان ئەترسێم، (عبداللە¬ی کوڕی عەمر) دەفەرمێت: سوێند بە خوا لەو بەهێزتر بوو بەڵام لە ترسی خوا دەستی لێنەکردەوەو نەیکوشت، وە لە کاتی فیتنەدا کە موسڵمانان یەکتری دەکوژن پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: وەکو کوڕەکەی ئادەم بن (واتە کوژراو بن نەك بکوژ) (ئەیوبی سوختیانی) دەفەرمێت: یەکەم کەس لەم ئوممەتە ئەم ئایەتەی جێبەجێ کردو دەستی نەکردەوە تا بە ناحەق شەهیدیان کرد (ئیمامی عوسمان) بوو..؟! [ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ ] من ئەمەوێ تۆ تاوانی کوشتنی من و تاوانی پێشتری خۆتیش هەڵبگری [ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ ] ئەو کاتە ئەبیتە هاوەڵی دۆزەخ و ئەچیتە دۆزەخەوە [ وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ (٢٩) ] کە ئەمیش سزای هەموو ستەمکارانە..؟! [ فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ ] نەفسی خراپەکاری هانی داو بۆی ئاسان کردو بۆی رازاندەوە کە براکەی خۆی بکوژێ و کوشتی بە شیشێك یان بە بەرد یان خنکاندی [ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٣٠) ] وە دواتر لە زەرەرمەندان بوو، (تا رۆژی قیامەت هەرکەسێك بکوژرێت بەشێك لە تاوانەکەی لەسەر (قابیلە) چونکە یەکەم کەس بوو کە کوشتنی داهێنا بەبێ ئەوەی لە تاوانی بکوژەکە کەم بێتەوە)..؟! [ فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ ] لەبەر ئەوە ی یەکەم کوشتن بوو لەسەر رووی زەوی رووید نەیزانی چۆن براکەی بشارێتەوە، وە چەندەها رۆژ بەسەر شانییەوە بوو دڕندەو باڵندە ئەیانوویست داینێت بۆ ئەوەی بیخۆن ئەویش دەستی تێ نەئەچوو داینێت خوای گەورە قەلەڕەشێکی نارد لە زەویدا ئەگەڕا [ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْءَةَ أَخِيهِ ] بۆ ئەوەی نیشانی بدات چۆن لاشەی براکەی بشارێتەوە، واتە: دوو قەلەڕەش یەکیان ئەوی تری کوشت وە دواتر چاڵی بۆ هەڵکەندو کردییە ناوێوەو خۆڵی پیادا کرد [ قَالَ يَا وَيْلَتَا ] وتی: هاوار بۆ خۆم (وشەیەکە بۆ پەشیمانی و غەم و خەفەت تیاچوون بەکاردێت) [ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ ] ئایا من ناتوانم و بێدەسەڵات بوومە تەنانەت وەك ئەو قەلەڕەشەشم پێ نەکرا [ فَأُوَارِيَ سَوْءَةَ أَخِي

] كه لاشەو تەرمی براكەم لەناو خۆڵدا بشارمەوە [ فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ (٣١) ] وە بوو بە كەسێك لە پەشیمانان..؟! [ مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ ] لە پێناو ئەم كوشتنەدا كە یەكەم كوشتن بوو لەسەر ڕووی زەوی ڕوویدا، وە لەبەر ئەوەی یەكەم خوێن لەناو ئەواندا ڕژا، وە ئەوان زیاتر خوێنڕێژی لەناویاندا بووەو پێغەمبەرانیان كوشتووە: لەسەر هەموو خەڵكی و بەتایبەتی بەنو ئیسرائیلمان نووسی وە تەشریعمان كردو ڕامانگەیاند كە هەر كەسێك بەناحەق كەسێك بكوژێ كە تۆڵە سەندنەوە نەبێت و كەسێكی بە ناحەق نەكوشتبێت، یاخود فەسادی لەسەر زەوی نەنابێتەوە، واتە: شەریكی بۆ خوا دانەنابێت، یان كوفری نەكردبێت، یان ڕێگری و چەتەیی نەكردبێت (ئەوەی ئەمانە بكات دەكوژرێت بەڵام حاكمی موسڵمان دەیانكوژێت نەك تاكە تاكی خەڵكی) [ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا ] یەك كەسێك بكوژێت وەكو ئەوە وایە كە هەموو خەڵكت كوشتبێت لە تاواندا [ وَمَنْ أَحْيَاهَا ] وە ئەگەر كەسێكیش بژێنیتەوەو ئەتوانی بیكوژی بەڵام لەبەر خوا لێی خۆش ئەبیت، یان كەسێك ڕزگار ئەكەیت لە خنكاندن و سووتاندن و تیاچوون [ فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا ] وەك ئەوە وایە كە هەموو خەڵكی سەر ڕووی زەویت ژیاندبێتەوەو ڕزگار كردبێت لە ئەجرو پاداشتدا [ وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ] وە پێغەمبەرانی ئێمە بەبەڵگەی ڕوون و ئاشكرا بۆ لای خەڵكی هاتوون و ناردوومانن [ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (٣٢) ] پاشان زۆرێك لە خەڵكی لە دوای ناردنی پێغەمبەران لەسەر زەویدا ئیسراف و خراپەكاری ئەكەن لە كوشتندا..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## سێ یەم : ستەمکار

## قومەکەی نوح علیه السلام

## سێیەم : ستەمکارانی (ئۆمەتەکەی نوح علیه السلام)

بەلێ زاناکان سەبارەت بە ئاییی ئۆمەتەکەی پێغەمبەر (نوح) — علیه السلام —بووچوون قسەی جیاوازیان کردووە، دەستەیەك ووتویانە ئۆمەتەکەی یان خەلکەکەی (نوح) ئەمانە پێکەوە هاودەست ببوون تا کارە خراپەکان و ناپەسەندەکان و کارە قێزەونەکان ئەنجام بدەن ، وەك کوفر یان بێ باوەری ، وە زیناکردن ، مەی خواردنەوە ، ئارەزوو بازی و گەمە و ، سەرپێچی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) بێ فەرمانی کردن و پشت کردن لە فەرمانەکانی (خوای گەورە) ، بەلام هەندێکی تریش دەلێن : ئەمانە فەرمانە کانی (خوای گەورە) یان ئەنجام دەدا ، بەلام پاشایەك بە ناوی (بیوراسب) یەکەم کەس بوو ئاییی صائیبی ئاشکرا کرد و ئەو قەومە (نوح ) — علیه السلام—وەك پێغەمبەر بۆ هات و شوێنی کەوتن ، لە باسەکانی دوایی دا ئاماژە یان باسی (بیوراسب) دەکەین بە پشتیوانی خوا ، بەلام (خوای گەورە) لە قورئانەکەیدا ئەو قەومەی وەك بتپەرستەکان ئاماژەیان پێدەکات ، ئەوان بتپەرست بوون وەکو لە قورئانی پیرۆز هاتووە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَٱتَّبَعُواْ مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ إِلَّا خَسَارًا ﴿٢١﴾﴾ [نُوح : ٢١] واته : [ قَالَ نُوحٌ رَبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي ] نوح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار ئەوان سەرپێچیان کردم و بە قسەیان نەکردم [ وَاتَّبَعُوا مَنْ لَمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا (٢١) ] وە خەڵکەکە شوێنی سەرکردەو دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندەکان کەوتن کە ئەمانە زۆری ماڵ و منداڵیان هیچ شتێکی بۆ زیاد نەکردن تەنها گومڕایی و زەرەرمەندی نەبێ، (زۆر کەس هەیە بەهۆی زۆری سەروەت و سامان و مناڵ و عەشیرەت و دەسەڵاتەوە گومڕا ئەبێ و لە ڕێگای ڕاست دەرئەچێ و سەرەنجامیش زەرەرمەند ئەبێت، ئەمانیش وابوون)..؟!

قال تعالى: ﴿قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَٱتَّبَعُواْ مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ إِلَّا خَسَارًا ﴿٢١﴾ وَمَكَرُواْ مَكْرًا كُبَّارًا ﴿٢٢﴾ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّواْ كَثِيرًا ۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا ﴿٢٤﴾﴾ [نُوح : ٢١ - ٢٤] واته: [ وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ ] دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندو ناودارو گەورەکان بە خەڵکە ژێردەستەکەیان وت: واز نەهێنن لە پەرستنی خوایەکانتان ئەو پێنج خوایەی کە ئەیانپەرستن وازیان لێ مەهێنن و بەردەوام بن و دامەزراو بن لەسەر پەرستنیان و بە قسەی نوح نەکەن {پێنج پیاوچاکەکەی قەومی نوح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - } [ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا (٢٣) ] وە واز لە پەرستنی (وەدد و سواع و یەغوث و یەعوق و نەسر) مەهێنن، کە ئەمانە وەکو (ابن عەباس) ئەفەرمووێ: ناوی پێنج پیاوچاك بوون لە پێش نوحدا لە نێوان ئادەم و نوحدا کە عیبادەتی خوای گەورەیان ئەکرد کە ئەوکاتە خەڵکی هەمووی یەکخواپەرست بووەو شەریك بۆ خوای گەورە دانەنراوە، تا ئەمان لەناوچوون و مردن شەیتان وەسوەسەی بۆ خەڵکەکە دروست کرد لەو مەجلیس و شوێنانەدا کە تیایدا دائەنیشتن پەیکەریان بۆ دروست بکەن وە بەناوی ئەوانەوە ناویان بنێن بۆ ئەوەی کاتێك ئەوانتان بیرکەوتەوە ئێوەش وەکو ئەوان عیبادەتی خوای گەورە بکەن، ئەوانیش ئەو شتەیان بۆیان کرد تا ئەمانە ئەم جیلە لەناو چوون وە جیلێکی تر هات وە زانست نەما ئینجا شەیتان پێی وتن باوك و باپیرانی ئێوە ئەم پێنج پیاوچاکەیان پەرستووە، وە لە کاتی بێ بارانیدا داوای باران بارین و شتیان لەمان کردووە، خەڵکەکە دەستیان کرد بە پەرستنی ئەم پێنج پیاو باشە، کە ئەمە یەکەم شەریك دانان بوو لەسەر ڕووی زەویدا ڕوویدا، وە خوای گەورە نوحی - صلى الله عليه وسلم - ناردە ناویان بۆ ئەوەی خەڵکی واز لە پەرستنی ئەو پێنج پیاوباشە بێنن و بگەڕێنەوە بۆ پەرستنی خوای گەورە بەتاك و تەنها..؟! [ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا ] نوح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار دەسەڵاتدارو گەورەکانیان، یاخود ئەم بتانە خەڵکێکی زۆریان گومڕا کردووە [ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا (٢٤) ] خوایە ئەوەی کە زاڵم و ستەمکارو هاوبەشبڕیاردەرە هیچ شتێکیان بۆ زیاد نەکەی تەنها گومڕابوون و زەرەرمەندی نەبێ، وەکو چۆن موساش - صلى الله عليه وسلم - دوعای لە فیرعەون کرد، وە خوای گەورە دوعای هەردووکیانی قبووڵ کردو هەردوو ئوممەتەکەی نقومی ئاو کرد..؟!

بەلێ لە سەردەمی پێغەمبەر نوح – علیه السلام – ئۆمەتەکەی زۆرینەی بتپەرستیان ئەنجامدادا ، وە خەلکە دولەمەندەکان دەست رۆویشتوەکان ستەمکاریان ئەنجام دەدا ، بەرانبەر بە خەلکە رەشوو رووت لاواز بێ دەسەلات وە دەستیان کرد بە ستەمکاری و چەوساندنەوەی هەژاران دەکرد ، هەژارەکانیش بە ژیانی کولەمەرگی بە نان و زگیان رازی بوون ، کویلە ئاسا سەریان بۆ داوای ستەمکاران و خراپەکاران دادەنواند ، چونکە لە سەردەمەدا خراپەکاری و بتپەرستی زۆر بەربلاو ببوو ، هەر بۆیە خەلکە فەقیرو هەژارەکان ئەوانەی کە باوەردار بوون ، لە بەهێزەکان دەسەلات دارو ستەمکاران دەترسان ، ستەمکاران بەردەوام خەریکی ستەم کردن بوون بەرانبەر بە هەژارەکان ، کەچی ئەوەندە ستەمکار بوون ستەمیان لە نەفسی خۆشیان دەکرد بتپەرستیان ئەنجام دەدا ، بەلێ لەم سەر زەویەدا کە پێ دەووترا ( بلاد الرفدین ) یان (بین النهرین ) واتە: نێوان دوو رووبارەکە ، بەلێ لەم سەردەمەدا خەلکی خوا پەرستی راستەقینە کە یەکتاپەرستی بوو لە بیریان چوو بوویەوە ، خەریکی بتپەرستی بوون ، بەدەستی خۆیان لە دار بەرد بتیان هەلدەکۆلی و دوای ئەو دار بەردو بتانەیان دەپەرستی ، هەر بۆیە (نوح ) – علیه السلام – زۆر ماندوو بوو بەدەستیانەوە زۆر غەمگین بوو بۆ ئۆمەتەکەی ، چونکە ئۆمەتەکەی یان گەلەکەی دەبینی کە تێکرا زۆرینەیان سووژدە بۆ دار بەرد دەبەن کە ئەوانیش ناوەکانی وەکو لە قورئانی پیرۆز دا هاتووە ، کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا ﴿٢٣﴾ وَقَدۡ أَضَلُّواْ كَثِيرٗاۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلٗا ﴿٢٤﴾﴾ [نُوح : ٢٣ - ٢٤] واتە: [ وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ ] دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندو ناودارو گەورەکان بە خەڵکە ژێردەستەکەیان وت: واز نەهێنن لە پەرستنی خوایەکانتان ئەو پێنج خوایەی کە ئەیانپەرستن وازیان لێ مەهێنن و بەردەوام بن و دامەزراو بن لەسەر پەرستنیان و بە قسەی نوح نەکەن {پێنج پیاوچاکەکەی قەومی نوح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - } [ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا (٢٣) ] وە واز لە پەرستنی (وەدد و سواع و یەغوث و یەعوق و نەسر) مەهێنن، کە ئەمانە وەکو (ابن عەباس) ئەفەرمووێ: ناوی پێنج پیاوچاك بوون لە پێش نوحدا لە نێوان ئادەم و نوحدا کە عیبادەتی خوای گەورەیان ئەکرد کە ئەوکاتە خەڵکی هەمووی

یەکخواپەرست بووەو شەریك بۆ خوای گەورە دانەنراوە، تا ئەمان لەناوچوون و مردن شەیتان وەسوەسەی بۆ خەڵکەکە دروست کرد لەو مەجلیس و شوێنانەدا کە تیایدا دائەنیشتن پەیکەریان بۆ دروست بکەن وە بەناوی ئەوانەوە ناویان بنێن بۆ ئەوەی کاتێك ئەوانتان بیرکەوتەوە ئێوەش وەکو ئەوان عیبادەتی خوای گەورە بکەن، ئەوانیش ئەو شتەیان بۆیان کرد تا ئەمانە ئەم جیلە لەناو چوون وە جیلێکی تر هات وە زانست نەما ئینجا شەیتان پێی وتن باوك و باپیرانی ئێوە ئەم پێنج پیاوچاکەیان پەرستووە، وە لە کاتی بێ بارانیدا داوای باران بارین و شتیان لەمان کردووە، خەڵکەکە دەستیان کرد بە پەرستنی ئەم پێنج پیاو باشە، کە ئەمە یەکەم شەریك دانان بوو لەسەر ڕووی زەویدا ڕوویدا، وە خوای گەورە نوحی - صلى الله عليه وسلم - نارده ناویان بۆ ئەوەی خەڵکی واز لە پەرستنی ئەو پێنج پیاوباشە بێنن و بگەڕێنەوە بۆ پەرستنی خوای گەورە بەتاك و تەنها..؟! [ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا ] نوح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار دەسەڵاتدارو گەورەکانیان، یاخود ئەم بتانە خەڵکێکی زۆریان گومڕا کردووە [ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا (٢٤) ] خوایە ئەوەی کە زاڵم و ستەمکارو هاوبەشبڕیاردەرە هیچ شتێکیان بۆ زیاد نەکەی تەنها گومڕابوون و زەرەرمەندی نەبێ، وەکو چۆن موساش - صلى الله عليه وسلم - دوعای لە فیرعەون کرد، وە خوای گەورە دوعای هەردووکیانی قبووڵ کردو هەردوو ئوممەتەکەی نقومی ئاو کرد..؟!

بەڵێ (خوای گەورە ) پێغەمبەر نوح – علیه السلام – هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکات بە پێغەمبەری خۆی خەڵکی بانگ بکات بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئایینی ڕاستەقینە ئەویش ئایینی پاك و یەکتاپەرستی و وازهێنان لە بتپەرستی و فرە خواپەرستی ..؟! هەر بۆیە نوح – علیه السلام – بە ئۆمەتەکەی یان قەومەکەی فەرموو: ئەو قەومەکەم یان ئەی گەلی من ..؟! من پێغەمبەری نێردراوی (خوای گەورە) م بۆ لای ئێوە ڕەوانەکرام ، خوا ئەو خوایەیە کە ئێوەی دروستکردووە رزق و ڕۆزی ئێوە دەدا ..؟! هەروەها پێ فەرموون بگەڕێنەوە بۆ لای (خوای گەورە ) داوای لێ خۆش بوونی لێ بکەن ، بێ گومان ئەو زۆر لێ بووردەیە ، تاکو بارانی بە لێزمە بە خورتان بۆ ببارێنی ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەر موویێت : قال تعالى: ﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾﴾ [نُوح : ١٠ - ١١] واتە : {داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە سەرچاوەی هەموو بەخششەکانە} [ فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا (١٠) ] پێم وتن ئێوە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەن لەو کوفرو تاوان و شیرکانەی کە پێشتر کردووتانە ئەبینن خوای گەورە زۆر لێخۆشبووە بۆ ئەو تاوانبارانەی کە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەن و لێیان خۆش ئەبێ..؟! [ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا (١١) ] وە خوای گەورە بارانتان بۆ ئەبارێنێ بارانێکی زۆر یەك لە دوای یەك بە لێزمەو بەخوڕ..؟!

بەڵێ خەڵکە کە سەریان سوورمان بوو ..!! لە ناوە خۆیاندا دەیان ووت : باشە نوح – علیه السلام – ئەمە دارتاشە چۆن دەوێرێ ئاوا سووکایەتی بە بتەکان یان خوایە کانمان بکات..؟! هەربۆیە پیاوە بە هێزو دەسەڵاتدارکان زۆر رقیان لە نوح دەبۆیەوە ، بۆیە ئەوان لە قسەو فەرموودەکانی دەترسان ..!! چونکە ئەو بانگەوازی یەك خوا پەرستی ڕاستەقینەی دەکرد ، وە بانگەوازی یەکسانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری دەکرد ، دەی فەرموو : نابێت بە هێزو دەسەڵاتدارەکان ستەم لە هەژاران و بێ هێزەکان بکەن یان نابێت دولەمەندەکان هەژارەکان بچەوسێنەوە ، هەر لەبەر ئەمە دولەمەندو بەهێزەکان و دەسەڵاتداران بەهەموو شێوەیەك ڕوو بەڕووی دەبنەوە لە بەردەمی بانگەوازەکەی دەوەستان ..؟!

بەلێ بەردەوام ئەو خەلكانە روو بەرووی دەبنەوە جەنگیان لەگەل دا دەكرد ، قەسە و ناو ناتۆرەیان بۆ هەلدەبەست ، دەمێك دەیان ووت : شێتە ..!!، یان دەیان ووت : درۆزنە ..!!، یان دەیان ووت : ئەوە دارتاشێكی هەژارو بێ دەسەلاتە ئەگەر پێغەمبەر بووایە ئێستا سەروەت و سامانێكی زۆری هەبوو ..!!ئا لەم كاتەشدا خەلكە هەژارەكانیش لە دەسەلاتدارەكان و دەولەمەندەكان دەترسان ، وایان بیردە كردەوە ئەو بتانە كە لە دار بەرد دورست كرابوون ، هەر بەراستی خوا ..!!وایان بە خەیال دەهات ئەو بتانە هەر بەراستی یارمەتی دەسەلاتداران دەولەمەندەكان دەدەن ..!! هەر لە بەر ئەمە زۆرێك لە هەژارانیش نەیان دەوێرا باوەر بهێنن بە نوح – علیه السلام – لە ترسی ستەمكاران و دەسەلاتداران ، هەر بۆیە زۆر جار پەنچەی خۆیان دەكرد بە كونی گوێچكە یان تەنها بۆ ئەوەی گوێیان لە بانگەوازی یەكتاپەرستی نوح – علیه السلام – نەبێت ..!! هەر بۆیە ژمارەیەكی زۆر كەمی خەلكی هەژار باوەریان بە نوح – علیه السلام – هێنابوو ، هەر بەدزیەوە دەهاتنە مالی پێغەمبەر نوح – علیه السلام – گوێیان لە پەیامەكانی (خوای گەورە) دەگرت ، وە گوێیان بۆ بانگەوازیەكەی نوح – علیه السلام – دەگرت وە گویان بۆ ئامۆژگاریەكانی رادەگرت ، بە گوێگرتنیان دل یان پر دەبوو لە ئیمان و باوەر هێنان ، پێغەمبەر نوح – علیه السلام– بە نهێنی و بە ئاشكرا بانگەوازی بۆ قەومەكەی دەكرد ، بە شەو رۆژ بەردەوام راوە نەدەستا ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا ﴿٥﴾ فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَآءِيٓ إِلَّا فِرَارًا ﴿٦﴾ وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمْ فِيٓ ءَاذَانِهِمْ وَٱسْتَغْشَوْاْ ثِيَابَهُمْ وَأَصَرُّواْ وَٱسْتَكْبَرُواْ ٱسْتِكْبَارًا ﴿٧﴾ ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا ﴿٨﴾ ثُمَّ إِنِّيٓ أَعْلَنتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا ﴿٩﴾﴾ [نُوح : ٥ - ٩] واتە : [ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا (٥) ] نوح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار من بانگەوازی قەومەكەی خۆم كرد بۆ ئیمان هێنان بەتۆ بە شەو و بە ڕۆژ بە بەردەوامی..؟! [ فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلَّا فِرَارًا (٦) ] بەڵام بانگەوازی من هیچ شتێكی بۆ ئەوان زیاد نەكرد تەنها دووركەوتنەوەو ڕاكردن نەبێت..؟!

[ وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ ] وه هەر كاتێك كه من بانگیانم كردبێ بۆ ئەوەی كه تۆ لێیان خۆش بیت، واته: بۆ ئەوەی ئیمان بێنن كه بەهۆی ئیمان و گوێڕایەڵی و عیبادەتەوه تۆ لێیان خۆشبی [ جَعَلُوا أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ ] ئەوان پەنجەكانیان ئەكردە گوێیانەوه بۆ ئەوەی قسەی من نەبیستن [ وَاسْتَغْشَوْا ثِيَابَهُمْ ] وه جلەكانیان ئەدا به بان سەریانداو دەموچاویان دائەپۆشی بۆ ئەوەی نەمبینن و قسەی من نەبیستن و من نەیانناسمەوه [ وَأَصَرُّوا ] وه بەردەوام بوون لەسەر كوفرو سەرپێچییان [ وَاسْتَكْبَرُوا اسْتِكْبَارًا (٧) ] وه خۆیان بەگەورەزانی لەوەی كه حەق وەربگرن خۆبەگەورەزانینێكی سەخت..؟! [ ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا (٨) ] پاشان من به ئاشكرا له نێوان خەڵكیدا دەعوەو بانگەوازم كردن..؟! [ ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنْتُ لَهُمْ ] پاشان دەعوەو بانگەوازەكەم بۆ ئاشكرا كردن به دەنگی بەرز، وه به دەنگی بەرز بانگەوازم كردن [ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا (٩) ] وه به نهێنیش هەر بانگەوازم كردن له نێوان خۆم و خۆیاندا، واته: یەك یەك چوومەتهماڵیان وه یەك یەك قسەم لەگەڵ كردوون و هەموو شێوازێكم لەگەڵیاندا بەكارهێناوه بۆ ئەوەی كه باوەڕ بێنن..؟!

**دەگێرنەوه دەلێن : رۆژێكیان كافرەكان یان بیٚ باورەكان هات بۆ لای نوح –علیه السلام– پێیان ووت : تۆ دەتەوێ ئیمانت پیٚ بهێنین و شوێنت بكەوین ..؟! كەچی تۆ هەندێك خەلكی لاوازو هەژارو بیٚ دەسەلات رەشوو رووت نەبیٚ كەس شوێنت نەكەوتووه ..؟! نوح – علیه السلام– فەرمووی: ئەوانه برای ئێمەن ..!! خەلكی هەر هەمووی یەكسانن و كەس له كەس زیاتر نییه..؟!**

**بیٚ باوەرەكان ووتیان : تۆ درۆ دەكەیت ..!! تۆش خۆت دارتاشێكی هەژاریت ..!! بەلام ئەوەبوو نوح – علیه السلام – نارەحەت نەبوو له رەحمەتی (خوای گەورە ) بەردەوام هەولیدا كۆلینەدا و نەوەستا ، بەردەوام بوو لەسەر بانگەوازیەكەی خۆی بۆ ماوەی (٩٥٠)سال بیٚ وچان بانگەوازی دەكرد ، هەر چەندە له كۆتایی تەمەنیشی بەسەر چوو بوو ، بەلام وەكو چیایەك له بەردەم كافرو بیٚ باوەركانی ئەو سەردەم خۆراگر و بەهێز بوو ..!!**

**دەگێرنەوه دەلێن : رۆژێكیان پیاوێكی پیر كه به گۆچان رێی دەكرد ، له گەل كورەزایەكی خۆیدا هات بۆ لای پێغەمبەر نوح – علیه السلام – پیاوه پیرەكه به كورەزاكەی خۆی ووت : تۆ سەیری**

ئەم پیاوە بکەو بیناسەوە واتە: نوح – علیه السلام ..!! ئەو پیاوە شێتە ..!! هەرگیز باوەری پیٚ مەکە ..!! ئەگەر گەورە بوویت و پەرستنی ( وەد ، سواع ، یەغوس ، یەعوق ، نسر ) کرد ، ئەوا ووریابە ئەم پیاوە شێتە فریوت نەدات و پەشیمانت نەکاتەوە ..!! منداڵەکەش گۆچانەکەی لە پیاوە پیرەکە وەرگرت زۆر بە تووند لە نوح – علیه السلام– لێیدا و نوح – علیه السلام – ئازارێکی زۆری پیٚ گەیشت ، بەلام خۆ راگر بوو ، هەر بۆیە زۆر بەی هەرە زۆری خەلکی ئیمانیان پیٚ نەدە هێنا ، تەنانەت هاوسەرەکەی خۆشی یان ژنەکەی خۆشی ئیمانی پیٚ نەدەهێنا ، ئەویش وەك زۆرینەی خەلکی بیٚ باوەر بوو ..!! دەگێرنەوە دەلێن : رۆژێکیان فریشتەیەك لە ئاسمانەوە هات بۆ لای نوح – علیه السلام – پیٚ فەرموو: تەواو جگە لەوانە کە کەمینەن باوەریان هێناوە ، ئیتر هیچ کەسێکی تر ئیمانت پی ناهێنیٚ یان باوەرت پیٚ ناکات ، وە نایەتە رێزی ئیماندارانەوە ، نەفرەتی (خوای گەورە ) لە بیٚ باوەران ، بەلیٚ ئالەم کاتەدا نوح – علیه السلام – دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَقَالَ نُوحٞ رَّبِّ لَا تَذَرۡ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ٢٦ إِنَّكَ إِن تَذَرۡهُمۡ يُضِلُّواْ عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوٓاْ إِلَّا فَاجِرٗا كَفَّارٗا ٢٧﴾ [نُوح : ٢٦ - ٢٧] واته: [ وَقَالَ نُوحٌ رَبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا ] دوای ئەوەی نوح - صلى الله عليه وسلم - بێئومێد بوو وە خوای گەورە وەحی بۆ نارد کە چیدی خەڵکی ئیمان ناهێنن هەر ئەو چەند کەسەیە کە ئیمانیان هێناوە، ئەمیش دوعای کردو وتی: ئەی پەروەردگار لەسەر ڕووی زەویدا هیچ کافرێك مەهێلە (دَيَّارًا) واتە: ئەوانەی کە لەناو ماڵدا جێگیرن کەسیان مەهێلە، یاخود (دَيَّار) واتە: یەك کەس، تەنها کەسێکیان لێ مەهێڵەو هەر هەموویان لەناو بدە، وە خوای گەورە دوعاکەی قبووڵ کرد هەرچی لەسەر ڕووی زەوی بوو لە کافران هەمووی لەناو بردن تەنانەت خێزان و کوڕەکەی نوحیش کە موسڵمان نەبوون..؟! [إِنَّكَ إِنْ تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ ] نوح - فەرمووی: ئەی پەروەردگار ئەگەر واز لەمانە بێنیت و بمێننەوە ئەمانە خەڵکی گومڕا ئەکەن و لە ڕێگای حەق لایانئەدەن [ وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا ] وە خۆیشیان هیچ منداڵیان نابێ ئیلا دواتر منداڵەکانیان کە گەورە ئەبن زۆر فاجرو خراپەکارو کافر ئەبن و گوێڕایەڵی تۆ ناکەن..؟!

دەگێرنەوەی لە (ابن اسحاق )– ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : قەومەکەی یان ئۆمەتەکەی نوح –علیه السلام – زۆر ستەمکار بوون و زۆر خراپەکار بوون ، چونکە ئازاریان دەدا لێیان دەدا و بۆ مەبەستی خەنکاندن قورگیان کوشی تا لە هۆش چوو ..!! پاشان بە هۆش خۆی هاتەوە دەی فەرموو: ئەی خوایە هاوریٚ لەگەل قەومەکەم لێم خۆشبە ، قەومەکەم ئەم کارەدەکەن لە ڕووی جاهیلی نەزانیيەوەیە ..!!کارەکەی زۆری خەیاند خەلکی لە قولایی ستەم کوناهو خراپەکاریەوە ڕۆچوون ، کارەکەیان لە سەر گران بوو ، تاقی کردنەوەکەیان زۆر دژوار بوو ، نەوە لە دوای نەوە نوح – علیه السلام – چاوەڕێی دەکرد، بەلام هیچ نەوەیەك باوەریان نەدەهێناو بەلکو ئەو نەوەی لە دوای پێش خۆی دەهات ، ئەوا خراپتر و قێزەونترو گلاوتر بێ باوەر تر دەبوو، کارەکە گەیشتە ئەوا بە نوح – علیه السلام – یان دەووت : ئەم پیاوە شێتە ..!! خەلکی گوێیان لە قسەکانی نەدەگرت ، بەهیچ شتێکی ئەو رازی نەدەبوون ، لێیان دەدا و لە پارچە شتێکیان دەئالاند و بە گومانی ئەوەی مردوە لە مالەکەیدا فرێیان دەدا ..!! کاتێك دەهاتەوە هۆش خۆی ، سەرو روخساری دەشۆرد و خۆی پاك دەکردەوە دەهاتە دەرەوە و دووبارە بۆ گەرانەوە بۆ لای (خوای گەورە ) هانی دەدان بانگەوازی پەیمامەکەی (خوای گەورە)ی بەجێ دەهێنا ، کاتێك بانگەوازەکەی زۆری خەیاند ، ئەوە بوو کە کورەکان لە باوکەکان بە خراپترین بینی ، فەرمووی : خوایە تۆ دەبینی بەندەکانت لەگەل من چی دەکەن ، ئەگەر پێویستت بەوانە بۆ رێگای ڕاست ڕێنموویی هیدایەتیان بدە ، ئەگەر نا چاوەڕوانی ئارام گرتن و صەبر بەم ببەخشە تا خۆت دادوەری لە نێوانیاندا بکەیت ..!! هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى:

﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ۝٣٦﴾ [هُود : ٣٦] واتە: [ وَأُوحِيَ إِلَى نُوحٍ أَنَّهُ لَنْ يُؤْمِنَ مِنْ قَوْمِكَ إِلَّا مَنْ قَدْ آمَنَ ] دوای نۆ سەدو پەنجا ساڵ دەعوەو بانگەواز خوای گەورە وەحی بۆ نوح - صلى الله عليه وسلم - نارد ئەی نوح لەمەودوا هیچ کەسێك ئیمان ناهێنێ لە قەومەکەت تەنها ئەوانە نەبێ کە پێشتر ئیمانیان هێناوە

بێئومێد بە لە ئیمان هێنانیان [ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ] وە خەفەت مەخۆ لە کردەوە خراپەکانی ئەوان کە ئیمان ناهێنن..؟!

**بەڵێ کاتێك نوح – علیه السلام – لە ئۆمەتەکەی یان قەومەکەی هیوا بروا بوو، ئیتر (خوای گەورە ) وەحی بۆ ناردە خوارەوە بۆ ئەوەی گشتیەك دوروست بکات ..!! هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى:** ﴿وَٱصۡنَعِ ٱلۡفُلۡكَ بِأَعۡيُنِنَا وَوَحۡيِنَا وَلَا تُخَٰطِبۡنِي فِي ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِنَّهُم مُّغۡرَقُونَ ٣٧﴾ [هُود : ٣٧] واتە : { فەرمان کرا بە نوح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - کەشتی دروست بکات} [ وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا ] وە لە پێش چاوی ئێمە و بە ڕەزامەندی و پاراستنی ئێمە کەشتیەکە دروست بکە [ وَوَحْيِنَا ] وە بە وەحی و فەرمانی ئێمە دروستی بکە پێت ئەڵێین چۆنی دروست بکە بەو شێوازە [ وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا ] بەڵام گفتوگۆم لەگەڵدا مەکەو داوای ڕزگار کردنی ستەمکارانم لێ مەکە [ إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ (٣٧) ] ئەوان ڕزگار نابن و هەموویان نوقمی ئاوەکە ئەبن.

**پاشان نوح – علیه السلام – لە دەرەوەی شارەکەی شوێنێکی تەخت پانایی هەلبژارد بۆ ئەوەی کەشتیەکەی تێدا دروست بکات ، چونکە نوح – علیه السلام – دارتاشێکی زۆر ناياب و لێزان بوو ، بۆ ئەمەش دەبوو برێکی زۆر لە دارو تەختە کۆبکاتەوە ، وە ئەوانەی باوەریان پێ هێنا بوو هەموویان هاتن بۆ هاوکاری و یارمەتی دانی ..!! وە هەموویان بە یەکەوە دارو تەختەیان کۆدەکردەوە ، دوروست کردنی گشتیەکی ئەوا گەورە ئاسان نەبوو ..!! چونکە زۆر گەورە بوو گەشتیەکی سێ قاتی بوو ، درێژەیەکەی نزیکەی سەد مەتر بوو ، پانیەکەشی نزیکەی حەفتا مەتر بوو ، بەرزیەکەشی نزیەکەی بیست پێنچ مەتر بوو..؟!**

لە (عبدالله کوری عباس) بۆمان دەگێڕێتەوە دەلێت : حەوارییەکان بە پێغەمبەر (عیسی) – علیه السلام – یان فەرموو : کەسێك بێنە تا کەشتیەکەی بینیبێت و لەو بارەیەوە قسەمان بۆ بکات ، (عیسی ) حەوارییەکانی برد تا چوونە سەر تەپۆلکەیەکی بچووك و مشتێك خۆلی هەلگرت ووتی : دەزانن ئەمە چییە ..؟!

ئەوانیش ووتیان : خوا و پێغەمبەرەکەی دەزانن ..!!

فەرمووی: ئەمە گۆر یان قەبری سام کوری نوحە ..!!

دەلێت : بە گۆچانەکەی خۆی لە تەپۆلکە کەی دەدا ووتی : بە فەرمانی (خوای گەورە) هستە..!!

سام لە گۆرەکەی یان قەبرەکەی هاتەدەرەوە و تەپ و تۆزی لە خۆی دەتەکاند ،ئەو پیر ببوو..!!

(عیسی ) پیّ فەرموو : بەم شێوەیە بوویت کاتێك مردێت ..؟!

سام ووتی : نا ، گەنج بووم کە مردم بەلام گومانم کرد رۆژی پەسلان هاتووە و پیر بووم ..!!

(عیسی) فەرمووی: ئەی سام سەبارەت بەکەشتیەکەی نوح – علیه السلام – قسەمان بۆ بکە..؟!

ووتی : کەشتیەکە درێژییەکەی هەزار و دوو سەد زەراع و پانییەکەی شەش سەد زەراع سیّ قات بوو ، لە قاتێکی ئاژەلان واتە : چوار پیّ و ئاژەل درندەکان دانرابوون ، لە قاتێکی تر مرۆڤەکان و لە قاتێکی تریشی بالندەکان ، کاتێك پیسایی ئاژەلەکان زیادی کرد ، (خوای گەورە ) وەحی بۆ نوح – علیه السلام – نارد تاکو گوێچەکی فیل بخورێنێت ، گوێچەکەی فیلی خوراند ، لە کاتە بەرازێکی نێرو بەرازێکی مێی لیّ کەوتە خوارەوە و روویان لە پیساییەکان کرد بە مەبەستی خواردنی و کاتێك مشك کەشتیەکەی کون کرد ، (خوای گەورە ) وەحی بۆ نوح – علیه السلام– نارد تا لە ناوچاوی شێر بدات تا لە لووتیەوە پشیلەیەکی نێرو و پشیلەیەکی مێی هاتنەدەروە دەستیان بە خواردنی مشکەکان کرد..!!

(عیسی) پێ فەرمووی: نوح – علیه السلام – چۆن زانی کە ئاو گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی ..؟!

ووتی : قەلەڕەشی نارد تا هەواڵی بۆ بێنێت ، قەلە ڕەش مردارێکی بینی و لە سەری دانیشت ، نوح – علیه السلام – نەفرینی کرد تا هەمیشە ترساو بێت و بەم شێوە عادەت بەماڵ نەگرێت ، دوای ئەو کۆتری ڕەوانە کرد کە گەڕایەوە و گەڵای زەیتون بەدەندوکی و چەنگەکانی قوراوی بوون ، زانی ئاوەکە بۆ شوێنی خۆی گەڕاوەتەوە ، نوح – علیه السلام – ئەو خەتەی گەردنی کۆتری کردە تەوقی ئەو لە خوا پاڕایەوە تا هادەمی مرۆڤەکان بێت و عادەت بە ماڵەکان بگرێت.

حوارییەکان ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا واتە: (عیسی ) – علیه السلام – با بیبەین بۆ لای کەسەکانی خۆمان تا لە گەڵ ئێمە دانیشێت و قسە بکات ، (عیسی ) – علیه السلام – ووتی : چۆن کەسێك کە ڕۆزی نییە ، لەگەل ئێوە دا بێت ..؟! پاشان (عیسی ) بە (سام )ی فەرمووی: بۆ شوێنی خۆت بگەڕێرەوە ، (سام ) بۆ ناو گۆڕەکەی یان خاك گەڕایەوە ..؟!

بەلێ (نوح ) – علیه السلام – سەر قاڵی دروست کردنی کەشتیەکای خۆی بوو ، لە گەلەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە ، دارو تەختەی دەبری و ئاسنی دەکوتی و تەور و کەرەستە پێویستەکانی کەشتیەکەی ئامادە دەکرد ، خەڵکی بە لای ئەو دا تێ دەپەڕین و نوح – علیه السلام – سەر قاڵی کاری خۆی بوو ، خەلکە کەش یان قەومەکەی گاڵتەیان پێ دەکرد ، ئەوی لەوەلامدا دەی ووت : کە (خوای گەورە ) دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿وَيَصۡنَعُ ٱلۡفُلۡكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيۡهِ مَلَأٞ مِّن قَوۡمِهِۦ سَخِرُواْ مِنۡهُۚ قَالَ إِن تَسۡخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسۡخَرُ مِنكُمۡ كَمَا تَسۡخَرُونَ ٣٨ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيۡهِ عَذَابٞ مُّقِيمٌ ٣٩﴾ [هُود : ٣٨ - ٣٩] واتە : [ وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِنْ قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ ] نوح - صلى الله عليه وسلم - دەستی کرد بە دروست کردنی کەشتیەکە، وە هەر کۆمەڵێك لە قەومەکەی بەلایدا تێئەپەڕین گاڵتەیان پێ ئەکردو ئەیانووت: نوح تۆ پێشتر پێغەمبەر بووی ئێستا بووی بە دارتاش؟! یاخود ئەیانووت: لە وشکانیدا کەشتی دروست ئەکەی ئایا کەشتی لە وشکانیدا ئەڕوات؟! گاڵتەیان پێ ئەکرد [ قَالَ إِنْ تَسْخَرُوا مِنَّا

فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنْكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ (٣٨) ] نوح یش - صلى الله علیه وسلم - فەرمووی: ئەگەر ئەمڕۆ ئێوە گاڵتەمان پێ بکەن ئەوە ئێمەش سبەینێ لە داهاتوو گاڵتە بە ئێوە ئەکەین کاتێك کە نوقم ئەبن لەناو ئاوەکەدا..؟! [ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ ] ئەو کاتە ئەزانن کێ سزایەکی بۆ دێت کە ڕیسوا و سەرشۆڕی دەکات لە دونیا [ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ (٣٩) ] وە دواتریش لە ڕۆژی قیامەتدا سزایەکی بەردەوامی دەبێ لەناو ئاگری دۆزەخدا..؟!

بەڵێ نوح – علیه السلام – لە گەل باوەردارەکانی بە گرینگی یەکی زۆرەوە خەریکی دروست کردنی کەشتیەکە بوون ، بەلام بێ باوەران گالتەیان پێدەکردن و بەدەم حیلکانەوە دەیان ووت : کورە تەماشای ئەو شێتانە بکەن ، ئا لەم سالە ووشکە و بێ بارانیە خەریکی دروست کردنی کەشتینە ..؟!

یەکێك لە بێ باورەکان ووتی : ئەی نوح تۆ خەریکی چیت ..؟! کوا دەریا ..؟! کوا ئاو بۆ ئەوەی کەشتی تێدا بەکار بهێنیت ..؟!

بەلام نوح – علیه السلام – بە کافران و بێ باوەرەکانی دەفەرموو: رۆژێك دێت ئێمە گالتە بە ئێوە دەکەین ..!!

لەو لاشەوە سووکایەتی کردن گالتە و ئازاردانی ستەمکار و بێ باوەرەکان زیاتر بوو ، چونکە دەسەلاتداران و ستەمکاران سزاکانیان لەسەر ئیماندارانی ئەوانەی لە گەل نوح – علیه السلام – بوون زیاتر و توندتر کرد ..!!

دەگێرنەوە دەلێن رۆژێکیان ئافرەتێکی پیر دەستی کەچە بچکۆلەکەی گرت هاتە خزمەتی پێغەمبەر نوح – علیه السلام – ووتی : کەی رزگارمان دەبێ ..؟! کەی (خوای گەورە ) لە دەست ئەم ستەمکارانە رزگارمان دەکات ..؟!

نوح – عليه السلام – نەی دەزانی چ رۆژێکە ، بۆیە پێ فەرموو: تەنها (خوای گەورە) دەزانی !

ئا لەم کاتەدا فریشتەکانی لە ئاسمانەوە هاتنە سەر زەوی بۆ لای نوح – عليه السلام – پێ یان فەرموو: هەر کاتێك (تەنوور)ی مالی ئەم ئافرەتە پر بوو لە ئاو ، ئەوا ئیتر باران و تۆفان و لافا دەست پێدەکات و سەرەتای رزگار بوونی ئێوەیە ، وە ژێر ئاو کەوتن و شکستی ستەمکارانە..! !

ئەوە بوو نوح – عليه السلام – بە ئافرەتەکەی راگەیاند فەرمووی: (خوای گەورە) نیشانەیەکی بۆ دیاری کردووین ، هەر کاتێ تەنوورەکەی مالی ئێوە پر بوو لە ئاو ، ئەوە ئیتر سەرەتای زرگاری بوونی ئیماندارانە لە دەستی ستەمکاران وە شکست و لە ناو چوونی ستەمکارانە..! !

هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَمۡرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلۡنَا ٱحۡمِلۡ فِيهَا مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَأَهۡلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيۡهِ ٱلۡقَوۡلُ وَمَنۡ ءَامَنَۚ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٞ ٤٠﴾ [هُود : ٤٠] واته : [ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ ] تا فەرمانی ئێمە هات و سەر زەوی هەمووی ئاوی لێ هەڵقوڵ، وە تەنانەت تەنوری نان کردن هەمووی ئاوی لێوە هەڵئەقوڵ [ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ ] وتمان: ئەی نوح - صلى الله عليه وسلم - لە هەموو ئاژەڵ و باڵندەو گیانلەبەرو دانەوێڵەیەك جووتێك نێرو مێ¬یەك هەڵگرە بۆ ناو کەشتیەکە [ وَأَهْلَكَ ] وە کەسوکاری خۆتیش بخەرە ناو کەشتیەکە، کەسوکار مەبەست موسڵمانان وە ماڵ و منداڵی خۆتیش [ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ ] تەنها ئەوەی کە پێشتر بڕیار درابێ کە ئەوانە ئەبێ غەرق بن کە کافرانن وە لە بنەماڵەی خۆیشی خێزانەکەی و کوڕێکی [ وَمَنْ آمَنَ ] وە باوەڕدارانیش هەمووی بخەرە ناو کەشتیەکەوە [ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ (٤٠) ] وە تەنها کەسانێکی کەم لەگەڵیدا ئیمانیان هێنا کە وتراوە: لای زۆریەکەی هەشتا کەس بوونە..؟!

له مێژووی تەبەری بۆ مان دەگێڕێتەوە دەڵێت : تەنوورەکەی لە نێوان خۆی ئەوی کردە نیشانە چونکە (خوی گەورە ) فەرموو بووی : کاتێك فەرمانی ئێمە بگات و تەنوورەکە هەڵقوڵێت یان پر ئاو ببێت ..!! ئەوا لە هەر جووتێك دوان بەرە واتە: لە هەر نێر و مێ یەك دووان ببە ناو کەشتیەکە و سوار ببە ، کاتێك تەنوورەکە پر ئاو بوو یان هەلقولا ، نوح – علیە السلام – ئەو کەسانەی سواری کەشتیەکە کرد کە (خوای گەورە) فەرمانی پێ کردبوو ، بەلام ژمارەیان کەم بوو ، لە هەر جووتێك دووانی هەلگرت و سێ کورەکەی خۆی کە ( سام و حام و یافس ) هاوسەرەکانیان و شەش کەس لە باوەردارانی بردە ناو کەشتیەکە و لە گەل نوح – علیە السلام – و منالەکانیان و ئافرەتەکانیان ژمارەیان گەیشتە دەکەس (١٠) ، هەروەها ئەو چوارپێیانەش یان ئاژەلانەشی سواری کەشتیەکە کرد ، کە (خوای گەورە) فەرمانی پێدا بوو ، کورەکەی کە ناوی (کەنعان )بوو ، باوەری بە باوکی نەهێنابوو ، سەر نەکەوت ..!!

لە (ابن عباس ) دەگێرنەوە دەلێت : یەکەم زیندەوەر کەرۆشتە ناو کەشتیەکە مێرووله یان مێروستان بوو ، وە دوایان ئاژەلیش (کەر ) یان گوێدرێژ بوو ، گوێدرێژیان هێناو سکی گەیشتە ناو کەشتیەکە کلکی یان دواوەی مابوو ، ئیبلیس یان شەیتان کلکی گرت ، قاچەکانی نەرۆیشتە ناو کەشتیەکە و نوح – علیە السلام – دەی فەرمووی : هاوار لە تۆ وەرە ناو ..؟! گوێدرێژەکە یان کەرەکە نەیتوانی ئەویش دەی فەرموو: هاوار لە تۆ تەنانەت ئەگەر ئیبلیس یان شەیتانت لەگەلدا بێت ، کاتێك ئەم قسەیەی هێنایە سەر زمان ، شەیتان کلکی گوێدرێژەکەی بەردا ، پاشان گوێدرێژەکە سواری کەشتیەکە بوو ، ئیبلیس یان شەیتانیش هاورێ لەگەل ئەو سەر کەوت ، نوح – علیە السلام – بە شەیتانی فەرموو: ئەی دوژمنی خوا بۆ سەر کەوتیت ..؟!

شەیتان ووتی : مەگە نەت ووت : سەرکەوە ئەکە شەیتانیشت لە گەل دابێت ..؟!

نوح– علیە السلام – فەرمووی : ئەی دوژمنی خوا برۆ دەر ..!!

شەیتان ووتی : دەبێت من لەگەل خۆت ببەیت ، وە دەلێن شەیتان لە سە رپشتی کەشتیەکە بوو..!!

کاتێك نوح – علیه السلام – سواری کەشتیەکە بوو ئیمانداران و کەرەستە پێویستەکانی بردە ناو کەشتیەکە ، ئەوە بوو کانیەکان هەلقولان ، ئەم رووداوە لە شانزەیەمین رۆژ یەکەم مانگی سالی شەش سەدی (٦٠٠) تەمەنی نوح – علیه السلام – روویدا ، دەرگاکانی ئاسمان کرانەوە بە هەمان شێوە کە (خوای گەورە) بە پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ، فەرموو: کە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَفَتَحۡنَآ أَبۡوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ بِمَآءٖ مُّنۡهَمِرٖ ١١ وَفَجَّرۡنَا ٱلۡأَرۡضَ عُيُونٗا فَٱلۡتَقَى ٱلۡمَآءُ عَلَىٰٓ أَمۡرٖ قَدۡ قُدِرَ ١٢ وَحَمَلۡنَٰهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلۡوَٰحٖ وَدُسُرٖ ١٣ تَجۡرِي بِأَعۡيُنِنَا جَزَآءٗ لِّمَن كَانَ كُفِرَ ١٤﴾ [القَمَر : ١١ - ١٤] واتە : {لەناوبردنی قەومی نوح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -} [ فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ (١١) ] خوای گەورەش ئەفەرمووێ: دەرگاکانی ئاسمانمان کردەوە بە ئاوێکی خورِو بەلێزمە، واتە: ئاوەکان لە هەوردا نەبووە وەکو باران بارین بەڵکو دەرگاکانی ئاسمانی کردەوەو بەبێ هەور ئاوێکی بێوێنە رژایە سەریاندا..؟! [ وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا ] وە هەر هەموو زەویشمان تەقاندەوە وەکو کانی تەقایەوەو ئاوی لێ دەرچوو، تەنانەت تەنوری نان کردنیش ئاوی لێهە لْدەقولا [ فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ (١٢) ] هەردوو ئاوی ئاسمان و ئاوی زەوی یەکیان گرت بۆ کارێك کە خوای گەورە بریاری لەسەر دابوو کە ئەبێ نقوم بن..؟! [ وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ (١٣) ] وە نوح و - صلى الله عليه وسلم - باوەرِدارانمان هەڵگرت لەسەر ئەو لەوح و دارانە (دُسُر) واتە: کەشتییەکە کە لە دارو بزمار پێکهاتبوو..؟! [ تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِمَنْ كَانَ كُفِرَ (١٤) ] وە کەشتیەکە لەبەر چاوی ئێمەو بە فەرمان و پاراستنی ئێمە ئەرِۆی ئەمە وەکو سزایەك بۆ ئەو کەسانەی کە کوفریان کرد بە پێغەمبەرەکەی خوا - صلى الله عليه وسلم -، یان وەکو پاداشتێك بۆ نوح - صلى الله عليه وسلم -..؟!

بەلیٚ دەگیٚرنەوە دەلیٚن: رۆژیٚکیان هەوریٚکی رەش ئاسمانی گرت ، نوح –علیه السلام – چاوەری فەرمانی (خوای گەورە)ی دەکرد، ئەوە بوو کچە بچووکە کە بە پلە و راکردن هاتە خزمەت نوح – علیه السلام – پیٚ ووت : تەنوورەکەمان پر بووە لە ئاو ..!! ئیتر (خوای گەورە ) بەلیٚنی خۆی بەجیٚهیٚنا ..!! هەندیٚك لە ئیمانداران لە خۆشیدا دەگریان ..!! ئاسمان پر بوو لە هەوری رەش ، ئەو رۆژە وەك شەو تاریك دەهات ، نوح – علیه السلام – بانگی ئیماندارانی کرد فەرمووی : ئینجا با هەموومان بچینە ناو کەشتیەکە ، ئەوە بوو فەرمانی پیٚ کردن لە هەر ئاژەلیٚك نیٚرو میٚ یەك بخەنە قاتی خواریٚ کەشتیەکە ، بەلام شویٚنی بالندەکان لە قاتی سەرەوە بوو ، ئیماندارانیش لە قاتی ناوەراست بوون ..!! هەورە بروسکە دەستی بە گرمە گرمە کرد ، باران بە خور دەهاتە خوارەوە ، ئیماندارانیش سواری کەشتیەکە بوون هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویٚت : قال تعالى: ﴿وَقَالَ ٱرۡكَبُواْ فِيهَا بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٜىٰهَا وَمُرۡسَىٰهَآۚ إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ٤١﴾ [هُود : ٤١]

واتە : [ وَقَالَ ارْكَبُوا فِيهَا بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا ] نوح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: بەناوی خوای گەورەوە سەر بکەونە ناو کەشتیەکە، وە بەناوی خوای گەورەوە کەشتیەکە ئەڕوات، وە بەناوی خوای گەورەشەوە لەنگەر ئەگریٚ و ئەوەستیٚتەوە [ إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ (٤١) ] بەراستی پەروەردگارم زۆر لیٚخۆشبووە بۆ تاوانەکان، وە زۆر بەڕەحم و بەزەییە بەوەی کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە ی ڕزگار کرد [ وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ ] کاتیٚك کە کەشتیەکە لەناو ئاوەکەدا ئەڕۆیشت شەپۆلی ئاوەکە وەکو شاخ ئەیدا بەسەریاندا.،.؟!

بەلیٚ مندالەکانی نوح – علیه السلام – هەموو سواری کەشتیەکە بوون جگە لە کورەکەی کە ناوی (کنعان ) بوو ئەو بیٚ باوەر بوو ، لە گەل هاوسەرەکەی یان ژنەکە ، ئەم دووانە لە کەس و کاری نوح – علیه السلام – سواری کەشتیەکە نەبوون ، با زۆر بە توندی هەلیکرد ، ئاو لە هەموو بەرزایی و نزمایی و کە ژو کیٚوەکان هەلدەقولا ، بیٚ باوەران و ستەمکارەکان لە ترسی تۆفان لافا و خنکاندنیان ، هەر هەموویان روویان لە بەرزایەکان چیاکان کرد و هەلدەهات ..؟!

بەلێ نوح – علیه السلام – چاوەڕێ بوو کورەکەی کە (کنعان) بوو ، بگەڕێتەوە بچێتە ناو کەشتیەکە ، وای دەزانی ئەویش ئیماندارە ، لە دوورەوە چاوی بە کورەکەی کەوت بەرەو کێو و بەرزایەکان رادەکات ، نوح – علیه السلام – بانگی کورەکەی کرد ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَقَالَ ٱرۡكَبُواْ فِيهَا بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٜىٰهَا وَمُرۡسَىٰهَآۚ إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ۝٤١﴾ [هُود : ٤١] واتە : { نوح پێغەمبەر - صلى الله علیه وسلم - بانگی کوڕەکەی دەکات: سەرکەوە ناو کەشتییەکە} [ وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَا بُنَيَّ ارْكَبْ مَعَنَا ] نوحیش - صلى الله علیه وسلم - بانگی لە یەکێك لە کوڕەکانی کرد کە کافر بوو، وە دوور بوو لە نوحەوە: ئەی کوڕی خۆم باوەڕ بێنەو لەگەڵماندا سەربکەوە [ وَلَا تَكُنْ مَعَ الْكَافِرِينَ (٤٢) ] وە لەگەڵ کافران و بێ باوەڕاندا مەبە ئەوانەی لە دەرەوەی کەشتیەکەن و نوقمی ئاوەکە دەبن..؟!

هەروەها کورەکەی (کنعان) هاواری کرد ووتی : کە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالَ سَـَٔاوِيٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِي مِنَ ٱلۡمَآءِۚ﴾ [هُود : ٤٣] واتە : وتی: ئەی باوکە ئەڕۆمە سەر یەکێك لەو شاخانە ئەمپارێزێ لە لافاوەکەو ئاوم پێ ناگات..؟!

نوح – علیه السلام – دووبارە بانگی کردەوە فەرمووی: کە (خوای گەورە ) دەفەرمووێت: قال تعالى: ﴿قَالَ لَا عَاصِمَ ٱلۡيَوۡمَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَۚ﴾ [هُود : ٤٣] واتە : نوح - صلى الله علیه وسلم - فەرمووی: ئەی کوڕی خۆم ئەمڕۆ هیچ پارێزەرێك (یان پارێزراوێك) نیە لە فەرمان و سزای خوا ئەمە سزای خوای گەورەیە مەگەر کەسێك خوای گەورە خۆی ڕەحمی پێ بکات..؟!

نوح – علیه السلام – دووبارە دیسان ویستی بانگی بکاتەوە ، بەلام شەپۆلێکی بە هێز لێی دا و بردی دووری خستەوە ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَحَالَ بَيۡنَهُمَا ٱلۡمَوۡجُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡمُغۡرَقِينَ ۝٤٣﴾ [هُود : ٤٣] واتە: [ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ ] شەپۆلی دەریاکە بووە ڕێگر لە نێوان هەردووکیانداو لێکی جیا کردنەوە [ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ (٤٣) ] کوڕەکەی نوحیش - صلى الله علیه وسلم - یەکێك بوو لەوانەی کە لەناو ئاوەکەدا غەرق بوون..؟!

نوح – عليه السلام – تەماشايەكی ئاسمانی كرد فەرمووی: كە (خوای گەورە ) دەفەرمووێت :

قال تعالى: ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبْنِى مِنْ أَهْلِى وَإِنَّ وَعْدَكَ ٱلْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٤٥﴾﴾ [هُود : ٤٥] واته : [ وَنَادَى نُوحٌ رَبَّهُ ] وه نوح - صلى الله عليه وسلم - بانگی له پەروەردگاری كرد [ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي ] وتی: ئەی پەروەردگار كوڕەكەی منيش كەسوكاری من بوو [ وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ ] وه بەڵێنی تۆش حەقە كە وتت كەسوكارت ئەپارێزم [ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ (٤٥) ] وه تۆ لە هەموو حاكمەكان دادوەرتری..؟!

پاشان (خوای گەورە ) وەحی بۆ نارده خوارەوه بە نوح – عليه السلام– فەرمووی: قال تعالى:

﴿قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَٰلِحٍ ۖ فَلَا تَسْـَٔلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۖ إِنِّىٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾﴾ [هُود : ٤٦] واته : [ قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ] خوای گەورە فەرمووی: ئەی نوح با كوڕی تۆيش بێت بە كەسوكاری تۆ ناژمێردرێت لەبەر ئەوەی كافر بووەو موسڵمانان كەسوكاری تۆن و من بەڵێنم دا كەسوكاره موسڵمانەكانت رزگار بكەم نەك كافران، (كەواتە ئەگەر كوڕی پێغەمبەریش بێت ئیمان و كردەوەی چاكی خۆت نەبێت سودت پێناگەيەنێت، چ جای ئەوەی بڵێيت من بە نەسەب دەگەڕێمەوە سەر پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ) [ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ ] ئەم داواكردنە كردەوەيەكی باش نيە كە تۆ داوا لە من ئەكەی كوڕێكی كافرت ڕزگار بكەم، ياخود خوێندنەوەی تر (إِنَّهُ عَمِلَ غَيْرَ صَالِحٍ) يان كوڕەكەت كردەوەكانی باش نەبووه كافر بووه بۆيە لەناومان برد [ فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ] تۆ داوای شتێك لە من مەكە كە زانياريت پێی نيە [ إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ (٤٦) ] من ئامۆژگاريت ئەكەم و ئاگادارت ئەكەمەوە لە نەزانەكان نەبيت داوای شتێك نەكەيت كە لە ڕەزامەندی خوای گەورەدا نەبێت..؟!

ئینجا نوح – عليه السلام – فەرمووی : كە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ ۖ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِى وَتَرْحَمْنِىٓ أَكُن مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٤٧﴾﴾ [هُود : ٤٧] واته : [ قَالَ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ ] نوح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار پەنا ئەگرم بە تۆ كە داوای شتێكت لێ بكەم كە

من زانیاریم پێ نەبێت [ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُنْ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٤٧) ] وە ئەگەر لێم خۆش نەبیت و ڕەحم و بەزەییم پێ نەکەیت و تەوبەم قبووڵ نەکەی ئەوە من لە زەرەرمەندان ئەبم..؟!

**بەڵێ پاشان (خوای گەورە ) فەرمانی بە زەوی و ئاسمان کرد ، کە دەفەرمووێت : قال تعالى:**
﴿وَقِيلَ يَٰٓأَرْضُ ٱبْلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ ٱلْمَآءُ وَقُضِيَ ٱلْأَمْرُ وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾﴾ [هُود : ٤٤] واتە : [ وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ ] پاشان خوای گەورە کە کافران و بێباوەڕانی لەناوبرد فەرمانی کرد بە زەویەکە ئەی زەوی ئاوی خۆت قوت بدە [ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي ] وە ئەی ئاسمان بەسە باران مەبارێنە و با ببڕێتەوە [ وَغِيضَ الْمَاءُ ] وە ئاوەکە وردە وردە کەمی کرد تا سەر زەوی وشك بوو [ وَقُضِيَ الْأَمْرُ ] وە فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ بوو کە کافرانی هەموو لەناو بردو دوای برِین {کەشتییەکەی نوح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - لە کوردستان لەنگەری گرت} [ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ ] وە کەشتیەکەش لەنگەری گرت لەسەر شاخی (جودی) لە کوردستانی تورکیا نزیك موسڵ [ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (٤٤) ] وە وترا: کەسانی زاڵم و کافرو بێباوەڕ هەر دووربن لە پاراستن و ڕەحمەتی خوای گەورە..؟!

**(خوای گەورە) بە نوح – عليه السلام – ی فەرموو: لە کەشتیەکە دابەزە بە سەلامەتی ، هەروەك دەفەرمووێت : قال تعالى:** ﴿قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَۚ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٨﴾﴾ [هُود : ٤٨ ] واتە : [ قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِمَّنْ مَعَكَ ] خوای گەورە فەرمووی: ئەی نوح - صلى الله عليه وسلم - لە کەشتیەکە دابەزە بۆ سەر زەوی بە سەلامەتی و پارێزراوی لە سزای ئێمە، وە سەلام و بەرەکەتی خۆم ئەڕژێنم بەسەر ئێوەو ئەو ئوممەتانەیشی کە لە نەوەی ئەو کەسانەن کە لە کەشتیەکە لەگەڵتان بوون (کە هەموو موسڵمانێك دەگرێتەوە تا ڕۆژی قیامەت) [ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ] وە کەسانێکی تر لە نەوەی ئەمانە کە دواتر کافر ئەبن لە دونیادا تا کاتی دیاریکراوی خۆیان ئەیانژیەنین بەڵام پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا سزایەکی بە ئێش و ئازار ئەیانگرێتەوە ..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## چوارەم : ستەمکار

## بیوراسب یان ئەژ دەهاك

## کە عەرەبەکان پێ دەڵێن (زوحاك)

## چوارەم: ستەمكار (بیوراسب یان زوحاك یان ئەژی دهاك )

بەلیٚ ئەوەی كە هاتووە لە كامل في تاريخ (ابن لاثير ) ، وە تاريخ الطبري ، وە المنتظم في تاريخ الملوك والامم ، لەم پەرتووكانە دا هاتووە دەگێرنەوە لە زانایان دەربارەی ئەم ستەمكارە كە (بیوراسب ) یان (زوحاك ) یان (ئەژی دهاك) ..! !سەبارەت بە پاشای (زوحاك ) خەلكی یەمەن دەلێن : لە ناوئەواندا بووە ئەو بە یەكەم فیرعەون هەژمار دەكرێت ، بەلام دەلێن : (ئەژدی هاك) لە كانی هاتنی (ابراهيم خليل ) بۆ مصر ، پاشای ئەو ولاتە بووە ، لە لایەكی تریشەوە ئێرنیەكان یان فارسەكان دەلێن (ئەژی دهاك ) لەوان بووە ، چونكە ئەوان ئەم بەهی خۆیان دەزانن ، دەلێن : نسب یان نەژادی ئەو بەم شێوەیە : (بیوراسب كوری ئەروەند ئەسب كوری رینكار كوری وندریشتەك كوری یارین كور فەروال كوری سامەك كوری میشی كوری كیومەرس )هەروەها میژوو نووسانیش دەلێن : ئەم پاشایەتی حەوت هەرێمەكەی دەكرد و پیاوێكی ساحیر و جادوگەر و خراپەكار بوو ..؟!

لە (هۆشام كوری كلبی ) دەگێریتەوە دەلێت : بە گومانی ئەوان (ئەژی دهاك ) دوای (جەم ) هاتە سەر تەختی پاشایەتی ، هەزار سال فەرمانرەوایەتی كردووە ، (خوای گەورە زاناترە ) ، ئەو لە سواد لە گوندێك بەناوی (بۆرس) لە سەر خاكێك لە سەر ێگەی كوفە دابەزی و سەراسەری زەوی گرت و بە ستەم و زولم پاشایەتی كرد و دەستی بە كوشتن و برینی خەلكان كرد ، دەلێن : ئەم پاشایە یەكەم كەس بوو ئاینی شوومی ، وە دەست پیٚ برین و لە سێدارەدانی هێنایە كایەوە ، یەكەم كەس سكەی بە ناوی خۆیەوە لیدا ، یەكەم كەس بوو گۆرانی خوێند و كە سانیتریش گۆرانیان بۆ خوێند ، وە مێژوو نوسان دەلێن : (ئەژی دهاك ) هەمان نمرودە و ئیبراهیم – عليه السلام – لە سەردەمی ئەو لە دایك بووە ، ئەو ابراهیمی خستە ناو ئاگر و مەبەستی سووتاندنی ئەوی كرد ..!!

بەڵێ پاشا (ئەژی دهاك ) یان (زوحاك ) یان (بیوراسب ) فەرمانرەوایەکی یان پیاوێکی زۆر زالم و ستەمکار بووە ، بە ساحیریەکەی یان جادوو گەریەکەی خۆی خەڵکی فریودەدا ، وە بە سەر خەلکەکەی زال بوو ، دەڵێن : دوو ماری لە سەر شانی دابوو ، زیانی زۆری لە خەڵك دەدا ..؟!

ئەهلی کتاب واتە: یهود و نصراینەکان دەڵێن : ئەوەی سەر شانی (ئەژی دهاك ) دوو پارچە گۆشتی بەرزی زیادە بووە هاوشێوەی سەری مار بووە ..!! ئەو دوو پارچە گۆشتە بە جل پۆشاك دادەپۆشی و بۆ ترساندن دەی ووت : دوو مار دوای خواردنم لێدەکەن ..؟! ئەم دوو پارچە گۆشتە لە کاتی برسیەتیدا لە ژێر جلەکانی دەجوولانەوە ، خەڵکی زیان و ئازاری زۆریان لێ بینی ..!! ئەم پاشایە کە ناوی (زوحاك ) یان (ئەژی دهاك ) بوو ، مندالی زۆری سەر بری وە بەم شێوەیە بیانووی هێنایەوە کە دوو پارچە گۆشتەکەی سەر شانی ئازاری زۆری دەدەن ، هەر کات بە مێشکی دوو مرۆڤ تێریان خوارد یان تێریان بکات ئەوا ئازاری کەم دەبێت و ئارام دەگرن ، ئەو هەموو رۆژێك دبوو دوو پیاو سەر بری ..!! خەڵکی ئەو سەردەم ئەوان بە شێوەیە رازی بوون ، تاکو ئەو کاتەی (خوای گەورە ) مەبەستی لە ناو بردنی کرد ، وە کۆتایی پێ هێنا ..؟!

دەگێرنەوە دەلێن : پیاوێك لە شاری ئەفصهانی ئێران بە ناوی (کابی یان کاوە) ، ئەوە بوو لە دژی شۆرشی بەرپا کرد ، هاندانی بۆ ئەم شۆرشە ئەوە بوو ، کە دوو کورەکەی بوون ، کە دارو دەستەکەی (زوحاك ) یان (ئەژی دهاك) ئەم دوو کورەی ئەویان بۆ دوو پارچە گۆشتە یان دوو مارە کەی سەر شانی گرتبوو ..!! ئەو داردەستەکەی دەستی بەرز کردەوە و چەرمی پێوە هەلواسی و خەڵکی بۆ جەنگ یان شەر کردن هاندا لە گەل (بیوراسب یان زوحاك یان ئەژی دهاك) ، وە خەلکێکی زۆر بەدەم داواکاریەکەی هاتن ، چونکە لە ناو زولم ستەمێکی یەکجار زۆر ژیا بوون ، کاتێك (کابی یان کاوە) سەرکەوتنی بە دەست هێنا ن خەڵکی لەو ئالایە رێزیان گرت و سوودی زۆریان لێ بەدەست هێنا ، لە لای پاشاکانی ئێران بو بەگەورەترین ئالا ، بەناوی (دەرفشی کاویانی ) ناویان برد ، شازادەکان لە کاتی کارەگەورەکان ئالاکەیان هەلدەگرت ..!!

بەڵێ سەبارەت بە (کاوە) خەلکی ئەصفهان بووە ،خەلکێکی زۆری لێ کۆبوونەوە ،وە کاتێك هاتە سەر (ئەژی دهاك ) ترسی کاوە کەوتە دلی (ئەژی دهاك یان زوحاك ) ، لە کاتەدا (ئەژی دهاك ) لە کۆشکەکەی خۆی رای کرد ، کۆشکەکەی بۆ شوێن کەوتووانی (کاوە ) جێ هێشت ، وەکو بەشار ئەسد و صدام حسین و حوسنی مبارك ، قەزافی چەندین ستەمکاری تری لە مێژوو دا ، بە دلنیایەوە ئەوانەی ماونیش رۆژیان دێت کۆتایی چارەنووسیان بە دەری (ئەژی دهاك یان زوك؟ کە ، بەلێ ئەوە بوو فارسەکان لە دەوری (کاوە ) کۆ بوونەوە و ئەو ئەوانی ئاگادار کردەوە کە کاری بە پاشایەتی و فەرمانرەوایەتی نیە ..!! چونکە خۆی بۆ ئەم کارە بە شیاو نازانێت ..!! ئەو بریاریدا کە یەکێك لە بنەمالەی (جەم ) پاشایەتی یان فەرمانرەوایەتی رگرێتە دەست چونکە (جەم کوری پاشای هۆشنگی گەورەی کوری فەروال ) بوو ئایینی پاشایەتی بونیاتنا ، وە لە پێش کەسانی تر بەم کارە هەستا ، بەلام (فەرەیدون کوری ئەسفیان ) لە سەردەمەدا دوو لە (ئەژی دهاك یان زوحاك ) دەژیان ، لەم کاتەدا چاوی بە (کاوە) کەوت ..!! ئەو هاورێکانی لە بینینی (فەرەیدون) شادمان بوون ، وە بۆ فەرمانرەوایەتی یان پاشایەتی هەلیانبژارد ..!! (کاوە)و گەورە کانی فارسەکان یان ئێرانیەکان بوونە نزیکەکانی (فەرەیدون ) لە کارو باری پاشایەتی ، کاتێك پاشایەتی یان فەرمانرەوایەتی گرت دەست و کاروباری پاشایەتی بەهێزو سەقام گیر کرد ، دەستی بە سەر کۆشکەی و دارو دەستەی (ئەژی هاك ) گرت شوێن پێی هەلگرت و گرفتار و لە کوێستاتی (دۆنباوەند یان دەماوەند ) زیندانی کرد ..!! دەگێرنەوە دەلێن : دەستەیەك لە ئاگر پەرستە ئێرانیەکان یان فارسەکان گومان دەکەن ، کە (فەرەیدون ) دەستەیەك پەرییەکانی بۆ زیندانیانبانی (ئەژی دهاك ) دیاری کردووە ..!! بەلێ (ئەژی دهاك ) لە زیندانی دەماوەند زیندانی کرا ، (ئەژی دهاك ) بەندو زنجیر لە دەست خۆی گەیاندە خۆراسان ..!! دەستەیەکی تریش لە ئێرانیەکان یان فارسەکان دەلێن : کە گومان دەکەن (فەرەیدون ) ئەوی واتە : (ئەژی دهاك ) لەر رۆژی نەورۆز کوشت ..!!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## پێنچەم: ستەمکار

## قەومەکەی (عاد)

## پێنچەم : ستەمكار قەومەكەی (عاد)

بەلێ پێشتر ئاماژەمان بە نوح – علیه السلام – كرد ، كە دوای ئەو مناله كانی خراپەیان كردە پیشە ، ئەوە بوو (ئەرەم كوری سام كوری نوح ) یاخیگەریان كرد پیشە ، وە یەكێك لە منالەكانی (عاد كوری عەوس كوری ئەرەم كوری سام كوری نوح ) ئەوەی دیكەیان (سەموود كوری جاسر كوری ئەرەم كوی سام كوری نوح ) كە هەموویان لە عەرەبە رەسەنەكان بوون ..!١

### قەومەكەی عاد :

بەلێ (خوای گەورە ) پێغەمبەر (هودی كوری رەباح كورب جەلود كوری عاد كوری عەوس كوری ئەرەم كوری سام كوری نوح ) – علیه السلام – بۆ قەومەكەی عاد رەوانەكرد ، قەومەكەی (هود) سێ بنیان هەبووە دەیان پەرست ، بەناوەكانی ( صدا ، صەمود ، راهبا ) ئەوە بوو ( هو) – علیه السلام – پێشنیاری پەرستنی یەك خوا پەرستی تاق و تەنهای بۆ كردن ، وە دەست هەلگرن و دەست بكێشنەوە لەو بتانە ، چونكە ستەمكارییە ، بەلام ئەوان رازی نەبوون ..!! ووتیان : چ كەسێك لە ئێمە بەهێز ترە ..!! تەنها كۆمەلێكی كەم باوەریان یان ئیمانیان بە (هود) – علیه السلام – هێنا ..!! ئەوە بوو كاتێك لە سەر یاخیگەری و ستەمكاری پێداگریان كرد (هود)– علیه السلام – ئامۆژگاری كردن ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿كَذَّبَتۡ عَادٌ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝١٢٣ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ ۝١٢٤ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ۝١٢٥ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ۝١٢٦ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝١٢٧ أَتَبۡنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةٗ تَعۡبَثُونَ ۝١٢٨ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمۡ تَخۡلُدُونَ ۝١٢٩ وَإِذَا بَطَشۡتُم بَطَشۡتُمۡ جَبَّارِينَ ۝١٣٠ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ۝١٣١ وَٱتَّقُواْ ٱلَّذِيٓ أَمَدَّكُم بِمَا تَعۡلَمُونَ ۝١٣٢ أَمَدَّكُم بِأَنۡعَٰمٖ وَبَنِينَ ۝١٣٣ وَجَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ۝١٣٤ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ۝١٣٥﴾ [الشُّعَرَاء : ١٢٣ - ١٣٥]

واته : [ كَذَّبَتْ عَادٌ الْمُرْسَلِينَ (١٢٣) ] قەومی عادیش سەرجەم پێغەمبەرانیان بە درۆزانی، کە باوەڕیان بە پێغەمبەرەکەی خۆیان نەهێنا واتە باوەڕیان بە سەرجەم پێغەمبەران نەهێناوە (قەومی عاد لە نزیك حەزرەمەوت لە یەمەن دەژیان لە دوای قەومی نوح ژیاون وە زۆر بەهێزو توانا بوونە)..؟! [ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ (١٢٤) ] کە هود پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - لە هۆزو عەشیرەتی خۆیان بوو پێی وتن بۆ تەقوای خوای گەورە ناکەن بەوەی کە ئیمان بێنن..؟! [ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (١٢٥) ] بە دڵنیایی من پێغەمبەرێکی ئەمینم بۆ ئێوەو پەیامی خوای گەورەتان وەکو خۆی پێدەگەیەنم بە بێ زیادو کەم..؟! [ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٢٦) ] دەی ئێوەیش تەقوای خوای گەورە بکەن وە گوێڕایەڵی من بکەن [ وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ] وە من داوای هیچ ئەجرو پاداشتێکتان لێ ناکەم لەسەر گەیاندنی دینەکە..؟! [ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٢٧) ] بەڵکو ئەجرو پاداشتی من تەنها لەسەر پەروەردگاری هەموو جیهانەو تەنها چاوەڕێی پاداشتم لەو..؟!

[ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ (١٢٨) ] ئایا ئێوە لە هەموو شوێنێکی بەرزو سەر ڕێگاو لە شاخە بەرزەکاندا کۆشك و تەلاری بەرزو پتەو گەورەو سەرەنجڕاکێش دروست ئەکەن لە کاتێکدا پێویستتان پێ نیەو تەنها بۆ فەخرو شانازی و دەرخستنی تواناتانەو تەنها کات بەسەر بردن و خۆماندوو کردن و بەفیڕۆدانی تواناتانە [ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (١٢٩) ] وە کۆشك و تەلاری بەرزو قەڵاو شورای پتەو دروست دەکەن وەکو ئەوەی کە ئێوە نەمرن و بەهەمیشەیی بمێننەوە [ وَإِذَا بَطَشْتُمْ بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (١٣٠) ] وە کاتێك کە بتانەوێ بەسەر کەسێکدا زاڵ بن زۆر بە توندوتیژی زاڵ ئەبن بەسەریدا لە ناحەق و ستەمدا [ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٣١) ] دەی ئێوە تەقوای خوای گەورە بکەن و لە خوا بترسێن وە گوێڕایەڵی من بکەن [ وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُمْ بِمَا تَعْلَمُونَ (١٣٢) ] وە تەقوای ئەو خوایە بکەن کە یارمەتی داون بەو هەموو شتەی کە خۆتان ئەزانن لە ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامان [ أَمَدَّكُمْ بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ (١٣٣) ] یارمەتی داون و پشتیوانی کردوون بە جۆرەها ئاژەڵ وە بە منداڵ [ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (١٣٤) ] وە باخ و باخات و سەرچاوەی ئاو و کانی و ڕووبارو بیرەکان [ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٣٥) ] ئەگەر ئیمان نەهێنن و بەردەوام بن لەسەر کوفرتان ئەوە من لەوە ئەترسێم کە خوای گەورە سزاتان بدات لە ڕۆژێکی زۆر گەورەدا کە ڕۆژی قیامەتە ..؟!

[ قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُنْ مِنَ الْوَاعِظِينَ (١٣٦) ] وتیان: ئەی هود - صلی الله علیه وسلم - یەکسانە ئەگەر تۆ ئامۆژگاریمان بکەی یان نەیکەی ئێمە گوێ بە ئامۆژگاری تۆ نادەین وە بە قسەت ناکەین و دەستبەرداری دین و خواکانمان نابین..؟!

[ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (١٢٩) ] وە کۆشك و تەلاری بەرزو قەڵاو شورای پتەو دروست دەکەن وەکو ئەوەی کە ئێوە نەمرن و بەهەمیشەیی بمێننەوە..؟!

[ وَإِذَا بَطَشْتُمْ بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (١٣٠) ] وە کاتێك کە بتانەوێ بەسەر کەسێکدا زاڵ بن زۆر بە توندوتیژی زاڵ ئەبن بەسەریدا لە ناحەق و ستەمدا..؟!

[ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٣١) ] دەی ئێوە تەقوای خوای گەورە بکەن و لە خوا بترسێن وە گوێڕایەڵی من بکەن..؟!

[ وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُمْ بِمَا تَعْلَمُونَ (١٣٢) ] وە تەقوای ئەو خوایە بکەن کە یارمەتی داون بەو هەموو شتەی کە خۆتان ئەزانن لە ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامان..؟!

[ أَمَدَّكُمْ بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ (١٣٣) ] یارمەتی داون و پشتیوانی کردوون بە جۆرەها ئاژەڵ وە بە منداڵ..؟!

[ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (١٣٤) ] وە باخ و باخات و سەرچاوەی ئاو و کانی و ڕووبارو بیرەکان..؟!

[ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٣٥) ] ئەگەر ئیمان نەهێنن و بەردەوام بن لەسەر کوفرتان ئەوە من لەوە ئەترسێم کە خوای گەورە سزاتان بدات لە ڕۆژێکی زۆر گەورەدا کە ڕۆژی قیامەتە..؟!

بەلێ ئەگەر تەماشایەکی نەخشەی نیمچە دوورگەی عەرەبی بکەین ، لە رۆژ هەلاتەوە بیابانێکی کاکی بە کاکی فەروان دەبینرێت ، پیێ دەوترێت (الربع الخالی ) واتە: چارەکی چۆل ، بۆیە دەوترێت چارەکی چۆل چونکە چۆلە ووشکە و بیێ ئاوە ،وە بیێ گژو گیایە ، پێش هەزاران سال ئەم شوێنە شوێنکی سەزو ئاوەدان و پر لە کانی و رووبار بووە ، هەر بۆیە زانایان پاشماوەی شارێکیان دۆزیوەتەوە کە لە ژێر لمی ئەو بیابانە چۆلە دابووە ، ئەو شوێنەش قەومەکەی (عاد) لیێ ژیاون ، میژوو بە هیچ شێوەیەك باسی قەومەکەی (عاد)ی نەکردووە ، بەلام قورئانی پیرۆز باسی ئەو قەومەی کردووە ، کە قەومێکی یان ئۆمەتێکی زۆر زالم و ستەمکار بوونە ، زۆر خراپەکاریان ئەنجامداوە ، سوپاسی ئەو نیعمەتانەیان نەدەگرت کە (خوای گەورە ) بە سەری دابارند بوون ، لە سەوزایی دارو درەخت و گژوگیاو رووبارو کانی کانیاو دۆلەکان پر دە بوون لە ئاو ، باخەکانیشیان پر بوون لە جۆرەها دەرخت وە جۆرەها مێوە زانیان هەبوو ، لە سەردەمی قەومەکەی (عاد) زۆر شتیان بۆ فەراهەم کرا بوو ، لەوانە زۆر گرنگیان بە کۆش و تەلارو بیناسازی دەدا ، بۆیە قەومی (عاد) پیاو ئافرەتەکانیان زۆر بەهێز بوون ، ئەوان شنازیان بە هێزوو بازووی خۆیان دەکرد ، هەر بۆیە لە خۆ بایی بوون خۆیان بە گەورە دەزانی ، تاوای لیهات سوپاسی (خوای گەورە) یان نەدەکرد بە نیعمەتانەی کە بۆ رەوانە کردبوون ، هەر وەکو ولاتی خۆمان کە (خوای گەورە ) زۆر نیعمەتی پیێ بەخشیون ، لەوانە ولاتێکی جوان کە هەر چوار وەرزەکە دەبینین ، هەروەها چەندین رووبارو کانی چیاو دەشت و دەر ، پرە لە سمانی سروشتی لە ژێر خاك دا ، کەچی زۆرینە خەلکی سوپاسی (خوای گەورە ) ناکەن بەو نیعمەتە زۆرانە هەر هەژمار ناکرێن ، خەلکی ئەم ولاتە یان ئەم نشتیمانە خەریکی خراپەکاری و بەد رەوشتی گەندەلی و دزی جەردەیی سوخواردن لە بانکە کان ، ریبا کردن بە هەموو جۆرەکانیەوە ، پشت کردن لە ئایینی (خوای گەورە ) بە هێزەکان لاوازو هەژارەکان دەچەسێنەوە مال سمانیان بە تالان دەدزن ، لە ژێر ناوی جیاجیا ، هەموو شتێکیان بۆ خۆیان کردۆتە قانوون یاسا بە یاسا خراپەکاری ئەنجام دەدەن ، کەچی ئەو یاسا جوانەی قورئانی پیرۆز هەیە ، لە کاروباری رۆژانە پشتی تێدەکەن جیێ بەجیێ ناکەن ...

رۆژێك دادێ هەر وەکو قەومانی یان ئۆمەتەکانی سەردەمانی زوو (خوای گەورە ) سزامان دەدا ، ئەگەر نەگەرێینەوە بۆ بەردەگاری پەروەرگارمان ، یان ئەوەتا بە کارەساتێکی سروشتی لە ناو دەچین یان ئەوەتا دوژمنانی ئەم گەلە ستەم لێکراوە ، لە ناو مان دەبەن ، چونکە خراپەکاری چۆتە قیمە لەم نیشتیمانەدا ، هەر بەر پرسێك دێتە سەرکار لەوەی تر خراپترە ، خۆزگە بەوی پێشە خۆمان دەبین ، هیچ کەس خەم لەم میلەتە ستەم لێکراوە ناخوات ، هەر خەریکی پارە و مال و سامان کۆکردنەوەن ، بۆیە (خوای گەورە ) لەم میلەت و لە دەسەلاتداران توورەیە ، بەلام (خوای گەورە ) زۆر ئارامگرە ، رۆژێك دادێ پەشیمانی دادی نادا ، چارەنووسەکەی بە چاوی خۆیان دەبینن ، ئەوەی کە ئنجامیانداوە لە خراپەکاری ستەمکاریە کانی ئەم خەلکە ..؟!

ئینجا دەگەرێینەوە سەر باسەکەی خۆمان کە قەومەکەی (عاد) کەپێغەمبەر (هود) – علیه السلام – بۆ ئەوان (خوای گەورە) رەوانەی کردبوو ، قەمێکی یان ئۆمەتێکی زۆر خراپەکار بوون ، راوەنەستان لەسەر ئەو نازو نیعمەتە کە (خوای گەورە) بۆی رەوانە کرد بوون ، ئیجا دەستیان کرد بە بتپەرستی و هاوبەشی دانان بۆ (خوای گەورە) ، هەروەها بە هێزترینەکان بوونە بە ستەمکار و زالم بەرانبەر بە لاواز و بێ هێزەکان ، واتە : گەورە کان بچووکە کانیان دەخوارد ، یان هەژارو لاوازەکانیان دەچەوساندەوە و ستەمیان لێ دەکردن و دەیان کردن بە بەندە کۆیلەی خۆیان لە بازارەکانیان بازرگانیان پێ دەکردن ، ئەو کەسانەی یان ئەو خەلکانە کە باوەریان بە پێغەمبەر (هود) هێنابوو یان لەسەر ئایینی یەکتاپەرستی بوون ، هیچ دەسەلاتێکیان نەبوو هەر دەچەوسانەوە و هیچ قسە یەکیان لێ وەر نە دەگیرا ، ئەوە بوو (خوای گەورە ) پێغەمبەر (هود) – علیه السلام – ی بۆ رەوانەکردن ، ئەو پیاوێکی زۆر خوا ناس بوو ، زۆر زۆر چاکە کار بوو ، کاری چاکە کەسانی راست گۆی خۆش دەویست ، ئەوە بوو (خوای گەورە) هەلی بژارد کە کاری بانگەوازی قەومی (عاد) پێ سپارد ، هەروەها خەلکی بانگ دەکرد بۆ یەکتاپەرستی ، وە دوور کەوتنەوە لە خراپە و فەرمان کردن بە چاکە ، هەر بۆیە (هود ) – علیه السلام – پیاوێکی زۆر

دلێرو بوێر و چاو نەترس بوو ، جگە لە خوا لە هیچ کەس و وشتێك نەردەترسا ، چونکە دیزانی (خوای گەورە ) لە هەموو کەس لە هەموو شتێك بە هێزو بە دەسەلاترە ..؟!

بەلێ ئەو کەسانەی ناخیان پاك و بێگەرد بوون ، ئەوانە باوەریان یان ئیمانیان بە (هود)– علیه السلام– هێنابوو ، بەلام ژمارەیان کەم بوو ، هەروەها پیاوە دولەمەندەکان و بە دەسەلاتەکان و پیاوە بەهێزەکان گالتەیان بە (هود ) – علیه السلام – و شوێن کەوتوانیان دەکرد ، هەر وەکو ئەم سەردەمە گالتە بە دلسۆزان و نیاز پاك و راستگۆیان دەکرێ ، هەروەها بێ باوەران گالتەیان بە پەیامەکەی (هود ) – علیه السلام – دەکرد و ناو ناتۆرەی جۆراو جۆریان دەخستە پال (هود) – علیه السلام – ، وە دەیان ووت : شێتە ، دێو دەستی لێ وەشاندووە ، هەروەها خەلکی (عاد) پێیان وا بوو ئەو بتە تاشراوانە رزق رۆزی ئەوان دابین دەکەن ..! ! پێیان وا بوو بە فەرمانی ئەم بتە تاشراوان کە لە بەرد دروست کرا بوون ، فەرمانی باران بارین دەردەکەن ..! ! وە پێیان وابوو سروشت لە دەستی ئەو بتانە دایە زەوی سەوز دەبێت و گژوگیا دەروێت و درەختەکان ئاو دەدرێن ، هەروەها کانی کانیاوەکان هەلدەقولێن دۆلەکان پر ئاو دەبن باخەو بێستانەکانی بەرهەمی دەبێ ..! ! هەر بۆیە دەیان ووت : (هود)– علیه السلام – شێتە ، هەروەها دەیان ووت : بتە خوداکانیان یان بەردە تاشراەکانیان نەفەرەتیان لە (هود ) – علیه السلام – کردووە، ئەوان دەهاتن ئامۆگاری (هود)– علیه السلام – یان دەکرد و پێیان دەووت : ئەگەر لەسەر ئەم قسانە بەردەوام بیت ، ئەوا کۆتاییت بە چاکە خێر نابێ ..! ! خودا سزایی توونی دەدا ..! !

بەلێ قەمەکەی (عاد) بوون بە دوو بەشەوە بە شێکیان باوەریان بە (هود) هێنا بوو ، ئەوانە ژمارەیان زۆر کەم بوو ، بەلام بەشی دووەمیان کە زۆرینەی بێ باوەرەکان بوون ئەوانە بوون لە دەسەلاتدارو بەهێزو دەولەمەندەکان بوون ، ئەوانە کافرو بێ باوەر بوون سوور بوون لە سەر بت پەرستی خۆیان و هابەش بریاردان بۆ (خوای گەورە) ، هەروەها لەسەر گوماریی و سەرگەردانی بەردەوام بوون ، ئەمانە ژمارەیان گەلێك زۆر بوو...

دەگێرنەوە دەلێن: وەرزی باران بارین هاتە پێشەوە باران نەباری ، هەور دەهات بێ باران بوو ، هەورەکان لەم شوێنەی ئەوان بۆ ماوەیەك دەمانەوە ، بەلام دواتر هەورەکان دەرۆیشت باران نەدەباری ، وەکو ئەم سەردەمەی ئێمە بۆ چەندین سالە ووشکە سالیە خەلکەکە بێ ئاگاو غافل لە توورەیی (خوای گەورە ) ، بەلێ لەم سال ووشکە سالی دەستی پێ کرد و ئاژەلە کان لە تێنان و لە بەرسان مردن ، هەر بەهەمان شێوە سالی دواتریش هاتە پێش دیسان هەورەکان هاتن و هەوری رەش چرو پر بوون ، خەلکی دلخۆش بوون دیسان هیچ نەباری ، ، بەلام دواتر رەشەبایەکی زۆر بەهێز هەلیکرد لمی زۆری هێنا لە گەل خۆیدا هێنایە ناو شارەکە ژیانی لە خەلك وێران کرد..!!

ئەوە بوو (هود) – علیە السلام – هات دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنی قەومەکەی (عاد) هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ ٥٢﴾ [هُود : ٥٢] واتە:

{تەوبە کردنو گەڕانەوە بۆ لای خوا هۆکاری بەهێزی و هەموو بەخششەکانی ترە} [ وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ] وە ئەی قەومی خۆم داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەن لە تاوانەکانی پێشووتان [ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ ] پاشان تەوبە بکەن و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوەو لە داهاتوو خۆتان بپارێزن لە تاوان [ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا ] خوای گەورە بارانتان بۆ ئەبارێنێ بە لێزمە یەك لە دوای یەك [ وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ ] وە سەرەڕای هێزو توانای خۆتان خوای گەورە زیاتر بەهێزو بەعیزەتان دەکات بەهۆی تەوبەو داوای لێخۆشبوونەوە [ وَلَا تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ (٥٢) ] وە پشت هەڵمەکەن و خراپەکاری مەکەن لەسەر ڕووی زەوی..؟!

بەلام خەلكەكە ئەوەندە سەر سەخت و لاسار بوون ، بە گوێی ئامۆژگارییەكانی (هود) یان نەكرد ، وەلامیان دایەوە ووتیان : هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿ قَالُواْ يَٰهُودُ مَا جِئۡتَنَا بِبَيِّنَةٖ وَمَا نَحۡنُ بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوۡلِكَ وَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ﴿٥٣﴾ إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعۡتَرَىٰكَ بَعۡضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٖۗ ﴾ [هُود : ٥٣ - ٥٤]واتە : [ قَالُوا يَا هُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ ] وتیان: ئەی هود بەڕاستی تۆ هیچ بەڵگەیەكی ڕوون و ئاشكرات بۆ ئێمە نەهێناوە لەسەر ئەوەی كە تۆ پێغەمبەری خوایت [ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَنْ قَوْلِكَ ] وە لەبەر قسەی تۆ ئێمە واز لە خوایەكانی خۆمان ناهێنین [ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ (٥٣) ] وە ئێمە ئیمان بە تۆ ناهێنین..؟! {هود پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - تۆمەتبار دەكرێت بە شێتی} [ إِنْ نَقُولُ إِلَّا اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوءٍ ] ئێمە ئەڵێین: هەندێك لە خوایەكانی ئێمە كە تۆ قسەیان پێ ئەڵێی ئەوان دەستیان لێ وەشاندوویت و شێتیان كردوویت ..؟!

(هود) – عليه السلام – وەلامی دانەوە ، كە (خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾﴾ [هُود : ٥٤] واتە : [ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللَّهَ وَاشْهَدُوا أَنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (٥٤) ] هود - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: من خوای گەورە ئەكەم بە شایەت وە ئێوەش شایەت بن كە من بەریم لە هەموو ئەو خوایانەی كە ئێوە كردووتانە بە شەریك بۆ خوای گەورەو لە غەیری خوای گەورە ئەیانپەرستن..؟!

هەروەها (هود ) پیّ فەرموون : كە (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِي جَمِيعٗا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّي تَوَكَّلۡتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٥٦﴾ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦٓ إِلَيۡكُمۡۚ وَيَسۡتَخۡلِفُ رَبِّي قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَفِيظٞ ﴿٥٧﴾﴾ [هُود : ٥٥ - ٥٧] واتە :[ مِنْ دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنْظِرُونِ (٥٥) ] جگە لە خوای گەورە، خۆتان و خوایەكانتان چیتان بۆ ئەكرێ بۆ ئەوەی زەرەرو زیان لە من بدەن بیكەن وە

پاشانیش هیچ مۆڵەتم پێ مەدەن و پەلە بکەن لەوەی کە چ زەرەرو زیانێکم پێ ئەگەیەنن بیگەیەنن..؟! [ إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ ] من تەنها پشتم بە خوای گەورە بەستووە اللە کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەیشە هەر ئەوە من ئەپارێزێ لە نەخشەو پیلان و زەرەرو زیانی ئێوە [ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا ] هیچ ئاژەڵ و گیانلەبەرێك نیە لەسەر ڕووی زەوی ئیلا خوای گەورە پێشەسەری گرتووە، واتە: لە ژێر دەسەڵاتی خوای گەورەدایە [ إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٥٦) ] بەراستی پەروەردگارم لەسەر ڕێگای ڕاست و دادپەروەریەو ئێوەی کافر زاڵ ناکات بەسەر منی باوەڕدارادا..؟! [ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ ] ئەگەر پشتیان هەڵکرد لەوەی کە ئیمانت پێ بێنن ئەوا پێیان بڵێ: ئەوەی کە خوای گەورە منی لە پێناویدا بۆ لای ئێوە ناردووە ئەوە من بە ئێوەم ڕاگەیاندو بەڵگەم بەسەرتاندا جێگیر کرد [ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ ] وە ئەگەر ئیمان نەهێنن خوای گەورە ئێوە لەناو ئەبات و کەسانێکی تر لە جێی ئێوە جێنشین دەکات و ئەبن بەجێگرەوەی ئێوە کە بە تاك و تەنها خوا دەپەرستن و شەریکی بۆ دانانێن [ وَلَا تَضُرُّونَهُ شَيْئًا ] وە ناتوانن هیچ زیانێك بەخوای گەورە بگەیەنن [ إِنَّ رَبِّي عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ (٥٧) ] بەراستی پەروەردگارم هەموو وتەو کردەوەی ئێوە ئەپارێزێ وە چاودێرو بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکداو سزاتان دەداتەوە لەسەری..؟!

بەڵێ سالی سێەم هاتە پێشەوە ، ئەو سالەش سالێکی پر لە نەهامەتی ئێش و ئازار و ووشکە سالی بوو ، رە شە با و لمی بیابان بەسەریان دا هەلی کرد ، سالی بر سیەتی قات و قری تەواو بالی بەسەر شاری (الاحقاف ) دا کێشا بوو ، ئەوە بوو (هود) – علیه السلام – بۆ جاری دووەم هات دووبارە ئامۆژگاری کردن ، پێی فەرموون : ئەی خەلکینە ئێوە بیر لە شاری (ئەرەم ) ناکەنەوە ..؟! خۆ هاوینی گەرمی شاری (ئەرەم ) لە هیچ شوێنێك بوونی نەبووە ..؟! سەیر بکەن تەماشاکەن بزانن چۆن باخ باخچەی و دارو کوشتوکالی شاری (ئەرەم ) هەر هەمووی تیا چوون ..! ! هەر هەمووی ووشك هەلگەران و بوونە بە پووش و پووشکەش کۆتایی هات ..! !

بەلیّ چەند کاتیّکی تریش لە ناخۆشیەکان تیّپەری کرد ، ئەوە بوو قەومەکە (هود) – علیه السلام ، پەنایان بردە بە بتەکانیان ..! ! ئەوە بوو هەوریّکی رەش دەرکەوت خەلکەکە دلخۆش بوون ، وایان گومان برد کە ئەو هەورە بارانیّکی باشی لەگەل دایە ، بەلام (هود ) – علیه السلام – پیّ فەرموون : کە (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿فَلَمَّا رَأَوۡهُ عَارِضًا مُّسۡتَقۡبِلَ أَوۡدِيَتِهِمۡ قَالُواْ هَٰذَا عَارِضٞ مُّمۡطِرُنَاۚ بَلۡ هُوَ مَا ٱسۡتَعۡجَلۡتُم بِهِۦۖ رِيحٞ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ٢٤﴾ [الأَحْقَاف : ٢٤] واتە : [ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ ] کاتێك کە هەورێکیان بینی کە لە ئاسۆوە بۆیان دەرکەوت و بەرەو ڕووی ئەمان و دۆڵ و شیوەکانیان هات کە کشتوکاڵ و دانەوێڵەو باخیان لەوێ بوو [ قَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا ] چەند ساڵێك بوو خوای گەورە بارانی لێیان گرتبووەوەو باران ناباری کاتێك کە هەورێك هات وایان زانی ئەمە هەورێکەو بۆ ئەوان بارانی تیایە بۆیە پێی دڵخۆش بوون [ بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُمْ بِهِ ] هود - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: بەڵکو ئەمە ئەو سزایەیە کە خۆتان پەلەتان دەکردو داواتان ئەکرد [ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ (٢٤) ] ئەمە بایەکە لەلایەن خوای گەورەوە سزایەکی زۆر بە ئێش و ئازاری تیادایە بۆتان..؟!

بەلیّ پیّغەمبەر (هود) – علیه السلام – ئەو دەستە کەمەی یان ئەو کۆمەلە کەمەی کە لەگەلی دابوون باوەریان پیّ هیّنا بوو ، ئەوا پەنایان بردە بەر چیاو کیّوەکان ، رەشەبایەکی زۆر توندو بەهیّز و سارد دەستی پیّکرد ، هەور لە هەموولایەکی سەر ئەو شارەی (الاحقاف ) دەورەی دابوو ، هەروە بروسکە لیّدەدان ، لە هەموو شتیّکی دەدا ، ئاگر بەر بووە هەموو شویّنیك و کوشك تەلارو مالیّکی ئەم شارە ، هەورە بروسکەکان دلی هەموو بیّ باوەران یان کافرەکانی لەت لەت دەکرد ، بتەکانی هەموو سوتاندو ووردو خاش کرد ، یەك بت نەما ، بەلیّ رەشە بایەکە جگەلەوەی سارد بوو ، لمی زۆریشی بیابانی لە گەل خۆیدا هەلگرت بوو ، ئەو رەشە بایە هەموو شتیّکی ویّران کرد حەوت شەو حەوت رۆژ بەردەوام بوو ، هەموو مالەکان کۆشك و تەلارەکان شیو دۆلەکانی ئەم ناوچەیە پر بوون لە لمی بیابان ، شارەکە بە تەواوی تیاچوو ، بوو بە ژیّر لمەوە..؟!

نه كۆشك و تەلارو بيناكان بەدەوری شارەكە ما ، نە باخ بێستان و كوشتوكال ما هەموو تياچوو، ئەو شارە گەورە خۆشە هەموو كەوتە ژێر لمی بيابانەوە و بوو بە بيابانێكی رووت ..؟! دەگێرنەوە دەلێن : مرۆڤەكانی قەومەكەی (عاد) هەمووی مرۆڤی زۆر بالابەرز بوون چوارشانە بە هێز بوون ..؟! كاتێ ئەم رەشەبايە لێدان وەكو داری خورما دەشكان ، بە جۆرە نەفەرتی (خوای گەورە ) هەموو بێ باوەر يان كافر و بتەپەرستەكانی ئەو ناوچەيەی گرتەوە ، (خوای گەورە ) قەومەكەی (عاد) ی لە ناو برد ، تەنها (هود ) – عليه السلام – و شوێنكەوتوانی رزگار بوون، ئەوانيش سەر لە نوێ ژيانێكی پر لە خێرو خۆشی خواپەرستييان دەست پێكرد ..؟!

لە (مێژووی تەبەری ) دەگێرێتەوە دەلێت : ووتوويانە : يەكەم كەس زانی چی لە هەورە رەشەكە دايە و جگە لە با هيچی تيا نييە ، ئافرەتێك لە قەومەكەی (عاد) بە ناوی (مەهدەد) كاتێك زانی هەورەكە چی هەلگرتووە ، هاواری كرد و لە هۆش خۆی چوو ، كاتێك هاتەوە خۆش خۆی ، ووتيان : چيت بينی ..؟! ئەويش ووتی : رەشە بايەكم بينی وەك بليسەكانی ئاگر و لە پێشيەوە پياوەكان بوون كە بۆ پێشەوە ديانبردە پێش ..؟!

(خوای گەورە ) بۆماوەی حەوت شەو هەشت رۆژ بای بەسەر ئەواندا زال كرد ، لە خەلكی (عاد) كەس نەمايەوە و هەموويان مردن ، جگە لەو دەستە ئيماندارەی لە گەل پێغەمبەر (هود) –عليه السلام – بوون ..؟!

دەلێن: ئەوانەی لە گەل (هود) بوون باوەريان پێ هێنا بوو ، ئەوانە بايەكی فێنك لێدەدان و بۆ ئەوان زۆر چێژ بەخش بوو ، بەلام كاتێك با لە پياوانی كافرو بێ باوەركانی (عاد) دەدا ، ئەوانی بەرز دەكردەوە وە دەيكێشا بە بەرەدەكاندا..؟!

دەلێن : لەم سەردەم فەرمانرەواو پاشایەتی قەومەکەی (عاد) بەناوی (خەلەجان) بوو..!

لە (محمدی کوری ئیسحاق ) دەگێرنەوە دەلێت : کاتێك با لە دۆلەکانی قەومەکەی (عاد) هەلیکرد ، حەوت دەستە یان حەوت کۆمەل لە کافران کە لەگەل پاشا یان دەسەلاتدار (خەلەجان ) بوون ، ئەوان هاورێیەتی دارو دەستەکەی ئەو بوون ، هەموویان ووتیان : دەچینە قەراغ دۆلەکە و زیانی با لە خۆمان دوور دەکەینەوە ، با کەسێکی لەوان هەلگرت و دەیکێشا بە زەویدا و گەردنی شکا ، بە هەمان شێوە کە (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗاۖ فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ ٧﴾ [الحَاقَّة : ٧] واتە : [ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ ] خوای گەورە ئەو بایەی ناردە سەریان ماوەی حەوت شەو و هەشت رۆژ [ حُسُومًا ] بەردەوام یەك لە دوای یەك ئەو بایە هیچ کات هێمن و ئارام نەدەبووەوە، یاخود (حُسُومًا) هەموویانی لەناوبردو کۆتایی پێ هێنان [ فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَى ] ئەو قەومە کە ئەو بایەیان بەسەردا هات ئەبینی هەر هەموویان مردوونەو لە زەویەکە کەوتوونە [ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ (٧) ] وەکو قەدی دارخورمایەکیان لێهات کە لە زەویدا کەوتبێت و رزا بێت، بایەکە لێیدەدان و دەیدان بە زەویداو دەیکوشتن..؟!

بەلێ دەلێن : جگە لە (خەلەجان) هیچ کەس لەوان نەمایەوە ..!! ئەو بەرەو چیاو کێوەکان بەرێکەوت و دەستی لێ گیردە کرد ، کێو یان چیاکە دەلەرزی ..!!

(هود)– علیه السلام – پێ فەرموو: ئەی (خەلەجان) باوەر بهێنە تاو رزگار بێت ..؟!

خەلەجان : ووتی : ئەگە باوەر بێنم ، لە لایەن خوای تۆ چیم پێدەبرێت ..؟!

(هود) – علیه السلام – فەرمووی: بەهەشت ..!!

خەلەجان ووتی : ئەوانەی لە ناو هەورەکەدا دەبینرێت کێن ..؟!

(هود) – علیه السلام – فەرمووی: فریشتەکانی (خوای گەورە) ن ..!!

خەلەجان ووتی : ئەگەر باوەر بێنم خوا لە دەستی ئەوان دەپارێزێت ..؟!

(هود) – علیه السلام– فەرمووی: هیچ پاشایەك هەیە سوپاکەی فەرمانەکانی جێ بەجێ نەکەن..؟!

خەلەجان ووتی : ئەگەر پاشایەکی لەو چەشنە هەبێت ..!! پاشایەکی خراپە ..!!

دواتر بایەکە هات خەلەجانیشی هاوشێوەی دارو دەستەکەی خۆی لە ناو برد ..!!

دەلێن: تەمەنی (هود) – علیه السلام – سەدو پەنجا سال درێژەی کێشا ..!!

هەر وەك(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿لَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا هُودٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَنَجَّيۡنَٰهُم مِّنۡ عَذَابٍ غَلِيظٖ ﴿٥٨﴾ وَتِلۡكَ عَادٞۖ جَحَدُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَعَصَوۡاْ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَمۡرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٖ ﴿٥٩﴾ وَأُتۡبِعُواْ فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا لَعۡنَةٗ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَآ إِنَّ عَادٗا كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّعَادٖ قَوۡمِ هُودٖ ﴿٦٠﴾﴾ [هُود : ٥٨ - ٦٠] واته: خوای گەورە سزای قەومی هود پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم - دەداتو تەنها باوەڕداران رزگار دەکات} [ وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا ] وە کاتێك کە فەرمان و سزای ئێمە هات هودو ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵیدا بوون هەموومان بەڕەحمەتی خۆمان ڕزگار کرد [ وَنَجَّيْنَاهُمْ مِنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ (٥٨) ] وە ئەوانمان پاراست لە سزایەکی زۆر ئەستوور کە ئەو بایە بوو کە خۆیان و ماڵیانی هەمووی وێران کردو کەسیان نەما..؟! [ وَتِلْكَ عَادٌ جَحَدُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ ] ئا ئەمە قەومی عاد بوون کە نکوڵیان لە ئایەتەکانی خوای گەورە کردو ئیمانیان پێی نەهێنا [ وَعَصَوْا رُسُلَهُ ]وە سەرپێچی سەرجەم پێغەمبەرانیان کرد، هەر چەندە ئەوان تەنها سەرپێچی هودیان کردبوو بەڵام هەر کەسێك باوەڕ بە پێغەمبەرێك نەکات ئەوا باوەڕی بە سەرجەم پێغەمبەران نەبووە [ وَاتَّبَعُوا أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ (٥٩)

] وه شوێن هەموو کەسێکی موتەکەبیرو عیناد کەوتن ئەوانەی کە سەرکەشی ئەکەن و مل نادەن بۆ حەق...؟! [ وَأُتْبِعُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ ] وه خوای گەورە لە دونیاو قیامەت نەفرەتی لێ کردن و لە ڕەحمەتی خوا دوور ئەخرێنەوە [ أَلَا إِنَّ عَادًا كَفَرُوا رَبَّهُمْ ] بزانن کە عاد کوفریان کرد بە پەروەردگاریان [ أَلَا بُعْدًا لِعَادٍ قَوْمِ هُودٍ (٦٠) ] دەی قەومی عاد کە قەومی هود پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بوون بەردەوام دووربن لە ڕەحمەتی خوای گەورە..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## شەشەم : ستەم کار

## قەومەکەی (سەموود )

## شەشەم : ستەمکار قەومەکەی (سەموود):

سەربارەت بە قەومەکەی (سەموود) ئەوەیە کە (خوای گەورە) لە قورئانی پیرۆز دا ئەم چیرۆکەمان بۆ باس دەکات کە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالی: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ ۚ إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ ﴿٦١﴾﴾ [هُود : ٦١] واتە: {بەسەرهاتی ساڵح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و قەومەکەی} [ وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا ] بۆ لای قەومی ثەمود صاڵح پێغەمبەرمان نارد - صلى الله عليه وسلم - کە لە خۆیان بوو، قەومی ثەمود لە دوای قەومی عاد بوون و لە (حیجر) نیشتەجێ بوون لە نێوان (تەبوك و مەدینە) [ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ] پێی وتن: ئەی قەومی خۆم ئێوە بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن لەبەر ئەوەی جگە لە زاتی پیرۆزی الله هیچ پەرستراوێکی تری حەقتان نیە کە شایەنی پەرستن بێت [ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ ] هەر ئەو خوایەیە کە ئێوەی لە زەوی دروست کردووە (ئادەمی باوکتان) [ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا ] وە وای لێکردوون کە سەر زەوی ئاوەدان بکەنەوە [ فَاسْتَغْفِرُوهُ ] ئێوە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەن لە تاوانەکانی پێشترتان [ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ ] پاشان بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوەو تەوبە بکەن و لە داهاتوودا تاوان مەکەن [ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ (٦١) ] بە دڵنیایی پەروەردگارم وەڵامدانەوەی بۆ دوعاو پاڕانەوە زۆر نزیکەو وەڵامتان دەداتەوە..؟!

بەلێ گەلی یان قەومی (ثمود) ،(سە موود) ئەم نەتەوەیە لە نەوەی ( سەموودی کور جاسر کوری ئەیرەم کوری سام ) بوون ، شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە (حیجر ) بووە ، لە نێوانی حیجازو ولاتی شام دابووە ، واتە لە (وادی القری ) لە باکوری نیمچە دوورگەی عەرەبی بوون ، ئەو قەومە لە دوایی قەومەکەی (عاد) هاتن و زۆر بوون ، قەومێك بوون خەریکی ئاژەداری و کوشتوکال کردن ، هەروەها چیاو کێوەکانیان دەتاشی و لە ناو چیاکاندا خانوو کۆشکی سەرنج راکێشیان دورست دەکرد ، ئەم گەل وەکو گەلی (عاد) بت پەرستیان ئەنجامدەدا و بتیان دەپەرست سوپاسی (خوای گەورە ) یان نە دەکرد بەو نیعمەتە زۆرەی کە پێی بەخشیبوون ، بە ردەوام خراپەکاریان کرد بووە بە پیشەیی خۆیان سەرپێچی فەرمانەکانی (خوای گەورە)یان دەکرد ..؟!

بەلێ ئەوە بوو (خوای گەورە ) بۆ ئەم قەومە یان گەلە پێغەمبەرێکی رەوانە کرد بەناوی (صالح)– علیە السلام – کە ناو نەسەب و نەژادی دەگەرێتەوە بۆ ، (صالح کوری عوبەیدی کوری ئەسف کوری کەماشج کوری عوبەیدی کوری جادر کوری سەموود ) هەندێکی تریش دەلێن : (ئەسف کوری کەماشج کوری ئەیرەم کوری سەموود )..؟!

بەلێ ئەوە بوو (خوای گەورە ) لە ناو ئەم قەومە پێغەمبەرێکی لێ هەلبژاردن ئەویش (صالح )– علیە السلام – بوو ، (صالح ) بانگەوازی قەومەکەی خۆی دەکرد بۆ یەکتاپەرستی یان پەرستنی خوای تاك و تاقانە بە تەنها و بەس ، جگە لەوەی هەر پەرستینێك ئەنجام بدرێت ئەوا بێ باوەریە و هابەشی بریاردانە ، (صالح ) – علیە السلام – پێش ئەوەی ببێ بە پێغەمبەر ، پیاوێکی زۆر داناو ژیرو هۆشیار بوو ، خەلکەکە پێیان وا بوو ئەگەر پاشاکەیان یان فەرمانرەواکانیان بمرێت ئەوا (صالح ) – علیە السلام – دەکەن بە سەرۆك و فەرمانرەوایی خۆیان ..؟!

(خوای گەورە ) کاتێك پێغەمبەر (صالح ) – علیه السلام – هەلبژارد بۆ ئەم قەومە واتە : قەومی (سەموود ) بۆ ئەوەی لە ڕێگەی (صالح ) پەیامی ڕاست و دروستی خوا پەرستی ڕاستەقینەیان پێ بگات بەلکو ئەو قەومە یان ئەو گەلە ڕێگەی ڕاست بگرنە بەر واز لە هاوبەشی بڕیاردان و بت پەرستی بهێنن ، چونکە فەرمانڕەواو دەسەلاتداران و پیاوە دولەمەندەکانی گەلی یان قەومی (سەموود) حەزیان بە کاری چاکە کاری نەبوو ، بەلکو خراپەکاری و ملهووری ستەمکاریان کردبووە بە پیشەی خۆیان ، هەر کەسێ لە فەرمانی ئەوان دەچوو بایە ، بەتوندترین شێوە ئازاریان دەداو دەیان چەوساندەوە و تۆلە یان لێ دەساندەوە ، وەکو ئەم سەردەمەی کە تێدا دەژین خەلکی دوایی مافی خۆی دەکات بە توندترین شێوە دەچەوسێتەوە..؟! بەلێ کاتێ (صالح) بانگەشەی یەك خوا پەرستی خۆی ڕاگەیاند ، قەومی (سەموود بوون بە دوو کۆمەل یان دوو دەستە ، دەستەیەك باوەڕیان هێنا بە (صالح )– علیه السلام = کە ئەوانە ژمارەیان زۆر کەم بوو ، ئەوەی تریان باوەڕیان نەهێنا زیاتر لە ڕێگەی ڕاست دوور کەوتنەوە ئەمانە ژمارەیان زۆر بووە ، ئیتر کێشە کەوتە نێوان ئەم دوو دەستە یە یان ئەم دوو کۆمەلە..؟!

بەلێ ئەم دەستەیەی کە کافرو بێ باوەر بوون بە (صالح) – علیه السلام – ئەمەیان پێ ووت: کە (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿قَالُواْ يَٰصَٰلِحُ قَدۡ كُنتَ فِينَا مَرۡجُوّٗا قَبۡلَ هَٰذَآۖ أَتَنۡهَىٰنَآ أَن نَّعۡبُدَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ ﴿٦٢﴾﴾ [هُود : ٦٢]

واتە : [ قَالُوا يَا صَالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا ] وتیان: ئەی صالح پێش ئەوەی کە تۆ بانگەوازمان بکەی بۆ یەکخواپەرستی لەناو ئێمەدا ئومێدمان پێت بوو کە ببی بە سەردارو گەورەی ئێمە [ أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا ] ئایا تۆ بەرهەڵستی و قەدەغەی ئەوەمان لێ ئەکەی کە ئێمە عیبادەتی ئەو شتانە بکەین کە باوك و باپیرانمان عیبادەتیان ئەکرد [ وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ (٦٢) ] وە ئێمە گومانمان هەیە لەوەی کە تۆ بانگمان ئەکەی بۆ لای بۆ یەکخواپەرستی وە لە گوماندااین..؟!

بەلام (صالح ) – علیه السلام – بە شێوەیەکی زۆر جوان و نەرم نیانی وەلامی دەدانەوە ، دەی فەرمووو: ئەگەر من بە گوێی ئێوە بکە ئەوان تووشی زەرەرمەندی و خەسارمەندی دەبم ..؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي مِنۡهُ رَحۡمَةٗ فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِنۡ عَصَيۡتُهُۥۖ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيۡرَ تَخۡسِيرٖ ۝٦٣﴾ [هُود : ٦٣] واتە: [ قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنْتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وَآتَانِي مِنْهُ رَحْمَةً ] صاڵح - صلی الله علیه وسلم - فەرمووی: ئەی قەومی خۆم ئایا پێم بڵێن ئەگەر من لەسەر بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو یەقین بم لەلایەن خوای گەورەوە، وە خوای گەورەوە ڕەحمی خۆی واتە: پێغەمبەرایەتی پێم بەخشیوە [ فَمَنْ يَنْصُرُنِي مِنَ اللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُ ] ئەی ئەگەر من سەرپێچی خوای گەورە بکەم و پەیامی خوای گەورە نەگەیەنم وەکو ئێوە پێم ئەڵێن ئەی کێ من سەر ئەخات و ئەمپارێزێت لە سزای خوای گەورە [ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ (٦٣) ] وە ئێوە هیچ شتێك بۆ من زیاد ناکەن تەنها زەرەرمەندی نەبێ کە ئەگەر بە قسەی ئێوە بکەم تووشی زەرەرمەندی دونیاو قیامەت ئەبم..؟!

بەلیّ (خوای گەورە) تەمەنی قەومی (سەموود)ی درێژ کرد بوو ، بە شێوەیەك یەکێك لە وان خانوویەکی لە قور و خشت دروست دەکرد و مالەکە دەروخا بەلام خۆی هێشتا زیندوو بوو ، کاتێك بەم شێوە یان بینی ئەوە بوو خانوویان لە کێو و چیا و بەردەکان تەتاشی خانوو مالە کانیان تێدا دروست دەکرد ..؟! هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿وَتَنۡحِتُونَ مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا فَٰرِهِينَ ۝١٤٩﴾ [الشُّعَرَاء : ١٤٩] واتە : وە لەناو شاخەکانیشدا زۆر بە لێهاتوویی ماڵ دروست ئەکەن و هەڵیدەکۆڵن بۆ فەخرو شانازی کردن بەبێ ئەوەی کە پێویستتان بێت..؟!

بەلێ گەل یان قەومەکەی (سەموود) ئەوەندە ستەمکارو ملهور بوون ، پێشنیاریان بۆ (صالح) — علیه السلام — کرد ، ووتیان : ئەی (صالح) تۆ لەگەل ئێمە وەر بۆ شوێنی چەژن کردنمان ، چونکە ئەوان چەژنێکیان هەبووە لە گەل بتەکانی خۆیان دەچوونە دەرەوەی شار ، وویتان: ئەی (صالح ) نیشانەیەك یان معجیزەیەك لە معجیزەکان خۆت بە ئێمە بدە ، ئەوەندە بێ عاقل و بێ هۆش و نەزان و کەمژە بوون ، دەیان ووت : ئەی صالح خوا کەی خۆت بانگ بکە ..!! وە ئێمەش خواکانی خۆمان بانگ دەکەین ..!! دەیان ووت : بە صالح ئەگەر خواستە کانی تۆ هاتە دێ ئەوا باوەر بە خوای تۆ دەکەین ..!! وە ئەگەر خواستەکانی ئێمە هاتە دێ ئەوا دەبێت باوەر بە خواکانی ئێمە بکەیت ..!! بەلام (صالح ) — علیه السلام — پێ فەرموون : من رازیم ..!! ئەوە بوو لەگەل بتەکانی خۆیان رۆشتنە دەرەوە، وە (صالح) لە گەل ئەوان بوو ، ئەوان داوایان لە خواکانی خۆیان کرد خواستەکانی (صالح )نێتە دێ یان بەردەوام نەبێت ..!!ئەوە بوو سەرکردەکەیان یان پیاوێکی گەورەیی ئەوان تاشە بەردێکی نیشاندا ووتی : ئەی (صالح ) لەم تاشە بەردە ووشترێکی سکپری دە مانگە مان بۆ بێنە دەر ..!! ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدەی ووتەکانی تۆ بەراست دەزانین ..؟! هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالی:

﴿وَيَٰقَوۡمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗۖ فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٖ فَيَأۡخُذَكُمۡ عَذَابٞ قَرِيبٞ ٦٤﴾ [هُود : ٦٤] واته : {حوشترەکەی ساڵح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -} [ وَيَا قَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً ] وە ئەی قەومی خۆم ئەم حوشترە کە خۆتان پێشنیارتان کردبوو خوای گەورە لەو تاوێرە بۆی دەرکردن [ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ ] جا لێیبگەڕێن و وازی لێ بێنن با لە زەوی خوای گەورە بلەوەڕێ [ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ ] وە بە خراپە دەستی بۆ نەبەن [ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ (٦٤) ] چونکە سزایەکی نزیك ئەتانگرێتەوە ئەگەر ئێوە بە خراپە لێی نزیك ببنەوە..؟!

دەگێڕنەوە دەڵێن : بە (عمروی کوری خاریجە )– خوا لێ ڕازی بێت – ووت: چیرۆکی قەومەکەی (سەموود) مان بۆ باس بکە ، ئەویش ووتی : لە پێغەمبەری خوام بیست فەرمووی: ( سەموود قەومەکەی یان نەتەوەکەی یان گەلە کەی، پێغەمبەر (صالح ) – علیە السلام – بوون ، (خوای گەورە ) تەمەنی درێژی پێبەخشین ، بە شێوەیەك یەکیان ماڵێکی بە هێز و بتەوی دروست دەکرد، ماڵەکەیان کۆن دەبوو دەڕووخا ، بەڵام خۆیان هێشتا زیندوو بوون ..!! کاتێك ئەمەیان بینی لە کێوەکان یان چیاکان خانوو و ماڵیان دروست دەکرد و بەردەکانیان دەتاشی ، ژیانێکی خۆشیان بە سەر دەبرد ، ئەوان ووتیان : ئەی (صالح ) داوا لە خواکەی خۆت بکە ، معجیزەیەك یان نیشانەیەك ڕەوانە بکات بۆ ئەوەی باوەڕ بکەین تۆ پێغەمبەری خوایت ..؟!

(صالح ) – علیە السلام – لە (خوای گەورە ) دوعایی کردوو پاڕایەوە ووشتری بۆ هێنا ..!! وە ڕۆژی ئاو خواردنەوەی ووشترەکە ڕۆژێك بوو ، وە ڕۆژی ئاو خواردنەوەی خەڵکەکەش ڕۆژێك بوو ، وە لە ڕۆژی ئاو خواردنەوەی ووشتر ، شوێنی ئاو خواردنەوەیان بۆ ووشتر بەجێ دەهێشت..!!

وە لە شیری ئەو ووشترە هەموو دەفر و قاپەکانیان پڕ دەکرد ..!! ئەوە بوو (خوای گەورە) وەحی بۆ (صالح ) – علیە السلام – ڕەوانە کرد کە هەواڵی پێدا ، کە خەڵکەکەت ووشترەکە دەکوژن ..!!

(صالح)– علیە السلام – بە قەومەکەی ووت : ئەم ووشترە نەکوژن ..؟!

ئەوان ووتیان : هەرگیز نایکوژین ..!!

(صالح)– علیە السلام – بە قەومەکەی ووت : ئەگەر ئێوە نەی کوژن ، کەسێك دێت ئەو کارە دەکات ..!!

ئەوان : ووتیان : نیشانەی ئەو کەسە چیە ..؟! تا بیدۆزینەوە ئەو کەسە بکوژین ..!!

(صالح)– علیە السلام – بە قەومەکەی ووت : منداڵێکی ئەسمەر و ئەبلەق و سوورباوە ..!!

دەڵێت : دوو پیری بەرێز لەو شارەی قەومەکەی (سەموود) دەژیان ، یەکیان کوڕێکی بوو ، کە هاوسەری لە خەڵکانی قەومەکەی (عاد) نەدەویست ..! ! ئەوەی تریان کچێك کە کوڕی هاوشانی کچەکەی دەست نەدەکەوت ..! ! ڕۆژێك کۆبوونەوە و یەکیان بەوی دیکە ووت: بۆ ژن بۆ کورەکەت ناهێنیت ..؟!

ووتی : کەسێکی هاوشانی ئەوم دەست ناکەوێت ..! !

ئەویش ووتی: کچەکەی من هاوشانی ئەوە ، وە دەیکەم بە هاوسەری کورەکەت ..! !

کچە کەی کردە هاوسەری کورەکەی و کەسی ئاماژە پێدراو لەوان لە دایك بوو ..! !

دەڵێن : لەو شارەدا هەشت کەس بوون لەسەر زەوی خراپە و ستەمیان دەکرد و شوێنکەوتەی صالح نەبوون ..! !

دەڵێن : کاتێك (صالح) – علیه السلام – فەرمووی: کەسێك لە ئێوە ووشترەکە دەکوژێت ..! ! هەشت ئافرەتی مامانیان هەڵبژاردو هێنایان هەریەك تیغیان پێدان بۆ ئەوەی لە شارەکە دا بگەڕێن هەر ژنێك منداڵی بهێنایە دونیا ، ئەوا نیشانەکانیان تێدا بینی ، ئەگەر کور بوو بیکوژن ، وە ئەگەر کچیش بوو بیهێڵنەوە ، کاتێك ئەو منداڵەیان بینی کەوا نیشانەکەی هەیە ، هاواریان کرد و ووتیان : ئەمە ئەو کەسەیە کە (صالح) – علیه السلام – نیشانەکانی پێ وتووین ..؟! ئینجا ئافرەتە مامانەکانیش مەبەستی ئەوەیان کرد کە بە تیغ بیکوژن ..! ! بەڵام کەسێکی گەورەیان نەیهێشت بیکوژن ، ووتی : ئەگەر (صالح ) – علیه السلام – بیەوێت دەیکوژین ..؟!

دەڵێن : ئەم منداڵە منداڵێکی زۆر خراپ بوو ، لە یەك ڕۆژ دا بۆ ماوەی حەفتەیەکی مناڵەکانی تر ئەوا گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو ، یان لە حەفتەیەك بۆ ماوەی یەك مانگ گەشەی دەکرد ، یەك مانگ بۆ ماوەی ساڵێك گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو ، ئەو هەشت کەسە خراپەکارو ستەمکارە لە گە ل ئەو دوو پیرە یان پیاوە گەورەیە کۆ بوونەوە ، ووتیان : ئەم کورەش واتە: منداڵەکە بە هۆی ڕێز و شکۆی باپیرە گەورەکانی ئێمە ، ئەوە شوێکەوتووی ئێمە و هاوڕێی ئێمە

دەبێت ، ئەوانیش واتە : هەشت کەسە خراپەکارەکە بوونە بە نۆ کەس ..!! (صالح) –علیە السلام– لەگەل خەلکی لە شارەکە نەدەمایەوە ، شوێنی مانەوەی ئەو شوێنێك بوو کە پێیان دە ووت : شوێنی مانەوەی پەرستنی (صالح ) – علیە السلام –، بەلێ (صالح) شەوانی لە شوێنەکە بە عیادەت و خوا پەرستی بە سەر دەبر ، بەلام کە رۆژ دەبوویەوە ئینجا دەگەرایەوە ناو خەلکە بانگەوازی خوا پەرستنی راستە قینەی دەکرد ..!!

لە (حجاج کوری جورەیج ) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : کاتێك (صالح ) بەوانی ووت منالێك دەیێتە ژیانەوە کە لە ناو چوونی ئەم خەلکە لە سەر دەستی ئەو دەبێت ..!! ئەوانیش ووتیان : چی لێبکەین ..؟! (صالح ) – علیە السلام – فەرمووی : بیکوژن ..!! ئینجا ئەوان هەموو کورەکانی خۆیان کوشت ..!! جگە لە یەکێکیان نەبێت ..!! کاتێك ئەو مندالە گەورە بوو ، ئەوان ووتیان : ئەگەر کورەکانی خۆمان نەدەکوشت ، ئەوا ئێستا هەر هەموومان خاونی کورێکی خۆمان دە بووین ..!! ئینجا تاوانەکەیان خستە ئەستۆی (صالح ) – علیە السلام ، ووتیان : ئەمە تاوانی (صالح ) – علیە السلام – بوو ..؟! لە سەر کوشتنی (صالح ) – علیە السلام – یەك دەنگ و هاورا بوون ..!! ئینجا ووتیان : بە بیانووی گەشت کردن دەرۆین ، تاکو خەلکی شارەکە بمان بینن ، پاشان دەگەرێنەوە لە شوێنی پەرستنەکەی خۆمان حەشاردەدەین و دەیکوژین ، لە کاتەدا خەلکی وا گومان دەکەن کە ئێمە هێشتا لە گەشت کرد نەهاتووینەتەوە..!! ئینجا هاتن لە ژێر بەردێکی گەورە خۆیان حەشاردا یان خۆیان شاردەوە ، (خوای گەورە ) بەردەگەورەکەی بە سەردا خستنە خوار و هەموویانی کوشت ..!! بەلام دەستەیەك کە ئاگاداری مەبەستەکەی ئەوان بوون ، هاتن و بینیان هەموویان لە ژێر بەردەکە دا پان بوونەتەوە ، ئینجا گەرانەوە لە ناو شارەکەدا یان گوندەکەدا جاریاندا، (صالح ) – علیە السلام – بەوە بەسەندەی نەکرد کە فەرمووی : مندالە کانی خۆتان بکوژن ، ئێستا باوکی ئەوانیشی کوشت ، خەلکی شارەکە کۆبوونەوە تا ووشترەکە سەر ببرن بەلام کەس جگە لە و کورە دە سالە ئەو کارەی نەکرد ..!!

له (ابو جعفر ) – رەحمەتی خوا لیٚ بێت – دەلێت : ئاماژە بە فەرموودەیەكی پێغەمبەری خوا ﷺ دەدەین كە فەرموویەتی : ئەو هەشت كەسە مەبەستی كوشتنی (صالح) – علیه السلام – میان كرد و لەسەر ڕێگەی ئەو خۆیان حەشاردا و ووتیان : كاتێك هات ، خوێنی دەرێژین و شەوانە هێرش دەكەینە سەر كەسەكانی ، (خوای گەورە) ئەوانی كوشت ، خەلكی شارەكە كۆ بوونەوە بە رەو لای ووشترەكە بەرێكەوتن كە لای حەوزی ئاوەكە وەستابوو ، ئەو بەد بەختە بەیەكێكی دیكەی ووت : برۆو سەری ببرە ..!! ئەو هات بەلام كارەكەی بە گەورەو دژوار بینی نەیكرد و كەسێكی دیكەی نارد ..!! كەس توانای ئەنجامدانی ئەو كارەی نەبوو ..!! خۆی رۆیشت و لە دوو پاژنەی ووشترەكەی دا و ووشترەكە دەستی بەراكردن كرد..!! كەسێك (صالح)ی – علیه السلام – ئاگادار كردەوە كە فریا یان بە هانای ووشترەكە بكەوێت ، چونكە دەیانەوێت سەری ببرن ..!! (صالح ) هات و خەلكەی شارەكە لە دەوری كۆبوونەوە و داوای لیٚ خۆش بوونیان كرد و ووتیان : ئەی پێغەمبەر ، فلان كەی ئەو كارەی كرد و ئێمە بیٚ تاوانین..!!

(صالح) – علیه السلام – فەرمووی: بگەرێنت و فەرخە ووشترەكە بدۆزنەوە ..؟! ئە گەر بی دۆزنەوە سزا لە سەر ئێوە هەلدەگیرێت ، ئەوانیش بەدوای فەرخە ووشترەكە گەران ..!! بەلام فەرخە ووشترەكە كاتێك دایكی خۆی لەو بارودۆخە بینی ، لە سەر كێویٚك كە پێیان دەووت : ( قارە قەصیرا ) سەر كەوت ..!! (خوای گەورە ) وەحی بۆ كێوەكە نارد ، وە بە شێوەیەك بەرز بوویەوە كە بالندەكان نەیاندەتوانی بگەنە سەری لووتكە كەی ..!!

دەلێن : كاتێك (صالح ) – علیه السلام – گەرایەوە ناو شارەكە فەرخە ووشترەكەی بینی كەوا دەگریاو فرمێسكەكانی دەباراند ..!! هاتە لای (صالح ) و كەڤی كەوتە سەر لێو ، دووبارە كەی كەوت سەر لێوی دووبارە كەڤ كەوتە سەر لێوی ، (صالح ) – علیه السلام – فەرمووی: بە خەلكەكە هەر كەف هاتنە سەرلێویٚك ..!! مۆلەتی یەك رۆژە و سیٚ رۆژ لە مالەكانی خۆتات بەسەر بەرن چونكە ئەم بەلێنەی (خوای گەورە) درۆنیە هەر دێتە دیٚ و نیشانەی سزادانی ئێوەیە كە لە رۆژی یەكەم رووخسارتان زەردە هەلدەگەرێت و لە رۆژی دووەم سوور و لە رۆژی سێیەم رەش دەبێت ..؟!

کاتێك بەیانی ڕۆژی یەکەم داهات ، ڕووخساری گەورە بچووك و ژن و پیاو بە شێوەیەك بوو دەت ووت (زعفەرانیان ) تیٚ ساویوە ..!! کاتێك شەو داهات ، هاواریان لە یەك دەکرد و کە ڕۆژی یەکەم تێپەری و سزا نزیك بۆتەوە ..!!

کاتێك بەیانی ڕۆژی دووەم داهات ، ڕووخساریان سوورباو بوو ، دەتووت بە خوێن ڕەنگیان کردووە ، هاواریان کرد و نالان و گریان و زانیان سزای خوایان بەسەر دا دەبارێت ..!! کاتێك شەو داهات ، هەموویان هاواریان کرد ، دوو ڕۆژ لەمۆلەتەکە تێپەری و سزای (خوای گەورە) نزیك بۆتەوە ..!!

کاتێك بەیانی ڕۆژی سێیەم داهات ، ڕووخساریان ڕەش هەلگەرا ن بەشێوەیەك دەتووت بە قیر ڕەشیان کردووە ، هەموویان هاواریان کرد ، ووتیان : وا سزایی (خوای گەورە ) دەباریٚ ، کەفنیان پۆشی و (حنوت ) بۆنێکی خۆشە هاوشێوەی کافوور کە لەکاتی مردن لە جەستەی مردووی دەدەن بۆ ئەوەی بۆن نەگرێت ، یان لە خۆیاندا (حنوتی ) ئەوان صەبر و چەدروا و کەفنەکانیان چەرم بوو ..!!

کەوتنە سەر زەوی زەلیل دەتلانەوە و ترس و لەرزین و چاویان بریبووە ئاسمانەوە و هەندیٚ کات چاویان دەبریە سەر زەوی ..!! نەیاندەزانی سزاکەیان لە ئاسمانەوە بۆ دێت یان لەسەر زەوی..!!

بەیانی ڕۆژی چوارەم دەنگێك لەئاسمانەوە بەرزبوویەوە کە دەنگی هەموو هەورەتریشقەکانی سەر زەوی و هەموو دەنگەکانی زەوی هەلگرتبوو ، دل لە ناو سینەدا لەت لەت دەکرد بەم شێوەیە هەر هەموویان لە ناو چوون ..؟!

ئەمەش کۆتایی و چارەنووسی ستەمکاران ..؟!

هەر وەكو (خوای گەورە )دەفەرموویت: قال تعالى: ﴿يَٰقَوۡمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗۖ فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٖ فَيَأۡخُذَكُمۡ عَذَابٞ قَرِيبٞ ٦٤ فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمۡ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٖۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ ٦٥ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا صَٰلِحٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَمِنۡ خِزۡيِ يَوۡمِئِذٍۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ٦٦ وَأَخَذَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٦٧ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّثَمُودَ ٦٨﴾ [هُود : ٦٤ - ٦٨]واتە: حوشترەكەی ساڵح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -} [ وَيَا قَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً ] وە ئەی قەومی خۆم ئەم حوشترە كە خۆتان پێشنیارتان كردبوو خوای گەورە لەو تاوێرە بۆی دەركردن [ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ ] جا لێیبگەڕێن و وازی لێ بێنن با لە زەوی خوای گەورە بلەوەڕێ [ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ ] وە بە خراپە دەستی بۆ نەبەن [ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ (٦٤) ] چونكە سزایەكی نزیك ئەتانگرێتەوە ئەگەر ئێوە بە خراپە لێی نزیك ببنەوە..؟!! {حوشترەكەیان سەربڕی} [ فَعَقَرُوهَا ] ئەوان حوشترەكەیان سەربڕی كە خوای گەورە وەكو موعجیزە ناردبووی، (قەدداری كوڕی سالف) سەری بڕی بەڵام خوای گەورە فەرمووی هەموویان سەریان بڕی چونكە هەموویان رازی بوون و رەزامەندیان وەرگیرابوو بە ژن و پیاوەوە [ فَقَالَ تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ] صالح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: تەنها سێ رۆژ لە شوێنی خۆتاندا بمێننەوەو بژین [ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ (٦٥) ] وە لە دوای ئەو سێ رۆژە خوای گەورە سزاتان ئەدات وە ئەمە بە لێنێكەو درۆ نیە..؟![ فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا ] كاتێك كە سزای خوای گەورە هات [ نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ ] صالح و ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵیدا بوون بە ڕەحمەتی خۆمان رزگارمان كردن لەسەرشۆڕی و سزای ئەو رۆژە [ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (٦٦) ] بەراستی پەروەردگاری تۆ زۆر بەهێزو باڵادەست و بەعیزەتە..؟! {خوای گەورە سزای كافرانی داو لە ناوی بردن} [ وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ ] وە ئەوانەیشی كە ستەمیان كرد دەنگێكی گەورە لە ئاسمانەوە هات و دڵی بڕین و هەموویانی كوشت [ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ (٦٧) ] لەناو شوێن و ماڵی خۆیاندا نووسان بە زەویەكە لەسەر ئەژنۆ و دەم و چاویان و جووڵەیان نەماو هەموویان مردن..؟![كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا ] وەكو ئەوەی كە هەر نیشتەجێ نەبووبێتن لەو شوێنانەداو ئاوەدانیان نەكردبێتەوە [ أَلَا إِنَّ ثَمُودَ كَفَرُوا رَبَّهُمْ ] وە بزانن كە قەومی ثەمود كوفریان كرد بە پەروەردگاریان [ أَلَا بُعْدًا لِثَمُودَ (٦٨) ] دەی قەومی ثەمود هەر دووربن لە ڕەحمەتی خوای گەورە..؟!

**هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت** : قال تعالى: ﴿فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوۡاْ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِمۡ وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧٧﴾ [الأَعۡرَاف : ٧٧] واتە : [فَعَقَرُوا النَّاقَةَ] حوشترەکەیان سەربڕی کە خوای گەورە وەکو موعجیزە ناردبووی، (قەدداری کوڕی سالف) سەری بڕی بەڵام خوای گەورە فەرمووی هەموویان سەریان بڕی چونکە هەموویان رازی بوون و رەزامەندیان وەرگیرابوو بە ژن و پیاوەوە [ وَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ ] وە سەرکەشیان کردو خۆیان بەگەورەزانی لە فەرمانی خوای گەورە [ وَقَالُوا يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ (٧٧) ] وتیان: ئەی صالّح ئەگەر تۆ پێغەمبەری خوایت با ئەو سزایەی کە تۆ هەڕەشەمان لێ ئەکەی پێی ئە لێی: لەلایەن خواوە سزاتان بۆ دێت با سزاکە بێت و پەلە بکە لە ناردنیدا..؟!

**هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت** : قال تعالى: ﴿وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ تِسۡعَةُ رَهۡطٖ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ٤٨ قَالُواْ تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدۡنَا مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ٤٩ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٥٠ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ مَكۡرِهِمۡ أَنَّا دَمَّرۡنَٰهُمۡ وَقَوۡمَهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٥١ فَتِلۡكَ بُيُوتُهُمۡ خَاوِيَةَۢ بِمَا ظَلَمُوٓاْۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٥٢﴾ [النَّمۡل : ٤٨ - ٥٢]واتە : [وَكَانَ فِي الْمَدِينَةِ تِسْعَةُ رَهْطٍ ] لەو شارەیشدا نۆ کەس هەبوون لە دەسەڵاتداران کە بە راوێژی ئەمان (قەدداری کوڕی سالف) وشترەکەی سەربڕی [ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ ] ئەوانە ئاشووبیان دەگێڕاو ئاژاوەیان لەسەر زەویدا ئەنایەوە [ وَلَا يُصْلِحُونَ (٤٨) ] وە هیچ کاتێك چاکسازیان نەئەکرد..؟! [ قَالُوا تَقَاسَمُوا بِاللَّهِ ] دوای سەربڕینی وشترەکە وتیان: وەرن با سوێند بخۆین بە خوای گەورە بۆ یەکتری [ لَنُبَيِّتَنَّهُ وَأَهْلَهُ ] بە دڵنیایی ئەبێ لەناکاودا بدەین بەسەر صالّح و کەسوکاریداو بیانکوژین [ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِ مَا شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِ ] پاشان بە دڵنیایی بە کەسوکاریان ئەڵێین وە سوێندیان بۆ ئەخۆین کە ئاگامان لە کوشتنی ئەمان نیەو ئێمە ئاگادار نین کە کوژراون و ئێمە نەمان کوشتون [ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ (٤٩) ] وە بە دڵنیایی ئێمە لەم قسەیەدا ڕاستگۆین..؟! [ وَمَكَرُوا مَكْرًا ] ئەمانە نەخشەو پیلانیان دانا [ وَمَكَرْنَا مَكْرًا ] خوای گەورەش لە دژی ئەوان و لەبەرامبەر نەخشەو پیلانی ئەوان نەخشەو پیلانی بۆ دانان [ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (٥٠) ] بەڵام ئەمان هەستیان نەکرد بە نەخشەو پیلانی خوای گەورە..؟! { خوای گەورە کافرە پیلانگێڕەکانی لەناوبرد} [ فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ مَكْرِهِمْ ] بزانەو تەماشا بکە

سەرەنجامی نەخشەو پیلان دانانی ئەوان چی بوو [ أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ (٥١) ] ئێمە ئەوان و قەومە کافرەکەیانمان هەر هەموویان بە تێکڕا لەناوبرد..؟! [ فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا ] ئا ئەوە ماڵەکانیانە چۆڵ و وێران و خاپورەو کەسی تیا نیە بەهۆی زوڵم و ستەمی خۆیان، واتە: بەهۆی شەریك دانانیان بۆ خوای گەورە [ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٥٢) ] بە دڵنیایی ئەمە هەمووی نیشانەو بەڵگەیە لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بەڵام بۆ کەسانێك کە زانیاریان هەبێ و بزانن..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿فَنَادَوْاْ صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ ۝٢٩ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ۝٣٠ إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَٰحِدَةً فَكَانُواْ كَهَشِيمِ ٱلْمُحْتَظِرِ ۝٣١﴾ [القمر : ٢٩ - ٣١]واتە: [ فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ (٢٩) ] بانگیان کرد لە هاوڕێکەیان کە (قەدداری کوڕی سالیف) بووە کە خراپترینیان بووە هەڵسا بەوەی کە حوشترەکەی سەربڕی..؟! [ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ (٣٠) ] وە بزانە سزاو ئاگادارکردنەوەی من چەند سەخت بوو بۆیان..؟! {لەناوبردنی قەومی ساڵح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -} [ إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً ] ئێمە یەك دەنگێکمان ناردە سەریان کە جبریل بانگێکی کردو هاواری کرد بەوە خوای گەورە سزای دان و لەناوی بردن، (چونکە ئەوان تاوانەکەیان بە دەنگ ئەنجامداو بانگی یەکتریان کرد بۆ سەربڕینی حوشترەکە، خوای گەورەیش لە هاوشێوەی تاوانەکەی خۆی سزای دان) [ فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ (٣١) ] وەکو گژوگیایەکیان لێهات کە لە لەوەڕگادا وشك دەبێتەوەو ئاژەڵ ئەداتە سەریدا وردو خاش دەبێت بەو شێوازەیان لێهات..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ ۝٦٥﴾ [هُود : ٦٥] واتە : {حوشترەکەیان سەربڕی} [ فَعَقَرُوهَا ] ئەوان حوشترەکەیان سەربڕی کە خوای گەورە وەکو موعجیزە ناردبووی، (قەدداری کوڕی سالف) سەری بڕی بەڵام خوای گەورە فەرمووی هەموویان سەریان بڕی چونکە هەموویان رازی بوون و رەزامەندیان وەرگیرابوو بە ژن و پیاوەوە [ فَقَالَ تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ] صاڵح - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: تەنها سێ ڕۆژ لە شوێنی خۆتاندا بمێننەوەو بژین [ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ (٦٥) ] وە لە دوای ئەو سێ ڕۆژە خوای گەورە سزاتان ئەدات وە ئەمە بەڵێنێکەو درۆ نیە..؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا صَٰلِحٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَمِنۡ خِزۡيِ يَوۡمِئِذٍۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ٦٦ وَأَخَذَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٦٧ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّثَمُودَ ٦٨﴾ [هُود : ٦٦ - ٦٨]واتە : [ فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا ] كاتێك كە سزای خوای گەورە هات [ نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ ] صاڵح و ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵیدا بوون بە ڕەحمەتی خۆمان ڕزگارمان كردن لەسەرشۆڕی و سزای ئەو ڕۆژە [ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (٦٦) ] بەراستی پەروەردگاری تۆ زۆر بەهێزو باڵادەست و بەعیززەتە..؟! {خوای گەورە سزای كافرانی داو لە ناوی بردن} [ وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ ] وە ئەوانەیشی كە ستەمیان كرد دەنگێكی گەورە لە ئاسمانەوە هات و دڵی بڕین و هەموویانی كوشت [ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ (٦٧) ] لەناو شوێن و ماڵی خۆیاندا نووسان بە زەویەكە لەسەر ئەژنۆ و دەم و چاویان و جووڵەیان نەماو هەموویان مردن..؟! [ كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا ] وەكو ئەوەی كە هەر نیشتەجێ نەبووبێتن لەو شوێنانەداو ئاوەدانیان نەكردبێتەوە [ أَلَا إِنَّ ثَمُودَ كَفَرُوا رَبَّهُمْ ] وە بزانن كە قەومی ثەمود كوفریان كرد بە پەروەردگاریان [ أَلَا بُعْدًا لِثَمُودَ (٦٨) ] دەی قەومی ثەمود هەر دووربن لە ڕەحمەتی خوای گەورە..؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ فَأَخَذَتۡهُمۡ صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٧﴾ [فُصِّلَت : ١٧] واتە :[ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَى عَلَى الْهُدَى ] قەومی ثەمودیش ئێمە ڕێگای ڕاستمان پێ ناساندن و بۆمان روون كردنەوەو بانگمان كردن بۆی لەسەر زمانی صاڵح پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بەڵام ئەوان ڕێگای كوێری و كوفرو گومڕاییان هەڵبژارد بەسەر ڕێگای هیدایەت و گوێڕایەڵی و ئیماندا [ فَأَخَذَتْهُمْ صَاعِقَةُ الْعَذَابِ الْهُونِ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (١٧) ] ئەمانیش خوای گەورە سزای دان و زەوی لە ژێریاندا هەژاندو بە دەنگێكی گەورە لە ئاسمانەوە لە ناوی بردن و سەرشۆڕو زەلیل و ڕیسوای كردن بەهۆی كوفرو كردەوە خراپەكانی خۆیانەوە كە حوشترەكەیان سەربڕی..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## حەوتەم : ستەمکار

## (نەمرودی کوری کەنعان)

بەلێ دەگێرنەوە دەلێن : لە سەردەمی (ابراهیم ) – علیه السلام – پاشایەك هەبووە فەرمانرەوای خۆرهەلاتی دەكرد ناوی (نەمرودی كوری كەنعان ) بووە ، ئەم پاشایە فەرمانرەوای سور بابلی كردووە ، رۆژێك كاهینەكان هاتنە لای ووتیان : رۆژێك دێت مندالێك لە دایك دەبێت كۆتایی بە فرمانرەوایەتی یان پاشایەتی تۆ دەهێنێ ..!!

ئەوە بوو (نەمرود ) فەرمانی كرد هەر كورێك لە دایك بێت ، دەبێت بیكوژن ..!!

ناو نەسب و نەژادی (ابراهیم ) – علیه السلام – ..!

(ابراهیم كوری تالخ كوری ساروغ كوری ئەرغوا كوری فالغ كوری عابر كوری شالخ كوری قینان كوری ئەرفەخشز كوری سام كوری نوح )

سەبارەت بە (نەمرود ) گێرانەوەكان جیاوازە بەلام ئێمە تەنها ئەوانە باس دەكەین كە راست و دروستە ، هەروەك ووتویانە : كە (ابراهیم ) – علیه السلام – لە سەردەمی پاشایەتی (نمرود) لە دایك بووە ..!!

لە ( كوری ئیسحاق ) – خوای لێ رازی بێت – دەگێرنەوە دەلێت : بیستوومە ، ( خوای گەورە زاناترە ) (ابراهیم )– علیه السلام – لەلای (ئازەر )مامی بووە بەخێوكراوە بەمندالی ، چونكە هەر لەمندالی باوكی خۆی كۆچی دوایی كردووە ، (ئازەر ) مامی بە خێوی كردووە ، لە دانیشتوانی (كوسە ) كە گوندێك لە سوادی كوفەیە ، لەو رۆژگارە دا (نمرود) ی ستەمكار پاشایەتی رۆژهەلاتی دەكرد ، ئەویان بە ستمكار ناودەبرد و گومانیان كردووە پاشایەتی ئەو لە سەرزەمینە كانی رۆژهەلات و رۆژئاوا بلاو ببوویەوە و خۆی بابل نیشتەجێ بوو، پاشایەتی ئەو خەلكەكەی لە رۆژهەلات پێش پاشایەتی فارسەكان و ووتویانە پاشایەتی جیهان و هەموو خەلكی سەر زەوی كردووە ، تەنیا سێ كەس دەستەبر بووە ، دەستەیەك ووتویان : (نمرود، هامان ، زوحاك) ..؟!

له (کوری مسعود) – خوا لیّ رازی بیّت – دەگیّریتەوە دەلیّت : یەکەم س پاشایەتی رۆژهەلات و رۆژئاوایی کرد ، (نمرودی کوری کنعان کوری کوش کوری سام زوری نوحه ) ، ئەو پاشاو فەرمانرەوایی هەموو جیهانی دەکرد ، چوار کەس بۆیان دەسته بر بووه ، (نمرود ، سلیمانی کوری داود ، زولقەرنەیین ، بەخت نصر ، یان (نبو خت نەصر) دوایانیان کافر بوون ..؟!

بەلیّ دەگیّرنەوە دەلیّن : (ابراهیم ) – علیه السلام – له سەردەمی پاشایەتی یان فرمانرەوایەتی (نمرود) لەدایك بووه ، دایکی ( ابراهیم ) – علیه السلام – زۆر دەترسا ، چونکه (نمرود) بریاری دا بوو هەر کوریّك له دایك بووبیّت ئەوا دەبیّت بی کوژن یان سەری ببرن ، دایکی (ابراهیم ) – علیه السلام _ له ترسا کۆرپەکەی هەلگرت و بردیه نیّو ئەشکەوتیّکی بچووکی دەرەوەی شار ، بەلام لەو سەردمەدا خەلکی چەند بتیّکیان دەپەرست بەناوەکانی ( مەردۆخ ، سین ، عەشتار) هەر لەگەل ئەوەشدا ئەستیّرەکانی شیان دەپەرست ..!!

له ( کوری ئیسحاق ) – خوای لیّ رازی بیّت – دەگیّرنەوە دەلیّت : (خوای گەورە) مەبەستی ئەوەی کرد (ابراهیم ) – علیه السلام – وەك بەلگە و نیشانەی پیّغەمبەری بەندەکانی خۆی رەوانه بکات و هەلبژیّریّت ، له نیّوان نوح – علیه السلام – و ( ابراهیم ) – علیه السلام– دوای (نوح ) – علیه السلام – ، جگه له (هود ) – علیه السلام – و (صالح) – علیه السلام – پیّنج پیّغەمبەری دیکه رەوانه کراوە ، کاتیّك سەردەمی (ابراهمی ) نزیك کەوتەوە ، (خوای گەورە ) مەبەستی ئاشکرا کردنی مەبەستەکەی خۆی کرد ، ئەوە بوو دەستەیەك له کاهینەکان یان ئەستیّرەناسەکانی ئەو کات ، رۆشیتنه لای (نمرود ) ووتیان : ئاگادار به ، ئیّمه له زانستەکەی خۆمان دەبینین له مانگی فلان له سالی فلان ، کوریّك لەم گوندە یان شارە له دایك دەبیّت بەناوی (ابراهیم ) که پشت له ئایینی ئیّوە باو باپیران دەکا ،وە بتەکانیش دەشکیّنی ..؟!

کاتێك سالی دیاریکراو گەیشت ، (نمرود )ی پاشاو فەرمانرەوا ، دارو دەستەکەی خۆی رەوانەکرد ، هەموو ئافرەتە دووگیانەکانی شارەکەی کۆکردەوە و ، وە زیندانی کردن جگە لە دایکی (ابراهیم ) – علیه السلام – لەبەر ئەوەی لە دووگیانی بوونی ئاگادار نەبووە چونکە ئافرەتێکی گەنج و لاو بوو ئاگایی لە دووگیانی خۆی نەبووە ، هەر بۆیە هەر کورێك لە سالە لەدایك بوویایە ئەو بە فەرمانی (نمرود) دەکوژرا ..!! کاتێك دایکی (ابراهیم ) – علیه السلام – ژانی مندال بوونی بۆ هات ، شەوانە رۆشتە ئەشکەوتێکی نزیك ، (ابراهیم ) لە ناو ئەم ئەشکەوتە لەدایك بوو ، پاشان لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە ،دەرگای ئەشکەوتەکەی داپۆشی و بۆمالی خۆیان گەرایەوە ، ماوە ماوە لە ئەشکەوتەکە سەردانی مندالەکەی دەکرد و دەبینیی کە زیندووە و وا پەنچەی خۆی دەمژێت ، وەکوی وتوویانە : (خوای گەورە ) رۆژی ئەو منالەی لە ناو پەنچەیدا جێگیر کرد بوو ، گومانیان کردووە کە باوکی (ابراهیم ) لە دایکی (ابراهیمی ) پرسی منالەکەی چی بەسەر هات و ئەویش وەلامی دایەوە مندالەکە لە دایك بووە دوتر مرد ، واتە : دایکی (ابراهیم ) بە باوکیشی نە وتووە ، ئەوەندە دەترسا ، نەوەك مندالەکەی لەدەست بدا و (نمرود ) بی کوژی ..؟! دەلێن : باوکی (ابراهیم ) باوەری بە ووتەکانی دایکی (ابراهیم ) کرد و هیچی تر نەووت ..!! وەکو ووتویانە : (ابراهیم ) – علیه السلام – رۆژێکی گەشە کردن و گەورە بوونی بە ئەندازەی یەك مانگ گەشەی دەکردو گەورە دەبوو ..!! یەك مانگ گەشە کردن و گەورە بە ئەندازەی سالێك گەشەی دەکردوو گەورە دەبوو ، زیاتر لە پانزە مانگ واتە: سالێك و سی مانگ لە ئەشکەوتەکە مایەوە ، ئینجا بە دایکی ووت : من بەدەرەوە لەم ئەشکەوتە ، تاکو لە تەماشای دەورو بەری خۆم بکەم ، دایکی شەوانە (ابراهیم – علیه السلام – دەهێنایە دەرەوە ، ئەویش لە ئاسمانی دەروانی و تەماشا دروست کراوەکانی (خوای گەورە ) دەکردو بیرو فکری لیٚ دەکردەوە دەی روانیە دروست کراوەکان ، وە بیری لە دروست کردنی ئاسمانەکان زەوی دەکردەوە ووتی : ئەو کەسەی منی دروست کردووە ، لە رۆژدا خواردن ئاوی پێدام ،پەروەردگاری راستەقینە و پەروەردگاری راستیە و جگە لەو هیچ خوایەکی ترم نیە ..!!

پاشان سەیری ئاسمانی کرد و ئەستێرەیەکی بینی ، ووتی : ئەمە پەروەردگاری منە ..!! بەلام سەیری کرد تا لە بەر چاوی ونبوو ..!! کاتێك دیار نەما ، ووتی : ئەوانەی لە ناو دەچن وەکو (خوای گەورە ) پەسەندیان ناکەم ..!!

ئینجا مانگ دەرکەوت بینی کە چەندە رۆشن ڕووناکە ..!!ووتی : ئەمە پەروەردگاری منە..!!دیسان سەیری کرد تا لە بەر چاوی ونبوو ..!! ووتی : ئەگەر (خوای گەورە ) هیدایەت و ڕێنوێنیم نەکات لە کۆمەلی گومراکان دەبم ..!!

کاتێك رۆژ بوویەوە رۆژهەلات و گەورەیی رۆژی بینیی ، لە هەمووان نوور و ڕووناکی زیاتر بوو .! ووتی : پەروەردگاری منە ئەوەیە ، ئەمە گەورەترە ، کاتێك رۆژ ئاوا بوو ..!! ووتی : کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ۞ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ۞﴾ [الأَنْعَام : ٧٨ - ٧٩] واتە [ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (٧٨) ] وتی: ئەی قەومەکەی خۆم من بەریم لە هەموو ئەو پەرستراوانەی کە ئێوە ئەیانپەرستن لە خۆرو مانگ و ئەستێرەو بت و پەیکەر ئەوەتا بەچاوی خۆتان ئەبینن کە هەمووی ئاوا ئەبێت و نامێنێ ئەگەر ئەمانە خوا بن چۆن ئەبێ خوا ئاوابێت و دیار نەمێنێ..؟! [ إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا ] من ڕووی خۆم کردۆتە ئەو خوایەی کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەوییەو بەتاك و تەنها ئەو دەپەرستم، لە شیرك و هەموو دینەکانی تر لائەدەم بۆ دینی حەقی ئیسلام و تەوحید [ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٧٩) ] وە من لەو کەسانە نیم کە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدەم..؟!

دوای ئەوە (ابراهیم ) رۆیشتە لای (ئازەر ) ، ڕێگەی خۆی دۆزیبوویەوە و (خوای گەورە) ناسی " پشتی کردە ئایینی خەلکە کە ، بەلام هیچی نەوت ، بە باوکی ووت کە کوری ئەوە ، دایکی (ابراهیم)یش ووتی: کە کورەی (ئازەرە ) بەسەر هاتەکەی بۆ باس کرد ، (ئازەر)یش دل خۆش و شادمان بوو ، بەلام (ئازەر) بت تاشی خەلکەکە بوو ، واتە: بت لە بەردە تەتاشی و دروستی دەکرد ..!! ئەو بتانەی کە دروستی دەکرد بە (ابراهیم )ی دەدا بۆ ئەوەی بی فرۆشێت ، (ابراهیم

) وەکو دەڵێن : بتەکانی دەبرد و دەی فەرموو : ئایا چ کەسێك شتێك دەکرێ کە نە سوودی هەیە نە زیانی هەیە ..؟! هیچ کەس لێی نە دەکری ..!! دواتر ڕۆیشتە لێواری جۆگەیەك و سەری بتەکانی دەکردە ژێر ئاو ، بۆ گاڵتە کردن بە خەڵکەکە وە وە گومرایی ئەوان دەی ووت : ئاو بخۆنەوە ..؟! سەرئەنجام نهێنیەکانی ئاشکرا بوو ، خەڵکەکەی شارەکە زانیان دژی بتەکان قسە دەکات ..!! بەڵام هێشتا هەواڵی (ابراهیم ) – علیه السلام – بە فەرمانڕەوا (نمردو) نەگەیشتبوو، کاتێك (ابراهیم ) مەبەستی ئەوەی کرد کە پێچەوانەی خەڵککەکە کردار و هەڵسوکەوت بکات ، فەرمانەکانی (خوی گەورە ) ئەنجام بدە ، وە پێشنیاری یەکتا پەرستی ڕاستەقینەی بە خەڵکەکە کرد ، وە سەیری (ئەستێرەکانی کرد فەرمووی: (نەخۆشم ) خەڵکەکە ئەمەیان بیست و خۆیان لیێ بەدوور گرت ..!! (ابراهیم ) دەیوست خەڵك برۆن تا ئەوەی دەخوازێت لە گەڵ بتەکان ئەنجامی بدات ..!! کاتێك ڕۆیشتن ، چوونە لای بتەکان کە لە جیاتی (خوای گەورە ) دەیان پەرست ..!! ئینجا خواردنی خستە بەردەم بتەکان و فەرمووی : بۆخۆن ، بۆ قسە ناکەن ..!!دەستی کرد بە گاڵتە کردن بە بتەکان ..!!

هەروەك (خوای گەورە)دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ رَءَا كَوْكَبًا ۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّي ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلْـَٔافِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا رَبِّي ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُ ۖ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٧٨﴾ إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ حَنِيفًا ۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٧٩﴾﴾ [الأَنْعَام : ٧٤ - ٧٩] واتە : {گفتوگۆی نێوان ئیبراهیم پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - و قەومەکەی} [ وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ آزَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا آلِهَةً ] کاتێك ئیبراهیم پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم - بە باوکی وت کە ناوی (ئازەر) و (تارح) بووە، یان

یەکێکیان نازناو بووە: ئایا تۆ ئەو بتانە ئەکەیتە خواو جگە لە خوای گەورە ئەو بتانە ئەپەرستی کە بەدەستی خۆت دروستی ئەکەیت و ئەیتاشیت [ إِنِّي أَرَاكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ] بەراستی من خۆت و قەومە بت پەرستەکەیشت ئەبینم کە ئێوە لە گومڕاییەکی زۆر ئاشکرادان وە لە ڕێگای حەق لاتان داوە..؟! [ وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ] بەم شێوازە ئێمە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی نیشانی ئیبراهیم- صلى الله عليه وسلم - ئەدەین (مجاهد) دەفەرمێت: خوای گەورە هەموو شتێکی نیشان داوە تەنانەت ئاسمانە بەرزەکان و زەویش [ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ ] تا لەو کەسانە بێ کە بەچاوی خۆی ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانە ببینێ وە زیاتر یەقینی لەلا دروست بێ..؟! [ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ ] کاتێك کە شەو ڕووناکی ڕۆژی داپۆشی بە تاریکیەکەی [ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَذَا رَبِّي ] ئەستێرە یەکی بینی وتی: ئەمە خوای منە، وتراوە: بۆ ئەوەی کە ئەمە بکاتە حوجەو بەڵگە بەسەر قەومەکە یەوە [ فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَا أُحِبُّ الْآفِلِينَ] کاتێك کە ئەستێرەکە ئاوا بوو وە دیار نەما وتی: من خوایەکم خۆش ناوێ کە ئاوا بێت و دیار نەمێنێ..؟! [ فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا ] دوای ئەوە کاتێك کە مانگی بینی دەرکەوت [ قَالَ هَذَا رَبِّي ] وتی: ئەمەیان خوای منە [ فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِنْ لَمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ ] کاتێك کە مانگیش ئاوا بوو دیار نەما وتی: ئەگەر خوای گەورە هیدایەتم نەدات ئەوە منیش یەکێك ئەبم لەو قەومە وێڵ و گومڕاو سەرلێشێواوانەی کە ڕێگای حەقیان ون کردووە..؟! [ فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً ] کاتێك کە خۆری بینی و خۆر دەرکەوت [ قَالَ هَذَا رَبِّي هَذَا أَكْبَرُ ] وتی: ئەمە یان خوای منە لەبەر ئەوەی ئەمە لە هەموویان گەورەترە ئەمە شایەنی ئەوەیە کە خوا بێ [ فَلَمَّا أَفَلَتْ ] کاتێك کە خۆریش ئاوا بوو [ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ ] وتی: ئەی قەومەکەی خۆم من بەریم لە هەموو ئەو پەرستراوانەی کە ئێوە ئەیانپەرستن لە خۆرو مانگ و ئەستێرەو بت و پە یکەر ئەوەتا بەچاوی خۆتان ئەبینن کە هەمووی ئاوا ئەبێت و نامێنێ ئەگەر ئەمانە خوا بن چۆن ئەبێ خوا ئاوابێت و دیار نەمێنێ..؟! [ إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا ] من ڕووی خۆم کردۆتە ئەو خوایەی کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەوییەو بەتاك و تەنها ئەو دەپەرستم، لە شیرك و هەموو دینەکانی تر لائەدەم بۆ دینی حەقی ئیسلام و تەوحید [ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ] وە من لەو کەسانە نیم کە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدەم..؟!

له (عبدالله کوری عباس ) و (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لێیان رازی بێت – دەگێرنەوە وە دەستە یەك لە هاوەلانی پێغەمبەر دەگێرنەوە ، دەلێن : گێرانەوەی چیرۆکی یان داستانی (ابراهیم ) –علیه السلام – بەم شێوە بووە ، لە سەردەمی (نمرود ) ئەستێرەیەك دەرکەوت و نووری هەتاو یان رۆژ و مانگی برد ..!! پاشا (نمرود ) زۆر ترسا ..!! ووتیان : لە سەردەمی پاشایەتی یان فەرمانرەوایی تۆ دا مندالێك لە دایك دەبێت لە ناو چوونی پاشایەتی یان فەرمانرەوایەتی تۆ لە سەر دەستی ئەو دەبێت ..!! شوێنی نیشتەجێ بوونی پاشا (نمرود) لە بابل بوو ، لە شارەکەی خۆی بۆ شارەکەی دیکە بە دارو دەستەکەی دە ووت : پیاوان یان مندالان بکوژن ، کچانیشی دەهێشتوە ، ئەوە بوو فەرمانی دا هەر کورێك لە دایك ببێت سەری ببرێ و بیکوژێ ..!! سەری هەموو کورەکانیان بری ئەوەی لە کاتە لە دایك بوو ، ئەو سا کارێکی لە شاردا بۆ پێشهات کە تەنها باوەری بە (ئازەر ) ی باوکی ابراهیم  دەکرد ، ئەوی بانگ کرد و رەوانەی کرد و پێی ووت : لە هاوسەرەکەت نزیك نەکەویتەوە ..!! ووتی : ئایینی من ئازیزتر لەوەیە ..!! (ئازەر) کاتێك بۆ گوندەکەی گەرایەوە ، نەیتوانی خۆی بگرێت ، لە هاوسەرەکەی خۆی نزیك کەوتەوە و ئەوی بۆ گوندێك لە نێوان کوفە و بەصرا برد کە پێیان دەووت : (ئور ) خستیە ناو چالێکی ژێر زەویەوە و خواردن و ئاو کەرەستە پێویستەکانی ژیانی بۆ ئامادە کرد ..!! کاتێك ماوەیەك تێپەری کرد، پاشا (نمرود) ووتی : کاهینەکان یان جادووگەرەکان یان ئەستێرە ناسەکان درۆیان کرد ..!! ئێنجا بۆ سەر زەمینی خۆتان بگەرێنەوە ، کاتێك گەرانەوە (ابراهیم ) – علیه السلام – لە دایك بوو ..!! رۆژانە بە ئەندازەی حەفتەیەك ، حەفتانە بە ئەندازەی مانگێك و مانگانە بە ئەندازەی سالێك گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو ، بەلام (نمرود) چیرۆکەکەی لە بیر کرد ..!! ئەوەی کە لێی دەترسا بەقسە ی کاهینەکان ..!! ئەوە بوو ( ابراهیم ) – علیه السلام – گەورە بوو ، کەسی نە دەبینی جگە لە دایك و باوکی خۆی ، باوکی (ابراهیم ) بە کەسەکانی خۆی ووت : من کورێکم هەیە کە حەشارم دەدا یان دەمشاردەوە ، ئەگەر من بیبەمە لای پاشا (نمرود) ئایا ترسی لەسەرە ..؟! ئەوانی ووتیان : بیهێنە ..!! ئەویش کورەکەی خۆی برد ، کاتێك ئەوی لە چالەکە هێنایە  دەر ، ئاژەل و مرۆڤەکانی بینی ..!!

له باوکی پرسی : ئەمانە چین ..؟!

باوکی پێ ووت : ووشتر ووشترە ، چێڵ چێلە ، ئەسپ ئەسپە ، بزن بزنە ..!!

(ابراهیم ) فەرمووی: ئەم خەلکە بە ناچاری دەبێت دروستکارێکیان هەبێت ..!!

کاتێك لە چالە کە هاتە دەر ، رۆژ ئاوا ببوو ، سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و ئەستێرەی مشتەری بینی ..!! فەرمووی : ئەمە پەروەردگاری منە ، زۆری خەیاند ، ئەستێرەکە دیار نەما، فەرمووی: ئەوەی لە ناو بچێت وەکو (خوا ) پەسەندی ناکەم ..؟!واتایی :ئەو خوا یە لەبەر چاو وون دەبێت ..!!

(کوری عباس ) — خوا لێ رازی بێت — دەلێت : کۆتایی مانگ بوو ، لە بەر ئەمە مانگی پێش ئەستێرەکانی دیکە نەبینی ، کاتێك کۆتاییەکانی شەو ، مانگ دەرکەوت ..!!

فەرمووی: ئەمە پەروەردگاری منە ، کاتێك مانگ ئاوا بوو ..!!

فەرمووی: ئەگەر (خوای گەورە) هیدایەت و رێنوێنیم نەکات ، لە دەستەی گومرا کن دەبم ..!! کاتێك بەیانی بوویەوە و رۆژی بینی ..!!

فەرمووی: ئەمە پەروەردگاری منە ..!! ئەمە گەورەترە ..؟!

(خوای گەورە) فەرمووی : بە (ابراهیم ) باوەر بێنە ..؟!

ئەویش فەرمووی: تەسلیمی پەروەردگاری جیهانیانم ..!!

ئینجا بۆ لای خەلکەکەی خۆی گەرایەوە و پێشنیاری باوەرهێنانی پێکردن ، فەرمووی: ئەی خەلکی من ، لە خواکانی ئێوە بێزارم و بەدلێکی پاکەوە ، رووەدەکەمە ئەو خویەی کە ئاسمان و زەوی دروست کردووە ..؟!

بەردەوام پێشنیاری یان بانگەوازی باوەرهێنانی بە خەلکەکەی دەکرد ..!!

باوكی (ابراهيم ) – عليه السلام – بتی دروست دەكرد و به كورەكانی خۆی دەدا بۆ ئەوەی بی فرۆشن ..!!

(ابراهيم ) – عليه السلام – هاواری دەكرد ، كێ شتێك دەكرێت كه نەزيانی هەيه نه سوودی هەيه ..؟!

ئینجا براكانی بتەكانی خۆیان دەفرۆشت ، بەلام (ابراهيم ) بتەكانی خۆی دەهێنايەوه ..!!\

دواتر (ابراهيم ) – عليه السلام – پێشنیاری بانگەوازی يەك خواپەرستی بۆ باوكی كرد ..؟!
فەرمووی: باوكه بۆ شتێك دەپەرستيت كه نابينێت و نابيستێت سوودی نيه، دەپەرستيت ..؟!

ئینجا باوكی وەلامی (ابراهيم – عليه السلام – دەداتەوه دەلێت : كه (خوای گەوره) دەفەرموويت: قال تعالی: ﴿قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ ءَالِهَتِى يَـٰٓإِبْرَٰهِيمُ ۖ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ ۖ وَٱهْجُرْنِى مَلِيًّا ﴿٤٦﴾﴾ [مَرْيَم : ٤٦] واته : [ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنْتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ ] باوكی وتی: ئەی ئيبراهيم ئايا تۆ پشت له خواكانی من هەڵئەكەيت و وازيان لێ دێنی [ لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ ] ئەگەر واز لەم قسانه نەهێنی ئەوه به دڵنيايی ڕەجم و بەرد بارانت ئەكەم [ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا (٤٦) ] وه ماوه يەكی يەكجار زۆر لێم دووركەوه به سەلامەتی پێش ئەوەی سزات بدەم..؟!

بەلێ ئەم گفتووگۆیەی (ابراهیم )– علیە السلام – (خوای گەورە ) لە قورئانی پیرۆز لەچەند ئایەتێك بۆمان باس دەكات ، كە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِبۡرَٰهِيمَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيًّا ﴿٤١﴾ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعۡبُدُ مَا لَا يَسۡمَعُ وَلَا يُبۡصِرُ وَلَا يُغۡنِي عَنكَ شَيۡـٔٗا ﴿٤٢﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي قَدۡ جَآءَنِي مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَمۡ يَأۡتِكَ فَٱتَّبِعۡنِيٓ أَهۡدِكَ صِرَٰطٗا سَوِيّٗا ﴿٤٣﴾ يَٰٓأَبَتِ لَا تَعۡبُدِ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ عَصِيّٗا ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيۡطَٰنِ وَلِيّٗا ﴿٤٥﴾ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنۡ ءَالِهَتِي يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ لَأَرۡجُمَنَّكَۖ وَٱهۡجُرۡنِي مَلِيّٗا ﴿٤٦﴾ قَالَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكَۖ سَأَسۡتَغۡفِرُ لَكَ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيّٗا ﴿٤٧﴾﴾ [مَرْيَم : ٤١ - ٤٧]واتە : {گفتوگۆی نێوان ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -و باوكی} [ وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تۆ لەم قورئانە پیرۆزە باسی ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بۆ بت پەرستان بكە [ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَبِيًّا (٤١) ] كە بەدڵنیایی ئەو كەسێك بووە كە زۆر ڕاستگۆ بووە، یان زۆر ئایەتەكانی خوای گەورەی بە ڕاست داناوە، وە پێغەمبەری خوا بووە..؟! [ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ ] كاتێك كە بە (ئازەر)ی باوكی فەرموو: ئەی باوكە تۆ بۆ عیبادەت بۆ ئەو بتانە ئەكەی كە نە هیچ شتێك ئەبیستن نە هیچ شتێك ئەبینن [ وَلَا يُغْنِي عَنْكَ شَيْئًا (٤٢) ] وە هیچ سوودێك بە تۆ ناگەیەنن..؟! [ يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ ] ئەی باوكە من هەندێك لە زانیاری و وەحیم بۆ هاتووە لە لایەن خوای گەورەوە كە بۆ تۆ نەهاتووە [ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا (٤٣) ] بۆیە تۆ شوێنی من بكەوە هیدایەتت ئەدەم بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە..؟! [ يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ ] ئەی باوكە تۆ شەیتان مەپەرستە لەبەر ئەوەی پەرستنی بتەكان گوێڕایەڵی كردنی شەیتانەو پەرستنی شەیتانە [ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِيًّا (٤٤) ] لەبەر ئەوەی بەڕاستی شەیتان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی كرد..؟! [ يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِنَ الرَّحْمَنِ ] ئەی باوكە من لەوە ئەترسێم كە لە لایەن پەروەردگارو خوای بەڕەحم و بەزەییەوە سزایەكی بەئێش و ئازارت پێ بگات [ فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا (٤٥) ] بەهۆی ئەوەی كە تۆ دۆست و خۆشەویستی شەیتانی..؟! [ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنْتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ ] باوكی وتی: ئەی ئیبراهیم ئایا تۆ پشت لە خواكانی من هەڵئەكەیت و وازیان لێ دێنی [ لَئِنْ لَمْ

تَنْتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ ] ئەگەر واز لەم قسانە نەهێنی ئەوە بە دڵنیایی ڕەجم و بەرد بارانت ئەکەم [ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا (٤٦) ] وە ماوەیەکی یەکجار زۆر لێم دوورکەوە بە سەلامەتی پێش ئەوەی سزات بدەم..؟! [ قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ ] ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - وتی: ئەی باوکە سڵاوت لێ بێت و تۆ سەلامەتیت و لە لایەن منەوە توشی خراپەو ئازار نابیت لەبەر ڕێزی باوکایەتی [ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي ] ئەبێ داوای لێ خۆشبوونت بۆ بکەم لە پەروەردگارم [ إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا (٤٧) ] لەبەر ئەوەی خوای گەورە زۆر چاکەکارە لەگەڵ منداو بایەخم پێ دەدات و دوعاکانم قەبوڵ دەکات، (ئەمە کاتێك بوو کە نەیزانی باوکی لەسەر کوفر ئەمرێ و بەکافری ئەمرێ دواتر لێی پەشیمان بووەوە، چونکە دروست نیە داوای لێخۆشبوون بۆ کافران بکرێت)..؟!

بەلێ (کوری عباس ، کوری مسعود ) – خوا لێیان رازی بێت – دەلێن : کاتێك رۆژی چەژن هات و رۆیشتنە دەرەوەی شار ، (ابراهیم – علیه السلام – لەگەلیان رۆیشت ، بەلام لە نیوەی رێگا گەرایەوە و خۆی خستە سەر زەوی خۆی نەخۆش کرد ..!!

(ابراهیم ) فەرمووی : من نەخۆشم و قاچم ئازاری هەیە ..؟! بە هەمان شێوە کە لەسەر زەوی کەو تبوو ، ئەوانیش قاچیان شێلا ، کاتێك رۆشتن ، بە خەلکانی دواوەی فەرموو: سوێند بەخوا ، کاتێك برۆن ، فێلێك لە خواکانی ئێوە دەکەم ، ئەمە قسەیان بیست ..!!

دوایی ئەوە (ابراهیم ) – علیه السلام – بۆ مالی (خواکانی ) ئەوان گەرایەوە کە شوێنێکی گەورە بوو ..!! لە سەر دەرگاکە بتێکی گەورە و بتێکی بچووك لە تەنیشتی بتەکان بچووك و بچووکتر دە بوونەوە ، خەلکی خواردنی ئامادەیان لە بەر دەم بتەکان دایاننابوو ، ئەوا ووتبویان : کاتێك گەراینەوە خواکان خواردنەکان بۆ مان پیرۆز دەکەن ..!! ئینجا خواردنەکان دەخۆین ..؟!

کاتێك (ابراهیم ) – علیه السلام – ئەوە بوو بتەکان و خواردنەکەی بەردەمیانی بینی ..!! فەرمووی: بۆ ناخۆن ..؟! هەر لەبەر ئەمە وەلامی لای خواکانەوە دەست نەکەوت ..!! تەورێکی یان داسێکی هەلگرت و دەستی بە شکاندنی تەنیشتی بتەکان کرد ..!!

دواتر تەورکە ی خستە سەر شانی بتەگەورەکە و ڕۆیشتە دەرەوە ..!! کاتێك خەلکەکە بۆ لای خواردەنەکانی خۆیان گەرانەوە و خواکانی خۆیانیان بینی بەم شێوە شکاون ..!!

ووتیان : ئەمە بەلای بەسەر خواکانی ئێمە دا هێناوە ، کەسێکی ستەمکارو زالم ستەم گەرە ..؟!

ئەوسا بیریان کەوتەوە ووتیان : ئێمە لە گەنجێکمان بیست کە باسی ئەوانی دەکرد ، ناوی (ابراهیم) بوو ، یانی گەنجێك کە خراپەی بتەکانی باس دەکرد و گالتەی پێدەکردن ..!! جگە لەو کەسە ئەم قسانەی نەهێناوەتە سەر زومان ، گومان دەکەین کاری ئەو بێت ..!!

ئینجا هەوالەکە بە (نمرود)ی پاشا یان فەرمانرەوا گەیشت ، وە بە گەورەکانی خەلك گەیشتنە ووتیان : ئەو بێننە لای خەلك ، لەوانەیە پێمان بلێن چی لێ بکەین ..؟!

لە (کوری ئیسحاق ) – خوا لیّ رازی بێت – دەلێت : کاتێك (ابراهیم)یان هێنا ، خەلکی لە لای پاشاکەی خۆیان واتە: (نمرود ) کۆبوونەوە و ووتیان : ئەی (ابراهیم ) تۆ ئەم بەلات بەسەر خواکانی ئێمە هێناوە ..؟!

(ابراهیم)– علیە السلام – فەرمووی: نەخێر ..!! بەلام بتە گەورەکان ئەم کارەی کردووە ..!!ئێوە لەوان بپرسن تا بێتا بلێن ..!! ئەو رازی نە بوو لەگەل ئەم بتە بچووکانە بیپەرستن و لەبەر ئەوەی لە هەموویان گەورەتر بوو ئەوانی شکاند ..!!

خەلکەکە ترسان و بیریان کردەوە و ووتیان " ئێم ستەم لەو دەکەین ، راست دەکات ، پاشان زانیان بتەکان هیچ سوودو زیانێکیان نیە ..!! ووتیان : تۆ دەزانی کەبتەکتن قسە ناکەن و نالێن ئەم بەلایە یان ئەم کارە خراپە بەسەردا هێناون..!!

(ابراهیم ) – علیە السلام – فەرمووی: کەوانە بۆ لە جیاتی (خوای گەورە ) شتێك دەپەرستن کە هیچ سوود و زیانێکتان پیّ نابەخشێت ، مەگەر بیر لیّ ناکەنەوە ..؟!

ئینجا خەلکی سەبارەت بە (خوای گەورە) گفتوگۆیان لەگەل کرد و پرسیاری (خوای گەورە)یان هێنایە کایەوە ، ئەوان ووتیان : بتەکان لە (خوا) کەی (ابراهیم ) زاناترە ..؟!

(ابراهیم ) فەرمووی: سەبارەت بە (خوای گەورە ) لەگەل من گفتوگۆ مەکەن ، چونکە منی هیدایەت داوە یان رێنوێنی کردووە ..!! ئینجا نموونەی : بۆ هێنانەوە و ئامۆژگاری کردن کە (خوای گەورە ) بپەرستن و شیاوترە لە بتەکان ..؟!

لە ( ابو جعفر ) – رەحمەتی خوای لیٚ بێت – دەلێت : وەکو ووتویانە : (نمرود ) بە (ابراهیم )– علیه السلام – ووت : ئەی (ابراهیم ) ئەو خوایەی تۆ کێیە دەیپەرستی وە خەلك بۆ پەرستنی ئامۆژگاری دەکەیان یان هاندەدەیت و تۆ دەلێت : هێزی توانای ئەم خوایە لە هەمووان زیاتر..؟!

(ابراهیم ) – علیه السلام – فەرمووی: خوای من کەسێك دەمرێنێت و زیندوو دەکاتەوە ..!!

(نمرود) ووتی : منیش دەمرێنم و زیندوو دەکەمەوە ..!!

(ابراهیم ) – علیه السلام – فەرمووی : چۆن دەمرێنیت و زیندووی دەکەیتەوە ..؟!

(نمرود ) ووتی : دوو کەس کە بە فەرمانی من شیاوی مردن یام کوشتن ، دەهێنم ، یەکیان دەکوژم و ئەوا ئەوم مراد ، وە یەوەی تریان ئازاد دەکەم و گیانم پیٚ بەخشیوە..!!

(ابرهیم)– علیه السلام – فەرمووی : (خوای گەورە) رۆژ لە رۆژ هەلاتەوە دەهێنێت ، تۆ لە رۆژ ئاواوە بیهێنە تا بزانین کە قسەکەی تۆ راستە ..؟!

ئینجا (نمرود ) سەریسورما و هیچی نەووت ، زانی توانایی وەلامدانەوەی (ابراهیم )– علیه السلام–ی نیە ..!!

دەلێن : (نمرود) و خەلکەکەی هاو دەنگ و هاورابوون ، ووتیان : با (ابراهیم ) بستوتێنین و هاوکاری و یارمەتی دانی خواکانی خۆتان بکەن ..؟!

له (شعيب كوری جەبا ) – رەحمەتی خوای لیّ بیّت – دەگیّرنەوە ، دەلیّت : ناوی كەسیّك كە ووتی : (ابراهيم ) – عليه السلام– بسوتیّنن ..!! ئەوە (هیزن ) بوو ، (خوای گەورە) ئەوی بەناخی زەویدا بردە خوارەوە تا رۆژی قیامەت هاوار دەكات ..؟!

له (كوری ئیسحاق ) – خوا لیّ رازی بیّت – دەلیّت : (نمرود ) ووتی : دارو تەختە كۆبكەنەوە ، لە هەموو دارەكانیان هیّنا ، واتە: هەموو جۆرە داریّكیان هیّنا ، تەنانەت ئافرەتانی شارەكە نەزریان كرد تا نیازەكانیان بیّتە دیّ ، ئەوانیش دارو چیلكەیان بۆ ئاگرەكەی (ابراهيم ) –عليه السلام – دە بردو كۆدەكردەوە ، ئەوە بوو كاتیّك ویستیان بیخەنە ناو ئاگرەكەوە ، ئاگریان لە چیلكە دارەكان بەردا ، كاتیّك بلیسەی سەند و ویستیان (ابراهيم ) بخەنە ناو ئاگرەكەوە ، لە ئاسمان و زەوی خەلكان هاواریان بەرز بوویەوە ، ووتیان : ئەی خوایە لە زەوی تۆ جگە لە (ابراهيم ) خوا پەرستیّك نیە ..!! ئەوە لە بەر خاتری تۆ دەسوتیّنن ..؟! فەرمانمان پیّ بدە تاو هاوكارو یارمەتی بدەین ..؟! (خوای گەورە زاناترە ) دەگیّرنەوە دەلیّن : كاتیّك ئەمەیان ووت: (خوای گەورە) فەرمووی : ئەگەر داوای هاوكاری لە ئیّوە كرد ، هاوكاری بكەن و ئەگەر تەنیا داوای هاوكای لەمن كرد ، من سەرپەرستی ئەوم ، خۆم دەیپاریّزم ..!! كاتیّك (ابراهيم ) خستە ناو ئاگرەكە ، فەرمووی : ئەی ئاگر ، بۆ (ابراهيم ) فیّنك وبیّ زیان بە ، ئاگر بەهەمان شیّوە بوو كە (خوای گەورە ) فەرمانی پیّدا ..؟!

له (سدی ) – رەحمەتی خوای لیّ بیّت – دەگیّرنەوە دەلیّت :ئەو خەلكەی لە دژی (ابراهيم ) – عليه السلام – بوو ووتیان : كۆشیّك یان تەلاریّكی بەرز دروست بكەن و بیخەنە ناو ئاگر ، ئەویان لە مالیّكدا گرت و دارو تەختە و چیكلە یان كۆكردەوە ، تا ئەو رادەیەی كە ژنیّك نەخۆش دەكەوت و دەی ووت : ئەگەر خوا شیفا بدات ، ئەو برۆن دار بۆ سوتاندنی (ابراهيم ) دەبەم ..؟! كاتیّك دارو تەختە چیكلەكان زۆرو فراوان بوو ئاگر بلیّسەی سەند ، بالندەكان كە بەسەر ئاگرەكە هەلدەفرین دەسوتان ، (ابراهيم ) یان بردە سەر بەرزایی شویّنە بەرزە كە وەكو كۆشك یان بینا

یان تەلارەکە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و ئاسمان و زەوی و کێوەکان و فریشتەکان ووتیان : ئەی (خوای گەورە) (ابراهیم ) لە بەر پەرستنی تۆ دەسوتێنن ..؟!

(خوای گەورە ) فەرمووی : من باشتر ئاگاداری حالی ئەوم ..!! ئەگەر داوای لە ئێوە کرد ، هاوکاری بکەن ..!! (ابراهیم ) سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە ، ووتی : (خوای گەورە ) تۆ لە ئاسمان تاك تەنهایت و من لە زەوی تاقانە ، چونکە لە سەر زەوی کەس جگە لەمن تۆ ناپەرستێت ، ئەی (خوای گەورە) تۆ بۆ من بەسیت چونکە باشترین پشتیوانیت بۆمن ..؟!

(ابراهیم ) – علیە السلام – یان خست ناو ئاگرەکەوە ، دەنگێك لە ئاسمانەوە هات ، ئەی ئاگر بۆ (ابراهیم ) فێنك بە و بێ زیان بە ..!! (جبریل) – علیە السلام – ئەم فەرمانەکە (خوای گەورە)ی گەیاند ..!!

لە (عبدالله کوری عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : ئەگەر ووشەی (بێ زیان ) بەدوایی ووشەی ( فێنك ) دا نەدەها ، (ابراهیم ) لە فێنكی ئاگرەکە دەمرد ..!! و لە ئێستادا ئاگر لەسەر زەوی بونی نەدەبوو ..!!

کاتێك ئاگر کوژایەوە ، (ابراهیم )یان بینی ، کە پیاوێکی دیکەی لە گەلدایە و سەری خستۆتە داوێنی (ابراهیم ) – علیە السلام – و ئارەق لە ناوچاوانی دەسرێت ، دەلێن : ئەو پیاوە فریشتەی سێبەر بوو ..!! (ابراهیم ) یان هێنایەدەر و بردیانە لای پاشا (نمرود ) ، چونکە پێشتر پاشای لە نزیکەوە نەبینیبوو ..!!

له (كورى ئيسحاق ) – رەحمەتى خواى لىٚ بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : (خواى گەورە) فريشتەى سێبەرى بۆ لاى (ابراهيم ) – عليه السلام – رەوانە كرد ، وە لە ناو ئاگرەكە لاى دانيشت و قسەى لەگەل دەكرد، چەند رۆژێك تێپەرى كرد پاشا (نمرود ) گومانى كرد كە ئاگر (ابراهيم )ى سوتاندووە يان لە ناو بردووە ..!! بە سوار ئەسپ بە لاى ئاگرەكە تێپەرى و سەيرى كرد ، بينى ( ابراهيم ) لە ناو ئاگر دانيشتووە و كەسێكى ديكەى هاوشێوەى خۆى ، هاورێيەتى ..!! لەوێ گەرايەوە و بەخەلكەكەى خۆى ووت : (ابراهيم ) بينى لە ناو ئاگرەكەدا زيندووە و گومانم لاى دروست بوو ..!! بورجێك دروست بكەن تا بتوانم لە سەرەوە بيبينم ، بورجێكيان بۆ دروست كردەو رۆشتە سەر بورجەكە ، سەيرى ئاگرەكەى كرد و ( ابراهيم ) ى بينى لە ناو ئاگرەكەدا دانيشتوە و فر يشتەيەكى بينى هاوشێوەى رووخسارى (ابراهيم ) هاورێيەتى دەكات ..!!

(نمرود ) بانگى كرد ئەى (ابراهيم ) ئەو (خوايە ) رێگەى نەدا ئاگر زيان بە تۆ بگەيێنێت، دەتوانى لە ئاگرەكە بێيتەدەر ..؟!

(ابراهيم ) – عليه السلام – فەرمووى : بەلىٚ .

(نمرود ) ووتى : ئايا ئەگەر لە ناو ئاگرەكە بمێنيتەوە زيانت پێدەگات ..؟!

(ابراهيم ) – عليه السلام – فەرمووى : نەخێر .

(نمرود ) ووتى : هەست لە ئاگرەكە وەرەدەر ..؟!

(ابراهيم ) – عليه السلام– هەستا و لەناو ئاگرەكە بەرێدا دەرۆيشت و لێى هاتە دەرەوە ..!!

كاتێك گەيشتە لاى (نمرود ) لێى پرسى : ئەى (ابراهيم ) ئەو پياوەى هاوشێوەى تۆ بوو و لە ناو گرەكەدا بينيم كىٚ بوو ..؟!

(ابراهيم ) – عليه السلام – فەرمووى : ئەوە فريشتەى سێبەر بوو ، (خواى گەورە) رەوانەى كرد تا هاودەمى من بێت و ئاگرەكە بۆ من فێنك و بىٚ زيان بكات ..!!

(نمرود ) ووتی : ئێستا کە هێز و گەورەیی و خوای تۆم بینی ..!! چوار هەزار مانگا یان چێل دەکەمە قوربانی ..؟!

(ابراهیم ) – علیه السلام – فەرمووی : تۆ تا لەسەر ئایینەکەی خۆت بیت ، (خوای گەورە ) قوربانیەکانت پەسەند ناکات و قبول ناکات ..!!مەگەرئەوەی پشت بکەیتە ئایینەکەی خۆت..؟!

(نمرود ) ووتی : ئەی (ابراهیم ) ناتوانم دەستبەرداری پاشایەتی یان فەرمانرەوایەتی خۆم بم ..!! بەلام قوربانی دەکەم ، ئینجا قوربانی کرد و چاوپۆشی لە (ابراهیم ) کرد (خوای گەورە) زیانی (نمرود)ی لە (ابراهیم ) دوور خستەوە ..!!

**گفوگۆی (ابراهيم ) لەگەل قەومەكە لە چەند ئايەتێكی قورئان لەسورەتی (الانبياء):**

قال تعالى: ﴿ ۞ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ
وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴿٥٣﴾ قَالَ
لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٥٤﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ
بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٦﴾ وَتَٱللَّهِ
لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٥٧﴾ فَجَعَلَهُمْ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ
يَرْجِعُونَ ﴿٥٨﴾ قَالُوا۟ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٩﴾ قَالُوا۟ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ
لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا۟ فَأْتُوا۟ بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعْيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ ﴿٦١﴾ قَالُوٓا۟ ءَأَنتَ فَعَلْتَ هَٰذَا
بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ ﴿٦٢﴾ قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا فَسْـَٔلُوهُمْ إِن كَانُوا۟ يَنطِقُونَ ﴿٦٣﴾ فَرَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ
أَنفُسِهِمْ فَقَالُوٓا۟ إِنَّكُمْ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٦٤﴾ ثُمَّ نُكِسُوا۟ عَلَىٰ رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ
يَنطِقُونَ ﴿٦٥﴾ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴿٦٦﴾ أُفٍّ لَّكُمْ
وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ قَالُوا۟ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓا۟ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ
فَٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ
ٱلْأَخْسَرِينَ ﴿٧٠﴾ وَنَجَّيْنَٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾﴾ [الأنبياء : ٥١ - ٧١]

واته : {بەسەرهاتی ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و قەومەکەی} [ وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِنْ قَبْلُ ] وە بە دڵنیایی هەر لە پێشتردا ڕێگای ڕوشدو ڕاستمان بە ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بەخشی [ وَكُنَّا بِهِ عَالِمِينَ (٥١) ] وە ئێمە ئەمانزانی کە شایەنی ئەوەیە کە ڕێگای هیدایەت و ڕاستی پێ نیشان بدەین و بیکەین بە پێغەمبەر..؟! [ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنْتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ (٥٢) ] ئیمامی عەلی بە لای کەسانێکدا تێپەڕی کە یاری شەتڕەنجیان دەکرد ئەم ئایەتەی بەسەریاندا خوێندەوە: کاتێك کە ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - بە (ئازەر) ی باوکی و بە قەومەکەی وت: ئەم بتانە چین کە ئێوە بەدیاریانەوە دانیشتوونەو ماونەتەوەو عیبادەتیان ئەکەن..؟! [ قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءَنَا لَهَا عَابِدِينَ (٥٣) ] ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان پێ نەبوو تەنها وتیان: ئێمە باوك و باپیرانی خۆمان بینیوە کە عیبادەت و پەرستشیان بۆ ئەم بتانە کردووەو ئێمەیش لاسایی ئەوان دەکەینەوە..؟! [ قَالَ لَقَدْ كُنْتُمْ أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٥٤) ] ئیبراهیمیش - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: بە دڵنیایی ئێوە و باوك و باپیرانتان لە گومڕاییەکی زۆر ئاشکرادا بوونە کە عیبادەت و پەرستن بۆ ئەو بتانە دەکەن..؟! [ قَالُوا أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنْتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ (٥٥) ] وتیان: ئەی ئیبراهیم ئایا تۆ حەقت بۆ هێناوین و بەڕاستە یان گاڵتەمان لەگەڵدا ئەکەی؟ چونکە پێشتر قسەی وامان لێت نەبیستووە..؟! [ قَالَ بَلْ رَبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ ] ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: بەڵکو پەروەردگاری ئێوە تەنها پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویە کە دروستی کردوون، وە تاك و تەنهاو بێ شەریکە [ وَأَنَا عَلَى ذَلِكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ (٥٦) ] وە منیش لەسەر ئەم یەکخواپەرستیە شایەتم..؟! [ وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُمْ بَعْدَ أَنْ تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ (٥٧) ] وە سوێند بێ بەخوای گەورە ئەبێ هەموو بتەکانتان بشکێنم کاتێك کە ئێوە پشت هەڵئەکەن و ئەڕۆن بۆ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی جەژنەکەتانەوە..؟! {ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بتەکان دەشکێنێت} [ فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَهُمْ ] دوای ئەوەی کە ئەوان لە شار چوونە دەرەوە ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - مایەوەو وتی: من نەخۆشم، دەستی کرد بە بت شکاندن و هەر هەمووی شکاند تەنها بتە گەورەکە نەبێ کە پاچەکەی دایە دەستی [ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (٥٨) ] بەڵکو بگە ڕێنەوە بۆ لای ئەو وە پرسیاری لێ بکەن بزانن کێ بتەکانی تری شکاندووە، یان وا بزانن ئەو شکاندویەتی و پێی ناخۆشە لەگەڵ ئەودا ئەو بتە بچوکانەیش دەپەرستن..؟!

[ قَالُوا مَنْ فَعَلَ هَذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ (٥٩) ] کاتێك گەڕانەوە بینیان بتەکان هەمووی شکاوە وتیان: کێ وای لە خواکانی ئێمە کردووە بەڕاستی ئەوە کەسێکی ستەمکار بووە..؟! [ قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ (٦٠) ] وتیان: بیستوومانە گەنجێك هەیە کە بە خراپە باسی خواکانی ئێمەی کردووە ئەو گەنجەش ناوی ئیبراهیمە - صلى الله عليه وسلم - ، (کاتێك کە وتی دەبێت بتەکانتان بشکێنم یەکێکیان گوێی لێ بوو)..؟! [ قَالُوا فَأْتُوا بِهِ عَلَى أَعْيُنِ النَّاسِ ] وتیان: بڕۆن بیهێنن لە پێش چاوی خەڵکی سزای بدەین [ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ (٦١) ] بۆ ئەوەی خەڵکی ئامادەی سزاکەی بێت، یاخود شایەتی بدەن لەسەری..؟! [ قَالُوا أَأَنْتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ (٦٢) ] وتیان: ئەی ئیبراهیم ئایا تۆ وات لە خواکانی ئێمە کردووەو هەمووت شکاندوون..؟! [ قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا ] فەرمووی: بەڵکو خوایە گەورەکەیان بتە گەورەکەیان وای لێ کردوون و هەموویانی شکاندووە (ئیبراهیم تەنها سێ جار ناراستی وتووە: دوانیان لەبەر خوا: کە وتی: نەخۆشم، وە وتی بتە گەورەکە ئەوانی تری شکاندووە، وە کە بە پاشا ستەمکارەکەی وت سارا خۆشکمە کە خێزانی بوو مەبەستی خوشکمە لە دیندا بۆ ئەوەی پاشا دەستدرێژی نەکاتە سەری، لەبەر ئەم سآ قسەیە لە رۆژی قیامەتدا پۆزش دێنێتەوەو ناتوانێت شەفاعەتی هەرە گەورە بکات) [ فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنْطِقُونَ (٦٣) ] دەی پرسیاری لێ بکەن ئەگەر ئەتوانن وەڵامتان بداتەوەو قسە ئەکات..؟! [ فَرَجَعُوا إِلَى أَنْفُسِهِمْ ] هەندێکیان گەڕانەوە بۆ لای هەندێکیان، واتە: بێ بەڵگەو بێ قسە مانەوە، یاخود لۆمەی یەکتریان کرد بۆ خواکانمان بآ پاسەوان بەجێهێشت [ فَقَالُوا إِنَّكُمْ أَنْتُمُ الظَّالِمُونَ (٦٤) ] وتیان: بەڕاستی ئێوە ستەمکارن کە عیبادەتی ئەمانە ئەکەن، یان بێ پاسەوان خواکانتان بە جێهێشت..؟! [ ثُمَّ نُكِسُوا عَلَى رُءُوسِهِمْ ] پاشان سەریان شۆڕ کرد [ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَؤُلَاءِ يَنْطِقُونَ (٦٥) ] وە وتیان: ئەی ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - تۆ ئەزانی ئەم بتانە قسە ناکەن چۆن پرسیاریان لێ بکەین و لێیان بپرسین کە کێ شکاندوویەتی..؟! [ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ (٦٦) ] ئیبراهیمیش - صلى الله عليه وسلم - مەبەستی ئەمە بوو فەرمووی: ئایا ئێوە جگە لە خوای گەورە عیبادەت بۆ کۆمەڵێك بت ئەکەن کە ناتوانن هیچ سوودێکتان پێ بگەیەنن وە ناتوانن زیانیشتان لەسەر لابدەن؟ تەنانەت ئەوەتا توانایان نیە سوودو زیان بۆ خۆیان بێنن..؟!

[ أُفٍّ لَكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ ] ئۆف لە دەستی ئێوەو لەوانەی کە ئەیپەرستن جگە لە خوای گەورە [ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (٦٧) ] ئەوە بۆ تێناگەن و بیر ناکەنەوە کە ئەمە ئیشێکی ناشیاوە..؟! {بڕیاری سوتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم – دەدرێت} [ قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانْصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ (٦٨) ] کاتێك کە بە بەڵگە دەمکوتی کردن و هیچیان بۆ نەما بیڵێن، وتیان: ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - بسوتێنن و خواکانتان سەربخەن ئەگەر ئێوە ئەم کارە ئەکەن و ئەتانەوێ تۆڵە بسەنن بۆ خواکانتان (هەمیشە ئەوانەی لەسەر باتڵن و بیروباوەڕە پوچەڵەکەیان بۆ خەڵکی دەردەکەوێت و بێ بەڵگە دەمێننەوە پەنا دەبەن بۆ توندوتیژی و کوشتن)..؟! {خوای گەورە ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - رزگار دەکات} [ قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ (٦٩) ] دوای ئەوەی کە ئاگرێکی زۆر گەورەیان کردەوە کە ئاگری وا گەورە نەکرابووەوە، وە گڕو بڵێسەی زۆر گەورە بوو نەیانتوانی لێی نزیك ببنەوە بە مەنجەنیق ئیبراهیمیان - صلى الله عليه وسلم - هەڵدایە ناوی، لەو کاتەدا ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: (حسبى الله ونعم الوكيل، واتە: تەنها خوام بەسە، وە باشترین پشتپێبەستراوە) خوای گەورە ئەفەرمووێ: وتمان ئەی ئاگر ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - ، ئەگەر نەیفەرمووایە سەلامەت بە ئەوەندە سارد ئەبوو لە سارديدا ئیبراهیمی - صلى الله عليه وسلم - ئەبەست و ئازاری پێ ئەگەیاند (لەو کاتەدا هەرچی ئاگری دونیا هەبوو هەر هەمووی کوژایەوەو کەس سوودی لە ئاگر نەبینی، وە هەرچی گیانلەبەر هەبوو فووی لە ئاگرەکە دەکرد بۆ ئەوەی بکوژێتەوە تەنها قومقمۆك (پیسپیسۆك) نەبێت کە فووی دەکرد بۆ ئەوەی ئاگرەکە گەشتر بێت، هەر بۆیە سوننەتە بیکوژیت)..؟! [ وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا ] ئەوان نەخشەو پیلانیان بۆ ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - دانا [ فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ (٧٠) ] وامان کرد ئەوان زەرەرمەندو تێکشکاو و دۆڕاو بن و ئیبراهیممان - صلى الله عليه وسلم - رزگار کرد..؟! [ وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ (٧١) ] وە ئیبراهیم و لوط پێغەمبەریشمان - صلى الله عليه وسلم - ڕزگار کرد لە خەڵکی عێراق و ناردمانن بۆ ئەو زەویە پڕ خێرو بەرەکەتە کە (بيت المقدس)ە کە بۆ خەڵکی پڕە لە خێرو بەرەکەت و بەرهەم و بەروبووم و ئاو وە شوێنی ناردنی پێغەمبەرانە..؟!

گفتو گۆی نێوان (ابراهیم )– علیه السلام – پاشایی ستەمکار (نمرود ) لەم ئایەتەدا :

قال تعالى: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ أَنۡ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ إِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأۡتِي بِٱلشَّمۡسِ مِنَ ٱلۡمَشۡرِقِ فَأۡتِ بِهَا مِنَ ٱلۡمَغۡرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٥٨﴾ [البَقَرَة : ٢٥٨] واتە : {گفتوگۆی نێوان ئیبراهیم صلى الله علیه وسلم و نەمرودی کافر} [ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ ] ئایا نابینی ئەوەی کە ویستی حوجەو بەڵگە بێنێتەوە بەسەر ئیبراهیم پێغەمبەردا صلى الله علیه وسلم سەبارەت بە بوونی پەروەردگار کە (نەمرودی) زاڵمی پاشای عێراق بوو [ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ ] کاتێك کە خوای گەورە موڵك و دەسەڵات و سەروەت و سامانی پێ بەخشی بوو ئەویش لەخۆی بایی بوو داوای بەڵگەی لە ئیبراهیم پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم کرد لەسەر بوونی خوای گەورە [ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ ] ئیبراهیم فەرمووی: پەروەردگاری من ئەو الله یە کە ژیان و مردنی بەدەستە خەڵكی ئەژێنێت و خەڵكی ئەمرێنێ [ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ ] (نەمرودیش) وتی: منیش ئەتوانم خەڵك بژێنم و خەڵك بمرێنم دوو كەسی هێنا یەكێكیانی كوشت و یەكێكیانی نەكوشت وتی: ئەوەم مراندو ئەوەم ژیاند [ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ ] ئیبراهیم صلى الله علیه وسلم فەرمووی: پەروەردگاری من خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێنێ و لە خۆرئاواوە ئاوای ئەكات، ئەگەر تۆ ڕاست ئەكەیت با بۆ سبەینێ خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت [ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ ] (نەمرودی) كافری دەمكوت كرد وە هیچ بەڵگەی پێ نەما وە سەرسام بوو [ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٢٥٨) ] بەڕاستی خوای گەورە هیدایەتی كەسانی زاڵم و ستەمكار نادات، خوای گەورە بە مێشێك سزای دا كە چووە ناو لوتیەوە دەبوایە بە چەكوشی ئاسن لەسەری خۆی بدایا تا هێور بوایەتەوە وە هەر بەو مێشە كوشتی..؟!

چارەنووس و کۆتایی هاتنی گەورە ترین ستەمکاری سەر زەوی پاشاو فەرمانرەوا (نمرود )

بەلێ (نمرود) سەرئەنجامەکەی بەوە کۆتایی هات ، کە (خوای گەورە) ماوەی فەرمانرەوایەکی بۆ درێژ کردوو ، هەروەها لە یاخی بوون و دوژمنایەتی کردن بەرانبەر بە ئایینی (خوای گەورە) بەردەوام بوو ، بەلام چارەنووس دەرئەنجامی کۆتایی زۆر کوشندەو رەش بوو ، چونکە ئەو یەکەم ستەمکارو یاخی بوو لە جیهاندا ، وەکو رووداوی سوتاندنی (ابراهیم ) – علیه السلام – لە لایەن ئەو ستەمکار ، وە دەر کردنی (ابراهیم ) لە شارەکەی خۆی ، هەروەها (نمرود ) سوێندی خوارد کە خوای (ابراهیم ) دەدۆزێتەوە ، ئەوە بوو چوار فەرخە لاشەخۆری هەلگرت و ئەوانی بە گۆشت مەی بە خێوکرد ، تاکو گەورە و بە هێز بوون ، دواتر لاشە خۆرەکانی بە تابووتێکەوە بەست و تیایدا دانیشت و پیاوێکی لای خۆی دانیشاند تاکو گۆشتی بۆ لاشەخۆرەکان هەبێت ، لاشەخۆرەکان هەلفرین و ئەویان بردە ئاسمان تا ئەو جێگەی دەیتوانی لەسەرەوە زەوی ببینێت ، کێوەکانی بینی لە مێرووله دەچوون ، گۆتشی بۆ ئەوان بەرز کردەوە و ئەوەندە بەرزبوونەوە کاتێك لە زەوی دەروانی بەو شێوەی بینی کە دەریایەك زەوی لە خۆ گرتووە وەك چۆن ئاو کەشتیەك لە خۆی دەگرێت ، زۆر ترسا و گۆشتەکەی فرێدا و لاشەخۆرەکان بە دوای گۆشت بەرەو خوار هاتنە خوارەوە ، کاتێك کێوەکان لاشەخۆرەکانیان روانی و ئەوانیان دەبینی بەرو زەوی دەهاتن و دەنگی بالەکانی ئەوانیان بیست ، دەیان ویست لە شوێنی خۆیان بجوولێن بەلام تەکانیان نەخوارد و ئەمە هەمان ووتاری (خوای گەورە)یە کە دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَقَدۡ مَكَرُواْ مَكۡرَهُمۡ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكۡرُهُمۡ وَإِن كَانَ مَكۡرُهُمۡ لِتَزُولَ مِنۡهُ ٱلۡجِبَالُ ٤٦﴾ [إِبۡرَاهِيم : ٤٦]

واتە: [ وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ ] وە ئەوان ئەو حەقەیان گەڕاندەوەو نەخشەو فێڵی خۆیان کرد [ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ ] وەنەخشەو فێڵیان لەلای خوای گەورە بوو [ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ ] هەر چەندە نەخشەو فێڵیان ئەوەندە سەخت بوو کە نزیك بوو شاخەکان لەجێی خۆی لابەرێ و هەڵبکۆڵێ بەڵام خوای گەورە بەتاڵی کردەوەو دینەکەی خۆی سەرخست، یاخود خۆ نەخشەو پیلان و فێڵیان ئەوەندە قورس نەبوو تا شاخەکان لە جێی خۆی هە ڵکەنێ و لای بەرێ خۆ ئەگەر وایش بوایەهەرخوای گەورەبەتاڵیئەکردەوەوپێغەمبەران وشوێنکەوتوان ودینەکەی خۆی سەرئەخست..؟!

دەلێن : هەلفرینی لاشە خۆرەكان لە بیت المقدس بوو ، وە دابەزین و نیشتنەوەیان لە كێوی دەخان بووە ، بەلێ كاتێك بینی ناتوانێت هیچ كارێك بكات ، ئینجا (نمرود) دەستی بە دروست كردنی بینایەك یان تەلارێكی بەرز كرد وە دروستی كرد و زۆر بەرزی كردەوە ، (نمرود) رۆشت سەری و بە گومانی ئەوەی خۆی لە (خوای گەورە ) واتە : خوای (ابراهیم ) دەروانێت ..!! دەلێن : (نمرود ) لە كاتەدا خۆی پیس كرد ن وە پێش ئەوە بێ خۆ پیس كردن ژیانی بەسەر دەبرد ..!! ئەوە بوو (خوای گەورە ) پایەی لە بیناكەی یان لە تەلارەكەی ئەو سەندەوە و ئەو بینایەی رووخاند و كۆشكەكە یان تەلارەكە داروما و لە ناو چوو ، دەگێرنەوە دەلێن : لەو كاتە زمانەكان یان ئاخاوتنەكان ئەوانەی قسەیان پێ دەكرد لەو كاتەوە جۆراو جۆر و تێكەل بوون و خەلك بە حەفتا و سێ زمان یان ئاخاوتن قسەیان دەكرد ن بەلام ئەو زمانی خەلك سریانی بوو ..!!

لە (زیدی كور ئەسلەم ) — رەحمەتی خوای لێ بێت — دەگێرێتەوە دەلێت : (خوای گەورە) دوای (ابراهیم) — علیه السلام — فریشتەیەكی بۆ لای (نمرود )نارد كە چوار جار بۆ گەرانەوە بۆ لای (خوای گەورە) بانگێشتی كرد ، بەلام (نمرود) هیچ رازی نەبوو و ووتی : ئایا جگە لەمن خوایەك هەیە ..؟! فرشتەكە فەرمووی : سوپایەكەت تا سێ رۆژ كۆ بكەرەوە ..!! ئو سوپاكەی خۆ كۆ كردەوە و لەم كاتەدا (خوای گەورە) دەرگایەك یان كۆمەلێكی جندی خۆی لە مێشوولە بۆ ئەو سوپایەی (نمرود ) رەوانەكرد ، ئەم مێشوولانە ئەوەندە چرو پرو بوون ، كاتێك رۆژ هەلات دارودەستەكەی (نمرود ) لە بینینی ئەو هەموو جندەی یان ئەم هەموو مێشوولەیە نەیانتوانی هیچ بكەن ، (خوای گەورە ) فەرمانی كرد بە جندەكانی خۆی یان مێشوولەكان كە دارو دەستەكە یان سوپاكەی (نمرود ) هەر هەمووی بخۆن و جگە لە ئێسقانەكان هیچیان نەهێشتەوە لە لاشەكانیان، سوپاكەی (نمرود) بە فەرمانی (خوای گەورە ) لە ناوچووە ، بەلام (خوای گەورە ) تەنها (نمرود)ی هێشتاوە ماوەی پێدا ، ئەویش بۆ پەندو عبیرەت وەرگرتن ئەوانەی كە ستەمكارن لەدوایی دێن ،وە (خوای گەورە ) هێزو تواناو دەسەلاتی خۆی پێشاندان ، ئەوە بوو (نمرود ) بە تەندروستی مایەوە زیانی پێ نەگەیشت ، بەلام (خوای گەورە) هێشتیەوە بۆ ئازارو سزادان لە ژیانی دونیا ، هەروا بەسەری ناچێت ئەو هەموو زولم ستەمەی كرد ، بۆ ئەوانە كە ئێستا لەم سەردەمەدا دەژین هەر هەموو ستەمكارێك بەدەردی (نمرود ) دەروات دەبێت سزای خۆی هەر ببینێ و بەردەوامیش هەر ستەمكار دوا رۆژی زەلیلی و سەر شۆری دەرئەنجامی خراپ و كۆتایەكەی لە ناو چوونە ، وەك باسمان كرد (نمرود) لە رووداوە بۆ پەندو عیبرەت مایەوە ، بەلام (خوای گەورە ) بۆ (نمرود) تەنها یەك مێشێكی بچووكی رەوانەكرد ، كە رۆیشتە قولایی لوتیەوە یان كەپوویەوە ، زۆر ئازاری دەچێشت و ژانای زۆر هەبوو ، مێشكە خەو خواردنی لێ حەرام كردبوو ئازاری زۆر دەدا ، ئەوە بوو (نمرود) بە زیندووی مایەوە ئەوەند ئازاری دەچێشت لەبەر مێشوولەكە كار گەیشتە ئەوەی بە چەكوش لە سەری خۆی دەدا ...!!

دەڵێن : خۆشەویسترین کەس لای (نمرود) ئەو کەسە بوو کە دوو دەستیخۆی دەکرد مشت لە سەری (نمرود)ی دەدا بۆ ئەوەی ئازاری کەم بێتەوە ، ئەوە بوو (خوای گەورە ) بەم ئازارەوە کۆتایی پێهێنا (نمرود) مرد ..؟

دەگێرنەوە دەڵێن : پاشایەتی و فەرمانرەوای کردنی (نمرود) لە سواد چوارسەد سالی خەیاند ، ئەو فەرمانرەوایی رۆژهەلات و رۆژئاوای دەکرد ، خۆی زۆر بەگەورە دەزانی ، تەنانەت بانگەشەی خوایەتی دەگرد ، (والعياذ بالله) ، بەلیٚ هیچ پاشایەك و هیچ فەرمانرەوایەك نەبووە لە سەر رووی زەوی بیٚ سزاو ئازار چێشتن و یان تۆلە سەندنەوە دونیایی بە جێهیشت بیٚ ، ئەوەیە چارەنووس کۆتایی و سزاو ئازاری هەرستەمکارێك لەم جیهانەدا ، کەچی ئێستا لەم سەردەمەدا چەندین ستەمکار هەن لەم زمانە هیچ کات پەندیان لە ستەماری پێش خۆیان وەرنەگرتووە ، یان خوێندەواریان نیە ، کە مێژووی ستەمکارانی رابردوو بخوێنەوە ، ئەوانە ستەمیان لە خەلکەکەی خۆیان دەکرد ، چیان بەسەر هات و چارەنووس و دەرئەنجامیان جۆن کۆتایی پیٚ هات ..؟! هەرچەند زولم ستەم بکەی هەر دەبیٚ رۆژێك سزاو ئێش ئازارەکە ببینی ..؟! چونکە لەسەر هیچ ستەمکارێك تێپەری نەکردووە کە بیٚ سزا دونیا بەریٚ بکات ، ئەو ستەمکارانەی وەکو (نمرود) هاوشێوەی (نمرود) دەبێت بە سزای خۆیان بگەن کۆتایی بە ستەمەکەیان بێت ..؟! هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعۡمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمۡ لِيَوۡمٖ تَشۡخَصُ فِيهِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ٤٢﴾ [إبْرَاهِيم : ٤٢] واتە: [ وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ ] وا حیساب نەکەن کە خوای گەورە بێئاگا بێت لەوەی کە زاڵمان و ستەمکاران ئەنجامی ئەدەن [ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ (٤٢) ] بەڵکو خوای گەورە سزایان نادات وە دوای ئەخات بۆ رۆژێك کە چاوەکان بەرز ئەبێتەوە وە نانوقێنرێت و ئەبڵەق ئەبێت لە سەختی ئەو دیمەنانەی کە ئەیبینێ لە رۆژی قیامەتداو سەرسام ئەبن..؟!

# چیرۆكی كۆتایی ستەمكاران

## هەشتەم : ستەمكار

## قەومەكەی (لوت كوری هاران )

بەلی کاتێك لوت پێغەمبەر – علیه السلام – لەگەل ئیبراهیم پێغەمبەر – علیه السلام – چوون بۆ میصر لەویدا گەرانەوە بۆ ولاتی شام ، کاتێك لەوێ مایەوە ، (خوای گەورە ) لوتی وەك پێغەمبەر رەوانەکرد بۆ خەلکەکەی ، چونکە خەلکی ئەوێ بێ باوەر بوون بە (خوای گەورە) وە لە سەر بێ باوەریش کاری ناشرین و قێزە ونیان ئەنجامدەدا ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَـٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ ۖ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٣٠﴾﴾ [العَنكبُوت : ٢٨ - ٣٠] واته : {بانگەوازی لوط پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم -} [ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ ] وە لوطیش - صلی الله علیه وسلم - کاتێك کە بە قەومەکەی خۆی وت: ئێوە بەدڕەوشتی ئەکەن [ مَا سَبَقَكُمْ بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِنَ الْعَالَمِينَ (٢٨) ] بە شێوازێك کە هیچ کەسێك لە جیهاندا پێش ئێوە ئەو کردەوە خراپەی نەکردووە کە نێربازییە، سەرەڕای ئەوەی کە کافر بوون بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیان - صلی الله علیه وسلم - بە درۆزانی نێربازیشیان دەکرد..؟! [ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ ] ئایا ئێوە نێربازی ئەکەن [ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ ] وە ڕێ لە خەڵکی ئەگرن بۆ ئەوەی کە ئەو کارە خراپەیان بە زۆر لەگەڵدا بکەن، یاخود چەتەیی و ڕێگری لە خەڵکی ئەکەن و دەیانکوژن و ماڵیان بە ناحەق دەخۆن [ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ الْمُنْكَرَ ] وە لە شوێنی دانیشتنەکانتاندا کاری خراپ ئەکەن وەکو ئەوەی کە: فیکەو چەقەنەیان لێداوەو، گاڵتەیان بە خەڵك کردووەو، دەنگیان لە کۆمەوە دەرچووەو، قۆپچەکانیان کردۆتەوەو، شەڕە کەڵەشێرو شەڕە بەران و وکۆتربازی¬یان کردووە [ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَنْ قَالُوا ائْتِنَا بِعَذَابِ اللَّهِ ] وەڵامی قەومەکەی هیچ شتێك نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە وتیان: ئەگەر ڕاست ئەکەی تۆ پێغەمبەری خوای با سزای خوای گەورەمان بۆ بێت و سزامان بدات [ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٢٩) ] ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانی..؟! [ قَالَ رَبِّ انْصُرْنِي عَلَى الْقَوْمِ الْمُفْسِدِينَ (٣٠) ] ئەمیش فەرمووی: ئەی پەروەردگار سەرم بخەی بەسەر ئەم قەومە ئاشووبگێڕەدا..؟!

بەلێ قەومەکەی لوت – علیه السلام – هاوشێوەیان نەبووە لە خراپەکاری و کارو کردەوەی قێزەونی لە قەومانی پێش خۆیان هەرچی کاری قێزەون و بەد رەوشتیە ئەنجامیاندەدا ، وەکو بەد رەوشتی و بێ ئەدەبی و بێ ئابرووی بەهایی مرۆڤایەتی ئەویش نێر بازی و رێگری کردن و چەتەو جەردەیی و گالتە کردن بەخەلکی کوشتنی خەلك بەناحەق ، ئەمانە پیشەیان بوو ، سەرەرای باوەر نەهێنانیان بە خوا تاك و تەنها ، هەندێك دەلێن : ئەو قەومە خەریکی بە شەرهاتنی شەرە کەلەشێر و کۆتر بازی بوونە ، لە سەر رێگا کان رادەوەستان جنێویان بەخەلکی دەدا جەلەکانیان قۆچبەکانیان دەکردەوە سینگیان دەردەهێنان بۆ خەلك بە گالتەجاریەوە لە سەر رێگای خەلك رادەوەستان و ئازاری خەلکیان دەدا ، هەروەها لوت – علیه السلام – بانگەوازی بۆ قەومەکەی خۆی دەکرد بە پەرستنی یەك تاپەرستی خوای تاك و تەنها ، بانگەوازی دەکرد بۆ کاری چاکە و دوور کەوتنەوەیان لەم کارە خراپانەی کە ئەنجامیاندەدا ، کەچی ئەوان ئەوەندە ملهوور کەللە رەق عیناد بوون بە قسەیان نەدەکرد ، لوت – علیه السلام – پێ دەفەرموون : بەم کارو کردەوە خراپەکان (خوای گەورە ) سزاتان دەدا ، وازی لێ بهێنان ، ئەوان وەلامیان دەدایەوە دەیان ووت : هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُواْ ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾﴾ [العَنکَبُوت : ٢٩]واتە : وەلامی قەومەکەی هیچ شتێك نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە وتیان: ئەگەر ڕاست ئەکەی تۆ پێغەمبەری خوای با سزای خوای گەورەمان بۆ بێت و سزامان بدات [ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٢٩) ] ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانی..؟!

ئینجا لوت – علیه السلام – داوایی لە (خوای گەورە ) کرد کە سەری بخات بە سەر ئەو قەومە خراپەکارو فاسدەی ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِي عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٣٠﴾﴾ [العَنکَبُوت : ٣٠] واتە : ئەمیش فەرمووی: ئەی پەروەردگار سەرم بخەی بەسەر ئەم قەومە ئاشووبگێڕەدا..؟!

بەلێ بانگەوازی و ئامۆژگاریەکانی لوت – علیه السلام – هیچ سوودێکی نەبوو چونکە زۆر ملهوور بوون وەکو مولحیدەکانی ئەم سەردەمە ، ئەوە بوو لوت – علیه السلام – داوای لە (خوای گەورە) کرد کە کۆمەك و هاوکاری بکات بە سەر ئەم قەومەی خۆی سەری بخات و سزایی خۆی بۆیان رەوانە بکات ، کاتێك (خوای گەورە) ویستی هاورکاری و کۆمەکی پێغەمبەرەکەی خۆی بکات قەومە خراپەکی لە ناو بەرێت ، ئەوە بوو (جبریل) – علیه السلام – لە گەل دوو فریشتەی تر یان ملائیکەی تری رەوانە کرد لەوانە (میکائیل ) – علیه السلام – و (ئیسرافیل ) نارد ..! ! ئەوان لە رووخساری مرۆڤ و وەك پیاوان بەرێکەوتن و بە پی رۆیشتن ، (خوای گەورە ) بە فریشتەکانی خۆی فەرموو: سەرتا برۆنە لای (ئیبراهیم )– علیه السلام – و سارا و ئیسحاق بە دوای ئەو یعقوب دلخۆشیان بکەن ..؟ ! کاتێك رۆیشتنە لای (ئیبراهیم ) وە (ئیبراهیم ) زۆر دلخۆش و شادمان بوو ، لەم کاتە بوو کە بە نزیکەی بانزە رۆژ بوو مێوانی بۆ نەهاتبوو ، ئینجا شادمانی خۆی بۆ نیشاندان ، چونکە ئەو مێوانانەی بینی کە پێشترهیچ مێوانی ئەوا جوان و رێزداری نە بینی بوو ، وە ترس ئەوانی کەوتە دل یەوە ..! ! فریشتەکان پیان فەرموو: مەترسە ..! ! ئێمە فریشتەی (خوای گەورە)ین بەرەو لای قەومەکەی لوت – علیه السلام – دەرۆین ، هاوسەرەکەی ئیبراهیم واتە: سارا وەستابوو ، پێدەکەنی لەوەی سەبارەت بە مەبەستی (خوای گەورە) دەیزانی و لە چارەنووسی قەومەکەی لوت – علیه السلام – رادەما ، ئێمە ئەو ژنەمان بە ئیسحاق مژدەدا و بەدوای ئەو یەعقوب ..! ! ژن لە رووخساری خۆیدا ووتی : هاوار ، ئایا لەم تەمەندا منالم دەبێت..؟! مێردەکەی من کە لێرەدا پیرە ..! ! ئەمە کارێکی سەر سووهێنەرە ..؟! ئیجا فەریشتەکان ووتیان : ئایا لەکاری (خوای گەورە) سەرت سوردەمێنێت ..! ! بەخشینەکان و بەرکەتەکانی (خوای گەورە) بۆ ئێوەیە بۆ ئێوەیە ئەی بنەمالە ، ئەو (خوایەکی گەورە) و شیاوی رێزە ..؟!

هەر وەكو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿ وَلَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُنَآ إِبْرَٰهِيمَ بِٱلْبُشْرَىٰ قَالُواْ سَلَٰمًا ۖ قَالَ سَلَٰمٌ ۖ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ ﴿٦٩﴾ فَلَمَّا رَءَآ أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً ۚ قَالُواْ لَا تَخَفْ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ ﴿٧٠﴾ وَٱمْرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَٰهَا بِإِسْحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسْحَٰقَ يَعْقُوبَ ﴿٧١﴾ قَالَتْ يَٰوَيْلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٌ وَهَٰذَا بَعْلِى شَيْخًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عَجِيبٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوٓاْ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۖ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ ﴿٧٣﴾ ﴾ [هُود : ٦٩ - ٧٣]واتە : {باسی ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -} [ وَلَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى ] وە بە دڵنیایی نێردراوانی (فریشتەكانی) ئێمە ڕۆیشتن بۆ لای ئیبراهیم پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - وە موژدەیان پێدا بە ئیسحاق [ قَالُوا سَلَامًا ] وە سەلامیان لێ كرد [ قَالَ سَلَامٌ ] ئەویش سەلامی لێ كردن و وەڵامی سەلامەكەی دانەوەو وتی بەبەردەوامی سەلامتان لێ بێت (سەلام بە مەرفوعی هاتووە بۆ بەردەوامیە ) [ فَمَا لَبِثَ أَنْ جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ (٦٩) ] زۆری نەخایاندو خێرا ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - گوێرەكەیەكی برژاوی بۆ هێنان..؟! [ فَلَمَّا رَأَى أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ ] كاتێك كە بینی دەستیان پێی ناگات و دەستی بۆ درێژ ناكەن پێی ناخۆش بوو وایزانی بۆ شەڕو خراپە هاتوونە، لەبەر ئەوەی ئەگەر جاران كەسێك بڕۆیشتایەتە ماڵی كەسێك نیازی خراپ بووایە نمەكی نەدەكردن، نەیزانی ئەمانە فریشتەن چونكە لەسەر شێوەی گەنجی جوان هاتبوون، وە فریشتە ناخۆن و ناخۆنەو ئارەزوو شەهوەتیان نیە ( ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - كە باوكی پێغەمبەرانە غەیب نەزانێت چۆن كەسانێكی ئەم سەردەمە غەیب دەزانن؟!!) [ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً ] وە هەستی بە ترس كردو لە دڵی خۆیدا لێیان ترسا [ قَالُوا لَا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ (٧٠) ] ئەوانیش پێیان وت مەترسێ ئێمە فریشتەی خوای گەورەین و بۆ لای قەومی لوط نێردراوین..؟! [ وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ ] خێزانەكەی ئیبراهیمیش بەپێوە ڕاوەستابوو خزمەتی ئەكردن پێكەنی، یاخود وتراوە: لەو كاتەدا كەوتۆتە سووڕی مانگانەوە دوای ئەوەی كە پیرەژنێكی بەساڵاچوو بووە [ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ ] موژدەمان پێیدا بەوەی كە لە ئیبراهیم منداڵی ئەبێت (ئیسحاقی ئەبێت) [ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ (٧١) ] وە لە دوای ئیسحاقیش لە ئیسحاقیش یەعقوب ئەبێت..؟! [ قَالَتْ يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ ]

سارەی خێزانی ئیبراهیم - صلى الله علیه وسلم - وتی: هاوار بۆ خۆم ئایا من منالْم ئەبێ لە کاتێکدا من پیرەژنێکی بەساڵاچووم، کە وتراوە: تەمەنی (٩٠) نەوەد ساڵ بووە [ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا ] ئەمیش مێردەکەمە کە ئیبراهیمە ئەمیش پیرەمێردێکی بەساڵاچووە کە ئەووترێ: تەمەنی (١٢٠) سەدو بیست ساڵ بووە [ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ (٧٢) ] بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە..؟! [ قَالُوا أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ ] فریشتەکان پێیان فەرموو: ئایا تۆ سەرسام ئەبیت لە کارو فەرمانی خوای گەورە [ رَحْمَتُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ ] ئەی ئەم خانەوادەی پێغەمبەرایەتیە ڕەحمەت و بەرەکەتی خوای گەورەتان بەسەردا برژێ [ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَجِيدٌ (٧٣) ] بەراستی خوای گەورە زۆر سوپاسکراوەو خاوەنی بەرزی و بڵندی و پیرۆزیە..؟!

ئەوە بوو کاتێك ترس لە (ئیبراهیم ) — علیه السلام — دوور کەوتەوە و مژدەی پێگەیشت ، ئەوە بوو (ئیبراهیم ) — علیه السلام — دەستی کرد بە پرسیار کردن سەبارەت بە قەومەکەی لوت — علیه السلام — لە (جبریل ) کرد فەرمووی : چی دەبینی ئەگەر لەم شارەدا پەنجا کەس خوا پەرستی لێ بێ ..؟! فریشتەکانیش فەرموویان : ئەگە لە نێوان ئەوان پەنجا کەس خواپەرست هەبن ئەوان سزاو ئەشکەنجە یان ناداد ..!! فەرمووی : ئەگەر چل کەس بن ..؟! فەرموویان: سزاو ئەشکەنجە ناداد ..!! فەرمووی : ئەگەر سی کەس بن ..؟! فەرموویان : سزاو ئەشکەنجەیان ناداد..!! تاکو گەیشت دە کەس پرسیاری کرد ..؟! فەرموویان ئەگە ر دە کەس بن ..؟! فەرمووی : چ سوود لەو قەومەی لە ناویاندا دە کەس باشتر لەوان نەبێت ..؟! ئینجا (ئیبراهیم ) — علیه السلام — فەرمووی: لەم شارەدا لوت هەیە ..؟! فریشتەکانیش فەرموویان : ئێمە زاناترین لەوەی لەم شارەدا کێ هەیە ..؟! بێ گومان ئەو لەگەل بنەماڵەکەی خۆی رزگار دەکەیت جگە لە خێزانەکەی یان هاوسەرەکەی کە لەناو چووەکاندا ماوەتەوە ..؟!

هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُوٓاْ إِنَّا مُهۡلِكُوٓاْ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِۖ إِنَّ أَهۡلَهَا كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ٣١ قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطٗاۚ قَالُواْ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَن فِيهَاۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ٣٢ وَلَمَّآ أَن جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗاۖ وَقَالُواْ لَا تَخَفۡ وَلَا تَحۡزَنۡ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهۡلَكَ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ٣٣ إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ٣٤﴾ [العَنكَبُوت : ٣١ - ٣٤]واتە : [ وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى ] وە كاتێك مەلائیکەت و نێردراوەکانی ئێمە چوون بۆ لە ناوبردنی قەومی لوط - صلى الله عليه وسلم - ، لای ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - لایاندا لەسەر شێوەی مرۆڤ وە موژدەی کوریان پێدا کە کورێکت ئەبێ لە سارە (وەکو لەسورەتی هودو حیجر باسکرا) [ قَالُوا إِنَّا مُهْلِكُو أَهْلِ هَذِهِ الْقَرْيَةِ ] وە بە ئیبراهیمیان - صلى الله عليه وسلم - وتیان: ئێمە خەڵکی ئەم دێیەی قەومی لوط - صلى الله عليه وسلم - لەناو ئەبەین [ إِنَّ أَهْلَهَا كَانُوا ظَالِمِينَ (٣١) ] بەدڵنیایی خەڵکی ئەم دێیە خەڵکێکی زۆر هاوبەشبڕیاردەرو ستەمکارن..؟! {بەردبارن کردنی قەومە بەدڕەوشتەکە} [ قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطًا ] ئەویش فەرمووی: چۆن ئەم دێیە لەناو ئەبەن چونکە لوط پێغەمبەری - صلى الله عليه وسلم - تیایە [ قَالُوا نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَنْ فِيهَا ] وتیان: ئێمە زاناترین بەوەی کە کێ تیایە ئەزانین کەسێکی ئیمانداریشی تیایە [ لَنُنَجِّيَنَّهُ وَأَهْلَهُ ] بەدڵنیایی لوط و - صلى الله عليه وسلم - کەسوکاری واتە: ئەو باوەڕدارانەی کە لەگە ڵیدان هەموویان ڕزگار ئەکەین [ إِلَّا امْرَأَتَهُ ] تەنها خێزانەکەی نەبێ [ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ (٣٢) ] ئەو ئەمێنێتەوە لەناو سزادا وە لە سزاکە ڕزگاری نابێ لەبەر ئەوەی کافر بوو، وە لوط - صلى الله عليه وسلم - میوانی بهاتایا خەڵکی ئاگادار دەکردەوە تا دەستدرێژی بکەنە سەریان..؟! {پێغەمبەرانیش غەیب نازانن!} [ وَلَمَّا أَنْ جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ ] وە کاتێك کە نێردراوانی ئێمە چوون بۆ لای لوط پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - لەسەر شێوەی گەنجی زۆر جواندا پێی ناخۆش بوو [ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا ] وە زۆر دڵتەنگ بوو لەبەر ئەوەی میوانی پیاوی هاتووە ئێستا قەومەکەی بزانن دێن دەستدرێژی ئەکەنە سەریان، نەیزانی ئەمانە فریشتەن (پێغەمبەرانی خوایش غەیبیان نەزانیوە تەنها ئەوەندەی کە خوای گەورە نیشانی دابن، ئیتر چۆن خەڵکی تر بانگەشەی زانینی غەیب دەکەن؟!)

[ وَقَالُوا لَا تَخَفْ ] ئەوانیش خۆیان پێ ناساند کە ئێمە فریشتەین، وە پێیان وت: ئەی لوط - صلی الله علیه وسلم - مەترسێ [ وَلَا تَحْزَنْ ] وە خەفەتیش مەخۆ [ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهْلَكَ ] بەدڵنیایی ئێمە خۆت و کەسوکاریشت (باوەڕداران) ڕزگار ئەکەین [ إِلَّا امْرَأَتَكَ ] تەنها خێزانەکەت نەبێ [ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ (٣٣) ] ئەو ئەمێنێتەوە لەناو سزاکەدا..؟! [ إِنَّا مُنْزِلُونَ عَلَى أَهْلِ هَذِهِ الْقَرْيَةِ رِجْزًا مِنَ السَّمَاءِ ] ئێمە بۆ خەڵکی ئەم دێیە بە فەرمانی خوای گەورە سزایەك لە ئاسمانەوە دائەبەزێنینە سەریانداو بەرد بارانیان ئەکەین (جبریل دێیەکەیانی لە بنچینەوە هەڵکێشاو بەرزی کردەوە بۆ بەرزایی ئاسمان و پاشان وەریگێڕاو فڕێیدایە خوارەوەو لە سەریشەوە بەردباران کران و لەناوبران) [ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ (٣٤) ] بەهۆی ئەوەی کە فیسق و تاوان و کردەوەی خراپیان کردووە..؟!

بەلێ فریشتەکان بەرەو سەدووم بەرێکەوت کە شوێنی نیشتەجێ بوونی قەومەکەی لوت – علیه السلام – بوون ، کاتێك گەیشتن بینیان وا پێغەمبەر لوت – علیه السلام – لە سەر زەوی کاری رۆژانەی خۆی دەکات ، هەروەها (خوای گەورە) بە فریشتەکانی فەرموو : ئەو قەومەی لوت – علیه السلام – لە ناو نەبەن هەتاکو لوت – علیه السلام – چوار جار بە زمانی رەزامەندی دەرنەبری لە سەر لە ناو بردەنی قەومەکەی خۆی ، ئەوانیش واتە: فریشتەکانیش رۆشتنە لای پێغەمبەر لوت – علیه السلام – پێیان فەرموو : ئێمە ئەم شەو مێوانی تۆین ..؟! ئەویش ئەوانی بردەوە مالەکەی خۆی ، لوت – علیه السلام – دوایی ماوەیەك رووی تێکردن و ووتی : ئایا دەزانن خەلکی ئەم شارە یان ئەم گوندە چی دەکەن ..؟! بە خوا لە سەر زەوی لەمان ناپاکتر و خراپتر و قێزەونتر ناناسم ..!! ئەمانەی چوار جار هێنایە سەر زمانی خۆی ، چوار جار دووبارەی کردەوە..!!

دەستەیەك دەڵێن : بەم شێوەیە نەبوو ، بەڵكو فریشتەكان چاویان بەكچەكەی كەوت و پێیان ووت : كیژۆلە یان كچەكە ئایا لێرەداماڵێك هەیە ..؟! ئەویش ووتی : هەیە ، لێرەدا بمێننەوەو مەیێنە ناو ماڵەكە تا خۆم دەگەڕێمەوە لای ئێوە ، ئەو لە خەڵكەكەی خۆیان دەترسا ، هەتا لای باوكی ووتی : ئەی باوكە چەند گەنجێكم لە دەروازەی شار بینی كە لەوان جوانترم هەر گیز نەبینیوە ، نەوەك خەڵكە كەی تۆ یان قەومەكەی تۆ ئەوان بگرن و ریسوایان بكەن ..؟!چونكە قەومەكەی ئاگاداریان كردبوویەوە كەوا نابێت پێغەمبەر لوت – علیه السلام– مێوان لە خۆ بگرێ، بەلام ئەو ئەوانی هێنایە ماڵەوە و جگە لە ئەندامانی خێزانەكەی و كەس و كارەكەی خۆی لەم كارە ئاگادار نەبوون ، بەلام ژنەكەی یان هاوسەرەكەی لوت – علیه السلام – چووە دەرەوە و ناپاكی لە پێغەمبەر لوت – علیه السلام– كرد مێوانەكانی لە قەومەكەی ئاگادار كردەوە هەواڵەكەی بلاو كردەوە ، بە خەڵكەكەی ووت : چەند كەسێك هاتونەتە مێوانی ئێمە جوانتر و خۆشبۆنترم لەوان تا ئێستا نەبینیوە ، ئینجا خەڵكی شارەكە بەپەلە بەرەو لای ئەوان ریانكرد و رۆشتن ، ئینجا لوت فەرمووی :ئەی خەڵكینە لە (خوای گەورە) بترسن و بە توند و تیژی ، من و مێوانەكانم ریسوا مەكەن ، ئایا لەناو ئێوەدا پیاوێكی بە هێز و خۆراگر نیە ..؟! هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا وَقَالَ هَٰذَا يَوۡمٌ عَصِيبٞ ۝٧٧ وَجَآءَهُۥ قَوۡمُهُۥ يُهۡرَعُونَ إِلَيۡهِ وَمِن قَبۡلُ كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطۡهَرُ لَكُمۡۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ فِي ضَيۡفِيٓۖ أَلَيۡسَ مِنكُمۡ رَجُلٞ رَّشِيدٞ ۝٧٨﴾ [هُود : ٧٧ - ٧٨] واتە : {باسی لوط پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -} [ وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا ] وە كاتێك ئەم فریشتانە لەلای ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - دەرچوون و رۆیشتن بۆ لای لوط پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - كە چەند فەرسەخێك لێك دوور بوونە [ سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا ] لوط - صلى الله عليه وسلم - پێی ناخۆش بوو كە میوانی هات، وە دڵی تەنگ بوو لەبەر قەومەكەی كە قەومێكی خراپ بوون [ وَقَالَ هَذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ (٧٧) ] وە فەرمووی: بەڕاستی ئەمە رۆژێكی سەختە لەبەر ئەوەی زانی كە قەومەكەی دێن بۆ ئەوەی دەستدرێژی بكەنە سەر

میوانەکانی..؟! [ وَجَاءَهُ قَوْمُهُ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ ] خێزانی لوط پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - کافر بوو ڕۆیشت قەومەکەی ئاگادار کردەوە لە مێوانەکانیان ئەوانیش بە پەلەو هەروەلە هاتن بۆ ئەوەی کە دەستدرێژی بکەنە سەر میوانەکانی لەبەر ئەوەی قەومێکی بەدڕەوشت بوون [ وَمِنْ قَبْلُ كَانُوا يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ ] وە پێشتریش ئەمان هەر حاڵیان وابوو کە نێربازیان ئەکرد [ قَالَ يَا قَوْمِ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي ] لوطیش - صلى الله عليه وسلم - بۆ ئەوەی کە دووریان بخاتەوە وتی: ئەی قەومی خۆم ئەوە کچانی منن، واتە: کچی هۆزو عەشیرەتەکەی کە ئەم وەکو باوکیان وایە [ هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ ] ئەمانە بۆ ئێوە پاکترن بەحەڵاڵی بیانهێنن و مارەیان بکەن [ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي ] وە تەقوای خوای گەورە بکەن و لە خوا بترسێن، وە سەرشۆڕم مەکەن بەرامبەر میوانەکانم [ أَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَشِيدٌ (٧٨) ] ئایا کەسێکی باشتان تیا نیە کە ڕێگریتان لێ بکات لەم کارە ناشیرینەو ڕێنماییتان بکات بۆ ڕێگای ڕاست..؟!

**بەلێ لوت – عليه السلام – بانگی قەومەکەی خۆی دەکرد کە لە خراپە کاری بەدرەوشتی کاری قێزەونی دوور دەخستەوە ، بەردەوام بۆ چاکە بانگی دەکردن ، دەی فەرموو : ئەمە کچکانی من ، بۆ ئێوە پاکترن لەوەی دەتانەوێت ..!! قەومەکەی ووتیان: تۆ دەزانیت ئێمە حەزمان لە کچەکانی تۆ نیە ، بێ گومان دەزانی چیمان دەوێت ..؟! ئیجا ئەوانیش بە لوت – عليه السلام – یان دەووت :ئایا بە تۆمان نەووت : هیچ کەس مێوان رانەگرێت ..؟! هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى:** ﴿وَقَضَيۡنَآ إِلَيۡهِ ذَٰلِكَ ٱلۡأَمۡرَ أَنَّ دَابِرَ هَٰٓؤُلَآءِ مَقۡطُوعٞ مُّصۡبِحِينَ ٦٦ وَجَآءَ أَهۡلُ ٱلۡمَدِينَةِ يَسۡتَبۡشِرُونَ ٦٧ قَالَ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ ضَيۡفِي فَلَا تَفۡضَحُونِ ٦٨ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ ٦٩ قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ نَنۡهَكَ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٧٠﴾ [الحِجر : ٦٦ - ٧٠]واتە : [ وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ ذَلِكَ الْأَمْرَ ] ئەم شتەمان بە وەحی بۆ لوط - صلى الله عليه وسلم - نارد کە قەومەکەی لەناو ئەچێ [ أَنَّ دَابِرَ هَؤُلَاءِ مَقْطُوعٌ مُصْبِحِينَ (٦٦) ] کە بە دڵنیایی ئەم قەومەی تۆ دوایان ئەبڕینەوە لە بەرەبەیاندا..؟! [ وَجَاءَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ (٦٧) ] خەڵکی شارەکەش لە کافرانی قەومی لوط کاتێك زانیان میوانی هاتووە بە موژدەو دڵخۆشیەوە هاتن بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر میوانەکانی لوط - صلى الله عليه وسلم -..؟!{لوط پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - غەیب نازانێتو فریشتەکان

ناناسێت} [ قَالَ إِنَّ هَؤُلَاءِ ضَيْفِي فَلَا تَفْضَحُونِ (٦٨) ] لوط - صلى الله عليه وسلم - پێش ئەوەی بزانێت ئەمانە فریشتەن فەرمووی: ئەمانە میوانی منن ئێوە ئابڕووم مەبەن بەوەی کە دەستدرێژی بکەنە سەریان..؟! [ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ (٦٩) ] وە لە خوای گەورە بترسێن و سەرشۆڕم مەکەن کە دەستدرێژی بکەنە سەر میوانەکانم..؟! [ قَالُوا أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ (٧٠) ] وتیان: ئەی لوط - صلى الله عليه وسلم - ئایا ئێمە پێشتر تۆمان قەدەغە نەکرد لەوەی کە نابێ ئیتر میوانت بێت، یاخود پێمان نەوتیت ئەگەر میوانت هات نابێ ڕێگریمان لێ بکەی لە دەستدرێژی کردنە سەریان..؟!

بەڵێ کاتێك بە قسەکانی و بانگەوازیەکەی لوت – علیه السلام – رازی نەبوون ، ئینجا ئەویش فەرمووی : خۆزگە دەسەلاتی ئێوەم دەبوو یان دەبوومە ستوونێکی بەهێز ، واتە : خۆزگە هاوەل یان کەس وکارم دەبوو تا هاوکاریان دەکردم و منیان لە ئێوە رزگار دەکرد یان پەنا دەدا ..! ! هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿قَالَ لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً أَوۡ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكۡنٖ شَدِيدٖ ﴿٨٠﴾﴾ [هُود : ٨٠] واتە : [ قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً ] لوط - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئای خۆزگە ئەگەر تواناو هێزم دەبوو کە دەرم بکردنایەو ڕەتتانم بکردایەتەوە [ أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ (٨٠) ] یان پەنام ببردایە بۆ شوێنێکی زۆر پارێزراو کە مەبەست پێی عەشیرەتە ئەگەر عەشیرەت و هۆزێکم هەبوایە کە منیان بپاراستایە لە دەست ئێوە ئەو کاتە ئەمزانی کە چیم لێ ئەکردن..؟!

کاتێك لوت – علیه السلام – ئەمەی فەرموو ، ئینجا فریشتەکان دلیان بۆی سوتا و ئەوان فەرموویان : ستونەکەی تۆ زۆر بەهێز ، (خوای گەورە ) هیچ پێغەمبەرێکی نەنارد مەگەر ئەوەی لەناو دارییەکی فراوان کە ئەوەی لە خەلکانیتر بێ نیاز دەکرد و دژێکی بەهێز لە خزم و کەس و کار کە بوونە هاورێ و هاوەلانی ، لوت – علیه السلام – دەرگاکەی بەست و ئەوان دەستیان بەراوێژ کردن و چارەسەر کردن و لوت – علیه السلام – دەرگاکەی کردەوە و ئەوان هاتنە ناو ، ئەوە بوو (جبریل ) – علیه السلام – لە (خوای گەورە ) فەرمانی سزادانی یان لە ناو چوونی قەومەکەی لوت – علیه السلام – وەرگرت ...

ئینجا (جبریل) – علیه السلام – باڵەكانی خۆی كردەوە و هەموو قەومە ستەمكارەكەی كوێر كرد..!! ئەوان هاتنە دەرەو یەكتریان نە دەبینی یەكتریان پێشێل كرد چونكە كوێر بوون و دەیان ووت : خێراكەن و خۆتان رزگار بكەن لە مالی لوت – علیه السلام – جادووگەر ترین كەسانی سەر زەوی دانیشتوون ..!! ئینجا فریشتەكان : بە لوت – علیه السلام – یان فەرموو : ئێمە نێردراوی پەروەردگاری تۆین ، دەستی ئەوان بە تۆ ناگات ..!! ئینجا فریشتەكان بە لوت – علیه السلام – فەرموو : تۆ برۆ كەس و كارەكەی خۆت ئەوانەی ئیماندارو شوێنكەوتووی خۆتن ببە دەرەوە ، فەرموویان پێی : كەس لە ئێوە نامێنێتەوە ، هاوسەرەكەت كە ناپاك و كافرە لەگەل ئەوانەی شارەكە كە بێ باوەرو خراپەكار بوونە ، ئەو سزایەیان پێدەگات ، وە فەرموویان : كاتی سزادانی قەومەكەی تۆ بەرەبەیانە ..!! ئایا بەرە بەیان نزیك نیە ..؟! هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالُواْ يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَۖ فَأَسۡرِ بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ٨١﴾ [هُود : ٨١]واتە : [ قَالُوا يَا لُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ ] ئەو كاتە فریشتەكان هاتنە وەڵام وتیان: ئەی لوط - صلى الله علیه وسلم - ئێمە فریشتەو نێردراوی خوای گەورەین، (لوط - صلى الله علیه وسلم - غەیبی نەزانی و تا فریشتەكان خۆیان نەناساند نەیناسین ئەی ئیتر خەڵكی تر چۆن غەیب دەزانن؟!) [ لَنْ يَصِلُوا إِلَيْكَ ] ئەوان توانای ئەوەیان نیە بگەن بە تۆ و دەستدرێژی بكەن، جبریل دەرچووە دەرەوەو باڵی كێشا بە دەموچاویانداو كوێری كردن و گەڕانەوە [ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ ] (أَهْلِكَ) واتە: ئەو موسڵمانانەی لەگەڵتان لەم دێ یە بە شەو دەریان بكە [ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ ] لە بەشێك لەشەودا لە كۆتایی شەودا دەریان بكە [ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ ] وە كاتێك كە ڕۆیشتن كەس ئاوڕ نەداتە دواوە لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئێمەی بۆ سزای ئەو قەومە ناردووەو سزایان دەدەین [ إِلَّا امْرَأَتَكَ ] تەنها خێزانەكەت نەبێ با ئەویش لەناو كافراندا بمێنێتەوە لەبەر ئەوە ی ئەویش كافرو بێباوەڕ بوو وە هانی قەومەكەی ئەداو پێی ئەووتن كە میوانمان هاتووە [ إِنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ ] ئەو سزایەی تووشی قەومەكەت دەبێت خێزانەكەیشت دەگریتەوە [ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ ] بە دڵنیایی كاتی لەناوبردنی ئەوان بەرەبەیانە [ أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ (٨١) ] بەڕاستی بەرەبەیان نزیكە

کاتێك ئەزانی دێت و سزایان ئەدەین..؟! **هەروەها فریشتەکان فەرموویان : بە لوت – علیه السلام – ئەوانەی لەگەل یان بوون ، برۆنە بۆ ئەو ڕێگە و ئەو شوێنە کە فەرمانتان پێ دەدەن ..!!**

**هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت :** قال تعالی: ﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ ٱلَّيْلِ وَٱتَّبِعْ أَدْبَٰرَهُمْ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ وَٱمْضُوا۟ حَيْثُ تُؤْمَرُونَ ﴿٦٥﴾﴾ [الحِجر : ٦٥]واته : [ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ ] وەکەسوکارو شوێنکەوتوانت لە بەشێکی تاریکی شەودا بەرە [ وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ ] خۆت لە دوای هەموویانەوە برۆ نەوەکو کەس بەجێ بمێنێ [ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ ] وە با کەس لە ئێوە ئاوڕ نەداتە دواوە نەوەکو سزاکە ببینێ و دوا بکەوێ [ وَامْضُوا حَيْثُ تُؤْمَرُونَ (٦٥) ] وە چۆن فەرمانتان پێ کراوە بۆ ئەو شوێن و ئاراستەیە بۆ ئەوێ برۆن، کە وتراوە: بۆ لای ئیبراهیم پێغەمبەر بوو - صلی الله علیه وسلم -..؟! **هەروەها (خوای گەورە ) دەفەرمووێت :** قال تعالی: ﴿قَالَ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِىٓ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿٧١﴾ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِى سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿٧٢﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ ﴿٧٣﴾ فَجَعَلْنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ ﴿٧٤﴾﴾ [الحِجر : ٧١ - ٧٤]واته: [ قَالَ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ (٧١) ] لوط - صلی الله علیه وسلم - فەرمووی: ئا ئەمانە هەمووی کچی منن، واتە: کچی قەومەکەمن (ئەم وەکو باوکیان وایە) ئەگەر ئێوە ئەتانەوێ و حەزتان لەو شتەیە برۆن مارەیان بکەن و بیانخوازن بەحەلاڵی، بەڵام ئەمە حەرامە ئەنجامی مەدەن..؟! [ لَعَمْرُكَ ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: سوێند بێ بە تەمەن و ژیانی تۆ ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - (خوای گەورە بۆی هەیە بە هەر شتێك سوێند بخوات سوێند ئەخوات بەڵام ئێمە دروست نیە سوێند بە غەیری خوای گەورە بخۆین و شەریك دانانە بۆ خوای گەورە) [ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ (٧٢) ] ئەوان وەکو سەرخۆشیان لێ هاتووەو ئاگایان لە خۆیان نەماوەو بێئاگا بوونەو لە گومڕایی خۆیاندا یاری دەکەن و خەڵافاون و گەوزاون..؟! {خوای گەورە سزای بەدڕەوشتانی داو بەردبارانی کردن} [ فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ (٧٣) ] خوای گەورە سزای دان بە دەنگێکی گەورە لە کاتی ڕۆژهەڵاتندا..؟! [فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا ] وە دێ یەکەیانمان ئەمدیو و ئەمدیو کردو بەرزیەکەیمان کردە نزمی و بردمانە ئاسمان وە بەرمان دایەوە [ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ (٧٤) ] وە دواتریش لە بانیشەوە بەردبارانمان کردن بە بەردێك لە قوڕێکی سوورەوەکراو بە ئاگری دۆزەخ..؟! **هەروەها لە**

سورەتی هود ،(خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿ قَالُواْ يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَۖ فَأَسۡرِ بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ٨١ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ٨٢ ﴾ [هُود : ٨١ - ٨٢]واتە: [ قَالُوا يَا لُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ ] ئەو کاتە فریشتەکان هاتنە وەڵام وتیان: ئەی لوط - صلى الله عليه وسلم - ئێمە فریشتەو نێردراوی خوای گەورەین، (لوط - صلى الله عليه وسلم - غەیبی نەزانی و تا فریشتەکان خۆیان نەناساند نەیناسین ئەی ئیتر خەڵکی تر چۆن غەیب دەزانن؟!) [ لَنْ يَصِلُوا إِلَيْكَ ] ئەوان توانای ئەوەیان نیە بگەن بە تۆ و دەستدرێژی بکەن، جبریل دەرچووە دەرەوەو باڵی کێشا بە دەموچاویانداو کوێری کردن و گەڕانەوە [ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ ] (أَهْلِكَ) واتە: ئەو موسڵمانانەی لەگەڵتان لەم دێ یە بە شەو دەریان بکە [ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ ] لە بەشێك لەشەودا لە کۆتایی شەودا دەریان بکە [ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ ] وە کاتێك کە ڕۆیشتن کەس ئاوڕ نەداتە دواوە لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئێمەی بۆ سزای ئەو قەومە ناردووەو سزایان دەدەین [ إِلَّا امْرَأَتَكَ ] تەنها خێزانەکەت نەبێ با ئەویش لەناو کافراندا بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی ئەویش کافرو بێباوەڕ بوو وە هانی قەومەکەی ئەداو پێی ئەووتن کە میوانمان هاتووە [ إِنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ ] ئەو سزایەی تووشی قەومەکەت دەبێت خێزانەکەیشت دەگریتەوە [ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ ] بە دڵنیایی کاتی لەناوبردنی ئەوان بەرەبەیانە [ أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ] بەڕاستی بەرەبەیان نزیکە کاتێك ئەزانی دێت و سزایان ئەدەین..؟! {خوای گەورە سزای قەومە بەدڕەوشتەکەی داو لە ناوی بردن} [ فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا ] کاتێك سزای خوای گەورە یان بۆ هات لە خۆرکەوتندا [ جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا ] ئەوانەی کە بەرز بوون نزممان کردنەوە، واتە: ئەو دێ یەیان هەڵکەندو بردیانە ئاسمان و بەریاندایە خوارەوەو ژێرو ژووریان کردن [ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ مَنْضُودٍ ] وە لە بانیشەوە بەرد بارانمان کردن بە خشتی سوورەوەکراوی گەورە (مَنْضُودٍ)یش واتە: یەك لە دوای یەك..؟! ئینجا لوت – عليه السلام – ئەوانەی لەگەلی دابوون (خوای گەورە ) ئەوانی بردە ولاتی شام ، پاشان لوت – عليه السلام – فەرمووی : هەر ئێستا کە ئەوان واتە : قەومە خراپەکە م لە ناو ببەن ..! ! کاتێك بەرەبەیان گەیشت (جبريل ) – عليه

السلام ح– یان (میکائیل) – علیه السلام– باله کانی خۆی کرده ژێر سەر زەویەکەی ئەوان و پێنچ گەرەکە کەی یان شارەکەی ئەوانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوی ، بە شێوەیەك ئاسمانیەکان دەنگ و ئاوازی کە لە شێرەکانیان و نووزەو لوورەی سەگەکانی ئەوانیان بیست ..! ! ئەوانیان سەراو ژێر کرد پاشان بەرد بارانی ئەوان دەستی پێ کرد (سجیل) و ئەو کەسانەی لە دەرەوی شارەکەش بوون لە ناو چوون ، ژنەکەی یان هاوسەرەکەی لوت – علیه السلام – ئەو دەنگەی بیست و ووتی : هاوار خەلکەکەم ..! ! بەردێکی گەورەش هاوسەرەکەی لوت – علیه السلام – گەوت ئەوی کوشت لە ناوی برد ، پاشان (خوای گەورە) لوت – علیه السلام – ئەو کەسانەی لەگەلی بوون رزگاری کردن ، مەگەر ئەوانەی لە ناو برد کە خراپەکارو بەد رەوشت بوون لە گەل هاوسەرەکەی لوت – علیه السلام – دەگێرنەوە دەلێن : لەم شارەی قەومەکەی لوت – علیه السلام – دەژیان ژمارەیان بە نزیکەی چوار سەد هەزار کەس د بوو ، چونکە ئیبراهیم – علیه السلام – بەم شارەی سدووم تێدەپەری دەی فەرموو : ئەم شارە لە بەر خراپی خەلکەکەی لە ناو دەچێت ..! ! دەلێن : گوندو دێهاتەکانی قەومەکەی لوت یان شارەکانی پێنچ دانە بوونە وەکو (سدووم ، سەبعە ، عەمرە ، دوما ، سەعوە) بەلام شاری سدووم گەورەترین شارەکەیان بووە ..؟! هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ ۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٍ ۝٨٣﴾ [هُود : ٨٣]واتە : [ مُسَوَّمَةً عِنْدَ رَبِّكَ ] هەمووی نیشانکرا بوو لەلایەن خوای گەورەو ناوی هەموویانی پێوەبوو، هەربەردەو ناوی ئەو کەسەی لەسەر بوو کە لێی دەدا [ وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ (٨٣) ] وە ئەم سزایەش لە زاڵمان و ستەمکاران دوور نیە، واتە: هەر قەومێك ئەم پیشە خراپە ئەنجام بدەن نزیکە خوای گەورە هەمان سزایان بداتەوە، یاخود قەومی لوط دوور نین لەبەر ئەوەی لە نێوان شام و مەدینەدان و خەڵکی مەککە خۆتان بەسەریاندا تێ ئەپەڕن..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## نۆیەم: ستەمکار

## قەومەکەی (مەدین ) یان (شعیب )

بەلێ دەگێرنەوە دەلێن : ناوی پێغەمبەر شعیب – علیە السلام – ئەمە بووە (یەسرون کوری زەیعون کوری عەناق کوی سابت کوری مودیەن کوری ئیبراهیم ) یان (شعیب کوری میکیل ) بووە ، لە خاو خێزان و بنەمالەکەی زۆریان باوەریان بە پێغەمبەر ئیبراهیم – علیە السلام – هێنابوو ، وە لەگەل ئیبراهیم بۆ ولاتی شام کۆچیان کرد ، بەلام دەلێن : شعیب کوری کچی پێغەمبەر لوت – علیە السلام بووە ، بەم پێیە داپیرەی پێغەمبەر شعیب – علیە السلام – کچی پێغەمبەر لوت – علیە السلام بووە ، دەلێن : پێغەمبەر شعیب نابیناو کوێر بووە بەم هۆیەوە بەلاوازی سەیریان کردووە ، هەر وەکو لاوازی شعیب – علیە السلام – لەم ئایەتەدا باسکراوە کە (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿قَالُواْ يَٰشُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفٗاۖ وَلَوۡلَا رَهۡطُكَ لَرَجَمۡنَٰكَۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡنَا بِعَزِيزٖ ٩١﴾ [هُود : ٩١] واتە : [ قَالُوا يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ ] وتیان: ئەی شوعەیب ئێمە تێناگەین لە زۆرێك لەو هەواڵ و شتانە ی کە تۆ باسی ئەکەیت لە باسی زیندوو بوونەوەو قیامەت (هەرچەندە شوعەیب پێغەمبەر - صلى الله علیه وسلم - بە وتاربێژی پێغەمبەران ناسرابووە لەبەر رەوانبێژی و زمانپاراوی) [ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا ] وە ئێمە تۆ ئەبینین کە لەناو ئێمەدا لاوازو بێدەسەڵاتی و تەنهایت، وە وتراوە نابینا بووە [ وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ ] وە ئەگەر عەشیرەت و هۆزەکەت نەبوایە ئێستا بەردبارانمان ئەکردیت [ وَمَا أَنْتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ (٩١) ] وە تۆ لەلای ئێمە عیززەت و دەسەڵاتت نیە..؟!

لە (ابن ئیسحاق ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : هەر کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ باسی پێغەمبەر (شعیب ) – علیە السلام– ی دەکرد ، دەی فەرموو: ووتاربێژی یان ختیبی پێغەمبەران بووە ، وە لەگەل قەومەکەی خۆی بەشێوەیەکی پاراو قسەی دەکرد و کاتێك سەر کێشی و ستەمکاری قەومەکەی درێژەی کێشا و بیر خستنەوەکانی شعیب بۆ سزا (خوای گەورە) کاریگەریان نەبوو ، (خوای گەورە ) مەبەستی ئەوەی کرد لە ناویان ببات و سزاو ئازاری رۆژی سێبەری بۆ رەوانە کردن ..؟!

بەلێ پێغەمبەر شعیب – علیه السلام– بۆ لای قەومی یان خەلكی مەدین رەوانە كرا ،وە ئەم قەومە خوایەكانی (ئەیكە ) یان دەپەرستی ، كە (ئەیكە ) داری چرو پر بوون ، ئەوان باوەریان بە خوای تاك و تەنها نەبوو ، وە لە تەرازو پێوانە كێشان ناپاكیان دەكرد خیانەتیان لێ دەكرد، شت ومەكەكانیان بە سووكی دەیان كری ، لە سەر میزان و پێوانە كێشان فێلیان دەكرد ، یان شت و مەكی یەكتریان بەكەم حیساب دەكرد ، لە كاتی فرۆشتنیش زیادیان دەكرد ، مال و سامانی خۆیان لە رێگەی حەرامە وە بەدەست دەهێنا ، بەلام (خوای گەورە ) ژیانی بۆ ئەوان فەراهەم كردبوون وە ژیانی دونیایی بۆ بەربلاو كردبوون ، چونكە دەرفەت بە نا سوپاسی كردن ئەوان بدات و لە گەل هەموو ئەمانە ، رۆژگاری بۆ ئەوان درێژ كردبوو ، بەردەوام پێغەمبەر شعیب – علیه السلام – ئامۆژگاری دەكردن بانگەوازی چاكەی بۆ دەكردن ، هەروەها ئاگاداری دەكردنەوە لەو كارو كردەوە خراپانەی ئەنجامیاندەدا ، وە هانیدەدان بۆ خواپەرستی تاك و تەنها ، وە دوور كەونەوە لە كارە كردەوە فروفێلانە لە كێشان پێوانەو میزانەكانیان دەیان كرد ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ وَلَا تَنقُصُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَۖ إِنِّيٓ أَرَىٰكُم بِخَيۡرٖ وَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ مُّحِيطٖ ﴿٨٤﴾ وَيَٰقَوۡمِ أَوۡفُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ﴿٨٥﴾﴾ [هُود : ٨٤ - ٨٥]واتە : {بەسەرهاتی شوعەیب پێغەمبەر – صلى الله علیه وسلم - و قەومەكەی} [ وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ] بۆ لای قەومی مەدیەن كە لە نێوان حیجازو شام نیشتەجێ بوون شوعەیب پێغەمبەرمان نارد - صلى الله علیه وسلم - كە ئەمیش لە خۆیان بووە [ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ] ئەمیش وتی: ئەی قەومی خۆم بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بكەن و خوا بپەرستن و شەریك بۆ خوا دامەنێن لەبەر ئەوەی جگە لە زاتی پیرۆزی الله هیچ پەرستراوێكی تری حەقتان نیە شایەنی پەرستن بێت [ وَلَا تَنْقُصُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ ] وە پێوانەو كێشانەتان كەم مەكەن بەجوانی و تەواوی بەخەڵكی بدەن [ إِنِّي أَرَاكُمْ بِخَيْرٍ ] وە من ئەبینم كە ئێوە خوای گەورە رزق و رۆزیەكی فراوان و زۆری پێ بەخشیون [ وَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُحِيطٍ (٨٤) ] من لەوە ئەترسێم ئەگەر ئێوە لەسەر ئەم كارانە بەردەوام بن خوای گەورە

سزایەکتان بدات لە ڕۆژێکدا کە سزای خوای گەورە دەورتان بدات و شوێنی ڕاکردن و پەناتان نەبێ بۆی ڕا بکەن..؟! [ وَيَا قَوْمِ أَوْفُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ] وە ئەی قەومی خۆم کێشانەو پێوانەتان با بە دادپەروەری بێت و نوقستانی مەکەن و فێڵی تیا مەکەن [ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ ] وە کە شتومەك بەخەڵکی ئەدەن بە کەمی پێیان مەدەن [ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ (٨٥) ] وە لەسەر زەویشدا ئاشووب مەنێنەوەو ئاشووب بڵاو مەکەنەوەو ڕێگری و چەتەیی مەکەن (کە پیشەیان بووە)..؟!

لە (ابن عباس ) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕیتەوە سەبارەت بەو سزایەی کە (خوای گەورە ) بۆ قەومەکەی پێغەمبەر شعیب – علیە السلام – ڕەوانەی کرد ، ئەویش ئەو سزایە بووە ، کە لە قورئانی پیرۆز بە سزایی سێبەر ، دەڵێت : (خوای گەورە ) گەرمایەکی زۆر تاقەت پرکێنی ڕەوانە کرد واتە: بایەکی زۆر گەرم ئاگری لە گەلدا بووە ، ئەوان هەناسەیان لێ تەنگ بوو ، پەنایان بۆ ماڵە کانیان برد و گەرما بایی بەهێز چووە ناو ماڵەکانیان ، لە ماڵەکانیان پەنایان بۆ سارا برد و (خوای گەروە ) هەرێکی ڕەوانە کرد کە سێبەری بۆ دروست کردن ، زۆر فێنك و سارد بوو ، بانگی یەکیان کرد کاتێك لە ژێر هەورەکە کۆبوونەوە ، (خوای گەورە ) ئاگرێکی ڕەوانە کرد ، ئەمانە سزاو ئازاری ڕۆژی سێبەرەکە ئازارێکی یەکجار ناخۆش بە ئازار بوو ..؟!

هەر وەك (خوای گەروە ) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٨٩﴾﴾ [الشُّعَرَاء : ١٨٩] واتە : [ فَكَذَّبُوهُ ] ئەوان شوعەیبیان - صلی الله علیه وسلم - بەدرۆیان زانی [ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ ] وە خوای گەورە سزای دان لە ڕۆژی سێبەرەکە، حەوت ڕۆژ توشی گەرمایەکی سەخت بوون هیچ سێبەرێك نەبوو بچنە ژێریەوە، خوای گەورە پارچەیەك هەوری نارد سێبەری بۆ کردن، وایانزانی سێبەرە هەموویان چوونە ژێری و کۆبوونەوە، خوای گەورە لەو هەورەوە ئاگرو بڵێسەیەکی گەورەی باراندە سەریان وەکو خۆیان داوایان کرد، وە زەوی لە ژێریاندا هەژاند، وە دەنگێکی گەورەی ناردو گیانی کێشان و لە ناوی بردن [ إِنَّهُ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٨٩) ] بە دڵنیایی ئەوە سزای ڕۆژێکی زۆر سەخت و گەورە بوو..؟!

دەستەیەك لە زانایان دەڵێن : قەومەكەی پێغەمبەر شعیب یەكێك لە سنوورەكانی (خوای گەورەیان ) بەزاند ، ئەوە بوو (خوای گەورە ) رۆژی ئەوانی درێژ كرد یان زیادی كرد و دووبارە سنووریان بەزاند ، (خوای گەورە ) رۆژی ئەوانی فراوان كرد بەم شێوەیە سنوورەكانی (خوای گەورە )یان دەبەزاند ، كاتێك (خوای گەروە ) مەبەستی ئەوەی كرد كە ئەو قەومە لە ناو ببات ، گەرمایەكی سوتێنەری بۆ رەوانە كرن ، كە ئۆقرەی لێ برین و سێبەر ئاو چارەی دەردی نە كردن ، یەكیان رۆشت و لە ژێر سێبەر هەورێك جێگەی گرت و ئارام بوویەوە ، بانگی هاورێكانی خۆی كرد و هەموویان بە پەلە روویان تێكرد ، كاتێك كۆبوونەوە ، (خوای گەروە ) ئاگری بەسەر باراندن و ئەم سزاو ئازاری رۆژی سێبەرە ..؟!

هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٧٦ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ شُعَيۡبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ١٧٧ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ١٧٨ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ١٧٩ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٨٠ ۞ أَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلۡمُخۡسِرِينَ ١٨١ وَزِنُواْ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِ ١٨٢ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ١٨٣﴾ [الشُّعَرَاء : ١٧٦ - ١٨٣] واتە :{گفتوگۆی نێوان شوعەیب پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و قەومەكەی} [ كَذَّبَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ الْمُرْسَلِينَ (١٧٦) ] (ئەصحابی ئەیكە واتە: قەومی شوعەیب پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - كە دارێكیان ئەپەرست لای (مەدیەن) خوای گەورە ئەفەرمووێ: ئەوانیش سەرجەم پێغەمبەرانیان بەدرۆ زانی..؟! [ إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ (١٧٧) ] شوعەیب - صلى الله عليه وسلم - پێی فەرموون: ئەوە بۆ تەقوای خوای گەورە ناكەن بەوەی كە ئیمان بێنن..؟! [ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (١٧٨) ] من پێغەمبەرێكی ئەمینم بۆ ئێوەو پەیامی خوای گەورەتان وەكو خۆی پێدەگەیەنم بەبێ زیادو كەم..؟! [ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٧٩) ] دەی ئێوە تەقوای خوای گەورە بكەن وە گوێڕایەڵی من بكەن..؟! [ وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ] وە من داوای هیچ ئەجرو پاداشتێك لە ئێوە ناكەم لەسەر گەیاندنی دینەكە [ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٨٠) ] بەڵكو ئەجرو پاداشتی من تەنها لەسەر پەروەردگاری هەموو جیهانەو ئەو ئەجرو پاداشتم ئەداتەوە..؟!

[ أَوْفُوا الْكَيْلَ ] با کێشانەو پێوانەتان بەتەواوی بێت [ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ (١٨١) ] وە لەو کەسانە مەبن کە لە فرۆشتندا بە کەمی و سوکی ئەیکێشن و کەم بە خەڵکی ئەدەن، بەڵام بۆ خۆیان بیکڕن بە قورسی دەیکێشن..؟! [ وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ (١٨٢) ] وە بە پێوانەو کێشانەو تەرازویەکی دادپەروەرانە شت بە خەڵکی بدەن و حەقی خۆیان پێ بدەن..؟! [ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ ] وە شتێکتان بە خەڵکدا مافی خەڵکی بە کەم مەزانن و بە کەم و سوك مەیاندەنێ [ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ (١٨٣) ] وە لەسەر زەویشدا ئاشووب مەگێڕن و ڕێگری مەکەن..؟!

**هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت :** قال تعالى: ﴿ وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ فَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُواْ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨٥﴾ وَلَا تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَٰطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا ۚ وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ ۖ وَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٨٦﴾ وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُرْسِلْتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُواْ فَٱصْبِرُواْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ بَيْنَنَا ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨٧﴾ ۞ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِۦ لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ۚ قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَٰرِهِينَ ﴿٨٨﴾ قَدِ ٱفْتَرَيْنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِى مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنْهَا ۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَا ۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا ۚ رَبَّنَا ٱفْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِٱلْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْفَٰتِحِينَ ﴿٨٩﴾ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾ [الأَعْرَاف : ٨٥ - ٩٠] واتە : {گفتوگۆی نێوان شوعەیب پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم - و قەومەکەی} [ وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ] وە بۆ لای مەدیەن کە شارو هۆزێك بوونە لە نزیك (مەعان) لە ڕێگای (حیجاز)، هەر لە نەوەی ئیبراهیم پێغەمبەر بوونە - صلى الله عليه وسلم - پێغەمبەرێکی بۆ ناردن لە خۆیان کە شوعەیب بووە، یاخود شوعەیب لەنەوەی ئیبراهیم

پێغەمبەر بووە - صلى الله عليه وسلم - وە پێی وتراوە (وتاربێژی پێغەمبەران) چونکە زۆر زمانپاراو و ڕەوانبێژ بووەو ئامۆژگاریەکانی گەورە بووە [ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ] ئەمیش فەرمووی: ئەی قەومەکەی خۆم بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن و شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن چونکە جگە لە الله هیچ پەرستراوێکی ترتان نیە بەحەق کە شایەنی پەرستن بێ [ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ ] ئێوە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراتان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ هاتووە [ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ ] ئێوە کێشانەو پێوانەتان بەدادپەروەری بێت و فێڵی تیا مەکەن [ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ ] وە کاتێك کە شتومەك بەخەڵکی ئەفرۆشن کەمیان مەدەنێ، یاخود کەموکوڕی تێ مەکەن، یان فێڵ لە خەڵکی مەکەن [ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ] وە لەسەر ڕووی زەویشدا ئاشووب و ئاژاوە مەنێنەوە بەخراپەکاری لە دوای ئەوەی کە خوای گەورە چاکسازی تیا کردووە لە ڕێی ناردنی پێغەمبەران و دابەزینی کتێبەکانەوە [ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٨٥) ] ئەمە بۆ ئێوە باشترە ئەگەر ئێوە ئیماندارن..؟! [ وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ ] وە دامەنیشن لەسەر هەموو ڕێگاکان و ڕێگری و هەڕەشە لە خەڵکی مەکەن کە ئیمان بێنن، کە دادەنیشتن لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە بۆ ماڵی شوعەیب ئەڕۆیی وە هەڕەشەیان لە خەڵکی ئەکرد بۆ ئەوەی ئیمان نەهێنن، یان هەڕەشەی کوشتنیان لە خەڵکی دەکرد ئەگەر پارەیان نەدەنێ [ وَتَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا ] وە ڕێگری ئەکەن لە دینی خوای گەورەو نەیانئەهێشت خەڵکی موسڵمان بێت و ئیمانی پێ بهێنێت، وە ئەتانەوێ ڕێگە و دینی خوای گەورە چەوت و گێڕ بکەن و بەئارەزووی خۆتان بێ [ وَاذْكُرُوا إِذْ كُنْتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ ] وە یادی ئەو نیعمەتەی خوای گەورە بکەنەوە کە ئێوە ژمارەتان کەم بوو خوای گەورە زۆری کردن، یان فەقیر بوون دەوڵەمەندی کردن [ وَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ (٨٦) ] وە تەماشا بکەن بزانن سەرەنجامی ئاشووبگێڕان و خراپەکاران لە نەتەوەکانی تر چۆن بووە چۆن خوای گەورە لەناوی بردوون..؟! [ وَإِنْ كَانَ طَائِفَةٌ مِنْكُمْ آمَنُوا بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَائِفَةٌ لَمْ يُؤْمِنُوا ] هەر چەندە کۆمەڵێکیان ئیمانیان هێنا بەو پەیامەی کە خوای گەورە منی پێ ناردبوو وە کۆمەڵێکیان ئیمانیان نەهێنا [ فَاصْبِرُوا حَتَّى يَحْكُمَ اللَّهُ بَيْنَنَا ] وە ئێوە ئارام بگرن تا خوای گەورە خۆی بڕیار ئەدا لە نێوانماندا کە بزانین کێ لەسەر حەقەو کێ لەسەر باتڵە، یان تا خوای گەورە باوەڕداران سەر ئەخات بەسەر بێباوەڕان [ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ (٨٧) ]. وە خوای گەورە

باشترینی دادوەرانە..؟! [ قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِنْ قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِنْ قَرْيَتِنَا ] دیسانەوە دەسەڵاتدارو گەورەو سەرکردەکان لە کافران و خۆ بەگەورەزانان لە قەومەکەی پێیان وت: ئەی شوعەیب خۆت و ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە لەگەڵ تۆدا ئەبێ لە دێیەکەمان دەرتان بکەین و شاربەدەرتان بکەین [ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا ] یاخود ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر دینی ئێمە [ قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ (٨٨) ] شوعەیب وتی: ئایا بەزۆر لە دین هەڵماندەگەڕێننەوە چۆن شتی وا ئەبێت ئێمە ئیمانمان هێناوە..؟! [ قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُمْ ] بەڕاستی ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دینی ئێوەو شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدەین ئەوە واتە درۆمان بۆ خوای گەورە هەڵبەستووە، کەواتە هەر کەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ئەوە درۆی بۆ خوای گەورە هەڵبەستووە [ بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللَّهُ مِنْهَا ] لە دوای ئەوەی کە خوای گەورە ئێمەی ڕزگار کرد لە کوفرو شەریك دانان بۆی [ وَمَا يَكُونُ لَنَا أَنْ نَعُودَ فِيهَا إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّنَا ] وە ئێمە بۆمان نیە بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەو کوفرو شیرکە ئیلا مەگەر خوای گەورە ویستی لێبێت [ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا ] وە زانیاری خوای گەورە زۆر فراوانەو هەموو دروستکراوانی گرتۆتەوە [ عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا ] ئێمە تەوەکولمان لەسەر تەنها خوایەو پشتمان تەنها بەخوای گەورە بەستووە کە دامەزراومان بکات لەسەر ئیمان [ رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنْتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ (٨٩) ] ئەی پەروەردگار بڕیار بدە لە نێوان ئێمەو قەومەکەماندا بەحەق بەوەی کە سەرمان بخەی بەسەریاندا، وە تۆ باشترین دادوەرو سەرخەری کە موسڵمانان سەرئەخەی بەسەر کافراندا..؟! [ وَقَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ ] دیسانەوە دەسەڵاتدارو سەرکردەکان لە کافران لە قەومەکەی وتیان: [ لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَخَاسِرُونَ (٩٠) ] ئەگەر بێتوو ئێوە شوێنی شوعەیب بکەون و ئیمانی پێ بێنن و بچنە ناو دینەکەی ئەوە ئێوە زەرەرمەند ئەبن و تیا ئەچن و لە ناوتان ئەدەین، یاخود ئیتر نابێ فێڵ بکەن لە کێشانەو پێوانەدا بەوە زەرەر ئەکەن..؟!

هەروەها (خوای گەروە) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ۝٩١ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا ۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ ٱلْخَٰسِرِينَ ۝٩٢ ﴾ [الأَعْرَاف : ٩١ - ٩٢]واته : [ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ (٩١) ] ئەمانیش خوای گەورە زەوی هەژاند لە ژێریاندا بە بوومەلەرزە، یاخود دەنگێکی بۆیان نارد لەناو ماڵی خۆیاندا هەموویان لەسەر ئەژنۆ و روویان نووسان بەزەویەکەوەو هەموویان مردن و جووڵەیان لێ برا..؟! [ الَّذِينَ كَذَّبُوا شُعَيْبًا كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا ] ئەوانەی کە شوعەیبیان - صلى الله عليه وسلم - بەدرۆ زانی وەك ئەوەی کە لەو شوێنەدا هەر نەبووبێتن لەبەر ئەوەی خوای گەورە ڕیشەکێشی کردن [ الَّذِينَ كَذَّبُوا شُعَيْبًا كَانُوا هُمُ الْخَاسِرِينَ (٩٢) ] ئەوانەی کە شوعەیبیان - صلى الله عليه وسلم - بەدرۆزانی و شوێنی نەکەوتن ئەمان زەرەرمەندی ڕاستەقینە بوون، کە پێشتر ئەوان بە موسڵمانانیان ئەووت ئەگەر ئێوە شوێن شوعەیب - صلى الله عليه وسلم - بکەون ئێوە زەرەر ئەکەن، نەخێر زەرەرمەند خۆیان بوون ئەوەتا خوای گەورە لە دونیا لەناوی بردن و لە قیامەتیش بەهەمیشەیی لە دۆزەخدان..؟!

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## دەیەم : ستەمکار

## گەورەترین تاغوت و ستەمکار

## (فرعون و دارو دەستکەی)

بەلێ ئەمەش نموونەیەکی تری لە سنوور دەرچوانە کە لەرێگەی زولم ستەمکاریەوە جەلەوی خۆیان لەدەستداوە بەهۆی ستەمکاریەکەیان فەرمانرەوایی و حوکمرانی خۆیان کردووە ، خوێنەری بەرێز وەرە لێرەوە چارەنووس ستەمی ستەمکاران ببینە ..!! وەر بابزانین و ببینە کە گەمژەیی ئەو ستەمکارە کە چارەنووسی قەومەکەشی بەرەو لە ناوچوون برد هەمووی ژێر ئاو خست ئەوانەی کە داردەستەکەی ئەو بوون خۆی ئەوانیش نغرۆی ئاوی خستن ، کە ویش هۆکاری نەفامی و لە سنوور دەرچون بوون و خۆ بەگەورە دانان و لووت بەرزی بەم دەردە برد..؟!

بێ گومان فرعون فەرمانرەوا حاکمی مصر ، ئەوەندە خۆی بە گەورە دەزانی لە خۆبایی لووت بەرز بوو ، بانگەوای خوایەتی دەکرد ، خەلکی هاندەدا بۆ ئەوەی بیپەرستن ، هەروەك (خوای گەورە ) لە سەر زمانی فرعون دەفەرموێت قال تعالى: ﴿فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٤﴾﴾ [النَّازِعَات : ٢٣ - ٢٤]واتە: [ فَحَشَرَ فَنَادَى (٢٣) ] وە ئەو کاتە سەربازەکانی کۆکردەوە، یاخود هەموو ساحیران و جادووگەرانی کۆکردەوەو بانگی کردن: هەر هەمووتان کۆببنەوەو ئامادەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موسا، وە خەڵکەکەیشی کۆکردەوە..؟! [ فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى (٢٤) ] وتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزی ئێوەم، نەمزانیوە جگە لەمن پەروەردگارو خوایەکی ترتان هەبێت..؟!

هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿١٧﴾ فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَرَىٰهُ ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴿٢٠﴾ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدۡبَرَ يَسۡعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلۡأٓخِرَةِ وَٱلۡأُولَىٰٓ ﴿٢٥﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّمَن يَخۡشَىٰٓ ﴿٢٦﴾﴾ [النَّازِعَات : ١٧ - ٢٦] واتە: [ اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى (١٧) ] ئەی موسا - صلى الله عليه وسلم - برۆ بۆ لای فیرعەون لەبەر ئەوەی فیرعەون توغیان و سەرکەشی کردووەو سنووری بەزاندووە لە کوفر کردن و شەریك دانان و چەوساندنەوە ی خەڵکی و زوڵم و ستەمدا..؟! {بەکارهێنانی شێوازی نەرم و نیان لەگەڵ فیرعەون!} [ فَقُلْ هَلْ لَكَ إِلَى أَنْ تَزَكَّى (١٨) ] پێی بڵێ ئایا ئەتەوێ خۆت پاك بکەیتەوە لە شەریك دانان بۆ خوا و لە تاوان و زوڵم و ستەم بەوەی کە ئیمان بێنی..؟! [ وَأَهْدِيَكَ إِلَى رَبِّكَ فَتَخْشَى (١٩) ] وە ڕێنماییت بکەم بۆ پەرستنی

خوای گەورەو بەتاك و تەنها خوای گەورە بپەرستی و شەریکی بۆ دانەنێی، وە ترسی خوای گەورە بچێتە دڵتەوەو بەتاك و تەنها لە خوای گەورە بترسی بۆ ئەوەی دڵت نەرم بێت، (موسا - صلى الله عليه وسلم - بە نەرمی قسەی لەگەڵدا کرد)..؟! [ فَأَرَاهُ الْآيَةَ الْكُبْرَى (٢٠) ] موسا - صلى الله عليه وسلم - موعجیزە هەر گەورەکەی نیشاندا بۆ ئەوەی کە ئیمان بێنێ و موسڵمان بێ، مەبەست لە موعجیزەکە گۆچانەکەی بووە، یاخود کە دەستی دەرکردایە سپی ئەبوو دەدرەوشایەوە، یاخود حوجەو بەڵگەی بۆ هێنایەوە بۆ ئەوەی کە موسڵمان بێت..؟! [ فَكَذَّبَ وَعَصَى (٢١) ] بەڵام فیرعەون لە جیاتی ئەوەی ئەو حەقە بەڕاست دابنێ بەدرۆی زانی، وە سەرپێچی موسای - صلى الله عليه وسلم - کردو هیچ سوودێکی لە بانگەوازی موسا - صلى الله عليه وسلم - نەبینی..؟!

[ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَى (٢٢) ] پاشان پشتی لەو حەقە هەڵکردو وەڵامی نەدایەوەو هەوڵ و کۆششی کرد بۆ کۆکردنەوەی ساحیران..؟! [ فَحَشَرَ فَنَادَى (٢٣) ] وە ئەو کاتە سەربازەکانی کۆکردەوە، یاخود هەموو ساحیران و جادووگەرانی کۆکردەوەو بانگی کردن: هەر هەمووتان کۆببنەوەو ئامادەبن بۆ ڕووبە ڕووبوونەوەی موسا، وە خەڵکەکەیشی کۆکردەوە..؟! [ فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى (٢٤) ] وتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزی ئێوەم، نەمزانیوە جگە لەمن پەروەردگارو خوایەکی ترتان هەبێت..؟! [ فَأَخَذَهُ اللَّهُ نَكَالَ الْآخِرَةِ وَالْأُولَى (٢٥) ] خوای گەورەش تۆڵەی لێ سەندو لە دونیاو قیامەتدا کردی بە پەندو عیبرەت بۆ هەموو ستەمکاران و کافرانی تر..؟! [ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِمَنْ يَخْشَى (٢٦) ] بەڕاستی ئەمە پەندو ئامۆژگارییە بۆ هەر کەسێك کە بترسێ و ترسی خوای گەورەی لەدڵدا بێت..؟!

بەلێ چیرۆکی پێغەمبەر موسا – عليه السلام – پێش لە دایك بوونی بەم شێوەیە بوو ، ئەوە بوو شەوێکیان فرعون خەوێکی بینی لە خەوەکەی دا ئاگرێك لە ئۆرشلیم یان (بیت المقدس) وە هات هەموو خانەوەکانی یان ماڵە کانی قتبیەکانی میصری سوتاند ، بەلام ئەم ئاگرە هیچ زیانی لە نەوەی ئیسرائیلیەکان نەدا ..؟! فرعون بانگی کاهینەکان یان جادووگەرەکانی خۆی کرد بۆ ئەوەی تعبیری ئەم خەوەی بۆ شی بکەنەوە ، ئینجا خەونەکەی خۆی بۆ گێرانەوە ، ئەوانیش ووتیان : لەم شارە کە ئۆشەلیم یان (بیت المقدس ) لەوی هاتووە مندالێکی نەوەی ئیسرائیلە ، وە پیاوێك دەردەکەوێت لە ناوچوونی میصر قتبیەکان و فەرمانرەوایی میصر کە فرعون بووە ،

لە سەر دەستی ئەوە ..؟! ئینجا فرعون فەرمانی دا هەرچی منالێك لە نەوەی ئیسرائیل لەدایك دەبێت دەست بەجی لە سەر بدەن و بیکوژن ..!! وە کچەکانیش بە زیندوویی بەهلێنەوە بەخزمەتکاری ..؟!

دەگێرنەوە دەلێن : کاتێك هاتنی سەردەمی موسا نزیك بوویەوە ، ئەستێرەناسەکان یان کاهینەکانی فرعون هاتنە لای فرعون پێیان ووت : ئێمە لە زانستەکەی خۆمان بەم شێوە دەبینین لە ناو منالەکانی یان نەوەی ئیسرائیل لە دایك دەبێت کە هاو سەردەمی پاشایەتی تۆیە ، وە ئەو مندالە ئەو پاشایەتیە لە دەست تۆ دەردەهێنیت و بە سەر ولاتەکەی تۆ زال دەبێت ئاینە کەی تۆ دەگۆرێت ، ئیجا فرعون فەرمانیدا هەموو مندالێکی نەوەی ئیسرائیل بکوژرێت ..؟!

هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿إِنَّ فِرۡعَوۡنَ عَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلَ أَهۡلَهَا شِيَعٗا يَسۡتَضۡعِفُ طَآئِفَةٗ مِّنۡهُمۡ يُذَبِّحُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَيَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٤ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنَجۡعَلَهُمۡ أَئِمَّةٗ وَنَجۡعَلَهُمُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ٥﴾ [القَصَص : ٤ - ٥]واتە : {فیرعەون خەون دەبینێت} [ إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ ] بە دڵنیایی فیرعەون لووتبەرزی نواند لەسەر زەویدا وە خۆی بە گەورە زانی وە خۆی بە خوا ئەزانی [ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا ] وە خەڵکەکەیشی پارچە پارچەو بەش بەش کردبوو تا گوێڕایەڵی بکەن [ يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ ] کۆمەڵێکیانی لاواز کردبوو کە بەنی ئیسرائیل بوون کە لەو کاتەدا باشترین ئوممەت بوون [ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ ] کوڕەکانی سەرئەبڕی، لە ئیبراهیم پێغەمبەرەوە - صلی الله علیه وسلم - بیستبوویان کە لەناوچوونی فیرعەون لەسەر دەستی پێغەمبەرێك لە نەوەکانی ئەم ئەبێت، یاخود (السُّدي) دەفەرمێت: فیرعەون خەونی بینی لە خەویدا بینی ئاگرێك لە (بیت المقدس)هوە هات و فیرعەون و

(قیبتی)یەکانی هۆزی فیرعەونی سوتاندو بەنی ئیسرائیلی نەسوتاند، زانایانی خەوناس خەونەکەیان وا بۆ لێکدایەوە کە لەناوچوونی تۆو هۆزەکەت لەسەر دەستی کەسێك لە بەنی ئیسرائیل دەبێت، ئەویش لە ترسدا هەموو کوڕێکی بەنی ئیسرائیلی سەرئەبڕی، وە دواتر (قیبطیەکان) مەترسی ئەوەیان هەبوو کە بەنو ئیسرائیل نەمێنن و کەس نەبێ خزمەتیان بکات، ئەو کاتە ساڵێك کوڕی سەر ئەبڕی و ساڵێك سەری نەئەبڕی و بۆ خزمەتکاری دەیهێشتنەوە، وە هارون - صلى الله عليه وسلم - لەو ساڵە لە دایك بوو کە سەری نەئەبڕین، وە موسا - صلى الله عليه وسلم - لەو ساڵە لە دایك بوو کە سەری ئەبڕی، وە فیرعەون مامانی دەناردو بەسەر ئافرەتاندا دەگەڕان ئەوانەی دووگیان بوونایە ناونوسیان دەکردن و کاتی منداڵبوونیان دیاری دەکردو خۆیان سەرپەرشتیان دەکرد، کچ بوایە وازیان لێدەهێناو کوڕ بوایە سەریان دەبڕی، (هەرچەندە هەزارەها منداڵی سەربڕی بەڵام تیاچوونی خۆی و سەربازەکانی لەسەر دەستی موسا - صلى الله عليه وسلم - بوو کە لە ماڵی خۆیدا گەورەی کردو خزمەتی کرد، تا تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە دەرکەوێت) [ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ ] وە کچەکانیشیانی بۆ خزمەت کردن بەکار ئەهێنا [ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ (٤) ] بە دڵنیایی فیرعەون کەسێکی زۆر ئاشووبگێڕ بوو لەسەر زەویدا..؟! [ وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ ] وە لەسەر زەویشدا تەمکین و جێگیریان بکەین و دەسەڵاتیان پێ بدەین [ وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُمْ مَا كَانُوا يَحْذَرُونَ (٦) ] وە نیشانی فیرعەون و هامان (کە وەزیری بوو) وە سەربازەکانی بدەین کە ئەم خەڵکە لاوازەی کە ئەوان حەزەریان لێ ئەکەن و لێیان دەترسێن لەناوچوونیان لەسەر دەستی ئەمان دەبێت..؟!

**بەلیَ فرعون فەرمانیدا کە هیچ منالێکی نێرینە لە نەوەی ئیسرائیل لە دایك نەبێت مەگەر ئەوی هەیە سەری ببرن بیکوژن ، هەروەها فەرمانیدا کە ژنانی نەوەی ئیسرائیل منالیان نەبێت ئەوانە ی دووگیان بوون ئەشکەنجە و ئازار بدرێن بۆ ئەوەی منالیان نەبێت ئەگەر دووگیان بن مندالەکانیان لە بەر ببەن ، بە شێوەیەك ئازاری دەدان هاو شێوەی نەبووە ، دەلێن : قامیشی دەبری دقەلیشاند و ژنانی نەوەی ئیسرائیلی لە سەردادەنیشاند بۆ ئەوەی قاجیان ببرێت ، هەر ژنێك مندالەکەی دەهێنایە دونیا لە تاو ئازارو ئەشکەنجە منالەکەی دەکرد قەلغانی خۆی ..!! پاشان گەور ەکانی قبتیەکان بەم کارەی فرعون زۆر هەراسان بوون ، هاتنە لای فرعون ووتیان**

: ئەی فەرمانڕەوا مەگەر لە ناو ئەم خەلکدا بلاو بۆتەوە و بەم نزیکانە قورسایی کاروبارەکان دەکەویتە سەر شانی کۆیلەکانی ئێمە ، تۆ منالەکانیان دەکوژی و مەگەر گەورەکان دەباتەوە ، تا دەکەین هەندێ لە منالەکانی ئەوان بە زیندوویی بهێلیتەوە ، ئینجا فرعون فەرمانیدا یەك سال منالی کور بکوژی و یەك سال نەیان کوژێ ، دەگێرنەوە کاتێك سالی سەر نەبران یان سالی نەکوشتن هاتە پێشەوە ، ئەوا هارونی برای موسا لە دایك بووە ، بەلام کاتێ سالی سەر بران و کوشتن هاتە پێشەوە ، ئەوا موسا لە دایك بوو ، کاتێك دایك موسا ویستی بیهێنێتە دونیا ، زۆر خەمبار پەرێشان بوو ، بەلام (خوای گەورە ) ویستی لە سەر بوو ، خستبوویە دلی دایکی موسا، ئینجا (خوای گەورە ) فەرمووی :شیری پێبدە ، بیخەرە ناو دەریاو ، دواتر بۆ تۆی دەگەرینەوە.

هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧﴾

[القَصَص : ٧]واتە: {موسا پێغەمبەر - صلى الله علیه وسلم - دەخرێتە ناو دەریای نیلەوە} [ وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ ] وەحی لێرە بەمانای ئیلهام دێت نەك سروش، چونكە پێغەمبەران هەموویان پیاو بوونەو هیچ ئافرەتێك پێغەمبەر نەبووە، وە هەموویان مرۆڤ بوونەو كەسیان جنی نەبوون، وە ئیلهاممان بۆ دایكی موسا ناردو خستمانە دڵیەوە كە دووگیان بوو بە موسا - صلى الله علیه وسلم - كاتێك كە لە دایك دەبێت شیری پێ بدە، (كە دووگیان بوو بە موسا - صلى الله علیه وسلم - پێوەی دیار نەبوو وە مامانەكان هەستیان پێ نەكرد) [ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ ] وە كە ترسای لەسەربازەكانی فیرعەون بێن بیبەن بیخەرە ناو دەریای نیلەوە، ماڵیان لە رۆخی دەریای نیل بوو دەیكردە ناو تابووتێكەوەو دەیكردە ناو دەریاكەوەو بە حەبلێك دەیبەستەوە تا سەربازەكان دەرۆیشتن، رۆژێك فریا نەكەوت بیبەستێتەوەو ئاوەكە بردی [ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي ] خوای گەورە فەرمووی: ترست لێی نەبێت و نوقم نابێت و ئێمە ئەیپارێزین، وە خەفەتیش مەخۆ بە دووركەوتنەوە ی لە تۆ لەبەر ئەوەی [ إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ (٧) ] بە دڵنیایی ئێمە بۆت ئەگەڕێنینەوەو ئەیشیكەین بە پێغەمبەرو وەحی بۆ ئەنێرین..؟!

بەلێ کاتێك دایکی ئەوی هێنایە دونیا ، شیری پێدا و ئەوسا دارتاشێکی بانگ کرد تا سندوقێکی بۆ دروست بکات و کلیلەکەی خستە ناو سندوقەکەوە ، ئەوە بوو دایك موسای کورپەلەکی خۆی کردە ناو سندوقەکەوە ئینجا سندوقەکەی خستە ناو رووبارەکەوە ، کاتێك منداڵەکە لە بەر چاوی دایکی دیار نەما ، ئیبلیس یان شەیتان وە ترسی لای دایکی موسا دروست کرد ، دایکی بە خۆی ووت ئەوە چ کارێك بوو لەگەل خۆمدا کردم ، ئەگەر لە بەر چاوی خۆم سەریان دەبری خۆم کفن دەفن دەکرد باشتر لەوە بوو بیخەمە ناو قورگی نەهەنگ ماسیەکانی دەریا بیخۆن ، بەلام کاتێك خستیە ناو رووبارەکە یان دەریاکە ، بە کچەکەی مریەمی ووت : بەدوایدا بروات ، خوشکەکەی موسا لە دوورەوە بینی و فرعەونیەکان نەیاندەزانی ئەو خوشکی موسایە ..؟!

هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالی: ﴿ وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَـٰرِغًا ۖ إِن كَادَتْ لَتُبْدِى بِهِۦ لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠﴾ وَقَالَتْ لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ ۖ فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١١﴾ ﴾ [القَصَص : ١٠ - ١١]واتە : {دایکی موسا پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - دڵی لای کوڕەکەیەتی} [ وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَى فَارِغًا ] دوای ئەوەی کە موسا - صلی الله علیه وسلم - ئاوەکە بردی دڵی دایکی موسا - صلی الله علیه وسلم - بەتاڵ و خاڵی بوو هیچ شتێکی تیا نەبوو لە کاروباری دونیا تەنها موسا - صلی الله علیه وسلم - نەبێت، واتە: گرنگی بە هیچ شتێك نەئەدا تەنها بە منداڵەکەی نەبێ [ إِنْ كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِ ] لە سەختی غەم و پەژارەو خەفەتباریدا نزیك بوو ئەم شتە ئاشکرا بکات و دەریبخات و بڵێ ئەوە کوڕی منە لای ئێوەیە [ لَوْلَا أَنْ رَبَطْنَا عَلَى قَلْبِهَا ] ئەگەر خوای گەورە دڵی دامەزراو و بەهێز نەکردایەو هێمنی و ئارامی دانابەزاندایەتە سەر دڵی، ئەوە خۆی ئاشکرا ئەکرد [ لِتَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (١٠) ] بۆ ئەوەی یەکێك بێ لەو باوەڕدارانە کە بەڵێنی خوا بەڕاست بزانن کە منداڵەکەی بۆ دەگەڕێنێتەوە..؟! [ وَقَالَتْ لِأُخْتِهِ قُصِّيهِ ] وە دایکی بە خوشکەکە ی موسای - صلی الله علیه وسلم - وت: برۆ هەواڵێکی موسام بۆ بێنەوە [ فَبَصُرَتْ بِهِ عَنْ جُنُبٍ ] لەلایەکەوە لە دوورەوە خوشکەکەی بینی کە موسی - صلی الله علیه وسلم - لای ماڵی فیرعەونە [ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (١١) ] بەڵام ئەوان هەستیان نەکرد کە ئەم کچە خوشکی موسایەو - صلی الله علیه وسلم - هاتووە بۆ هەواڵی موسی - صلی الله علیه وسلم - ..؟!

ئینجا شەپۆلە کانی دەریا سندوقەکەی لە گەڵ خۆی بەرزو نزم دەکردەوە بردەیە بەردەم باخچەیەك لە نزیك بارەگای فرعون ، کە کەنیزەکانی ئاسیای ژنی فرعون بۆ خۆشی و مەلەکردن رۆشتبوونە دەرێ ئەوان سندوقەکەیان دۆزیەوە هێنایان بۆ بەردەم ئاسیای خێزانی یان ژنی فرعون ، ئەوان گومانیان کرد کە شتێکی گران بەهای تێدایە ، کاتێك سندوقەکەیان کردەوە بردیان بەردەم ئاسیا ، ئەویش لێ روانی ، خۆشەویستی کەوتە دڵییەوە ، بە فرعونی ووت : مەیکوژن ئەگەری هەیە سوود بە ئێمە ببەخشێت یا وە کوری خۆمان هەڵیبگرینەوە ، نەیاندەزانی ئەمە موسا پێغەمبەر – علیه السلام – کە هەموویان لە هاتنی دەترسن ..؟!

هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَقَالَتِ ٱمۡرَأَتُ فِرۡعَوۡنَ قُرَّتُ عَيۡنٖ لِّي وَلَكَۖ لَا تَقۡتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٩﴾ [القَصص : ٩] واتە : {ئاسیای خێزانی فیرعەون نایەڵێت موسا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بکوژن} [ وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِي وَلَكَ ] فیرعەون کە بینی ویستی بیکوژێت، خێزانەکەی فیرعەون کە ناوی (ئاسیای کچی موزاحیم) بوو وتی: ئەی فیرعەون ئەو منداڵە مەکوژە چونکە ئەمە لە وڵاتێکی ترەوە ئاو هێناویەتی و زیانی بۆت نابێت و ئەبێتە هۆی ئەوەی کە هەردووکمان چاومانی پێ ڕۆشنا بێت لە داهاتوودا، (فیرعەون وتی: بۆ تۆ بەڵێ، بەڵام بۆ من نەخێر، هەروایش دەرچوو) [ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا ] (ئاسیا) وتی: مەیکوژن بەڵکو سوودمان پێ بگەیەنێ، کە دواتر سوودی بە ئاسیا گەیاند کە ئیمانی پێی هێنا وە بەهۆیەوە چووە بەهەشتەوە [ أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا ] یان بیکەین بە کوڕی خۆمان لەبەر ئەوەی خۆیان مناڵیان نەئەبوو [ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (٩) ] بەڵام ئەوان هەستیان نەئەکرد کە تیاچوونی فیرعەون لەسەر دەستی ئەم منداڵە ئەبێت..؟!

ئینجا فرعون ووتی : ئەگەر کوری تۆ بێت من پێویستم پێی نیە ..!!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو کەسەی سوێندیان پێ خواردووە ، ئەگەر فرعون رازی بووایە بەوەی موسا – علیه السلام– رووناکی چاوی بێت ، ئەوا (خوای گەورە) ئەوەی بۆ

ڕێگای ڕست ڕێنموویی دەکرد بە هەمان شێوە ئەو ژنەی ڕێنموویی کرد واتە : ئاسیایی خێزانی فرعون ..؟!

دەگێڕنەوە دەڵێن : فرعون ویستی سەری ببڕێت بەلام ئاسیایی خێزانی بەردەوام ڕێگری لیّ دەکرد و بەردەوام قسەی لەگەل دەکرد ، تا ئەو کاتەی کورەکەی تەسلیم کرد ، فرعون ووتی : دەترسم لە منالەکانی نەوەی ئیسرائیل بێت ، وە ئەو کەسە بێت کە لە ناوچوونی ئێمە لە سەر دەستی ئەوە ..؟!

ئەمە هەمان ووتەیە کە (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿وَقَالَتِ ٱمۡرَأَتُ فِرۡعَوۡنَ قُرَّتُ عَيۡنٖ لِّي وَلَكَۖ لَا تَقۡتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٩﴾ [القَصَص : ٩] واتە : وسا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - دەستی فیرعەون دەکەوێت} [ فَالْتَقَطَهُ آلُ فِرْعَوْنَ ] دەستی هەندێك لە ئافرەتە خزمەتکارانی فیرعەون کەوت و کە لە ڕۆخی دەریاکە ئیشیان دەکرد، ئەوانیش لە ترسا سەریان هەڵنەدایەوەو نەیانزانی چی تێدایەو بردیان بۆ (ئاسیا)ی خێزانی فیرعەون، کاتێك سەیری کرد بینی منداڵێکی یەکجار جوانی تیایەو سەرەنجی ڕاکێشا [ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ] نەیانزانی کە ئەمە لە داهاتوودا ئەبێ بە دوژمنیان وە خەفەتباریان ئەکات (تەنها ئاسیا بەختەوەر دەکات چونکە باوەڕی پێ دێنێت) [ إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ (٨) ] بە دڵنیایی فیرعەون و هامان و سەرجەم سەربازەکانیان تاوانبارو سەرپێچیکار بوون لە هەموو وتەو کردەوەیەکیاندا..؟!

ئینجا ئافرەتانی شیردەریان هێنا بەلام مەمکی هیچ کامیانی نەگرت ..! ! هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿ وَحَرَّمۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَرَاضِعَ مِن قَبۡلُ فَقَالَتۡ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰٓ أَهۡلِ بَيۡتٖ يَكۡفُلُونَهُۥ لَكُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ نَٰصِحُونَ ١٢ ﴾ [القَصَص : ١١ - ١٣] واتە : [ وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ الْمَرَاضِعَ مِنْ قَبْلُ ] دوای ئەوەی کە موسایان هەڵگرت چەندێك ئافرەت کە شیری هەبوو هێنایان بۆ ئەوەی شیری پێبدات خوای گەورە قەدەغەی کرد شیری هیچ کەسیان بخوات و مەمکی هیچ ئەو

ئافرەتانەی نەگرت تا شیرەکەیان بخوات، پێش ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی [ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُ لَكُمْ وَهُمْ لَهُ نَاصِحُونَ (١٢) ] هێنایان بۆ بازاڕ تا ئافرەتێکیان دەست بکەوێت شیری پێبدات، خوشکەکەی بینی و وتی: ئایا ڕێنمایتان بکەم بۆ ماڵێك کە ئەوان سەرپەرشتیاری بکەن و شیری پێ بدەن، وە ئەوان زۆر بەڕەحم و سۆزو ئامۆژگاریکار دەبن بۆی لە پەروەردەکردنیدا (ئەمیش نزیك بوو خۆی ئاشکرا بکات، وتیان چۆن دەزانیت وادەبن؟ وتی: لەبەر خاتر فیرعەون، ئینجا وازیان لێهێنا)..؟!

ئینجا خوشکەکەی موسا – علیه السلام – کە( مریم) بوو ووتی : ئایا ناو نیشانی بنەماڵە یەك بە ئێوە بدەم کە بیگرنە خۆ ئەوا بەخێوی بکەن شیری پیٚ بدەن خوازیاری بەختەوەری بن ..؟! فرعونیەکان ئەو ژنایان گرت و پرسیان تۆ لە کوێوە دەزانیت ئەوان چاکەی ئەویان دەوێت ..؟!ووتیان ئایا دەیناسن ..؟! گومانیان لە موسا کرد ، مریم ووتی : چاکەخوازی و چاك بوون لەگەل ئەم کورە حەزی ئەوان بۆ ئەنجامدانی خواستی پاشا واتە: فرعون هیوای دەستکەوتنە، مریم ڕۆشتە لای دایکی موسا و ئەوی ئاگادار کردەوە دایکی هات و مەمکی خستە دەمیەوە ، موسا بە خێرایی لە شیری دایکی خوارد و نزیك بوو دایکی بقیژێنیت بەلیٚ کورەکەم بەلام خوای گەورە ڕێگەی ئەم کارەی لێگرت ..!!

دەگێرنەوە دەلێن : بۆیە ناویان ناوە موسا ، چونکە لەبەر ئەوەی لە نێوان ئاو دار دۆزرایەوە ، چونکە بە زمانی قتبیەکان ئاو واتا (مو ) دار واتا (سا ) ، هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت: قال تعالى: ﴿فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾﴾ [القَصَص : ١٣] واتە : {خوای گەورە موسا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم - دەگەڕێنێتەوە بۆ دایکی} [ فَرَدَدْنَاهُ إِلَى أُمِّهِ ] وە گەڕاندمانەوە بۆ لای دایکی، هێنایان بۆ لای دایکی مەمکی گرت و شیرەکەی دایکی خوارد، ئەوانیش زۆریان پێخۆش بوو [ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا ] بۆ ئەوەی کە دایکی چاوڕۆشنا بێت بە منداڵەکەی خۆی [ وَلَا تَحْزَنَ ] وە خەفەت نەخوات بە دوورکەوتنەوەی منداڵەکەی [ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ] وە تا بۆی دەرکەوێ و بزانێت کە بە دڵنیایی

بەڵێنەکانی خوای گەورە هەمووی حەقەو خوای گەورە بەڵێنی خۆی ئەباتە سەر (ئەم دوورکەوتنەوە یە تەنها شەو و رۆژێکی خایاند) [ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (١٣) ] بەڵام زۆربەی خەڵکی لە بێئاگاییدان و ئەم شتە نازانن..؟!

دەگێرنەوە دەلێن : ونبوونی موسا لەبەر چاوی دایکی دا تەنها سێ رۆژی خەیاند ، پاشان بۆ مالی خۆی گەراندیەوە ، ئینجا فرعون وەك كوری خۆی هەلیگرتەوە و خەلك بە موسای كوری فرعونیان دەناسی ، كاتێك مندال بوو توانی بە رێگادا بروات ، دایكی موسا هێنایەوە نێو كۆشكی فرعون بۆ لای ئاسیایی خێزانی ، ئاسیا لە باوەشی دەگرت و هەلیدەپەراندو گەمە و یاری لە گەل دەكرد ، ئینجا ئاسیا دایە دەستی فرعون ئەویش هەلیگرت ، موسا دەستی بۆ ریشی برد هەلیكەند ..! ! فرعون توورەبوو بانگی دارو دەستەكەی خۆی كرد ووتی : ئەو منالە سەر ببرن ، ئەمە ئەو كەسەیە كە لیّی دەترسام ..! ! ئاسیا خێزانی ووتی : مەیكوژن وەكو منالی خۆمان هەلدەگرینەوە بەلكو سوودمان پی بگەیەنێت ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿وَقَالَتِ ٱمۡرَأَتُ فِرۡعَوۡنَ قُرَّتُ عَيۡنٖ لِّي وَلَكَۖ لَا تَقۡتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ۝٩﴾ [القَصَص : ٩] واتە : {ئاسیای خێزانی فیرعەون نایەلێت موسا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بكوژن} [ وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِي وَلَكَ ] فیرعەون كە بینی ویستی بیكوژێت، خێزانەكەی فیرعەون كە ناوی (ئاسیای كچی موزاحیم) بوو وتی: ئەی فیرعەون ئەو منداڵە مەكوژە چونكە ئەمە لە وڵاتێكی ترەوە ئاو هێناویەتی و زیانی بۆت نابێت و ئەبێتە هۆی ئەوەی كە هەردووكمان چاومانی پێ رۆشنا بێت لە داهاتوودا، (فیرعەون وتی: بۆ تۆ بەڵێ، بەڵام بۆ من نەخێر، هەروایش دەرچوو) [ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا ] (ئاسیا) وتی: مەیكوژن بەڵكو سوودمان پێ بگەیەنێ، كە دواتر سوودی بە ئاسیا گەیاند كە ئیمانی پێی هێنا وە بەهۆیەوە چووە بەهەشتەوە [ أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا ] یان

بیکەین بە کوڕی خۆمان لەبەر ئەوەی خۆیان منالّیان نەئەبوو [ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (٩) ] بەڵام ئەوان هەستیان نەئەکرد کە تیاچوونی فیرعەون لەسەر دەستی ئەم منداڵە ئەبێت..؟!

ئینجا ئاسیا ووتی : ئەو منالە چاکە لە خراپە جیاناکاتەوە و ئەم کارەی لە رووی منالی یەوە و یان نەزانینەو کردووە ، ووتی : تۆ دەزانی لە سەر تاپەی ولاتی مصر ژنێك پر زێرو زیوتر لە من نیە ، ئینجا ئاسیا ووتی : من یاقووت و ئاگری بۆ دەخەمە بەردەمی لێی نزیك دەكەمەوە ، ئەگەر یاقوتی هەلگرت بزانە ئەوە زانایە و هۆشیارە تۆ دەتوانیت سەری ببری وە ئەگەر ئاگری هەلگرت بزانە منالێكی نەزانە ..؟! پاشان ئاسیا یاقووت هێناو ئاگرەكەی هێنا كە تەشتێك بوو پر لە پۆلی ئاگر بوو لە تەنیشت یەكی دانا ، دەلێن : لەم كاتەدا (جبریل ) – علیه السلام – هاتە خوارەوە دەستی خستە سەر پۆلیە ئاگرەكە ، موسا كەمێك لە پۆلیە ئاگرەكەی هەلگرت و لە دەمی نزیك كردەوە ، دەمی سوتا یان سەر زمانی سوتا ، لەوە بەدواوە زمانی گیرا ..!! ئەمە ئەو باسەیە كە (خوای گەورە ) لە زمانی موسا باسی دەكات ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِي صَدْرِي ۝٢٥ وَيَسِّرْ لِيٓ أَمْرِي ۝٢٦ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي ۝٢٧ يَفْقَهُواْ قَوْلِي ۝٢٨﴾ [طه : ٢٥ - ٢٨] واته : [ قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي (٢٥) ] موساش - صلى الله علیه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار سینگم فراوان بکە بۆ ئەوەی کە بتوانم باری قورسی پێغەمبەرایەتی و ئازاری خەڵکی هەڵبگرم..؟! [ وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي (٢٦) ] وە کارم بۆ ئاسان بکە..؟! [ وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي (٢٧) ] وە گیریەك لە زمانمدایە بیکەرەوە (کە گیری زۆری تیابوو داوای یەك دانەی کرد خوای گەورەش یەك گیریەکی لە زمانی کردەوەو هەمووی نەکردەوە بۆی، کە ئەگەر داوای هەمووی بکردایە خوای گەورە هەمووی بۆ دەکردەوە)..؟! [ يَفْقَهُوا قَوْلِي (٢٨) ] تا بتوانم تێیان بگە یەنم و لە قسەی من تێ بگەن..؟!

بەلێ ئێمە لێرەدا چیرۆكەكە كورت دەكەینەوە ئەو باسانەی كە موسا كەسێكی قبتیەكانی كوشت ، پاشان رۆیشتە دەر لە ولاتی مصر ، وە رووی كرد شاری مدین ، بۆماوەی دەسال مایەوە ئینجا گەرایەوە ولاتی مصر بۆ لای فرعون ، لە رێگا دا چەند نیشانەیەك موعجیزەیە لە سەر دەستی

ڕوویاندا ، ئێمه لەم چیرۆکەدا تەنها بەمەستمان ستەمکاری فرعونیەکانە ،ئەوان چەندە زالم و ستەمکار بوونە ، بەلام لە دەرئەنجامدا چارەنووسێکی خراپ و بەد تووشیان هات بە هۆی زولم ستەمکاریەکانیانەوە فرعون دارو دەستەکەی هەر هەموویان ژێر ئاو کەوتن نغرۆی ئاو بوون لە ناو چوون بە هۆی ئەو ملهووری بێ باوەرەی کە هەیان بوو ، بەتایبەتی فرعونی ستەمکار خۆ بە گەورەزان لە خۆبایی ، ئەوانەی ئەم سەردەمەی ئێستاش دەرق بەخەلکی دەکەن ستەمیان کەمتر نیە لە فرعون ، بەلام رۆژێك دادێت هەمان چارەنووسی فرعون تووشیان بێت ..؟!

بەلێ موسا بە فەرمانی (خوای گەروە ) ویستی ئەوەی کرد بگەرێتەوە بۆ ولاتی مصر بۆ لای فرعون لە پاش ئەو ماوەیە کە لە ولاتی مصر دابرا بوو ، ئەوە بوو موسا — علیه السلام — دوای لە (خوای گەروە ) کرد و دەستی بە دوعاو پارانەوە کرد ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت:

قال تعالى: ﴿ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ﴿٢٦﴾ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ﴿٢٧﴾ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ﴿٢٨﴾ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ﴿٣١﴾ وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي ﴿٣٢﴾﴾ [طه : ٢٤ - ٣٢] واته : ناردنی موسا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -بۆ لای فیرعەون} [ اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى (٢٤) ] ئەی موسا - صلى الله عليه وسلم - تۆ نێرداوی ئێمەی بڕۆ بۆ لای فیرعەون لەبەر ئەوەی ئەو سەرکەشی و کوفری کردووەو سنووری بەزاندووە لە کوفردا..؟! [ قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي (٢٥) ] موساش - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار سینگم فراوان بکە بۆ ئەوەی کە بتوانم باری قورسی پێغەمبەرایەتی و ئازاری خەڵکی هەڵبگرم..؟! [ وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي (٢٦) ] وە کارم بۆ ئاسان بکە..؟! [ وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي (٢٧) ] وە گیریەك لە زمانمدایە بیکەرەوە (کە گیری زۆری تیابوو داوای یەك دانەی کرد خوای گەورەش یەك گیریەکی لە زمانی کردەوەو هەمووی نەکردەوە بۆی، کە ئەگەر داوای هەمووی بکردایە خوای گەورە هەمووی بۆ دەکردەوە)..؟! [ يَفْقَهُوا قَوْلِي (٢٨) ] تا بتوانم تێیان بگەیەنم و لە قسەی من تێ بگەن..؟! [ وَاجْعَلْ لِي وَزِيرًا مِنْ أَهْلِي (٢٩) ] وە لە کەسوکاری خۆیشم کەسێك بکە بە یارمەتیدەرم تا هاوکاریم بکات لە هەندێك کاروبارمدا..؟! [ هَارُونَ أَخِي (٣٠) ] ئەو کەسەش با

هارونی برام بێت..؟! [ اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي (٣١) ] تا خۆمی پێ بەهێز بکەم..؟! [ وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي (٣٢) ] وە بێ بە هاوبەشم لە هەڵگرتنی پەیامداو وەکو من بێ بە پێغەمبەر (بەسودترین برا بۆ براکەی لە دونیادا موسی - صلی الله علیه وسلم - بووە بۆ هارونی برای - صلی الله علیه وسلم - کە داوای لە خوای گەورە کرد بیکات بە پێغەمبەر)..؟! [ وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي (٣٢) ] وە بێ بە هاوبەشم لە هەڵگرتنی پەیامداو وەکو من بێ بە پێغەمبەر (بەسودترین برا بۆ براکەی لە دونیادا موسی - صلی الله علیه وسلم - بووە بۆ هارونی برای - صلی الله علیه وسلم - کە داوای لە خوای گەورە کرد بیکات بە پێغەمبەر)..؟!

**بەڵێ موسا و هارونی برای – علیهم السلام– وەکو دووبرا چوونە کۆشکی فرعون بۆ جێ بەجی کردنی فەرمانەکانی (خوای گەورە ) ، وە ئەم دووبرایە پەیامی راستی پەروەردگاریان گەیاندە لای فرعون ، هەر دووکیان داوایان لە فرعون کرد کە دەست هەلگرێت لە ئازارو ئەشکەنجەدانی منالەکانی نەوەی ئیسرائیل ، وە لێشیان گەرێت با لە گەلیان بچنەدەرەوە ، بەلام ئەم داوایە لە لای فرعونی فەرمانرەوای مصر پەسەند نەبوو ، چونکە پێی وابوو نابێت موسا بەرانبەری بوەستێت لە بەر ئەوەی ئەو لە کۆشکەکەی خۆی بەخێوی کردبوو ، هەر لەبەر ئەمە فرعون دەستی دایە تۆمەت بار کردنی موسا – علیه السلام – بەوەی کە چاکەی زۆری لە گەلدا کردووە ئەو ئەم چاکانەی فرعونی لەبەر چاو نەگرتووە وە هیچ پێی نازانێ ..؟! هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت :** قال تعالی: ﴿وَإِذْ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱئْتِ ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝١٠ قَوْمَ فِرْعَوْنَ ۚ أَلَا يَتَّقُونَ ۝١١ قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ۝١٢ وَيَضِيقُ صَدْرِي وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِي فَأَرْسِلْ إِلَىٰ هَٰرُونَ ۝١٣ وَلَهُمْ عَلَيَّ ذَنۢبٌ فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ ۝١٤ قَالَ كَلَّا ۖ فَٱذْهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآ ۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسْتَمِعُونَ ۝١٥ فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝١٦ أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ۝١٧ قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ ۝١٨ وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ ٱلَّتِي فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ۝١٩﴾ [الشُّعَرَاء : ١٠ - ١٩] واتە : {گفتوگۆی نێوان موسا پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - و خوای گەورە} [ وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (١٠) ] وە پەروەردگارت بانگی

لە موسا - صلى الله عليه وسلم - کرد بڕۆ بۆ لای ئەو قەومە ستەمکارە کە قەومی فیرعەونە (ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە قسە دەکات و سیفەتی قسە کردنی هەیە)..؟! [ قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلَا يَتَّقُونَ (١١) ] قەومی فیرعەونە کە تەقوای خوای گەورە ناکەن، پێیان بڵێ: ئایا بۆ لە سزای خوای گەورە ناترسێن..؟! [ قَالَ رَبِّ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُكَذِّبُونِ (١٢) ] موسا - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی پەروەردگار من لەوە ئەترسێم کە بە درۆم بزانن..؟! [ وَيَضِيقُ صَدْرِي ] وە دڵم تەنگ بێ [ وَلَا يَنْطَلِقُ لِسَانِي ] وە زمانم نەکرێتەوە بۆ قسە کردن لەبەر ئەوەی گیریەك لە زمانیدا هەبوو، (موسا - صلى الله عليه وسلم - کە منداڵ بوو دەستی بۆ ریشی فیرعەون برد، ئەویش تورە بوو وتی سوکایەتی پێکردووم دەبێت بیکوژم، ئاسیای خێزانی وتی ئەمە منداڵەو نافامێت تاقیبکەوەو پشکۆیەك ئاگرو هەندێك خورما دابنێ ئەگەر دەستی برد بۆ خورماکە ئەوا بیکوژە، وە ئەگەر دەستی برد بۆ پشکۆ ئاگرەکە ئەوا دیارە نافامێت و مەیکوژە، موسا - صلى الله عليه وسلم - دەستی برد بۆ پشکۆ ئاگرەکەو بردی بۆ دەمی و رزگاری بوو لە کوشتن، جا لەو کاتەوە گیرییەك لە زمانیدا هەبوو) [ فَأَرْسِلْ إِلَى هَارُونَ (١٣) ] پەیام بنێرە بۆ هارونی برام و بیکە بە پێغەمبەر تا لەگەڵمدا بێت وەکو یارمەتیدەرێك (باشترین چاکەیەك کە برا لەگەڵ براکەی کردبێتی ئەمەیە کە موسی لەگەڵ هارونی برای کردی کە داوای لە خوای گەورە کرد بیکات بە پێغەمبەر)..؟! [ وَلَهُمْ عَلَيَّ ذَنْبٌ ] وە ئەوان تاوانێکیان لەسەر منە کە کاتی خۆی یەکێکم لێ کوشتن لە (قیبطي)هکان لە هۆزی فیرعەون کە نەمزانی و مەبەستم کوشتنی نەبوو [ فَأَخَافُ أَنْ يَقْتُلُونِ (١٤) ] وە لەوەش ئەترسێم کە ئەوان بمکوژن و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، کە ئەم ترسە ترسێکی سروشتیەو ئاساییەو دروستە..؟! [ قَالَ كَلَّا ] خوای گەورە فەرمووی: نەخێر بڕۆ مەترسێ ناتکوژن [ فَاذْهَبَا بِآيَاتِنَا ] خوای گەورە وەڵامی دایەوەو هارونی برای کرد بە پێغەمبەرو فەرمووی هەردووکتان بەیەکەوە بڕۆن بە موعجیزەکانم پشتیوانیتان دەکەم مەترسێن [ إِنَّا مَعَكُمْ مُسْتَمِعُونَ (١٥) ] وە منیش لەگەڵتاندام ئەبیستم، بە بیستن و بینین و تواناو دەسەڵات و پاراستن و سەرخستن لەگەڵتاندام..؟! [ فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ ] بڕۆن بۆ لای فیرعەون [ فَقُولَا إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦) ] بڵێن ئێمە نێردراو و پێغەمبەری پەروەردگاری هەموو جیهانین..؟! [ أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ (١٧) ] بە فیرعەون بڵێن کە بەنی ئیسرائیلی کردووە بە کۆیلە با ئازادیان بکات و لەگەڵ ئێمەدا بیاننێرە ..؟! {گفتوگۆی نێوان موسا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و فیرعەون} [ قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا

] کاتێك کە چوون بۆ لای فیرعەون و بە نەرم ونیانی قسەیان لەگەڵدا کردو پێیان وت، فیرعەون وتی: ئەی موسا ئایا بە منداڵی ئێمە بەخێومان نەکردیت و لە ماڵی ئێمەدا گەورە نەبوویت لە کاتێکدا منداڵنی ترمان ئەکوشت تۆمان نەکوشت؟ [ وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ (١٨) ] وە چەندەها ساڵ لە لای ئێمە مایتەوە ئێستا خۆت کردووە بە پێغەمبەر لە ئێمە..؟! [وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ ] وە ئەو کردەوە خراپەیشت کرد کە کوشتنی (قیبطي)هکە بوو [ وَأَنْتَ مِنَ الْكَافِرِينَ (١٩) ] وە تۆ کەسێکی کە نکوڵی و کوفرانەی ئەو نیعمەتانەی ئێمە ئەکەی بەسەرتەوە..؟!

**بەلێ موسا و هارون چوونە کۆشکەی فرعون ، بانگەوازی پەیامەکەی (خوای گەورە)یان پێ ڕاگەیاند ، هەر وەکو (خوای گەورە) دفەرموویێت : قال تعالى:** ﴿ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ۝٤٣ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ۝٤٤ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفۡرُطَ عَلَيۡنَآ أَوۡ أَن يَطۡغَىٰ ۝٤٥ قَالَ لَا تَخَافَآۖ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ۝٤٦ فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ ۝٤٧ إِنَّا قَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡنَآ أَنَّ ٱلۡعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ۝٤٨﴾ [طه : ٤٣ - ٤٨]واتە : [ اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى (٤٣) ] بڕۆن بۆ لای فیرعەون لەبەر ئەوەی سنووری بەزاندووە لە کوفرو تاوان و سەرکەشی کردندا..؟! [ فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا ] وە قسەی لەگەڵدا بکەن بە قسەیەکی نەرم کە ڕەقی و توندوتیژی تیا نەبێ و پێی بڵێن من لە لێبوردن و لێخۆشبوونەوە نزیکترم وەك لە تورە بوون و سزادان [ لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى (٤٤) ] بەڵکو بیر ئەکاتەوەو دەستەهەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە لە کوفرو گومڕایی، یاخود لە سزای خوای گەورە ئەترسێت و گوێڕایەڵی دەکات..؟! [ قَالَا رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَنْ يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَنْ يَطْغَى (٤٥) ] وتیان: ئەی پەروەردگار لەوە ئەترسێین کە فیرعەون دەستپێشخەری و پەلە بکات لە سزادانمان و ئازارمان بدات، یاخود دەستدرێژی بکاتە سەرمان..؟! [ قَالَ لَا تَخَافَا ] خوای گەورە فەرمووی: مەترسێن [ إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى (٤٦) ] بە دڵنیایی من لەگەڵتاندام ئەبیستم و ئەبینم (بە بیستن و بینین و پشتیوانی و سەرخستن و یارمەتیدان و زانیاری لەگەڵتاندام،

بەڵام خۆی لەسەر عەرشی پیرۆزی خۆیەتی وەکو لە ئایەتەکانی پێشتر باسمان کرد)..؟! [ فَأْتِيَاهُ فَقُولَا إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ ] بڕۆن بۆ لای فیرعەون و پێی بڵێن: ئێمە نێردراوی پەروەردگارتین و تۆ بەنی ئیسرائیلمان لەگەڵدا بنێرەو واز لە چەوساندنەوەیان بێنەو سزایان مەدە، کە بەردەوام سزای ئەدان و کوڕەکانی ئەکوشت و کچەکانی بۆ خزمەتکاری بەکارهێناوەو باری قورسی خستبووە سەرشانیان [ قَدْ جِئْنَاكَ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكَ ] پێی بڵێن: بە دڵنیایی ئێمە موعجیزەیەکمان لە لایەن پەروەردگارەوە بۆ هێناویت کە گۆچانەکەو دەستی بوو [ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى (٤٧) ] وە سڵاوی خوای گەورە لەسەر کەسێك بێ کە شوێن هیدایەتی خوای گەورە ئەکەوێت..؟!

[ إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَا أَنَّ الْعَذَابَ عَلَى مَنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى (٤٨) ] بە دڵنیایی ئێمە وەحیمان بۆ هاتووە لەلایەن خوای گەورەوە کە سزای خوای گەورە لەسەر کەسێکە کە ئایەتەکانی خوای گەورەو بەڵگەکانی خوا بەدرۆ بزانێ وە پشت هەڵبکات لە ئیمان هێنان و وەری نەگرێت..؟!

**ئینجا فرعون ولامی موسای –علیهم السلام – دایەوە ووتی:** قال تعالی: ﴿قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ۝٤٩﴾ [طه : ٤٩] واتە : {گفتوگۆی موساو هارون (سەلاتو سەلامی خوایان لەسەر بێت) لەگەڵ فیرعەون} [ قَالَ فَمَنْ رَبُّكُمَا يَا مُوسَى (٤٩) ] فیرعەون لەبەر ئەوەی خۆی بە خوا ئەزانی وتی: ئەی موسا پەروەردگاری ئێوە کێیە؟!

**موسا – علیه السلام – فەرمووی:** قال تعالی: ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ۝٥٠﴾ [طه : ٥٠]واتە: [ قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى (٥٠) ] موسی - صلی الله علیه وسلم - وتی: پەروەردگاری ئێمە ئەو خوایەیە کە هەموو شتێکی دروست کردووە پاشان ڕێنمایی کردوون بۆ ئەو شتەی کە سوودو بەرژەوەندی خۆیانی تێدابێت..؟!

فرعون ووتی : قال تعالی: ﴿قَالَ فَمَا بَالُ ٱلۡقُرُونِ ٱلۡأُولَىٰ ۝٥١﴾ [طه : ٥١] واته : [ قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الْأُولَى (٥١) ] وتی: موسا - صلی الله علیه وسلم - ئەی باشە دەنگوباس و هەواڵ و بەسەرهاتی ئوممەتانی پێشتر چیە ئەوانەی کە بتیان پەرستووەو بە بت پەرستی ڕۆیشتوونە..؟!

موسی فه رمووی : قال تعالی: ﴿قَالَ عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ۝٥٢ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مَهۡدٗا وَسَلَكَ لَكُمۡ فِيهَا سُبُلٗا وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّن نَّبَاتٖ شَتَّىٰ ۝٥٣ كُلُواْ وَٱرۡعَوۡاْ أَنۡعَٰمَكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ۝٥٤ * مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ۝٥٥ وَلَقَدۡ أَرَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ۝٥٦﴾ [طه : ٥٢ - ٥٦] واته: [ قَالَ عِلْمُهَا عِنْدَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لَا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنْسَى (٥٢) ]

موسا - صلی الله علیه وسلم - فەرمووی: زانیاری و بەسەرهاتی ئەوان لای خوای گەورە پارێزراوەو لە کتاب و پەڕاوێکە کە خوای گەورە لێی تێکناچێ وە هەڵە ناکات وە لە بیرو یادی ناچێت..؟! [ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا ] ئەو خوایەی کە زەوی وەکو بێشکە بۆ ڕاخستوون کە بە ئاسانی لەسەری بژین و جێگیر بن [ وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا ] وە جۆرەها ڕێگاشی تیادا داناوە بۆ ئاسانکاری ئێوە [ وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً ] وە لە ئاسمانیشەوە بارانی بۆ دابەزاندوون [ فَأَخْرَجْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِنْ نَبَاتٍ شَتَّى (٥٣) ] وە خوای گەورە بەهۆی ئەو بارانەوە لە هەموو ڕووەکێك جووتێکی جوانی لێك جیاوازی بۆ دەرکردوون..؟! [ كُلُوا وَارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ ] خۆیشتان بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیەی خوای گەورە، وە ئاژەڵەکانیشتانی لێ بلەوەڕێنن [ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِأُولِي النُّهَى (٥٤) ] بە دڵنیایی ئەمانە هەمووی نیشانەیە لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بۆ کەسانێك کە خاوەنی عەقڵ و ژیری بن و هۆشمەند بن..؟!

ئینجا فرعون ووتی: قال تعالی: ﴿قَالَ أَجِئۡتَنَا لِتُخۡرِجَنَا مِنۡ أَرۡضِنَا بِسِحۡرِكَ يَٰمُوسَىٰ ۝٥٧﴾ [طه : ٥٧] واته : {درۆ هەڵبەستن بۆ موسا پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم -} [ قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَا مُوسَى (٥٧) ] وتی: ئەی موسا - صلی الله علیه وسلم - تۆ بەم سیحرانەی کە کردت

(كە گۆچانەكەی هەڵدا بوو بە مارو دەستی دەركرد سپی بوو دەدرەوشایەوە) ئەتەوێ ئێمە لە زەوی خۆمان دەربكەی و زەویەكەمان لێ داگیر بكەی؟ (بە درێژایی مێژوو پێغەمبەران و شوێنكەوتووانیان لە لایەن كافران و بێباوەڕانەوە تۆمەتبار كراون بە جۆرەها تۆمەتی بێبنەما تا خەڵكیان لێ دوور بخەنەوە!)..؟!

هە روها فرعون ووتی : قال تعالى: ﴿فَلَنَأۡتِيَنَّكَ بِسِحۡرٖ مِّثۡلِهِۦ فَٱجۡعَلۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكَ مَوۡعِدٗا لَّا نُخۡلِفُهُۥ نَحۡنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانٗا سُوٗى ۝٥٨﴾ [طه : ٥٨ ]واتە: [ فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِثْلِهِ ] وتی: تۆ سیحرت هەیە ئێمەش ساحیرمان هەیەو سیحرێكی هاوشێوەی سیحرەكەی تۆ دێنین [ فَاجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا ] مەوعیدو كاتێكی دیاریكراو دابنێ لە نێوان هەردووكماندا [ لَا نُخْلِفُهُ نَحْنُ وَلَا أَنْتَ ] نە ئێمەو نە تۆش وەعدە خیلاف نەكەین و لە كاتی خۆیدا ئامادە بین [ مَكَانًا سُوًى (٥٨) ] وە لە شوێنێكی ڕێكدا كە هەموو شتێك لە خەڵكی دیار بێت، یان مام ناوەند لە نێوان هەردوو لاماندابێت..؟!

موسا فە رمووی : قال تعالى: ﴿قَالَ مَوۡعِدُكُمۡ يَوۡمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحۡشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحٗى ۝٥٩﴾ [طه : ٥٩]واتە : [ قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ ] موساش - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: مەوعیدو ڕۆژی بەیەكگەیشتنمان ڕۆژی جەژن بێ لەبەر ئەوەی خەڵك هەمووی خۆی ئامادە ئەكات و هەمووی ئە یبینێ [ وَأَنْ يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى (٥٩) ] وە با لە چێشتەنگاودا بێت كە دونیا ڕووناكە نەك لە شەودا بێت و خەڵك گومانی هەبێ لە موعجیزەكەیدا..؟!

**فرعونیش ڕۆیشت خۆی كۆكردەوە هەموو ساحیرەكانی خۆی هێنا ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت** : قال تعالى: ﴿فَتَوَلَّىٰ فِرۡعَوۡنُ فَجَمَعَ كَيۡدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ۝٦٠﴾ [طه : ٦٠] واتە : [ فَتَوَلَّى فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُ ثُمَّ أَتَى (٦٠) ] فیرعەونیش ڕۆیشت و نەخشەو پیلانی خۆی كۆ كردەوەو پاشان هەموو ساحیرەكانی هێناو هات بۆ شوێن و كاتی دیاریكراو..؟!

**ئینجا موسا – علیه السلام – ئامۆژگاری ساحیرەکان یان جادووگەرەکان دەکات ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت :** قال تعالی: ﴿لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَىٰ ﴿٦١﴾﴾ [طه : ٦١] واته : {موسا پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم -ئامۆژگاری جادووگەران دەکات} [ قَالَ لَهُمْ مُوسَى وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ] موسا - صلی الله علیه وسلم - بە فیرعەون و ساحیرەکانی وت: هاوار بۆ خۆتان درۆ هەڵمەبەستن بۆ خوای گەورەو شەریك بۆ خوا دامەنێن چونکە خوای گەورە بێ شەریکە [ فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ ] لەبەر ئەوە ی خوای گەورە سزایەکی واتان ئەدات ڕەگ و ڕیشەتان دەرئەکات و کۆتاییتان پێ دێنێ و دواتان دەبڕێ [ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى (٦١) ] وە ئەوەیشی درۆ بۆ خوای گەورە هەڵبەستێ و سەر لە خەڵکی بشێوێنێت زەرەرمەندو خەسارەتمەند دەبێت..؟!

**کاتێك ساحیرەکان یان جادووگەرەکان گوێیان لە ئامۆژگاری و گفتوگۆی موسا – علیه السلام – کرد کەوتنە گفتوگۆ لە نێوان خۆیاندا ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت :** قال تعالی: ﴿فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَىٰ ﴿٦٢﴾﴾ [طه : ٦٢] واته : [ فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ ] ساحیرەکانیش کاتێك کە گوێیان لە قسەی موسا بوو لەناو یەکدا گفتوگۆو ڕاوێژیان کردو کێشە کەوتە نێوانیان و هەندێکیان وتیان ئەمە قسەی ساحیر نیەو قسەی پێغەمبەرە [ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى (٦٢) ] وە بە چپە چپ لە نێوان خۆیاندا قسەیان کرد..؟!

**ئینجا ساحیرە کان ووتیان : بە موسا و هارون ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت :** قال تعالی: ﴿قَالُوا إِنْ هَٰذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَن يُخْرِجَاكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَىٰ ﴿٦٣﴾﴾ [طه : ٦٣] واته : [قَالُوا إِنْ هَذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَنْ يُخْرِجَاكُمْ مِنْ أَرْضِكُمْ بِسِحْرِهِمَا ] ویستیان خەڵکیان لێ هان بدەن و وتیان: ئەم دووانە (موسی و هارون) دوو ساحیرن بەهۆی ئەم سیحرەی کە ئەیکەن ئەیانەوێ لە زەوی خۆتان دەرتان بکەن [ وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى (٦٣) ] وە ئەم ماڵ و سەروەت و سامانەی کە ئێمە بە سیحر کۆمان کردۆتەوە ئەمان بۆ خۆیان بیبەن و لێمان بسەنن و بەسەرماندا زاڵ بن..؟!

ئینجا موسا فەرمووی : قال تعالى: ﴿فَأَجۡمِعُواْ كَيۡدَكُمۡ ثُمَّ ٱئۡتُواْ صَفّٗاۚ وَقَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡيَوۡمَ مَنِ ٱسۡتَعۡلَىٰ ٦٤﴾ [طه : ٦٤] واتە : [ فَأَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ ] ئێوە نەخشەو پیلانی خۆتان کۆ بکەنەوە [ ثُمَّ ائْتُوا صَفًّا ] پاشان هەمووتان بە یەك پۆل وەرن [ وَقَدْ أَفْلَحَ الْيَوْمَ مَنِ اسْتَعْلَى (٦٤) ] وە ئەوەی ئەمڕۆ زاڵ بێت و بیباتەوە ئەوە سەرفرازو سەرکەوتوو ئەبێت..؟!

ساحیرەکان یان جادووگەرەکان ووتیان : ئەی موسا یەکەم جار تۆ سیحری خۆت بکە ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ٦٥﴾ [طه : ٦٥] واتە : [ قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى (٦٥) ] وتیان: ئەی موسا - صلى الله عليه وسلم - یەکەمجار یان تۆ سیحری خۆت بکە یاخود ئێمە سەرەتا سیحری خۆمان ئەکەین..؟!

ئینجا ساحیرەکان یان جادووگەرەکان حەبل و گۆچان دەکەن بە مار ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْۖ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ٦٦﴾ [طه : ٦٦]واتە : {جادووگەران حەبلو گۆچان دەکەن بە مار} [ قَالَ بَلْ أَلْقُوا ] موساش - صلى الله عليه وسلم - وەکو بێ بایەخیەك فەرمووی: بەڵکو ئێوە دەست پێ بکەن و چیتان لە دەست دێت بیکەن [ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ ] کاتێك کە ئەو حەبل و گۆچانانەی کە پێیان بوو هە ڵیاندا [ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى (٦٦) ] سیحریان لە چاوی خەڵکەکە کردو خەڵکی وایانزانی کە ئەمە هەمووی بووە بە مارو هەژدیهاو بەخێرایی ئەڕوات..؟!

موساش کاتێ ئەو شتەی بینی لە نەفسی خۆی ترسا ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت: قال تعالى: ﴿فَأَوۡجَسَ فِي نَفۡسِهِۦ خِيفَةٗ مُّوسَىٰ ٦٧﴾ [طه : ٦٧] واتە : [ فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى (٦٧) ] موساش - صلى الله عليه وسلم - کاتێك کە ئەو شتەی بینی لە نەفسی خۆیدا ترسا ترسێکی سروشتی ئەوەی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە لەوەی کە خەڵکی بەو جادووە هەڵبخەڵەتێن..؟!

پاشان (خوای گەورە ) بە موسای فەرموو : مەترسێ ، هەر وەك دەفەرمووێت : قال تعالى:

﴿قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ۝٦٨﴾ [طه : ٦٨]واته : [ قُلْنَا لَا تَخَفْ ] خوای گەورە فەرمووی: ئەی موسا - صلى الله عليه وسلم - مەترسێ [ إِنَّكَ أَنْتَ الْأَعْلَى (٦٨) ] بە دڵنیایی هەر تۆی زاڵ و سەرکەوتوو و بەرزو بڵندو تۆ ئەبیەیتەوە بە ئیزن و پشتیوانی خوای گەورە..؟!

هەروەها (خوای گەورە ) بە موسای فەرموو : قال تعالى: ﴿وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓاْۖ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيْدُ سَٰحِرٖۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ۝٦٩﴾ [طه : ٦٩]واته : [ وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ ] ئەوەی لە دەستت دایە کە گۆچانەکەیە هەڵی بدە [ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا ] هەموو مارو هە ژدیهاکانی ئەوان قوت ئەدات کە خۆی لە حەقیقەتدا گۆچان و حەبلە بەڵام لە پێش چاوی خەڵك بووە بە مارو هەژدیها ئەگەر نا نەبووەو حەقیقەتی نیە [ إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ ] ئەوەی ئەوان کردوویانە تەنها فرِوفێڵێکی ساحیرەو سیحرو جادووە هیچ شتێکی تر نیە تەنها خەیاڵە لە پێش چاوی خەڵکی وایان کردووە [ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى (٦٩) ] وە ساحیریش هەرگیز سەرفراز نابێ بەو سیحرەی کە ئەیکات..؟!

کاتێك موسا – علیه السلام – گۆچانەکەی فرێدا ، مارێکی گەورە هەموو مارەکانی ئەوانی قوت دا کە ساحیرەکان ئەمەیان بەچاوی خۆیان بینی ، هەموو ساحیرەکان سوژدەیان بردو ئیمانیان بە موسا هێنا ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدٗا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ۝٧٠﴾ [طه : ٧٠] واته : {جادووگەران موسڵمان دەبن} [ فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّدًا ] کاتێك موسا - صلى الله عليه وسلم - گۆچانەکەی هەڵدا بووە مارێکی گەورەو هەموو مارو هەژدیهاکانی ئەوانی قوت دا کە ساحیرەکانیش ئەمەیان بە چاوی خۆیان بینی زانیان ئەوەی موسا سیحر نیەو موعجیزەیەو لە لایەن خوای گەورەوەیە هەر هەموو ساحیرەکان موسڵمان بوون وە کڕنوشیان بۆ خوای گەورە برد وە ئیمانیان بە موسا - صلى الله عليه وسلم - هێنا [ قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى (٧٠) ] وتیان: ئەوە ئێمە ئیمانمان بە خوای هارون و موسا هێنا..؟!

ئینجا فرعون هەرشە لە ساحیرەکان دەکات ، ووتی : ئایا ئێوە ئیمانتان پیّ هێنا پێش ئەوەی مولەتان بدەم یان ئیزنتان بدەم ..؟! هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالی:

﴿ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِي عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحۡرَۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمۡ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخۡلِ وَلَتَعۡلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابٗا وَأَبۡقَىٰ ﴿٧١﴾﴾ [طه : ٧١]واتە : {فیرعەون هەڕەشە دەکات} [ قَالَ آمَنْتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ ] فیرعەون وتی: ئایا ئێوە ئیمانتان پێی هێنا پێش ئەوەی کە من مۆڵەتتان بدەم و ئیزنتان بدەم [ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ ] موسا گەورەو مامۆستاکەتان بوو کە فێرە سیحری کردن (وای وت بۆ ئەوەی گومان بۆ خەڵکی دروست بکات و موسڵمان نەبن) [ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلَافٍ ] پاشان هەڕەشەی لێ کردن و ترساندیانی و وتی: ئەبێ دەستی ڕاست و پێی چەپتان ببڕمەوە [ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ ] وە ئەبێ بەسەر ئەو دار خورمایانەوە هەڵتانبواسم و لە خاچتان بدەم (یەکەم کەس بووە بەم شێوازە سزای خەڵکی داوە) [ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَى (٧١) ] ئەو کاتە ئەزانن سزای کاممان سەختترەو بەردەوامترەو ئەمێنێتەوە.

بەلیّ موسا و هارونی برای پەیامی (خوای گەورە)یان بە فرعون گەیاند ، ئینجا فرعون بە موسای ووت : ئەمەپاداشتی پیاوەتیە ئایا ئێمە بە منالی بە خێومان نە کردیت ..؟! وە چەندها سالی تەمەنت لەناو ماندا نەبردە سەر ..؟! ئەوەشت کرد کە کردت (مەبەستی کوشتنی پیاوە قتبیەکە بوو ) فرعون بە موسای ووت : دیارە تۆ لە ڕێزی ئەو کە سانەی کە ناشکرو ناسوپاس کوزاری ،تۆ هیچ پاداشتی پیاوەتی نازانی ..؟! لە راستیدا فرعون هەولیدا کە هەست و سۆزی موسا – علیه السلام – بۆ خۆی رابکێشیّ و کاری تیّ بکات ، بەو چاکەیە کە لە مالەکەیدا بەخێوی کردبوو یان لە باوەشی خۆیدا پەروەردەی کردبوو ، هەر لەبەر ئەم چاکەیە لە گەل موسا – علیه السلام– کردبوو دیویست سەرنجی بۆ خۆی راکێشی کە گوێرایەلی فرعون بێت ، بەم شێوە سۆزداریانە فرعون لە هەولی ئەوەدا بوو کە کاریگەری لەسەر موسا – علیه السلام – دروست بکات ، بەهەمان شێوە وا خۆی دەرخست بەوەی کە دارو دەستەکەشی هاورا بن کە موسا – علیه السلام –

چاکەیان ناداتەوە ، ئەوانیش دژی موسا – علیه السلام – بوەستنەوە ، لە لایەکی تریشەوە فرعون لە پەیامەو ئایینەی کە موسا و هارون – علیهم السلام – پێی هاتبوون دەی زانای دەستەهەلاتی رەهای نامێنی و پلە و پایەی لە دەست دەدات دەبێتەوە کەسێکی سادە ، جا لەو کاتەشدا خوایەتی خۆی لە دەست دەدات ن ، تەنانەت دەبوو گوێرایەلی فەرمانەکانی موسا– علیه السلام – بکات ، لە لایەکی تریشەوە زیانێکی گەورە لێدەکەوت بە هۆی ئەوەی ئەگەر هاتوو بەراستی نەوەی ئیسرائیل لە گەل موسا– علیه السلام – رەوانە بکات بۆ دەرەوەی ولاتی مصر، چونکە ئەوان بریتین لە هێزێکی زۆری مرۆیی بۆ فرعون ، هەروەها فرعون لە بەر ئارەزوو دەسەلاتی بچەسپێنێ ...

لەبەر ئەوە بروای بە موسا – علیه السلام – و پەیامەکەی نەهێنا ، تەنانەت هەولی ئەوەشی کە موساو هارون تۆمەتبار بکە بەوەی کە داوای دەسەهەلات دەکەن ، بەوەش تۆمەتباری کردن کە ئەم دوونە پشێویی و خراپەکاری لە سەر زەوی بەرپا دەکەن ، لەم گفتوگۆیەی فرعون موسا و هارون – علیهم السلام– دا ، نە فرعون و نە شوێنکەوتوانی نە دارو دەستکەی فرعون باوەریان بە خوای موسا نەهێنا ..!! جگە لە چەند جادوو گەران نەبێت کە ژمارەیان دوو جادوو گەر بوون ..؟!

بەلێ فرعون و دارو دەستەکەی و شوێن کەوتووانی باوەریان نەهێنا دژایەتی ئایین راست و دروستیان کرد کە پەیامی (خوای گەورە ) بوو ، بە موسا و هارون – علیهم السلام – درا بوو ، ئیجا دەرئەنجام (خوای گەورە ) چەند نیشانە و موعجیزەی بۆ رەوانە کردن ، کە چەندین کارەسات و بەلاو مەینەتی نەهامەتی بۆ رەوانە کردن بۆ ئەوەی پەندو عیبرەت وەرگرتن لێی ، چونکە فرعون دارو دەستەکەی پابەند بوون بە بیرو باوەری فرە خوایی ، نەك پەرستنی خوای تاك و تەنها بێ هاوتا ، بەلێ ئەوان باوەریان بە موسا هارون – علیهم السلام – نەهێنا تەنانەت ئەو دوو نیشانەی و موعجیزەی کە موسا بۆ هێنان ، وە دەستی دەبردە بن بالی دەری دەهێنا خێرا دەبوو بە کافووری سپی ، وە هەروەها ئەو گۆچانەی یان دار عەسایەی کە فرێدەدا دەبوو

به ئەژدیها یان مارێکی گەورە ، ئەم دوو نیشانە و موعجیزەیە بەس نەبوو بۆ فرعون و دارو دەستەکەی و شوێن کەوتونی فرعون ، هەر وەها بە ئاشکرا ئەوەیان راگەیاند کە وەك(خوای گەورە ) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَقَالُواْ مَهۡمَا تَأۡتِنَا بِهِۦ مِنۡ ءَايَةٖ لِّتَسۡحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ١٣٢﴾ [الأَعْرَاف : ١٣٢]واتە : [ وَقَالُوا مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِنْ آيَةٍ لِتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ (١٣٢) ] وە بەردەوام بوون لە عینادی خۆیان وتیان: ئەی موسی - صلى الله عليه وسلم - هەرچی موعجیزەو نیشانەیەك هەیە بیهێنی بۆ ئەوەی سیحرمان لێ بکەی و دەرمانبکەی لەوەی کە لە سەرین ئێمە ئیمانت پێ ناهێنین..؟!

بەلێ وە بەهۆی ئەم هەلسوکەوتەیانەوە (خوای گەورە) چەندین نیشانەو موعجیزەی بۆ رەوانە کردن کە کارەساتێکی بۆ ناردن وەك (موعجیزەی پچر پچر ) تاوەکو لەم ژیانەیاندا سزاو بچێژن بەرلە سزای هەمیشەیی لە دوا رۆژدا ، یەکەم کارەساتیش بێ بارانی و نەهامەتی و کەم بوونەوەی رۆزق و رۆزی بوو ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَلَقَدۡ أَخَذۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ١٣٠﴾ [الأَعْرَاف : ١٣٠] واتە : [ وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَوْنَ بِالسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ (١٣٠) ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: بە دڵنیایی فیرعەون و قەومە کافرەکەیمان تاقیکردەوە بە وشکەساڵی و بێ بارانی و کەمی لە بەرووبومدا بەڵکو بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەربگرن وە لە خراپەکانیان بگەڕێنەوە..؟!

بەڵێ ئەوە بوو فرعون ئەوەندە خۆی بە گەورە دەزانی ، بانگی وەزیرێکی خۆی کرد کە ناوی (هامان ) بوو ، فەرمانی بە (هامان ) کرد کە کۆشکێکی بەرزی بۆ دروست بکات بە سەرەکەوێت بۆ ئەوەی بگات بە خوای موسا – علیە السلام – ، چونکە فرعون دەی ووت : لەمن زیاتر هیچ خوایەکی تر بوونی نیە ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾﴾ [القَصَص : ٣٨] واتە: [ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي ] وە فیرعەون وتی: ئەی پیاوماقوڵان و خانەدانان من نەمزانیوە ئێوە جگە لە من خوایەكی ترتان هەبێ [ فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ ] ئەی هامان (كە وەزیرو راوێژكاری بوو) ئاگر لەو قوڕە بەردەو قوڕم بۆ سووركەوە، واتە: خشتی سوورەوەكراوم بۆ دروست بكە [ فَاجْعَلْ لِي صَرْحًا ] وە كۆشكێكی بەرزم بۆ دروست بكە [ لَعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى ] بۆ ئەوەی بچمە سەر كۆشكەكە تا سەركەوم بۆ لای خوایەكەی موسى- صلى الله عليه وسلم - كە دەڵێت خوایەكەی من لە ئاسمانە [ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٣٨) ] هەر چەندە من گومان ئەبەم كە موسى - صلى الله عليه وسلم - درۆ بكات و هیچ خوای نەبێت..؟!

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبۡنِ لِي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَبۡلُغُ ٱلۡأَسۡبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسۡبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبٗاۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِۚ وَمَا كَيۡدُ فِرۡعَوۡنَ إِلَّا فِي تَبَابٖ ﴿٣٧﴾﴾ [غَافِر : ٣٦ - ٣٧]واتە : [ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ (٣٦) ] وە فیرعەون بە هامانی وەزیری وت: ئەی هامان كۆشكی بەرزم بۆ دروست بكە لە خشتی سورەوەكراو بەڵكو بگەمە ڕێگاو دەرگاكانی ئاسمان و بیگرمەبەر..؟! [ أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ ] تا سەركەوم ڕێگاو دەرگاكانی ئاسمان بگرمەبەر [ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى ] تا خواكەی موسى ببینم لەبەر ئەوەی موسى - صلى الله عليه وسلم - وتی: خوای من لە ئاسمانە [ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا ] هەر چەند من گومان ئەبەم كە موسى - صلى الله عليه وسلم - درۆزن بێت و ئاسمان هیچ خوایەكی لێ نەبێ [ وَكَذَلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ ] بەم

شێوازە شەیتان کوفرو کردەوەی خراپی بۆ فیرعەون ڕازاندبووەوە [ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ ] وە ڕێگری لێ ئەکرد لە ڕێگای ڕاستی خوای گەورە [ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ (٣٧) ] وە نەخشەو پیلان و فرۆفێڵی فیرعەون هیچ شتێك نیە تەنها لە زەرەرمەندی و تیاچووندا نەبێت..؟!

**هەروەها فرعون لە ناو قەومەکەی بانگی ئەوەی لە خەلك دەکرد ، ئایا مولك و زەوی مصر هەر هەمووی هی من نیە ..؟! وە ڕووباری (نیل ) کۆشك و تەلارەکان ئایا نابینن هەر هەمووی لە ژێر دەسەهەلاتی من دایە ..؟! بەلکو فرعون دەی ووت : من باشترم لە کەسە جنێوی بە موسا — علیه السلام — دەدا و گالتەی پێ دەکرد ..!! هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : قال** تعالى: ﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِۦ قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ ٱلْأَنْهَٰرُ تَجْرِي مِن تَحْتِيٓ ۖ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ۝٥١ أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا ٱلَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ۝٥٢ فَلَوْلَآ أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ مَعَهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ ۝٥٣﴾ [الزُّخْرُف : ٥١ - ٥٣] واتە: [ وَنَادَى فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ ] وە فیرعەون لەناو قەومەکەیدا بانگی کرد [ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ ] وتی: ئەی قەومی خۆم ئایا موڵکی میصر هەمووی هی من نیە؟ [ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي ] وە ئەم ڕووبارانەی (نیل)یش لە ژێر کۆشك و تەلارو دەسەڵاتی مندا ئەڕوات [ أَفَلَا تُبْصِرُونَ (٥١) ] ئایا نایبینن کە بزانن من چەندێك بەهێزم وە موسا - صلی الله علیه وسلم - چەندێك لاوازو بێدەسەڵاتە بۆ شوێنی ئەکەون..؟! [ أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِنْ هَذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ ] بەڵکو من باشترم لەم کەسە بێڕێزو سووك و بێنرخە، (وای بە موسا - صلی الله علیه وسلم - وت) [ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ (٥٢) ] وە نزیکیشە لە قسەی تێ نەگەی، (لەبەر ئەوەی گیریەك لە زمانی موسادا - صلی الله علیه وسلم - هەبووە، هەرچەندە پێشتریش دوعای کردو خوای گەورە گیریەکەی زمانی لابرد، بەڵام ئەم هەر بۆ سووکایەتی پێ کردن وای پێ وت)..؟! [ فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِنْ ذَهَبٍ أَوْ جَاءَ مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِينَ (٥٣) ] وتی: باشە ئەگەر پێغەمبەری خوایەو کەسێکی گەورەیە بۆچی نەڕازێندراوەتەوە بە خشڵ و ئاڵتوون؟ یان بۆچی فریشتەکان لەگەڵیدا نایەن پێکەوەو شایەتی بۆ بدەن ئەگەر ڕاستگۆیە؟ با بە چاوی خۆمان بیبینین، بەمە گومانی بۆ خەڵکی دروست ئەکرد..؟!

بەلیٚ وەکو باسمان کرد لە پێش موسا و هارون – علیهم السلام– ئەوەند هەولیان لەگەل فرعون و دارو دەستەکەی خەلکەکەی دا بۆ بانگەوازی کردنی خوای تاك و تەنها ، وە جیٚ بەجیٚ کردنی فەرمانەکانی ، هیچ سوودی بۆیان نەبوو ، چونکە زۆر ملهور لە سنوور دەرچوو بوون ئەوانە تاغوتی سەردەمی خۆیان بوون ، پاشان (خوای گەورە ) چەندین نیشانە یان موعجیزەیەکی بۆ رەوانە کردن بۆ ئەوەی بگەرێنەوە و پەند و عیبرەت وەرگرن بەلام هیچ سوودی نەبوو بۆیان ، ئینجا (خوای گەورە ) بەلاو نەهامەنی سزایی خۆی بۆ رەوانە کردن ، کە چەند نیشانەیەك بوو..! !

یەکەم : نیشانە و موعجیزە و سزا ئەوە بوو کە بۆ ماوەی چەند سال بەروبوومی خواردەمەنی لیٚ کەم کردنەوەو ، وەکو ووشکە سالی بیٚ بارانی نەبوونی بەروبووم و گرانی زۆر برسی بوون و لەگەل کەمی رزق رۆزی بەروبووم ، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی تۆزێك بیر بکەنەوە هۆشیا بێتەوە بۆ ئەوەی پەند و ئامۆژگاری وەرگرن ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالی: ﴿وَلَقَدۡ أَخَذۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ١٣٠﴾ [الأَعۡرَاف : ١٣٠] واتە : [ وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَوْنَ بِالسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ (١٣٠) ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: بە دڵنیایی فیرعەون و قەومە کافرەکەیمان تاقیکردەوە بە وشکەساڵی و بێ بارانی و کەمی لە بەرووبومدا بەڵکو بیر بکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەربگرن وە لە خراپەکانیان بگەڕێنەوە ..؟!

ئینجا کاتێك قەومەکەی چاکەیان بۆهاتایە لە باران بارین رزق رۆژی بەرەکەتدەیان ووت : ئەمە خۆمان ئەم شتانەمان ، ئەگەریش بلاو نسبەت نەهامەتی ووشەکە سالی بیٚ بارانی بهاتایە ئەوە دەیان ووت : موسا ئەوەی لەگەل موسایە ، بە شوومیان دادەنان ، هەروەها ئەوان بەردەوام بوون لە لاساری عینادی خۆیان ، تەنانەت گەیشتنە ئەو رادەیەی کە دەیان ووت : موسا هەرچی نیشانە و موعجیزەیەك بهێنی بۆ ئەوەی جادوومان لیٚ بکەی ئێمە باوەرت پیٚ ناهێنین ..؟!

هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿فَإِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَٰذِهِۦۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓۗ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ١٣١ وَقَالُواْ مَهۡمَا تَأۡتِنَا بِهِۦ مِنۡ ءَايَةٖ لِّتَسۡحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ١٣٢﴾ [الأَعْرَاف : ١٣١ - ١٣٢] واتە : [ فَإِذَا جَاءَتْهُمُ الْحَسَنَةُ قَالُوا لَنَا هَذِهِ ] کاتێك کە چاکەیەکیان بۆ بهاتایە لە باران بارین و پیت و بەرەکەت ئەیانووت: ئەمە خۆمان ئەم شتەمان دەست خستووەو بۆ ئێمەیەو شایانین [ وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا بِمُوسَى وَمَنْ مَعَهُ ] وە ئەگەر تووشی خراپەیەك بوونایە لە وشکەساڵی و بێ بارانی و نەخۆشی ئەو کاتە موساو باوەڕدارانی کە لەگەڵ موسادا بوون - صلى الله علیه وسلم - بەشوومیان دائەنان و ئەیانووت: ئێوە شوومن هەمووی بەهۆی خراپی ئێوەیە [ أَلَا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِنْدَ اللَّهِ ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: خێرو شەڕ هەمووی بەدەست خوای گەورەیە ئەوە ی کە تووشی ئەوان ئەبێ لە بەڵا و ناخۆشی هەر هەمووی بەدەست خوای گەورەیە بۆیە خوای گەورە لێرە (طائِر)ی بەکارهێنا (طِيَرة) نەك لەبەر ئەوەی کە دروست بێ مرۆڤ باوەڕی بە (طِيَرة) و شوومی هەبێ بەڵکو وەکو ڕەددانەوەی ئەو شتەی کە ئەوان باوەڕیان پێی بووە [ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (١٣١) ] بەڵام زۆربەیان ئەم شتە نازانن نەزانن بۆیە شەڕو خراپە ئەدەنە پاڵ موسى - صلى الله علیه وسلم - ..؟! [ وَقَالُوا مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِنْ آيَةٍ لِتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ (١٣٢) ] وە بەردەوام بوون لە عینادی خۆیان وتیان: ئەی موسى - صلى الله علیه وسلم - هەرچی موعجیزەو نیشانەیەك هەیە بیهێنی بۆ ئەوەی سیحرمان لێ بکەی و دەرمانبکەی لەوەی کە لە سەرین ئێمە ئیمانت پێ ناهێنین..؟!

دووەم : نیشانە و موعجیزە و سزا یەك لە دوای یەك بۆ فرعون و قەومەکەی رەوانە کرا کە ئەمانەبوون ، هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلۡجَرَادَ وَٱلۡقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٖ مُّفَصَّلَٰتٖ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ١٣٣﴾ [الأَعۡرَاف : ١٣٣]واتە : {سزاکانی خوای گەورە بۆ فیرعەونو قەومەکەی} [ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: بارانی زۆری لەناوبەری نوقمکەرمان بۆ ناردن کە ماڵ و بەرهەم و کشتوکاڵیان غەرق بکات [ وَالْجَرَادَ ] وە کوللەمان ناردە سەر کشتوکاڵیان تا بیخوات [ وَالْقُمَّلَ ] وە ئەسپێمان بۆ ناردن کە لە خەوی کردن [ وَالضَّفَادِعَ ] وە بۆقمان بۆ ناردن لەناو ئاودا پڕ ماڵ و قاپ و خواردنەکانیان بوو [ وَالدَّمَ ] وە دەریای نیلمان لێیان کرد بە خوێن یان ئاوەکانیان ئەبوو بەخوێن [ آيَاتٍ مُفَصَّلَاتٍ ] ئەمە هەمووی بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو سزای خوای گەورە بوو بۆ ئەوان [ فَاسْتَكْبَرُوا ] بەڵام خۆیان بەگەورە زانی لەوەی کە ئیمان بێنن [ وَكَانُوا قَوْمًا مُجْرِمِينَ (١٣٣) ] بەڕاستی کەسانێکی موجریم و خراپەکار بوون و ئیمانیان نەئەهێنا..؟!

ئینجا ئەوە بوو (خوای گەورە ) فەرمانی کرد بە موسا – علیه السلام – و شوێن کەوتوانی ، ئەو دەبێت لە شەوێکدا ولاتی مصر بەجێ بهێلن دەربچن ، ئەوە بوو موسا قەومەکەی خۆی ئاگادار کردەوە بەوەی کە ولاتی مصر بە جێ دەهێلن لە شەو دا ، ئینجا هەموویان لە شەوێکدا کۆ بوونەوەو بەر ێکەوتن بە رەو سحرای سینا ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿فَأَسۡرِ بِعِبَادِي لَيۡلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ٢٣﴾ [الدُّخَان : ٢٣] واتە : [ فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا ] خوای گەورە فەرمووی: شەوڕەوی بە بەندەکانی من بکەو بەشەو بەنو ئیسرائیل دەربکەو بیانبە [ إِنَّكُمْ مُتَّبَعُونَ (٢٣) ] وە فیرعەون و سەربازەکانی شوێنتان ئەکەون..؟!

بەڵێ کاتێك موسا – علیه السلام – لەگەڵ شوێنکەوتوانی یان قەومەکەی خۆی لە شەودا بەڕێکەوت بۆ سەر زەوی سینا ، ئینجا فرعون و دارو دەستەکەی بە هەواڵەکەیان زانی ئەویش دارو دەستەکەی خۆی کۆ کردەوە بە شوێن موسا – علیه السلام – نەوەی ئیسرائیل کەوتن ، فرعون و دارودەستەکەی لە دوایان بوون ، کاتێك موسا – علیه السلام – گەیشتنە سار لێواری دەریا هیچ شوێنك نەما بۆی بچن ، چونکە فرعون دارو دەستەکەی لە پشتیانەوە بوون ،ئینجا شوێنکەوتوانی موسا – علیه السلام – ترسیان لە دلی نیشت و سەر زەنشتی موسا – علیه السلام– یان کرد ووتیان : ئێمە چی بکەین دەریا لە پێش مانە ، فرعون و دارو دەستەکەی وا لە دوامانەوە دێن ، ئێمە لێرەدا هەموومان تیا دەچین ..؟! هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرمووێت:

قال تعالى: ﴿فَلَمَّا تَرَآءَا ٱلۡجَمۡعَانِ قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ ۝٦١﴾ [الشُّعَرَاء : ٦١]واتە : [ فَلَمَّا تَرَاءَى الْجَمْعَانِ ] کاتێك کە هەردوو کۆمەڵەکە رووبەڕووی یەکتر بوونەوەو یەکتریان لێ دەرکەوت و یەکتریان بینی [ قَالَ أَصْحَابُ مُوسَى إِنَّا لَمُدْرَكُونَ (٦١) ] هاوەڵانی موسا - صلى الله عليه وسلم - وتیان: ئەی موسا - صلى الله عليه وسلم - ئەوە فیرعەون پێمان گەیشت و پێشمان ئاوەکە یەو دواشمان فیرعەون و سەربازەکانێتی..؟!

ئینجا موسا فەرمووی: قال تعالى: ﴿قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ۝٦٢﴾ [الشُّعَرَاء : ٦٢]واتە : [ قَالَ كَلَّا ] موسا - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: نەخێر ئەوان بە ئێمە ناگەن [ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ (٦٢) ] بە دڵنیایی من پەروەردگارم لەگەڵدایە بەزانیاری و بیستن و بینین و تواناو دەسەڵاتی، ئەو سەرمان ئەخات و ڕێنماییمان ئەکات و ڕزگارمان ئەکات..؟!

پاشان (خوای گەورە) فەرمانی بە موسا – علیه السلام – کرد ، فەرمووی : قال تعالی: ﴿فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡبَحۡرَۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرۡقٖ كَٱلطَّوۡدِ ٱلۡعَظِيمِ ۝٦٣ وَأَزۡلَفۡنَا ثَمَّ ٱلۡأٓخَرِينَ ۝٦٤﴾ [الشُّعَرَاء : ٦٣ - ٦٤]واتە : {بە ئیزنی خوا دەریا دەبێت بە زەوی وشك} [ فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: وەحیمان بۆ موسا - صلى الله عليه وسلم - نارد [ أَنِ اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْبَحْرَ ] بەو گۆچانەی بە دەستتەوەیە بیدە بە دەریاکەدا [ فَانْفَلَقَ ] دەریاکە لەت بوو، بوو بە زەویەکی وشك [ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ (٦٣) ] وە بە ئیزنی خوای گەورە ئاوەکە بەرز بووەوەو هەر شەپۆلێکی وەکو پارچە شاخێکی گەورە لە ئاسمان ڕاوەستاو بوو بە دوانزە ڕێگا، لەبەر ئەوەی دوانزە هۆز بوون بۆ ئەوەی هەر هۆزێك بە ئیسراحەت بپەڕنەوە، وە نێوانی ئاوەکەیش خوای گەورە بای ناردو وشکی کردو بەناو وشکانیدا تێ ئەپەڕین، وە تاق و کەلێنی لە نێوان ئاوەکاندا کردەوە تا لە یەکتری دیار بن و دڵنیا بن هەموویان رزگاریان بووە..؟! {موسا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و موسڵمانان رزگاریان دەبێتو فیرعەونو سەربازانی نوقمی دەریاکە دەبن} [ وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ الْآخَرِينَ (٦٤) ] وە ئەلەوێدا فیرعەون و سەربازەکانیمان نزیك کردەوە لە دەریاکە تا چوونە ناو دەریاکەوە ئەوانیش بە دوایاندا ڕۆیشتن..؟!

ئینجا کاتێك (خوای گەورە) فەرمانی بە موسا – علیه السلام – کرد کە عصایەکەی یان دار گۆچانەکەی لە دەریاکە بدا ، دەریاکە لەت بوو یان شق بوو ، بوو بە زەویەکی وشك ، موسا – علیه السلام – لەگەل شوێنکەوتوانی تێدا پەڕینەوە بۆ ئەو بەر ، بەلام فرعون و دارو دەستەکەی بە دویان دا ڕۆیشت لە نێوە راستی ڕێگای ناو دەریا ، ئینجا (خوای گەورە) فەرمانی کرد و بەئیزنی (خوای گەورە ) دەریاکە وەکو جارانی لێهاتەوە ، فرعون و دارو دەستەکەی هەموویان نغرۆی دەریا بونن هەموویان خنکان .. ! ! ئیجا پێش ئەوەی فرعون رووحی دەرچێ لە غەل غەلەی دا بوو ، ئیمانی بە خوای موسا – علیه السلام – هێنا ، بەلام لە کۆتایی سەرە مەرگی دا شهادەتی یان باوەر هێنانی سوودی بۆی نەبووە ، ئەمە چارەنووسی کۆتایی هەموو ستەمکارێکە ..؟!

هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿وَأَنجَيْنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ۝٦٥ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْـَٔاخَرِينَ ۝٦٦﴾ [الشُّعَرَاء : ٦٥ - ٦٦]واتە : [ وَأَنْجَيْنَا مُوسَى وَمَنْ مَعَهُ أَجْمَعِينَ (٦٥) ] موساو - صلى الله عليه وسلم - ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون هەموومان ڕزگار کردن و لە دەریاکە پە ڕینەوە..؟! [ ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ (٦٦) ] پاشان فیرعەون و سەربازو وەزیرو دەست و پێوەندیمان هەمووی لەناو ئاوەکەدا غەرق کردو کەسیان ڕزگاریان نەبوو..؟!

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿۞ وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُۥ بَغْيًا وَعَدْوًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدْرَكَهُ ٱلْغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓا۟ إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ۝٩٠﴾ [يُونُس : ٩٠]واتە :{فیرعەون ئیمانی هێنا بەڵام سودی پێ نەگەیاند} [ وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ ] بەنی ئیسرائیلمان لە دەریاکە پەڕاندەوە بۆ وشکانی [ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُ بَغْيًا وَعَدْوًا ] فیرعەون و سەربازەکانی شوێنیان کەوتن وەکو زوڵم و ستەم و دژایەتی کردن و دەستدرێژی کردنە سەریان [ حَتَّى إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ ] تا فیرعەونیش چووە ناو ئاوەکە کە پێشتر لە سوورەتی (بەقەرە)و سوورەتەکانی تر باسمان کرد کە خوای گەورە دوانزە ڕێگای وشکانی بۆ موساو موسڵمانان کردەوەو پەڕینە ئەوبەرەوە کاتێك کە فیرعەون و سەربازەکانی بەو ڕێگا وشکانیانە ڕۆیشتن خوای گەورە فەرمانی کرد ئاوەکە یەکیگرتەوەو هەموویانی لەناو ئاوەکە غەرق و نوقم کرد کە لە ڕۆژی عاشورادا بوو [ قَالَ آمَنْتُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٩٠) ] لەو کاتەدا فیرعەون زانی تەواو غەرق ئەبێ وتی: ئیمانم هێنا بەو خوایەی کە بەنی ئیسرائیل ئیمانیان پێ هێنا کە هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ تەنها ئەو خوایە نەبێ کە بەنی ئیسرائیل ئیمانیان پێی هێناوە وە من تەسلیمی فەرمانی خوای گەورە بوومەو منیش یەکێکم لە موسڵمانان..؟!

له (ابن عباس ) بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( لما أغرق فرعون( قال : ﴿ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ [يُونُس : ٩٠] ، فقال : جبريل : يامحمد فلو رأيتنى وأنا آخذ من حال البحر فأدسه فى فيه أن تدركه الرحمة ) [١٦٢] واتە : كاتێ (خوای گەورە ) فرعونی لە دەریای نیلدا نغرۆ كرد خەريك بوو بخنكێ ، فرعون ووتی : ﴿ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ واتە : باوەڕم هێنا جگە لە (الله ) هیچ پەرستراوێكی بە حەق نیە ، كە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێ هێناوە ، جبريل فەرمووی: ئەی محمد ! ئەگەر منت دەبینی چۆن قوڕو لێتە ڕەشەكەی دەریام دەكرد دەمی فرعون بۆ ئەوەی بەر سۆزو میهرەبانی و ڕەحمەتی (خوای گەورە ) نەكەوێت ..؟!

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموێت : قال تعالی: ﴿ءَآلۡـَٰٔنَ وَقَدۡ عَصَيۡتَ قَبۡلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٩١ فَٱلۡيَوۡمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنۡ خَلۡفَكَ ءَايَةٗۚ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنۡ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ٩٢﴾ [يُونُس : ٩١ - ٩٢]واته : [ آلْآنَ ] خوای گەورە فەرمووی: بەڵام ئێستا ئیمان دێنی كە ئیمان سوودت پێ ناگەیەنێ، لەبەر ئەوەی ڕوح گەیشتە غەرغەرە ئیمان سوودی نیە، جبریلیش بە باڵەكانی قوڕی ئەكردە ناو دەمی فیرعەونەوە بۆ ئەوەی زوو گیانی دەرچێ و فریای ئیمان هێنان نەكەوێ [ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنْتَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ (٩١) ] وە پێشتر تۆ سەرپێچی خوای گەورەت ئەكرد وە تۆ كەسێكی گەندەڵ و ئاشووبگێڕ بوويت و خراپەت ئەنایەوە لەسەر زەوی..؟! [ فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ ] ئەمڕۆ لاشەی تۆ ئەپارێزین بەبێ گیان، كە بەنو ئیسرائیل گومانیان هەبوو لە مردنی فیرعەون خوای گەورە لاشەی بەبێ ڕوح فڕێ دایە دەرەوەی دەریاكە لە شوێنێكی بەرزدا بە مردوویی تا هەموویان بینیان وە دڵنیا بوون كە فیرعەون مردووە [ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً ] وە تا بۆ ئوممەتانی دواتریش ببیت بە پەندو عیبرەت كە خوای گەورە هەر كەسێك لووتبەرزی بكات چی بەسەر دێنێت

---

[١٦٢]-سنن الترمذي برقم (١٣٠٧).

[ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ (٩٢) ] وه زۆرێك له خه‌ڵكى بێئاگان له ئايه‌ت و نيشانه‌كانى ئێمه‌و په‌ندو ئامۆژگارى لێ وه‌رناگرن..؟!

به‌ڵێ بێ گومان ئه‌مه‌ش ده‌رئه‌نجامى سته‌م كردن له‌و سته‌مانه‌ى كه ئاده‌ميزاد ئه‌نجامى ده‌دات چارنووسى خۆى و دارو ده‌سته‌كه‌ى به چ بلاو نه‌هامه‌تى سزاو ئازارێك كۆتايى دێت ، هه‌موو سته‌مكاران ئه‌وه‌ى له دونيا كردوويانه ئه‌مه ده‌رئه‌نجامه‌كه‌يانه ، بۆيه وه‌كو ده‌ڵێن : سته‌م كرد هه‌تا كۆتايى نيه ، يان سته‌مكردن له ئه‌ستوورى دا ده‌پسێ ، ئه‌وه‌ى له‌م سه‌رده‌مه‌دا سته‌م ده‌كات چاره‌نووسى باشتر نابێ له فرعون دارو ده‌سته‌كه‌ى ، چونكه سته‌م كردن نيشانه‌ى بێ باوه‌ريه ، هه‌ر كه‌سێك سته‌م بكات ئيمانى نيه ، بۆيه ئێمه وا به‌به‌ر چاوى خۆمان ده‌بينين كه خه‌لكانێك زولم سته‌م له خه‌لكى فه‌قير هه‌ژار ده‌كه‌ن ، خۆيان ده‌وله‌مه‌ند ده‌كه‌ن به دزينى مولكى گشتى خه‌لكيش له برسان زيره‌ى ده‌كات نان نيه بى خوات ، جا ئه‌و سته‌م كردن هه‌ر كه‌س و هه‌ر كۆمه‌ل و هه‌ر لايه‌نێك بێت له لاى (خواى گه‌وره ) وون نابێت ، هه‌ر وه‌كو ده‌فه‌رموويێت : قال تعالى: ﴿وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعۡمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمۡ لِيَوۡمٖ تَشۡخَصُ فِيهِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ٤٢﴾ [إِبۡرَاهِيم : ٤٢]واته : [ وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ ] وا حيساب نه‌كه‌ن كه خواى گه‌وره بێئاگا بێت له‌وه‌ى كه زاڵمان و سته‌مكاران ئه‌نجامى ئه‌ده‌ن [ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ (٤٢) ] به‌ڵكو خواى گه‌وره سزايان نادات وه دواى ئه‌خات بۆ رۆژێك كه چاوه‌كان به‌رز ئه‌بێته‌وه وه نانوقێنرێت و ئه‌بڵه‌ق ئه‌بێت له سه‌ختى ئه‌و ديمه‌نانه‌ى كه ئه‌يبينێ له رۆژى قيامه‌تداو سه‌رسام ئه‌بن..؟!

مانەوەی جستەی فرعون بۆ پەندو عیبرەت وەرگرتنی نەوەکانی ئادمیزاد ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿فَٱلۡيَوۡمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنۡ خَلۡفَكَ ءَايَةٗۚ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنۡ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ٩٢﴾ [يُونُس : ٩٢]واته : [ فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ ] ئەمڕۆ لاشەی تۆ ئەپارێزین بەبێ گیان، کە بەنو ئیسرائیل گومانیان هەبوو لە مردنی فیرعەون خوای گەورە لاشەی بەبێ ڕوح فڕێ دایە دەرەوەی دەریاکە لە شوێنێکی بەرزدا بە مردوویی تا هەموویان بینیان وە دڵنیا بوون کە فیرعەون مردووە [ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً ] وە تا بۆ ئوممەتانی دواتریش ببیت بە پەندو عیبرەت کە خوای گەورە هەر کەسێك لووتبەرزی بکات چی بەسەر دێنێت [ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ (٩٢) ] وە زۆرێك لە خەڵكی بێئاگان لە ئایەت و نیشانەکانی ئێمەو پەندو ئامۆژگاری لێ وەرناگرن.

# چیرۆکی کۆتایی ستەمکاران

## یانزەم : ستەمکار

## (قارون) کوری مامی موسا – علیه السلام –

## گەورەترین ستەمکارو لە و لووت بەرز

## سەرمایە داری مصر

بەلیّ وەکو دەگیّرنەوە دەلیّن : قارون کوری مامی موسا – علیه السلام – بووە ، دەلیّن : قارون کوری یەسهەر کوری قاهس بووە ، موسا – علیه السلام – کوری عورمەر کوری قاهس ، وە قاهس و عورمەر بە زمانی عەرەبی پیّ دەلیّن عیمران ، هەروەها قارون پیاویّکی جوان و کەشخەبووە چونکە جوانیەکی یەکجار بەدەری هەبووە ، بەلام دوژمنی (خوای گەورە) بووە ، وە دەگیّرنەوە دەلیّن : (قارون ) دوو روویی کردە پیشەی خۆی بەهەمان شیّوەی (سامری ) ئەو کارەی کرد ، (خوای گەورە ) لە بەر دوو روویی لە خۆبایی بە سامانە زۆرە کە ئەوی لە ناو برد.!

لە (مالك کوری دینار ) – رەحمەتی خوای لیّ بیّت – دەلیّت : موسای کوری عیمران کورە مامی قارونە ، وە (خوای گەورە ) سامانیّکی زۆر فرەوانی بە قارون بە خشیبوو ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویّت : قال تعالی: ﴿۞ إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلۡعُصۡبَةِ أُوْلِي ٱلۡقُوَّةِ إِذۡ قَالَ لَهُۥ قَوۡمُهُۥ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَرِحِينَ ٧٦﴾ [القَصَص : ٧٦] واتە : {هەواڵ و بەسەرهاتی قارون} [ إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِنْ قَوْمِ مُوسَى ] بە دڵنیایی (قارون) لە قەومی موسی - صلی الله علیه وسلم - بووەو ئامۆزای بووە [ فَبَغَى عَلَيْهِمْ ] وە گوێڕایەڵی موسای - صلی الله علیه وسلم - نەئەکردو سنووری بەزاند بەسەر خەڵکیداو لووتبەرزی ئەنواند [ وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ ] وە ئەوەندەش کەنزو زێڕو ماڵمان پێی بەخشیبوو کە هەڵیگرتبوو یەك کۆمەڵ پیاوی بەهێز نەیانئەتوانی تەنها کلیلی خەزێنەکانی هەڵبگرن ئەوەندە خەزێنەکانی زۆر بووە [ إِذْ قَالَ لَهُ قَوْمُهُ لَا تَفْرَحْ ] کاتێك کە پیاوچاکانی قەومەکەی ئامۆژگاریان کردو پێیان وت: ئەی (قارون) بەم ماڵە دڵخۆش مەبەو بەهۆیەوە فەخرو شانازی بەسەر خەڵکیدا مەکە و لووتبەرزی مەکە لەبەر ئەوەی [ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ (٧٦) ] بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە لووتبەرزن و فەخرو شانازی بەسەر خەڵکیدا ئەکەن..؟!

دەگێڕنەوە دەڵێن : لە ئینجیلدا باس کراوە کە کلیلەکانی خزینەی قارون باری شەست ئێستری تەویل سپی بووە ، هەر کیلێك تەنها بە ئەندازەی یەك پەنچە و هەر کیلێك تایبەت بە گەنجێك بووە ..!!

دەلێن : زولم و ستەمی قارون ئەوە بوو کە بستێکی بەجل و بەرگەکانی خۆی زیاد کرد ، خەلکەکە ئامۆژگاری قارونیان کرد لە ستەمکاری یاخیگەری ، خەلکەکە پێیان ووت : ئەوەی کە (خوای گەورە) پێی بەخشیوی لە رێگەی (خوای گەورە) خەرجی بکا ، وە سەرپێچی لە فەرمانەکانی (خوای گەورە ) نەکەیت ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : قال تعالى: ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾﴾ [القَصَص : ٧٦ - ٧٧] واتە : [ إِذْ قَالَ لَهُ قَوْمُهُ لَا تَفْرَحْ ] کاتێك کە پیاوچاکانی قەومەکەی ئامۆژگاریان کردو پێیان وت: ئەی (قارون) بەم ماڵە دڵخۆش مەبەو بەهۆیەوە فەخرو شانازی بەسەر خەڵکیدا مەکە و لووتبەرزی مەکە لەبەر ئەوەی [ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ (٧٦) ] بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە لووتبەرزن و فەخرو شانازی بەسەر خەڵکیدا ئەکەن..؟! [ وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ ] وە تۆ بەم ماڵ و سەروەت و سامانەی خوای گەورە پێی بەخشیویت هەوڵ بدە بۆ قیامەتت و بە هۆیەوە خوای گەورە لە خۆت ڕازی بکە [ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا ] وە بەشی خۆتیش لە دونیا لەبیر مەکە لە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك بەڵام لە حەڵاڵدا (خوای گەورە مافی بەسەرتەوە هەیە، وە خۆت و منداڵ و خێزان و میوانت مافیان بەسەرتەوە هەیە مافی هەمووان بدە، بەڵام هەوڵی سەرەکیت با بۆ قیامەت بێت، چونکە دونیا کەم و کورتەو دەبڕێتەوە، بەڵام قیامەت هەمیشەیی و نەبڕاوەیە) [ وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ ] وە تۆ چاکەکار بە بۆ بەندەکانی خوا چۆن خوای گەورە چاکەی لەگەڵ تۆدا کردووە [ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ ] وە تۆ ئاشووب لە زەویدا مەنێرەوەو خراپەکاری مەکە [ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ (٧٧) ] بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناویَ کە ئاشووبگێڕن..؟!

بەلام وەلامی قارون بۆ خەلكەكە ئەوە بوو ، هەروەك (خوای گەورە ) دەفەرموویت : قال تعالى:
﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ مِن قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرُ جَمۡعٗاۚ وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٧٨﴾ [القَصَص : ٧٨]
واتە: [ قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي ] (قارون) وتی: ئەم ماڵە من بە زانیاری و لێهاتوویی خۆم پە یدام كردووە، یان خوای گەورە ئەیزانی كە من شایەنی ئەم ماڵەم بۆیە پێی داوم و فەزڵی من ئەزانێت [ أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِنْ قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا ] ئایا نازانێ خوای گەورە لە پێش ئەمدا لە ئوممەتانی تر چەندەها كەسی لەناو بردووە كە زۆر لەم بەهێزتر بوونەو ماڵ و سەروەت و سامانیشیان لەم زۆرتر بووە؟ (دەوڵەمەندی و هەژاری پێوەر نین بۆ خۆشویستن و رق لێبوونی خوای گەورە، بەڵكو ئیمان و كردەوەی چاك پێوەرە) [ وَلَا يُسْأَلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ (٧٨) ] وە فریشتەكان پرسیار لە تاوانباران ناكەن دەربارەی تاوانیان لەبەر زۆری تاوانیان، وە دەیانناسنەوە ..؟!

بەلیّ وەلامی دانەوەی قارون زۆر نەفامانە و كال فامو نەزان بووە ، چونكە ووتی : من بە هۆی زانست و زانیاری خۆمە وە ئەم هەموو سامەنەم هەیە ، لە راستی دا دەست كەوتنی رزق رۆزی سەروەت و سامان بە دەستی (خوای گەورە) یە ، بە هەر كەسێكی بە بەخشیّ نەك زانین و زانیاری خودی كەسە كە ..؟!

ئینجا (خوای گەورە ) قارونی بە درۆخستوە كە دەفەرموویت : قال تعالى: ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ٧٩ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ٨٠﴾ [القَصَص : ٧٩ - ٨٠]واتە: [ فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ فِي زِينَتِهِ ] رۆژێك (قارون) دەرچوو بۆ ناو قەومەكەی بە جوانی و ڕازاوەیی [ قَالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ] ئەوانەی كە مەبەستیان ژیانی دونیا بوو ژیانی دونیایان ئەوویست وتیان: [ يَا لَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَا أُوتِيَ قَارُونُ ] خۆزگە ئەوەی بە (قارون) بەخشراوە خوای گەورە ئەوەیشی بە ئێمە بەخشیبایە [ إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ (٧٩)

] بەڕاستی ئەو زۆر بەختەوەرە، یان بەشێکی یەکجار گەورەی هەیە لە دونیادا..؟! {فەزڵی زانایان} [ وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ ] بەڵام ئەوانەی زانست و زانیاری شەرعییان هەبوو زانایان وتیان: [ وَيْلَكُمْ ] هاوار بۆ خۆتان [ ثَوَابُ اللَّهِ خَيْرٌ لِمَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ] پاداشتی خوای گەورە لە بەهەشتدا باشترە لەوەی ئێوە دەیبینن بۆ کەسانێك کە ئیماندار بن و کردەوەی چاکیان کرد بێت [ وَلَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الصَّابِرُونَ (٨٠) ] بەڵام کەس ئەم وتەیە وەرناگرێ و کاری پێ ناکات تەنها مەگەر کەسانێك زۆر ئارامگر بن لەسەر جوانی و ڕازاوەیی دونیاو پێی هەڵنەخەڵەتێن..؟!

بەلام ئامۆژگاری کردن و ئاگادار کردنەوەی قارون لە نەزانی و نەفامی و شانازی کردن بە مال و سامان و سەروەتەکەی ئەوی نەهێنا خۆش خۆی یان دووری نەختسەوە لە سەر کێشیەکانی لە خۆبایی و خۆی بەلکو رووچوو لە گوناهو تاوان و ستەم کردن ، بە پێچەوانەوە قارون شکۆ مەزنی لە خۆبایی لووت بەرزی خۆی بە تەواوی نیشانی خەلکی دەدا ، دەگێرنەوە دەلێن : قارون سواری ئەسپێکی زین ئەرخەوانی دەبوو ، جل وبەرگی زەردی دەپۆشی سێ سەد کەنیزەك و چوار هەزار کەس لە هاوەلانی بە هەمان جل بەرگەوە یاوەریان دەکرد ..؟!

لە (مجاهید) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : قارون سواری ئەسپە سپیەکەی دەبوو زین ئەرخەوانیەکان دەبوو ، بەم شێوەیە خۆی نمایش دەکردو خۆی نیشانی خەلکی دەدا ، خۆی و کەسەکانی جل و بەرگی زەردیان لە بەر دەکرد ، خەلکی کەشخە و شکۆ و گەورەیی ئەویان دەبینی ، ئارەزوویان دەکرد ، هەر وەك (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : قال تعالى:

﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِى زِينَتِهِۦ ۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِىَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٧٩﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ﴿٨٠﴾﴾ [القَصَص : ٧٩ - ٨٠] ٨٠]واتە : [ فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ فِي زِينَتِهِ ] رۆژێك (قارون) دەرچوو بۆ ناو قەومەکەی بە جوانی و ڕازاوەیی [ قَالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ] ئەوانەی کە مەبەستیان ژیانی دونیا بوو ژیانی دونیایان ئەوویست وتیان: [ يَا لَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَا أُوتِيَ قَارُونُ ] خۆزگە ئەوەی بە (قارون) بەخشراوە خوای گەورە ئەوەیشی بە ئێمە بەخشیبایە

[ إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ (٧٩) ] بەڕاستی ئەو زۆر بەختەوەرە، یان بەشێکی یەکجار گەورەی هەیە لە دونیادا..؟!

بەلێ خەلکی ئیمان لاواز و خوا نەناس خۆزگەیان دەبرد بە قارون ، دەیان ووت : خۆزەگە ئێمەش ئەوەمان دەبوو کە قارون هەیەتی  چونکە ئەو بەختێکی زۆر چاکی هەیە ..؟!

بەلام لە لایەکی ترەوە خەلکی خواناس و بە ئیمان حاشایان لەم قسەنەی ئەوانە دەکرد ، ئەوان دەیان ووت : لە خوا بترسن و فەرمانەکان  ئەو جێ بەجێ بکەن ، خۆتان لە خراپە کاری بەدوور بگرن ، چونکە ئیمانداران پاداشتێکی یەکجار گەورەیان هەیە لە لای (خوای گەورە ) چاوەڕێتان دەکات ..!!

فتنە و ئاشووبی قەومەکانی پێشتر وە ئێستاش هەر هەمووی مال و سامان کۆکردنەوە دارایی بوویە ، بۆیە پارەو مال و سامان خاوەنەکەی تووشی هیلاکەت و لە ناو بردن دەبات لە دونیاو لە قیامەتدا ، چونکە دەبێت بە حلالی بەدەستی بهێنی و،  وە هەر بە حلالیش بەکاری بهێنی ، نەوەك تووشی زەرەو زیانی دونیاو قیامەت بین ..؟!

لە (ابن مسعود ) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( إن هذا الدينار والدرهم أهلكا من قبلكم وهما مهلكاكم ) [١٦٣] واتە: ئەو دینارو درهەمانە ئەوانەی پێش ئێوەیان توشی هیلاکەت لە ناو بردن برد ، وە ئێوەش توشی هیلاکەت لە ناو بردن دەبەن..؟!

---

١٦٣- صحيح جامع برقم (٢٢٤٥).

له (كعب بن عیاض ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دەلیٚت : پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (إن لكلِّ أمةٍ فتنةً، وإن فتنةَ أمتي المالُ) . [١٦٤] واتە: هەموو ئومەتیٚك فتنە و ئاشووبی تووش دەبیٚت ، فتنە و ئاشووبی ئومەتی منیش مال سامان دارایی پارەیە ..؟!

له (حكیم بن خزام ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دەلیٚت : پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (إنَّ هذا المالَ خَضِرٌ حُلْوٌ، فَمَنْ أخَذَهُ بِحَقِّهِ بُورِكَ لَهُ فيه، ومَنْ أَخَذَهُ بإشرافِ نَفْسٍ لم يبارَكْ لَهُ فيه، و كان كالذي يَأْكُلُ ولاَ يَشْبَعُ، واليدُ العُلْيا خيرٌ مِنَ اليدِ السُّفْلَى ).[١٦٥] واتە : ئەم مال و سامانە شیرین و رازاویە ، ئەوەی بەرەزامەندی و بیٚ داوا كردن بیدریٚتی بەرەكەتی بۆی تیٚدەكەویٚت ، ئەوەش هەر حەزی لیٚ بكات و چاوی تیٚر نەبیٚت ، بەرەكەتی تیٚناكەویٚت بۆی ، وەكو ئەوە كەسەی لیٚ دیٚت هەر دەخوات و تیٚریش نابیٚت ، دەستی سەرەوەش چاكترە لە دەستی خوارەوە ..؟!

(عمر بن الخطاب ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – فەرموویەتی : ( احذروا المال فإنه له ضرواة كضرواة الخمر ) واتە : ووریابن لە مال و پارە چونكە زیانی هەیە ، وەكو ئەوەی چەندە زیانی هەیە شەراب خواردنەوە ..؟!

---

١٦٤-صحیح جامع برقم ( ٢١٤٨).
١٦٥- صحیح البخاري برقم (١٤٠٣).

له ( ابن عباس ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرنەوە دەلێت : قارون له قەومەکەی موسا – علیه السلام – بوو ، وە کوری مامای بووە ، موسا – علیه السلام – حوکم و دادوەری بەشێکی نەوەی ئیسرائیل دەکرد ، وە قارون حکم و دادوەری به شێکی تری نەوەی ئیسرائیل دەکرد ، دەگێرنەوە دەلێن : قارون داوای له ئافرەتێکی لەش فرۆش کرد ، بره پارەیەکی پێدا ، بۆ ئەوەی بووختان به موسا – علیه السلام – بکات ، یان هاوار بکات که موسا – علیه السلام – به زینا کردن یان داوێن پیسی تۆ مەتبار بکات ..!!

دەلێن : رۆژێکیان قارون نەوەی ئیسرائیل کۆکردەوە ، موساشی – علیه السلام – بانگ کرد له گەلیان ، تەنها بۆ ئەوەی تۆمەتباری بکات له پێش چاوی نەوەی ئیسرائیل ، دەلێن : قارون به موسا – علیه السلام – ووت : ئەی موسا ، سزای ئەو کەسەی که دزی بکات چیه ..؟!

موسا فەرمووی : دەستی ببرێتەوە ..!!

قارون ووتی : تەنانەت ئەگەر تۆش بێت ..؟!

موسا فەرمووی: تەنانەت ئەگەر منیش بم ..!!

قارون ووتی : سزای ئەو کەسە چیه که زینا بکات ..؟!

موسا فەرمووی : بەرد بارانە ..!!

قارون ووتی : تەنانەت ئەگەر تۆش بیت ..؟!

موسا فەرمووی : تەنانەت ئەگەر منیش بم ..!!

قاروهن ووتی : ئەی موسا دەنا تۆ زینات کردووە ..؟!

موسا فەرمووی : هاوار له تۆ من لەگەل کێ زینام کردووە ..؟!

قارون ووتی : له گه‌ل فلانه ئافره‌ت ..!!

ئینجا موسا – علیه السلام داوای ئافره‌ته‌که‌ی کرد و فه‌رمووی : به‌و که‌سه‌ی ته‌وراتی ره‌وانه کردووه سوێندت ده‌ده‌م ، ئایا ئه‌و قسه‌یه‌ی قارون راسته ..؟!

ئافرته‌که ووتی ك ئێستا گه سوێندتدام ، شایه‌تی بۆ بێ تاوانی تۆ ده‌ده‌م ، تۆ پێغه‌مبه‌ری خوایت ، به‌لام قارونی دوژمنی خوا پاره‌ی پێدام تا به‌و کاره تۆمه‌تبارت بکه‌م ..!!

ئینجا موسا – علیه السلام – کرۆشی برد و (خوای گه‌وره) وه‌حی بۆ نارد ، سه‌ر به‌رز بکه‌وه ، فه‌رمانم به زه‌وی داوه ملکه‌چی فه‌رمانه‌کانی تۆ بێت ..!!

موسا فه‌رمووی: ئه‌ی زه‌وی بیانگره ..؟!

زه‌وی تا رانی ئه‌وانی گرت ..!!

قارون ووتی : ئه‌ی موسا ..!!

موسا فه‌رمووی : ئه‌ی زه‌وی بیانگره ..؟!

زه‌وی تا سینگی ئه‌وانی گرت ..!!

قارون ووتی : ئه‌ی موسا ..!!

موسا فه‌رمووی : زه‌وی بیانگره ، زه‌وی ئه‌وانی نغرۆ کرد یان قووتدا ..!!

(خوای گه‌وره ) وه‌حی بۆ موسا – علیه السلام – ره‌وانه کرد ، فه‌رمووی: ئه‌ی موسا ، قارون داوای هاوکاری له تۆ کرد ، تۆ هاوکاریت نه‌کرد ، ئه‌گه‌ر داوای هاوکاری له‌من ده‌کرد ، هاوکاریم ده‌کرد ..؟!

له (قتاده) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : قارون هەر ڕۆژەو بە ئەندازەی یەك باڵا لە زەویدا ڕۆدەچێت ، بەردەوام دەڕوات بە ناخی زەویدا تاکو ڕۆژی قیامەت ناگات کۆتاییەکەی ، کاتێ سزای (خوای گەورە) بە سەر قارون داهات ، ئەوانەی کە ئامۆژگاریان کردبوو ، سوپاسی نیعمەتەکانی (خوای گەورە) یان کرد ، وە ئەوانەش کە ئارەزوویان دەکرد هاوشێوەی ئەو بن وەك ئەو خاوەن ماڵ و سامان و دارایی دوڵەمەند بن ، ئەوا ئەوان لە ئارەزووەکانیان بە شیمان بوونەوە ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەر مووێت : قال تعالى: ﴿وَأَصْبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوْا۟ مَكَانَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ ۖ لَوْلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا ۖ وَيْكَأَنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾﴾ [القَصَص : ٨٢] واته : [ وَأَصْبَحَ الَّذِينَ تَمَنَّوْا مَكَانَهُ بِالْأَمْسِ ] وە ئەوانەی کە پێش ئێستا ئاواتەخواز بوون خوای گەورە وەکو ئەوی بەمانیش ببەخشیایە [ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ ] (وَيْكَأَنَّ) بە مانای هاوار بۆ خۆت و ئایا نازانی دێت، ئەیانووت: هاوار بۆ خۆت بزانە، یان ئایا نابینی کە خوای گەورە ڕزقی خۆی فراوان ئەکات بۆ هەر کەسێك کە ویستی لێ بێت لە بەندەکانی، وە ویستیشی لێ بێت کەمی ئەکاتەوە (دەوڵەمەندی و هەژاری بەڵگە نیە لەسەر ڕەزامەندی و تووڕە بوون و خۆشەویستی و رق لێبوونی خوای گەورە) [ لَوْلَا أَنْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا ] ئەگەر خوای گەورە نیعمەتی خۆی نەڕژاندایە بەسەرماندا و ڕەحمی پێ نەکردینایە [ لَخَسَفَ بِنَا ] ئەوە ئێمەیشی لەگەڵ (قارون)دا ئەبردە ناخی زەوی، چونکە ئێمە ئاواتمان بەو خواست [ وَيْكَأَنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ (٨٢) ] هاوار بۆ خۆت بزانە، یان ئایا نابینی کە خوای گەورە کافران سەرفرازو سەرکەوتوو ناکات..؟!

هەروەها (خوای گەورە ) باسی ڕووداوەی ڕۆچوونی قارون دەكات ، كە چۆن لە ناخی زەویدا چووە خوارەوە تاكو ڕۆژی قیامەت دا ، ئەمە سزایی ئەو كەسانەیە كە بەماڵ سامان و دارایی لاف بە سەر خەڵكی لێدەدان خۆیان بە گەورە لووت و لە خۆبایی پێشان دەدەن ، یان بە شێوەیەك خۆیان نمایش دەكەن ، كە بە هۆی زیرەكی هۆشیاری زانیاری زانستی خۆیەوە ئەم هەموو نیعەتەی بەسەردا باریوە ، كەچی نازانی هەموو مولك سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی لە دەستی (خوای گەورە ) بە هەر كەسێك ویستی لەسەر پێی دەبەخشێ ، نە بە زیرەكی و عاقل و هۆشیاریەوە هەیە ، یان ئیماندار بێت یان بێ ئیمان ، یان چاكە كار بێت یان خراپە كار ، ئەوا رزق و ڕۆزی (خوای گەورە ) یە بە هەر كەسێكی ببەخشێ ، جا بۆ بە دەست هێنانی رزق ڕۆزی دەبێت پشت تەنها بە (خوای گەورە ) ببەستین ، هەر ئەو خاونی هەموو رزق ڕۆزیەكە لەم جیهانە، بۆیە قارون ناشكرو ناسوپاس گوزار بوو ، ڕێزی لە نیعمەتانە نەنا كە (خوای گەورە ) پێی بەخشی بوو ، بەردەوام لاف بەسەر خەڵك لێدەدا بەو نازونیعمەتە زۆر ، بۆیە هەر لەبەر لە خۆ بایی و لووت بەرزەیە كەیەوە ، وە بوختانیشی بە موسا – علیه السلام – دا كرد ، ئەوە بوو (خوای گەورە) لە سەر زەوی بەردەیە ژێر زەوی ، وە زەوی قوتیدا لە ناوی برد ، كردیە پەندو عبیرەت ، هەروەك دەفەرموێت : قال تعالى: ﴿فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ ٨١﴾ [القَصَص : ٨١] واتە : [ فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: خۆی و ماڵەكەیشیمان بە ناخی زەویدا بردە خوارەوەو ڕۆچوو بە ناخی زەویدا [ فَمَا كَانَ لَهُ مِنْ فِئَةٍ يَنْصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ ] وە هیچ كۆمەڵێكی نەبوو كە بتوانن ڕزگاری بكەن لە سزای خوای گەورە [ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنْتَصِرِينَ (٨١) ] وە خۆیشی نەیتوانی خۆی سەربخات و تیاچوو لەناوچوو..؟!

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرمووێت : قال تعالى: ﴿وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾ تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾﴾ [القَصَص : ٨٢ - ٨٣] واتە : [ وَأَصْبَحَ الَّذِينَ تَمَنَّوْا مَكَانَهُ بِالْأَمْسِ ] وە ئەوانەی کە پێش ئێستا ئاواتەخواز بوون خوای گەورە وەکو ئەوی بەمانیش ببەخشیایە [ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ ] (وَيْكَأَنَّ) بە مانای هاوار بۆ خۆت و ئایا نازانی دێت، ئەیانووت: هاوار بۆ خۆت بزانە، یان ئایا نابینی کە خوای گەورە ڕزقی خۆی فراوان ئەکات بۆ هەر کەسێك کە ویستی لێ بێت لە بەندەکانی، وە ویستیشی لێ بێت کەمی ئەکاتەوە (دەوڵەمەندی و هەژاری بەڵگە نیە لەسەر ڕەزامەندی و تورە بوون و خۆشەویستی و رق لێبوونی خوای گەورە) [ لَوْلَا أَنْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا ] ئەگەر خوای گەورە نیعمەتی خۆی نەڕژاندایە بەسەرمانداو ڕەحمی پێ نەکردینایە [ لَخَسَفَ بِنَا ] ئەوە ئێمەیشی لەگەڵ (قارون)دا ئەبردە ناخی زەوی، چونکە ئێمە ئاواتمان بەو خواست [ وَيْكَأَنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ (٨٢) ] هاوار بۆ خۆت بزانە، یان ئایا نابینی کە خوای گەورە کافران سەرفرازو سەرکەوتوو ناکات..؟! {بەهەشت بۆ خۆبەکەمزانانە} [ تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: بەهەشتمان بۆ کەسانێك داناوە کە خۆیان بەگەورە نازانن لەسەر ڕووی زەویداو لووتبەرز نین وە ئاشووب ناگێڕن و ماڵی خەڵکی بە ناحەق ناخۆن [ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ (٨٣) ] وە سەرەنجامیش هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن..؟!

## سەر باسە کان

پێشەکی-------------------------------------١-٢
بەشی یەکەم دەربارەی ستەمکار -----------------------٣-٣٧
یەکەم ستەمکار ئیبلیس یان شەیتانی نەفەرت لێکرا-----------٣٨-١٣١
دووەم ستەمکار کورەکانی ئادەم – علیه السلام- ------------١٣٢-١٣٩
سێ یەم ستەمکار قومەکەی نوح – علیه السلام- ------------١٤٠-١٦٠
چوارەم ستەمکار بیوراسب یان ئەژدهاك یان(زوحاك)----------١٦١-١٦٤
پێنچەم ستەمکار قەومەکەی (عاد) --------------------١٦٥-١٧٩
شەشەم ستەمکار قەومەکەی (سەموود)------------------١٨٠-١٩٤
حەوتەم ستەمکار (نەمردوی کوری کەنعا) ----------------١٩٥-٢٢٠
هەشتەم ستەمکار قەومەکەی لوت ی کوری هاران -----------٢٢١-٢٣٥
نۆیەم ستەمکار قەومەکەی (مەدین ) یان (شعیب) -----------٢٣٦-٢٤٤
دەیەم ستەمکار (فرعون و دارو دەستەکەی ) -------------٢٤٥-٢٨٠
یانزەم ستەمکار (قارون )ی لە قەومەکەی موسا – علیه السلام --٢٨١- ٢٩٢